**ژمارە/ ٤/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ١٣٠٢/ ش/٢٠٢٣ بەروار/ ٢/ ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (دهۆك) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیا کردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٠/٢٧) بە بڕیاری ژمارە (١٣٠٢/ ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە جیاکردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داوالەسەرکراو پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١١/٤) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-بـڕیـــــار:-

پاش ووردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایەو پێش وەختە ، چونکە پێویست بوو دادگا هەردوو لایەنی داواکە هەواڵەی توێژەری کۆمەڵایەتی بکات بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەو دانیشتن لەگەڵ هەردوولا وە هەوڵدان لەگەڵ دادگا بۆ پێک هێنانەوەیان (اصلاح ذات البين) وە پێشکەشکردنی توێژەری کۆمەڵایەتی ڕاپۆرتی خۆی لەو بارەیەوە ، وە لەبەر ئەوەی دادگا بڕیاری دەرکردوە پێش ئەنجامدانی ئەو ڕێکارە بڕیارەکەی شیاوی هەڵوەشاندنەوەیە ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/٢.

**ژمارە/ ٦ / دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٥٦٥٨/ ش/٢٠٢٣ بەروار/ ٢١/ ١ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیاکردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی کێشە و ناکۆکی) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/٧/٣١) بە بڕیاری ژمارە (٥٦٥٨/ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە جیاکردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داوالەسەرکراو پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە لەگەڵ کەم کردنەوەی بڕی ٧٠٪ لە مارەیی پاشەکیەکەی لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/٨/٨) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (١١٢٦/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (١٥/ ١٠ /٢٠٢٤) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند کردووە . داواکاری ڕاستکردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١٦) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەشکراو بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) دەکەوێتە ماوەی یاسایی یەوە . و تێبینی کرا بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دەستەیە کە داوای ڕاستکردنەوەی کراوە ڕاستەو پابەندی یاسایە وە هیچ هەڵەیەکی یاسایی ناگرێتەخۆ

شیاوی ڕاستکردنەوە بێت ، وە ئەو خاڵانەی لە داواکاری ڕاستکردنەوەدا ئاماژەیان پێدراوە ناچنە ژێر ڕکێفی ئەو هۆکارانەی کە لە مادەی (٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو باسیان کراوە . بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لەگەڵ تۆمارکردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەک داهات بۆ گەنجینەی هەرێم . ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ڕۆژی ٢٠٢٥/١/٢١ .

**ژمارە/ ٧/ دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٢٩٢٩/ ش/٢٠٢٣ بەروار/ ١٩/ ١/ ٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/٦/٥) بە بڕیاری ژمارە (٢٩٢٩/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام بە داواکار لەبەرواری ٢٠١٤/٢/٣ تاکو بەرواری تەڵاقدانی لە ٢٠٢٣/٥/٢٨ کۆی گشتیەکەی ١٧٨٨٨٠٠٠ دینار وە ئەژمار کردنی بژێوی کاتی وەك بەشێك لە بڕیارەکە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/٦/٢٣) تیایدا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەستەیە بە بڕیاری ژمارە ژمارە (٩٤٥/د.باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە ٢٠٢٤/١٠/٦ بڕیاری تانەلێدراوی ڕەد کردۆتەوە تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە . داواکاری ڕاستکردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١٧) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەشکراو بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحیح القرار التمییزي) دەکەوێتە ماوەی یاسایی یەوە وە هۆکارەکانی دەگرێتە خۆ ، هەروەهـا تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دادگایـــە بە ژمارە (٩٤٥/ د.باری کەســـی/٢٠٢٤) دەرچوو لە ٢٠٢٤/١٠/٦ بە ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە بە هۆکاری ئەوەی دەکەوێتە دەرەوەی ماوەی یاســـایی یەوە بابەتی داواکاری ڕاستکردنەوە ناڕاستەو ســــەرپێچی (خرق) ی
یاسایی تیایە چونکە تانەی پێداچوونەوە لە یەکەم ڕۆژی دەوامی فەرمی دوای پشوو جەژنی قوربان پێشکەش کراوە بڕیار درا بە ڕاستکردنەوەی بڕیاری ئاماژەبۆکراومان لەسەرەوە بە پەسەند کردنی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە (شکلاً) ، وە دوای ووردبینی لە بڕیاری دادگای باری کەسی سلێمانی بە ژمارە (٢٩٢٩/ش/٢٠٢) دەرچوو لە ٢٠٢٤/٦/٥ دەرکەوت کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە ، چونکە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە ئەوە سەلمێنراوە کە داوالەسەرکراو بژێوی داواکاری ژنی نەکێشاوە لەو ماوەیەی کە حوکمی پێدراوە ، لەبەر ئەوە داواکار شایستەی بژێویە لە ڕۆژی نەکێشانیەوە ، وە بڕی بژێوی خەمڵێنراویش لەڕێ ی شارەزای دادوەریەوە بە ڕەچاوکردنی مادەکانی (١٣٣-١٤٤) لە یاسای سەلماندن گونجاوە لەگەڵ باری دارایی داوالەسەرکراو لەبەر ئەو هۆکارانەی کە لەسەرەوە باسکراون وە بنەما لەسەر مادەی (٢/أ/٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو وە بڕیار درا بە ڕاستکردنەوەی بڕیارمان ژمارە (٩٤٥/د.باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە ٢٠٢٤/١٠/٦ وە پەسەندکردن (تصدیق) ی بڕیاری دادگای باری کەسی سلێمانی بە ژمارە (٢٩٢٩/ش/٢٠٢٣) دەرچوو لە ٢٠٢٤/٦/٥ وە لە ڕووی بابەتەوەو ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچونەوە وە خستنە ئەستۆی پێداچووکار ڕەسمی پێداچوونەوە لەگەڵ گەڕاندنەوەی بڕی بارمتەی وەرگیراو لە داواکاری ڕاستکردنەوە بۆی ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/١/١٩.

**ژمارە/ ٧/ دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٢٩٢٩/ ش/٢٠٢٣ بەروار/ ١٩/ ١/ ٢٠٢٥**

داواكار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/٦/٥) بە بڕیاری ژمارە (٢٩٢٩/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام بە داواکار لەبەرواری ٢٠١٤/٢/٣ تاکو بەرواری تەڵاقدانی لە ٢٠٢٣/٥/٢٨ کۆی گشتیەکەی ١٧٨٨٨٠٠٠ دینار وە ئەژمار کردنی بژێوی کاتی وەك بەشێك لە بڕیارەکە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/٦/٢٣) تیایدا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەستـــەیە بە بڕیاری ژمارە ژمارە (٩٤٥/د.باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە ٢٠٢٤/١٠/٦ بڕیاری تانەلێدراوی ڕەد کردۆتەوە تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە . داواکاری ڕاستکردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١٧) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەشکراو بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) دەکەوێتە ماوەی یاسایی یەوە وە هۆکارەکانی دەگرێتە خۆ ، هەروەهــا تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دادگایـــە بە ژمارە (٩٤٥/ د.باری کەســـی/٢٠٢٤) دەرچوو لە ٢٠٢٤/١٠/٦ بە ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە بە هۆکاری ئەوەی دەکەوێتە دەرەوەی ماوەی یاســـایی یەوە بابەتی داواکاری ڕاستکردنەوە ناڕاستەو ســـــەرپێچی (خرق) ی یاسایی تیایە چونکە تانەی پێداچوونەوە لە یەکەم ڕۆژی دەوامی فەرمی دوای پشوو جەژنی قوربان پێشکەش کراوە بڕیار درا ڕاستکردنەوەی بڕیاری ئاماژەبۆکراومان لەسەرەوە بە پەسەند کردنی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە (شكلاً) ، وە دوای ووردبینی لە بڕیاری دادگای باری کەسی سلێمانی بە ژمارە (٢٩٢٩/ش/٢٠٢) دەرچوو لە ٢٠٢٤/٦/٥ دەرکەوت کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە ، چونکە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە ئەوە سەلمێنراوە کە داوالەسەرکراو بژێوی داواکاری ژنی نەکێشاوە لەو ماوەیەی کە حوکمی پێدراوە ، لەبەر ئەوە داواکار شایستەی بژێویە لە ڕۆژی نەکێشانیەوە ، وە بڕی بژێوی خەمڵێنراویش لەڕێ ی شارەزای دادوەریەوە بە ڕەچاوکردنی مادەکانی (١٣٣-١٤٤) لە یاسای سەلماندن گونجاوە لەگەڵ باری دارایی داوالەسەرکراو لەبەر ئەو هۆکارانەی کە لەسەرەوە باسکراون وە بنەما لەسەر مادەی (٢١٩/أ/٢) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو وە بڕیار درا بە ڕاستکردنەوەی بڕیارمان ژمارە (٩٤٥/د.باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە ٢٠٢٤/١٠/٦ وە پەسەندکردن (تصديق) ی بڕیاری دادگای باری کەسی سلێمانی بە ژمارە (٢٩٢٩/ش/٢٠٢٣) دەرچوو لە ٢٠٢٤/٦/٥ وە لە ڕووی بابەتەوەو ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچونەوە وە خستنە ئەستۆی پێداچووکار ڕەسمی پێداچوونەوە لەگەڵ گەڕاندنەوەی بڕی بارمتەی وەرگیراو لە داواکاری ڕاستکردنەوە بۆی ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/١/١٩.

**ژمارە/ ٧/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/١٩٩٣/ ش/٢٠٢٣ بەروار/ ١٩/ ١/ ٢٠٢٥**

داواكار لەبەردەم دادگای باری کەسی (دهۆك) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە گەڕاندنەوەی منداڵەکانی (ملك و میدیا و ندی) بۆ ئامێزی خۆی) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٣/٦/٢٥) بە بڕیاری ژمارە (١٩٩٣/ ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/٦/٣٠) تیایدا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات. دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم

دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (٩٣١/دەستەی باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (١٦/ ٩ /٢٠٢٤) بڕیاری تانەلێدراوی هەڵوەشاندۆتەوە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/٢٨) بە بڕیاری ژمارە (١٩٩٣/ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/٣) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە ، وە دەرچوە بە پەیڕەوکردنی بڕیاری پێداچونەوەی دەرکراو لەم دادگایە بە ژمارە (٩٣١/د.باری کەسی/٢٠٢٤) لە ٢٠٢٤/٩/١٦ وە چونکە لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی دادگای باری کەسی ئەنجامی داون ئەوە سەلمێنراوە کەوا لە بەرژەوەندی منداڵانی ناکام هەریەک لە (ملک وە میدیا وە ندی) یە کە لە ئامێزی باوکیان (داوالەسەرکراو) دا بمێننەوەو داواکار مافی بینینیانی هەبێت، لەبەر ئەوەی بە پێ ی شەرع و یاساش ئامێزگیری دەسوڕێتەوە لەگەڵ بەرژەوەندی لە ئامێزگیراو ، بۆیە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە وە خستنە ئەستۆی پێداچووکار ڕەسمی پێداچوونەوە ، ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/١/١٩.

**ژمارە/ ٨/ دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٣١٤٢/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٩/ ٢٠٢٥/١**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (گەڕاندنەوەی هێزی جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە (١٤٨٢/ ش١٩٩٧ لە ١٩٩٧/١١/١٩)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/٨/٢٧) بە بڕیاری ژمارە (٣١٤٢/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە نوێ کردنەوەی هێزی جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە (١٤٨٢/ ش١٩٩٧ لە ١٩٩٧/١١/١٩ لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچوولەسەرکراو بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/٩/٣) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (١١٨٧/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (٤/ ١١ /٢٠٢٤) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند کردووە . داواکاری ڕاستکردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/٢٢) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەشکراو بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحیح القرار التمییزي) دەکەوێتە ماوەی یاسایی یەوە . و تێبینی کرا بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دەستەیە کە داوای ڕاستکردنەوەی کراوە ڕاستەو پابەندی یاسایە وە هیچ هەڵەیەکی یاسایی ناگرێتەخۆ شیاوی ڕاستکردنەوە بێت ، وە ئەو خاڵانەی لە داواکاری ڕاستکردنەوەدا ئاماژەیان پێدراوە ناچنە ژێر ڕکێفی ئەو هۆکارانەی کە لە مادەی (٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو باسیان کراوە . بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لەگەڵ تۆمارکردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەک داهات بۆ گەنجینەی هەرێم . ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ڕۆژی ٢٠٢٥/١/١٩ .

**ژمارە/ ٨/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٤١/ م/٢٠٢٤ بەروار/ ١٩/ ١ /٢٠٢٥**

داواكار لەبەردەم دادگای مەوادی كەسی (دهۆك) بانگەشەی كردووە بەو شێوەیەی كەلەتیانووسی داواكاریەكەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای كردووە حوكم بدرێت بۆی بە (پابەند كردنی داوالەسەركراو بە رێگری نەكردنی لە بینینی منداڵەكانی (جیسیكا و راموس و انابیلا)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو خەرجی داوا و كرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای ناوبراو لە رۆژی (٢٠٢٤/١١/١٩) بە بڕیاری ژمارە (٤١/ م/٢٠٢٤) حوكمی داوە بە پابەند كردنی داوالەسەركراو بە رێگری نەكردنی داواكار لە بینینی منداڵەكانی (ج و ر و ا ) هەفتەی جارێك هەر جارە و بۆ ماوەی ١٠ كاتژمێر لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو رەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكاری داواكار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەركراو – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/٢) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ دەركەوت كەوا تانەی پێشكەشكراو لە دەرەوەی ماوەی یاسایی دا پێشكەشكراوە ، چونكە بڕیاری تانەلێدراو دەرچووە لە ٢٠٢٤/١١/١٩ بەڵام لە ٢٠٢٥/١٢/١ پێداچووكار تانەی لێداوەو ڕۆژی دواتر ڕەسم دراوە لە كاتێكدا ماوەی تانەدان بە پێداچوونەوە بە پێ ی یاسا بە (١٠) ڕۆژ دیاریكراوە دەست پێدەكات لە ڕۆژی دوای دەرچوونەوە ، وە لە بەر ئەوەی ماوەكانی تانەلێدان بە یاسا دیاریكراوە وە تێپەڕاندنی دەبێتە هۆی لە دەست دانی مافی تانە لێدان بنەما لەسەر مادەی (١٧١) لە یاسای دادبینی شارستانی هەمواركراو ، بۆیە بڕیاردرا بە ڕەد كردنەوەی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە (شكلاً) و لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووكارەوە ، ئەم بڕیارەش بەكۆی دەنگ دەركرا لە ٢٠٢٥/١/١٩.

**ژمارە/ ٩/ دەستەی باری كەسی - ڕاستكردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٢٥٧٩/ ش٢٠٢٢/٨ بەروار/٢١/ ١ /٢٠٢٥**

داواكار لەبەردەم دادگای باری كەسی (هەولێر) بانگەشەی كردووە بەو شێوەیەی كەلەتیانووسی داواكاریەكەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای كردووە حوكم بدرێت بۆی بە (جیاكردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەركراو بەهۆی كێشە و ناكۆكی) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو خەرجی داوا و كرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/٨/٢٠) بە بڕیاری ژمارە (٢٥٧٩/ش٢٠٢٢/٨) حوكمی داوە بە جیاكردنەوەی لایەنەكانی داوا وە ئەژمار دەكرێت بە لێكترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەكتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواكار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بكات تا كۆتایی هاتنی ماوەكە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەكە لەگەڵ كەم كردنەوەی بڕی ٥٠٪ لە مارەیی پاشەكیەكەی لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكاری داواكار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەركراو – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/٨/٢٨) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (١١٨٠/ دەستەی باری كەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (٣/ ١١ /٢٠٢٤) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند كردووە . داواكاری ڕاستكردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواكاری ڕاستكردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١٢) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستكردنەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەركەوت كە تانەی پێشكەشكراو بە داواكاری ڕاستكردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحیح القرار التمییزي) دەكەوێتە ماوەی یاسایی یەوە . و تێبینی كرا بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دەستەیە كە داوای ڕاستكردنەوەی كراوە ڕاستەو پابەندی یاسایە وە هیچ هەڵەیەكی یاسایی ناگرێتەخۆ شیاوی ڕاستكردنەوە بێت ، وە ئەو خاڵانەی لە داواكاری ڕاستكردنەوەدا ئاماژەیان پێدراوە ناچنە ژێر ڕكێفی ئەو هۆكارانەی كە لە مادەی (٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەمواركراو باسیان كراوە . بنەما لەسەر

ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لەگەڵ تۆمارکردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەک داهات بۆ گەنجینەی هەرێم . ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ڕۆژی ٢٠٢٥/١/٢١ .

**ژمارە/ ١٠/ دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ١٤٨٣/ ش/٢٠٢٣ بەروار/ ٢١/ ١ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (دهۆك) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە زیاد کردنی بژێوی منداڵەکەی (ملک بارام)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/٩/٨) بە بڕیاری ژمارە (١٤٨٣) حوکمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە زیاد کردنی بژێوی منداڵەکەی (ملک بارام) بۆ بڕی ١٦٠٠٠٠ دینار مانگانە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/٩/١٧) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (١٢٦٧/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (٢٥/ ١١ /٢٠٢٤) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند کردووە . داواکاری ڕاستکردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١/٥) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەشکراو بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) دەکەوێتە ماوەی یاسایی یەوە . و تێبینی کرا بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دەستەیە کە داوای ڕاستکردنەوەی کراوە ڕاستەو پابەندی یاسایە وە هیچ هەڵەیەکی یاسایی ناگرێتەخۆ شیاوی ڕاستکردنەوە بێت ، وە ئەو خاڵانەی لە داواکاری ڕاستکردنەوەدا ئاماژەیان پێدراوە ناچنە ژێر ڕکێفی ئەو هۆکارانەی کە لە مادەی (٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەمووارکراو باسیان کراوە . بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لەگەڵ تۆمارکردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەک داهات بۆ گەنجینەی هەرێم . ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ڕۆژی ٢٠٢٥/١/٢١ .

**العدد / ١٠ / هيئه الأحوال الشخصيه/ ٢٠٢٥ رقم الأضباره/ ٢٠٥٩/ ش/ ٢٠٢٣ التأريخ / ١٩ / ٢٠٢٥/١**

لإدعاء المدعية لدى محكمة الأحوال الشخصية في (دهوك) بان المدعى عليه هو مطلقها ولهما من فراش الزوجية طفل باسم (م) حيث سبق وان اصدرت نفس المحكمة بتاريخ ٢٠٢٠/٩/٢٨ في الدعوى الشرعية المرقمة ٨٧/ش/٢٠٢٠ قرارا يقضي بزيادة نفقة الطفل ماهر وجعله (٢٥٠٠٠٠) مائتان وخمسون الف دينار ولعدم كفاية النفقة المفروضة للطفل اعلاه كونه لا يكفي لسد حاجاته ومصاريفه ولتحسن الوضع المادي للمدعى عليه وزيادة راتبه مع حصول تغييرات في اسعار السوق . و طلبها دعوة المدعى عليه للمرافعة و الحكم (بألزامه بزيادة النفقة المفروضة للطفل (م) ) و تحميله المصاريف و أتعاب المحاماة . و نتيجة المرافعة الحضورية العلنية أصدرت محكمة الأحوال الشخصية في دهوك بالعدد ٢٠٥٩/ش/٢٠٢٣ بتأريخ ٢٠٢٤/١١/١٧ حكماً حضورياً قابلاً للتمييز يقضي برَّد دعوى المدعية . و تحميلها المصاريف و أتعاب المحاماة لوكيلا المدعى عليه مبلغاً قدره مائة الف دينار توزع بينهم مناصفة . و لعدم قناعة المدعية بالحكم المذكور بادرت الى الطعن فيه تمييزاً طالبةً نقضه بموجب العريضة التمييزية المدفوع عنها الرسم القانوني بتأريخ ٢٠٢٤/١١/٢٤ . و لدى ورود الأضبارة الى هذه المحكمة سجلت ووضعت قيد التدقيق و المداولة :.

القرار/

لدى التدقيق والمداولة تبين بأن الطعن التمييزي مقدم ضمن المدة القانونية لذا قرر قبوله شكلاً و لدى عطف النظر على الحكم المميز وجد أنه غيرصحيح وغيرموافق لأحكام الشرع والقانون لانه ثبت ان الاضبارتين التنفيذيتين المتضمنة مديونية المدعى عليه هو صورية بعد رفضه اداء اليمين الحاسمة الموجبة له وان الاستقطاعات في راتبه هي ناتجة عن تلك الاضابير وبما انه حصلت زيادة في راتبه وزادت مصاريف ابن المدعية بتقدمه في العمر ودخوله المدرسه مما تتوفر في دعوى المدعية شروط زيادة النفقة لابنها وكان

المفروض الاستعانه بالخبراء لتقدير الزيادة وعلى ضوء الزيادة الحاصله في المقدرة المالية للمدعى عليه وحيث اصدرت المحكمة حكمها دون مراعاة ما تقدم الامر الذي اخل بصحته عليه قرر نقضه واعادة الدعوى الى محكمتها لاتباع ما ورد اعلاه على ان يبقى رسم التمييز تابعا للنتيجة . و صدر القرار بالأتفاق في ٢٠٢٥/١/١٩

**العدد / ١١ / هيئة الأحوال الشخصية/ ٢٠٢٥ التصحيح رقم الأضبارة/ ٢٣٧ / ش/٢٠٢٤ التأريخ / ٢١ / ١ / ٢٠٢٥**

لإدعاء المدعية لدى محكمة الأحوال الشخصية في (دهوك) وفق عريضة دعواها . و طلبها دعوة المدعى عليه للمرافعة و الحكم (بالتفريق بينهما بسبب الضرر) و تحميله المصاريف و أتعاب المحاماة . و نتيجة المرافعة الحضورية العلنية أصدرت محكمة الأحوال الشخصية في دهوك بالعدد ٢٣٧/ش/٢٠٢٤و بتأريخ ٢٠٢٤/٧/١٧ حكماً حضورياً قابلاً للتمييز يقضي بــالتفريق بين أطراف الدعوى و أعتباره طلاقاً بائناً بينونة صغرى بحيث لايحق لهما الرجوع لبعضهما لبعض إلا بعقد و مهر جديدين و ألتزام المدعية بالعدة الشرعية البالغة ثلاثة قروء ، و ليس لها الزواج من رجل آخر إلا بعد إنقضاء العدة الشرعية و أكتساب القرار الدرجة القطعية . و تحميل المدعى عليه المصاريف و أتعاب المحاماة لوكيل المدعية مبلغاً قدره مائة الف دينار . و لعدم قناعة المدعى عليه بالحكم المذكور بادر الى الطعن فيه تمييزاً طالباً نقضه بموجب العريضة التمييزية المدفوع عنها الرسم القانوني بتأريخ ٢٠٢٤/٧/١٧ . و نتيجة التدقيقات التمييزية صدق الحكم المذكور بموجب القرار التمييزي المرقم (١٠٤١/ هيئة الأحوال الشخصية/٢٠٢٤ في ٢٠٢٤/٩/٢٥) . و لعدم قناعة المميز بالقرار المذكور بادر الى تصحيحه بموجب اللائحة التصحيحية المدفوع عنها التأمينات القانونية بتأريخ ٢٠٢٤/١٢/٥ .
و لدى ورود الأضبارة الى هذه المحكمة سجلت ووضعت قيد التدقيق والمداولة:.
القرار :-
لدى التدقيق والمداولة وجد ان الطعن طلب التصحيح التمييزي مقدم ضمن المدة القانونية لذا تقرر قبوله شكلاً ولدى عطف النظر على القرار المطلوب تصحيحه تبين بأن طلب التصحيح لايستند لأي من الأسباب القانونية الواردة ذكرها في نص أحكام المادة ٢١٩ من قانون المرافعات المدنية المعدل وأن القرار التمييزي المطلوب تصحيحه والصادر من هذه المحكمة بالعدد (١٠٤١/هيئة الأحوال الشخصية/٢٠٢٤ في ٢٠٢٤/٩/٢٥) جاء خالياً من الاخطاء القانونية التي تستوجب تصحيحها و أن اعتراضات طالب التصحيح كانت مدار التدقيقات التمييزية لهذه المحكمة لذا تقرر رَّد الطلب وقيد التأمينات إيراداً لخزينة الأقليم وصدر القرار بالأتفاق في ٢٠٢٥/١/٢١ .

**ژمارە/ ١٢/ دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٥٦٢/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ٢١/ ١ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (دهۆك) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیا کردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/٩/١٠) بە بڕیاری ژمارە (٥٦٢/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە جیاکردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواکار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/٩/١٩) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســــتەیە بە بڕیاری ژمارە (١٢٣٩/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (١١/١٢/ /٢٠٢٤) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند کردووە . داواکاری ڕاستکردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١/١٤) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-
بـڕیـــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەشکراو بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) دەکەوێتە ماوەی یاسایی یەوە . و تێبینی کرا بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دەستەیە کە داوای ڕاستکردنەوەی کراوە ڕاستەو پابەندی یاسایە وە هیچ هەڵەیەکی یاسایی ناگرێتەخۆ شیاوی ڕاستکردنەوە بێت ، وە ئەو خاڵانەی لە داواکاری ڕاستکردنەوەدا ئاماژەیان پێدراوە ناچنە ژێر ڕکێفی ئەو هۆکارانەی کە لە مادەی (۲۱۹) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو باسیان کراوە . بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لەگەڵ تۆمارکردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەک داهات بۆ گەنجینەی هەرێم . ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ڕۆژی۲۰۲۵/۱/۲۱ .

**العدد / ۱۳/ هيئة الأحوال الشخصية/ ۲۰۲۵ التصحيح رقم الأضبارة/ ۵۱۸ / ش/ ۲۰۲۳**
**التأريخ / ۲۱/ ۱ / ۲۰۲۵**

لادعاء المدعي لدى محكمة الأحوال الشخصية في سيميل بأن المدعى عليها هي زوجته الداخل بها شرعاً وقد طلقها خارج المحكمة بتأريخ ۲۰۲۳/۸/۲۸ لذا طلب دعوتها للمرافعة والحكم بتصديق الطلاق الخارجي الذي أوقعه عليها وتحميلها المصاريف واتعاب المحاماة . ونتيجة المرافعة الحضورية العلنية أصدرت محكمة الأحوال الشخصية في سيميل بالعدد ۵۱۸/ ش/۲۰۲۳وبتأريخ ۲۰۲٤/۲/۲٦ حكماً حضورياً قابلاً للتمييز يقضي اولاً : الحكم بتصديق الطلاق الخارجي الذي أوقعه المدعي على المدعى عليها وأعتباره طلاق رجعي واقع للمرة لأولى بحيث يجوز للطرفين الرجوع الى بعضهما دون مهر جديدين ۲/ الحكم بصحة الرجعة الحاصلة من قبل المدعي لزوجته المدعى عليها خلال فترة العدة بتاريخ ۲۰۲۳/۱۱/۲۲ وافهمت المحكمة المدعي بأنه لم يبقى لديه سوى طلقتين و تحميل المدعى عليها المصاريف واتعاب المحاماة لوكلاء المدعي المحامون (ذ/ ص/ و/ ن/ ص/ و /م/ م/ ع) مبلغ قدره (۱۰۰,۰۰۰) مائة الف دينار توزع بينهم بالتساوي . ولعدم قناعة المدعى عليها بالحكم المذكور بادرت الى الطعن فيه تمييزاً طالبة نقضه بموجب عريضتها التمييزية المدفوع عنها الرسم القانوني في ۲۰۲٤/۳/۳. و نتيجة التدقيقات التمييزية صدق الحكم المذكور بموجب القرار التمييزي المرقم (٦۷۸/ هيئة الأحوال الشخصية/۲۰۲٤ في ۲۰۲٤/٦/۹) . و لعدم قناعة المميز بالقرار المذكور بادر الى تصحيحه بموجب اللائحة التصحيحية المدفوع عنها التأمينات القانونية بتأريخ ۲۰۲٤/۱۲/۳//۲۰۲٤ . و لدى ورود الأضبارة الى هذه المحكمة سجلت ووضعت قيد التدقيق والمداولة:.
القرار :-
لدى التدقيق والمداولة وجد ان الطعن طلب التصحيح التمييزي مقدم ضمن المدة القانونية لذا تقرر قبوله شكلاً ولدى عطف النظر على القرار المطلوب تصحيحه تبين بأن طلب التصحيح لايستند لأي من الأسباب القانونية الواردة ذكرها في نص أحكام المادة ۲۱۹ من قانون المرافعات المدنية المعدل وأن القرار التمييزي المطلوب تصحيحه والصادر من هذه المحكمة بالعدد (٦۷۸/هيئة الأحوال الشخصية/۲۰۲٤ في ۲۰۲٤/٦/۹) جاء خالياً من الاخطاء القانونية التي تستوجب تصحيحها و أن اعتراضات طالب التصحيح كانت مدار التدقيقات التمييزية لهذه المحكمة لذا تقرر رَّد الطلب وقيد التأمينات إيراداً لخزينة الأقليم . و صدر القرار بالأتفاق في ۲۰۲۵/۱/۲۱ .

**العدد / ۱۵ / هيئة الأحوال الشخصية/ ۲۰۲۵ التصحيح رقم الأضبارة/ ۲۰۹/ ش/۲۰۲٤**
**التأريخ / ۱۱/ ۲/ ۲۰۲۵**

لإدعاء المدعي لدى محكمة الأحوال الشخصية في (كويه) وفق عريضة دعواه . و طلبه دعوة المدعى عليه للمرافعة و الحكم (بتصديق الطلاق الخارجي بينهما و تثبيت الرجعة بتاريخ ۲۰۲٤/۱/۲۵ ) و تحميلها المصاريف و أتعاب المحاماة . و نتيجة المرافعة الحضورية العلنية أصدرت محكمة الأحوال الشخصية في كوية بالعدد ۲۰۹/ش/۲۰۲٤ و بتأريخ ۲۰۲٤/۷/۱۰ حكماً حضورياً قابلاً للتمييز يقضي بتصديق الطلاق الخارجي بين المتداعيان بتأريخ ۲۰۲٤/۱/۱۳ و أعتباره طلاقاً خلعياً و أنقلب الى بائن بينونة صغرى بحيث لايحق لهما الرجوع بعضهما لبعض إلا بعقد و مهر جديدين و عدم ألتزام المدعى عليها بالعدة الشرعية لإنقضاء المدة ، و ليس لها الزواج من رجل آخر إلا بعد أكتساب القرار الدرجة القطعية و رَّد دعوى المدعي بخصوص تثبيت الرجعه لان الطلاق كان خلعيا وليس رجعيا وليس له حق استرجاع المدعى عليها الى ذمته . و لعدم قناعة

المدعي بالحكم المذكور بادر الى الطعن فيه تمييزاً طالباً نقضه بموجب العريضة التمييزية المدفوع عنها الرسم القانوني بتأريخ ٢٠٢٤/٧/١٥ . و نتيجة التدقيقات التمييزية صدق الحكم المذكور بموجب القرار التمييزي المرقم (١٠٤٧/هيئة الأحوال الشخصية/٢٠٢٤ في ٢٠٢٤/٩/٢٥). و لعدم قناعة المميز بالقرار المذكور بادر الى تصحيحه بموجب اللائحة التصحيحية المدفوع عنها التأمينات القانونية بتأريخ ٢٠٢٤/١٢/١٥ . و لدى ورود الأضبارة الى هذه المحكمة سجلت ووضعت قيد التدقيق والمداولة:.

القرار :-

لدى التدقيق والمداولة وجد ان الطعن طلب التصحيح التمييزي مقدم ضمن المدة القانونية لذا تقرر قبوله شكلاً ولدى عطف النظر على القرار المطلوب تصحيحه تبين بأن طلب التصحيح لايستند لأي من الأسباب القانونية الواردة ذكرها في نص أحكام المادة ٢١٩ من قانون المرافعات المدنية المعدل وأن القرار التمييزي المطلوب تصحيحه والصادر من هذه المحكمة بالعدد (١٠٤٧/ هيئة الأحوال الشخصية/٢٠٢٤ في ٢٠٢٤/٩/٢٥) جاء خالياً من الاخطاء القانونية التي تستوجب تصحيحها و أن اعتراضات طالب التصحيح كانت مدار التدقيقات التمييزية لهذه المحكمة لذا تقرر رَّد الطلب وقيد التأمينات إيراداً لخزينة الأقليم وصدر القرار بالأتفاق في ٢٠٢٥/٢/١١ .

**ژمارە/ ١٥/ دەستەی باری كەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٩٩٧/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ٢٠/ ١ /٢٠٢٥**

داواكار لەبەردەم دادگای باری كەسی (زاخۆ) بانگەشەی كردووە بەو شێوەیەی كەلەتیانووسی داواكاریەكەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای كردووە حوكم بدرێت بۆی بە (پابەند كردنی داوالەسەركراو بەپێدانی بڕی ١٥٠٠٠٠٠٠ ملیۆن دینار وەكو قەرەبووی تەڵاقی نارەوا) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو خەرجی داوا و كرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/١٧) بە بڕیاری ژمارە (٩٩٧/ ش/٢٠٢٤) حوكمی داوە بە ڕەد كردنەوەی داوای داواكار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكارانی داوالەسەركراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواكار – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١١/٢٤) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندكرنی تانەی پێشكەشكراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی كرا كە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، وە ئەو هۆكارانەی كە داوالەسەركراو وە شایەتەكانی سەلماندنی خستویانەتە ڕوو بۆ دادگا كە پاڵی بە داوالەسەركراوەوە ناوە داواكاری ژنی تەڵاق بدات لە دەرەوەی دادگا هۆكاری شەرعی و یاسایی نین وە پاساو (مبرر) نین بۆ تەڵاق دانەكە وە ناوبراو دەیتوانی داوای جیابوونەوە بە هۆكاری زیان گەیاندن تۆمار بكات، لەبەر ئەوە پێویستە دادگا داوالەسەركراو بە ناتوانا (عاجز) دابنێت لە سەلماندنی دەفعەكەی بەوەی كە (متعسف) نەبووە لە تەڵاقدانی داواكار لە دەرەوەی دادگا ، لەسەر ئەوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەكە بۆ دادگاكەی بۆ مەبەستی سەرەوە و هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام و ئەم بڕیارەش بەكۆی دەنگ دەركرا لە ٢٠٢٥/١/٢٠.

**ژمارە/ ١٦/ دەستەی باری كەسی - ڕاستكردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٣٠٢٥/ ش/٢٠٢٣ بەروار/ ١١ / ٢٠٢٥/٢**

داواكار لەبەردەم دادگای باری كەسی (سلێمانی) بانگەشەی كردووە بەو شێوەیەی كەلەتیانووسی داواكاریەكەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای كردووە حوكم بدرێت بۆی بە (جیا كردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەركراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو خەرجی داوا و كرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/٧/١١) بە بڕیاری ژمارە (٣٠٢٥/ ش/٢٠٢٣) حوكمی داوە بە جیاكردنەوەی لایەنەكانی داوا وە ئەژمار دەكرێت بە لێكترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەكتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواكار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بكات تا كۆتایی هاتنی ماوەكە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكاری داواكار بە بڕی سەد

هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/٧/١٧) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (١٠٣١/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (١٥/ ١٠ /٢٠٢٤) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند کردووە . داواکاری ڕاستکردنەوە بەو بریارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١/١٥) پاش گەیشتنی تیانوسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەشکراو بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) دەکەوێتە ماوەی یاسایی یەوە . و تێبینی کرا بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دەستەیە کە داوای ڕاستکردنەوەی کراوە ڕاستەو پابەندی یاسایە وە هیچ هەڵەیەکی یاسایی ناگرێتەخۆ شیاوی ڕاستکردنەوە بێت ، وە ئەو خاڵانەی لە داواکاری ڕاستکردنەوەدا ئاماژەیان پێدراوە ناچنە ژێر ڕکێفی ئەو هۆکارانەی کە لە مادەی (٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو باسیان کراوە . بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لەگەڵ تۆمارکردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەک داهات بۆ گەنجینەی هەرێم . ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ڕۆژی ٢٠٢٥/٢/١١ .

**ژمارە/ ١٦/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ١١٤٠/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ٢٠/ ١ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (زاخۆ) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیا کردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/١٧) بە بڕیاری ژمارە (١١٤٠/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە جیاکردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواکار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانوسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، چونکە ئەوە سەلمێنراوە کە داوالەسەرکراو ژنی دووەمی هێناوە بێ ڕەچاوکردنی ڕێکارەکانی وەرگرتنی مۆڵەتی دادگا لەو بارەیەوە وە بەدەست هێنانی بەڵگەی ڕیگەپێدان بۆ هێنانی ژنی دووەم ، بەمەش داواکار مافی هەیە بە پێ ی مادەی (٥/٤٠) لە یاسای باری کەسی هەموارکراو داوای جیابوونەوە بکات ، وە دادگاش بەوە حوکمی داوە، لەبەر ئەوە بڕیاردرا بە پەسەند کردن (تصديق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/١/٢٠.

**ژمارە/ ١٧/ دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٩٠/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١١ / ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سمیل) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیا کردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی

دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/٩/٣٠) بە بڕیاری ژمارە (٩٠/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە جیاکردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواکار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/٢٠/١٠/٩) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـــتەیە بە بڕیاری ژمارە (١٣٦١/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (٢/ ١٢ /٢٠٢٤) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند کردووە . داواکاری ڕاستکردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١/٢٦) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەشکراو بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) دەکەوێتە ماوەی یاسایی یەوە . و تێبینی کرا بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دەستەیە کە داوای ڕاستکردنەوەی کراوە ڕاستەو پابەندی یاسایە وە هیچ هەڵەیەکی یاسایی ناگرێتەخۆ شیاوی ڕاستکردنەوە بێت ، وە ئەو خاڵانەی لە داواکاری ڕاستکردنەوەدا ئاماژەیان پێدراوە ناچنە ژێر ڕکێفی ئەو هۆکارانەی کە لە مادەی (٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو باسیان کراوە . بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لەگەڵ تۆمارکردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەك داهات بۆ گەنجینەی هەرێم . ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ڕۆژی ٢٠٢٥/٢/١١ .

**ژمارە/ ١٨/ دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٤٤٩/ ش/٢٠٢٣ بەروار/ ١١/ ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەڵەبجە) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە گەڕاندنەوەی منداڵەکانی (تەمەن و تینا) بۆ ئامێزی خۆی) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/٩/١٠) بە بڕیاری ژمارە (٤٤٩/ ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە گەڕاندنەوەی منداڵەکانی (تەمەن و تینا) بۆ ئامێزی داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/٩/١٧) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـــتەیە بە بڕیاری ژمارە (١٢٦٣/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (٢٥/ ١١ /٢٠٢٤) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند کردووە . داواکاری ڕاستکردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١/٢٦) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەشکراو بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) دەکەوێتە ماوەی یاسایی یەوە . و تێبینی کرا بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دەستەیە کە داوای ڕاستکردنەوەی کراوە ڕاستەو پابەندی یاسایە وە هیچ هەڵەیەکی یاسایی ناگرێتەخۆ شیاوی ڕاستکردنەوە بێت ، وە ئەو خاڵانەی لە داواکاری ڕاستکردنەوەدا ئاماژەیان پێدراوە ناچنە ژێر ڕکێفی ئەو هۆکارانەی کە لە مادەی (٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو باسیان کراوە . بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لەگەڵ تۆمارکردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەك داهات بۆ گەنجینەی هەرێم . ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ڕۆژی ٢٠٢٥/٢/١١ .

**ژمارە/ ١٨/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٧٠٩/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ٣ / ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (زاخۆ) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بەپێدانی بری ١٠٠٠٠٠٠٠ دە ملیۆن دینار وەکو قەرەبووی تەڵاقی نارەوا) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/٢٨) بە بڕیاری ژمارە (٧٠٩/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ١. پابەند کردنی داوالەسەرکراو بەپێدانی بری (٣٦٠٠٠٠٠) دینار بۆ هەر مانگێك ١٠٠,٠٠٠ دینار بۆ ماوەی ٣ ساڵ بە داواکار وەکو قەرەبووی تەڵاقی نارەوا لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بری سەد هەزار دینار . ٢. ڕەد کردنەوەی داوای داواکار بە زیادەی داواکراو لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بری سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە، چونکە ئەوە سەلمێنراوە کە داوالەسەرکراو بە شێوەیەکی (تعسفی) داواکاری هاوسەری تەڵاقداوە وە بەوەش ناوبراو شیاوی قەرەبووە بە پێ ی شەرع و یاسا ، وە بری قەرەبووش لەرێ ی شارەزای دادوەریەوە دیاریکراوە گونجاوە لەگەڵ باری داوایی داوالەسەرکراو ، بۆیە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە ولەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/٣.

**ژمارە/ ١٩/ دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٢١٢٩/ ش٢٠٢٣/٥ بەروار/ ١١/ ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیا کردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/٤/٢١) بە بڕیاری ژمارە (٢١٢٩/ش٢٠٢٣/٥) حوکمی داوە بە جیاکردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواکار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بری سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/٤/٢٢) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـــتەیە بە بڕیاری ژمارە (٨٥٩/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (٢٠٢٤/٩/٩) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند کردووە . داواکاری ڕاستکردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/١٤) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەشکراو بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) دەکەوێتە ماوەی یاسایی یەوە . و تێبینی کرا بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دەستەیە کە داوای ڕاستکردنەوەی کراوە ڕاستەو پابەندی یاسایە وە هیچ هەڵەیەکی یاسایی ناگرێتەخۆ شیاوی ڕاستکردنەوە بێت ، وە ئەو خاڵانەی لە داواکاری ڕاستکردنەوەدا ئاماژەیان پێدراوە ناچنە ژێر ڕکێفی ئەو هۆکارانەی کە لە مادەی (٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو باسیان کراوە . بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لەگەڵ تۆمارکردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەک داهات بۆ گەنجینەی هەرێم . ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ڕۆژی ٢٠٢٥/٢/١١ .

**ژمارە/ ٢٠ / دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٢٣/ ش٢٠٢١/٥ بەروار/ ١١/ ٢/ ٢٠٢٥**

داواکاران لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەیان کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیاندا ئاماژەیان پێداوە ، وەداوایان کردووە حوکم بدرێت بۆیان بە (پەسەند کردنی تەڵاقی نێوان کۆچکردوو (أ/ م/ ر) لەگەڵ داوالەسەرکراو لە بەرواری ٢٠٢٠/٧/١٦) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێ ی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٣/٨/١٧) بە بڕیاری ژمارە (٢٣/ش٢٠٢١/٥) حوکمی داوە بە ١. پەسەند کردنی تەڵاقی گەڕاوە بۆ یەکەم جار لە نێوان کۆچکردوو (أ/ م/ ر) وە داوالەسەرکراو لە بەرواری ٢٠٢٠/٧/١٦ . ٢. جێگیر کردنی گەڕاندنەوەی کۆچکردوو (أ/ م/ ر) لەلایەن داوالەسەرکراوەوە لە بەرواری ٢٠٢٠/٧/١٩ بەپێ ی شەرع و یاسا و بێ مارەیی و گرێبەستی نوێ . ٣. جێگیر کردنی کۆچ کردنی کۆچکردوو (أ/ م/ ر) لە بەرواری ٢٠٢٠/٨/٣١ لە ماوەی ماوەبەندی پاك بوونەوە وە داوالەسەرکراوی هاوسەری ئەژمار دەکرێت بە میراتگری بەپێ ی دابەشنامەی شەرعی ژمارە ١٤٠٧ لە ٢٠٢٠/١٠/١١ . لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە . بەڵام داواکاران – پێداچووکاران بەو بڕیارە ڕازی نەبوونە بۆیە تانەیان لێداوە بەپێ ی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٣/٨/٢٤) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکەن. دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (١١٥٩/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٣) دەرچوو لە (٧/ ٩ /٢٠٢٣) بڕیاری تانەلێدراوی هەڵوەشاندۆتەوە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/٧/٣) بە بڕیاری ژمارە (٢٣/ ش٢٠٢١/٥) حوکمی داوە بە پەسند کردنی تەڵاقی خولعی نێوان داوالەسەرکراو و هاوسەرەکەی (ا/ م/ ر) لە بەرواری (٢٠٢٠/٧/١٦) بەرامبەر وازهێنانی لەهەموو مافە شەرعی و یاساییەکانی لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە . بەڵام داوالەســــەرکراو – پێداچـــــووکار بەو بڕیارە ڕازی نــــەبووە بۆیە تانــــەی لێداوە بەپێ یتیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/٧/٨) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (٩٦٧/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (٢٠٢٤/١٠/٨) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند کردووە . داواکاری ڕاستکردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١/٢١) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەشکراو بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) دەکەوێتە ماوەی یاسایی یەوە . و تێبینی کرا بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دەستەیە کە داوای ڕاستکردنەوەی کراوە ڕاستەو پابەندی یاسایە وە هیچ هەڵەیەکی یاسایی ناگرێتەخۆ شیاوی ڕاستکردنەوە بێت ، وە ئەو خاڵانەی لە داواکاری ڕاستکردنەوەدا ئاماژەیان پێدراوە ناچنە ژێر ڕکێفی ئەو هۆکارانەی کە لە مادەی (٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو باسیان کراوە . بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لەگەڵ تۆمارکردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەک داهات بۆ گەنجینەی هەرێم . ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ڕۆژی ٢٠٢٥/٢/١١ .

**ژمارە/ ٢١/ دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/١٩٩٦/ ش/٢٠٢٤ بەروار/١١/ ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیاکردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی کێشە و ناکۆکی) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داواکە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٠/٧) بە بڕیاری ژمارە (١٩٩٦/ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە جیاکردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواکار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە لەگەڵ کەم کردنەوەی بڕی ٥٠٪ لە مارەیی پاشەکیەکەی لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە. بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٠/١٣) تیایدا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (١٣٥٢/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (٢/ ١٢ /٢٠٢٤) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند کردووە . داواکاری ڕاستکردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١/٢١) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەشکراو بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) دەکەوێتە ماوەی یاسایی یەوە . و تێبینی کرا بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دەستەیە کە داوای ڕاستکردنەوەی کراوە ڕاستەو پابەندی یاسایە وە هیچ هەڵەیەکی یاسایی ناگرێتەخۆ شیاوی ڕاستکردنەوە بێت ، وە ئەو خاڵانەی لە داواکاری ڕاستکردنەوەدا ئاماژەیان پێدراوە ناچنە ژێر ڕکێفی ئەو هۆکارانەی کە لە مادەی (٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو باسیان کراوە . بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لەگەڵ تۆمارکردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەک داهات بۆ گەنجینەی هەرێم . ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ڕۆژی ٢٠٢٥/٢/١١ .

**العدد / ٢٢ / هيئة الأحوال الشخصية/ ٢٠٢٥ التصحيح رقم الأضبارة/ ١٤٢ / ش/٢٠٢٤**
**التأريخ / ٩/ ٣/ ٢٠٢٥**

لإدعاء المدعية لدى محكمة الأحوال الشخصية في (كويه) وفق عريضة دعواها . و طلبها دعوة المدعى عليه للمرافعة و الحكم (بألزامه بدفع النفقة الماضية و المستمرة لها) و تحميله المصاريف و أتعاب المحاماة . و نتيجة المرافعة الحضورية العلنية أصدرت محكمة الأحوال الشخصية في كويه بالعدد ١٤٢/ش/٢٠٢٤و بتأريخ ٢٠٢٤/٧/٣ حكماً حضورياً قابلاً للتمييز يقضي برَّد دعوى المدعية . و تحميلها المصاريف و أتعاب المحاماة لوكيل المدعى عليه مبلغاً قدره مائة الف دينار . و لعدم قناعة المدعية بالحكم المذكور بادرت الى الطعن فيه تمييزاً طالبةً نقضه بموجب العريضتها التمييزية المدفوع عنها الرسم القانوني بتأريخ ٢٠٢٤/٧/٨ . و نتيجة التدقيقات التمييزية صدق الحكم المذكور بموجب القرار التمييزي المرقم (١٠٤٩/ هيئة الأحوال الشخصية/٢٠٢٤ في ٢٠٢٤/٩/٣٠) . و لعدم قناعة المميزة بالقرار المذكور بادرت الى تصحيحه بموجب اللائحة التصحيحية المدفوع عنها التأمينات القانونية بتأريخ ٢٠٢٤/١/٢٦ . و لدى ورود الأضبارة الى هذه المحكمة سجلت ووضعت قيد التدقيق والمداولة:.

القرار :-

لدى التدقيق والمداولة وجد ان الطعن طلب التصحيح التمييزي مقدم ضمن المدة القانونية لذا تقرر قبوله شكلاً ولدى عطف النظر على القرار المطلوب تصحيحه تبين بأن طلب التصحيح لايستند لأي من الأسباب القانونية الواردة ذكرها في نص أحكام المادة ٢١٩ من قانون المرافعات المدنية المعدل وأن القرار التمييزي المطلوب تصحيحه والصادر من هذه المحكمة بالعدد (١٠٤٩/ هيئة الأحوال الشخصية/٢٠٢٤ في ٢٠٢٤/٩/٣٠) جاء خالياً من الاخطاء القانونية التي تستوجب تصحيحها و أن اعتراضات طالب التصحيح كانت مدار التدقيقات التمييزية لهذه المحكمة لذا تقرر رَّد الطلب وقيد التأمينات إيراداً لخزينة الأقليم وصدر القرار بالأتفاق في ٢٠٢٥/٣/٩ .

**ژمارە/ ٢٢/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥   ژمارەی داوا/ ٨٨/ ش/٢٠٢٤   بەروار/ ٢١/ ١/٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (ئاکرێ) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام بۆ خۆی و منداڵەکانی (ب/ و/ م)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/١٣) بە بڕیاری ژمارە (٨٨/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ١/ پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواکار بەبڕی ٣٠,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٣/٦/١٩ تاکو بەرواری جیا بوونەوە لە ٢٠٢٤/١/١٤ .٢/ پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە منداڵەکەی (ب) بەبڕی ٢٠,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٣/٨/٢٠ تاکو ٢٠٢٤/٢/٢٠ وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بەهەمان بڕ . ٣/ پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە منداڵەکەی (م) بەبڕی ٢٥,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٣/٦/١٩ تاکو ٢٠٢٤/٢/٢٠ وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بەهەمان بڕ . وە ڕێگەدان بە داواکار بەوەرگرتنی بڕی بژێوی منداڵەکانی و خەرج کردنی بۆ پێداویستیەکانیان لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١١/١٩) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونکە پێشتر داواکار حوکمی وەرگرتوە بە بژێوی بۆ منداڵەکانی بە ناوەکانی (ب/ م) بە پێ ی بڕیاری ژمارە (٤٦٣/ش/٢٠٢٣) دەرچوو لە ٢٠٢٤/١١/١٣ وە ئەو بژێویەش سەرجەم جۆرەکانی دەگرێتەوە بە پێ ی مادەی (٢/٢٤) لە یاسای باری کەسی ، بەمەش داوای داوای داواکار پشتیوانی یاسایی نیەو شیاوی ڕەد کردنەوەیە ، لەبەر بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/١/٢١.

**ژمارە/ ٢٣/ دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥   ژمارەی داوا/٥٣٦/ ش/٢٠٢٣   بەروار/ ٩/ ٣/٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (شارەزوور) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیا کردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/٩/٢٩) بە بڕیاری ژمارە (٥٣٦/ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە ١/ پەسەند کردنی تەڵاقی دەرەکی دراو لە (٢٠٢٤/٩/٢٤) دانانی بە تەڵاقی گەڕاوە وە بۆیان هەیە بگەڕێنەوە بۆ لای یەکتر بەبێ گرێبەست و مارەیی نوێ وە پێویستە لەسەر داوالەسەرکراو پابەندی (عدە) ی شەرعی بێت وە بۆی نیە شوو بکاتەوە بە پیاوێکی تر تا کۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی کۆتایی بڕیارەکە. ٢/ ڕەد کردنەوەی داوای داواکار سەبارەت بە جیا کردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی زیان گەیاندن لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٠/٦) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (١٤٦٥/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (٢٤/ ١٢ /٢٠٢٤) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند کردووە . داواکاری ڕاستکردنەوە

بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٢/٤) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەشکراو بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) دەکەوێتە ماوەی یاسایی یەوە . و تێبینی کرا بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دەستەیە کە داوای ڕاستکردنەوەی کراوە ڕاستەو پابەندی یاسایە وە هیچ هەڵەیەکی یاسایی ناگرێتەخۆ شیاوی ڕاستکردنەوە بێت ، وە ئەو خاڵانەی لە داواکاری ڕاستکردنەوەدا ئاماژەیان پێدراوە ناچنە ژێر ڕکێفی ئەو هۆکارانەی کە لە مادەی (٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو باسیان کراوە . بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لەگەڵ تۆمارکردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەک داهات بۆ گەنجینەی هەرێم . ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ڕۆژی ٢٠٢٥/٣/٩ .

**ژمارە/٢٥ / دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٣٣٧٣/ ش٢٠٢١/٤ بەروار/ ٩/ ٣/ ٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێ ی ماندوو بوونی پارێزەری. لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٢/١٢/٤) بە بڕیاری ژمارە (٣٣٧٣/ ش٢٠٢١/٤) حوکمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواکار بەبڕی ١٥٠٠٠٠ سەد و پەنجا هەزار دینار دینار مانگانە لە بەرواری ٢٠٢٠/٣/١٣ تاکو ٢٠٢١/٦/١٥ وە بەشێوەیەکی بەردەوام پابەند کردنی بە هەمان بڕ لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد و پەنجا هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٢/١٢/٦) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات. دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (١٣٠/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٣) دەرچوو لە (١٤/ ٢ /٢٠٢٣) بڕیاری تانەلێدراوی هەڵوەشاندۆتەوە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٣/٦/٢٠) بە بڕیاری ژمارە (٣٣٧٣/ش٢٠٢١/٤) حوکمی داوە بە ١. پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواکار بەبڕی ١٥٠٠٠٠ سەد و پەنجا هەزار دینار مانگانە لە بەرواری ٢٠٢٠/٣/١٣ تاکو ٢٠٢١/٦/١٥ وە بەشێوەیەکی بەردەوام بە هەمان بڕ لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد و پەنجا هەزار دینار . ٢. بڕینی بژێوی کاتی داواکار و ئەژمار کردنی لەگەڵ بژێوی بڕیار بۆدراو . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٣/٦/٢٦) تیادا داوای هەڵوەشـــــاندنەوەی بڕیارەکە دەکات . لە ئەنجـــــامی دادبینی ئامادەیی و ئاشـکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی(٢٠٢٤/١١/٣) بە بڕیاری ژمارە (٣٣٧٣/ش٢٠٢١/٤) حوکمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواکار بەبڕی ٤٥٠,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٠/٣/١٣ تاکو ٢٠٢١/٦/١٦ وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بە بڕی ٤٧٥,٠٠٠ دینار لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد و هەشتا هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١١/١٢) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (٨٢٩/د.باری کەســـی/٢٠٢٣) دەرچوو لە (٢٠٢٣/٨/٢٢) بڕیاری تانەلێدراوی هـــــەڵوەشاندۆتـــەوە . دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (١٥٠٤/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (٢٤/ ١٢ /٢٠٢٤) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند کردووە . داواکاری ڕاستکردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٢/٤) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بڕیـــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەشکراو بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) دەکەوێتە ماوەی یاسایی یەوە . و تێبینی کرا بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دەستەیە کە داوای ڕاستکردنەوەی کراوە ڕاستەو پابەندی یاسایە وە هیچ هەڵەیەکی یاسایی ناگرێتەخۆ شیاوی ڕاستکردنەوە بێت ، وە ئەو خاڵانەی لە داواکاری ڕاستکردنەوەدا ئاماژەیان پێدراوە ناچنە ژێر ڕکێفی ئەو هۆکارانەی کە لە مادەی (٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو باسیان کراوە . بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لەگەڵ تۆمارکردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەک داهات بۆ گەنجینەی هەرێم . ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ڕۆژی ٢٠٢٥/٣/٩ .

**ژمارە/٣٦ / دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٣٣٧٣/ ش٤/٢٠٢١ بەروار/ ٩/ ٣/ ٢٠٢٥**

داواکار (س ج م ) لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێ ی ماندوو بوونی پارێزەری . لەڕۆژی (٢٠٢٤/١١/١٢) داوالەسەرکراو داواکاریەکی پێشکەشی دادوەری دادگای باری کەسی ئاماژەبۆکراو لەسەرەوە بەڕێز (ب/ ص/س) کردووە داوای ڕەد کردنەوەی کردوە لەبەر ئەو هۆکارەی لە داواکاریەکەیدا هاتووە ، دادوەری ناوبراویش داواکاریەکەی هاوپێچ لەگەڵ دۆسیەکەو ڕای خۆی لەسەر داواکاریەکە ناردوە بۆ ئەم دادگایە ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســــتەیە بە بڕیاری ژمارە (١٥٠٥/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (٢٤/ ١٢ /٢٠٢٤) داوای ڕەد کردنەوەی دادوەری ڕەد کردۆتەوە . داواکاری ڕاستکردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/٢/٤) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بڕیـــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەشکراو بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) دەکەوێتە ماوەی یاسایی یەوە . و تێبینی کرا بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دەستەیە کە داوای ڕاستکردنەوەی کراوە ڕاستەو پابەندی یاسایە وە هیچ هەڵەیەکی یاسایی ناگرێتەخۆ شیاوی ڕاستکردنەوە بێت ، وە ئەو خاڵانەی لە داواکاری ڕاستکردنەوەدا ئاماژەیان پێدراوە ناچنە ژێر ڕکێفی ئەو هۆکارانەی کە لە مادەی (٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو باسیان کراوە . بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لەگەڵ تۆمارکردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەک داهات بۆ گەنجینەی هەرێم . ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ڕۆژی ٢٠٢٥/٣/٩ .

**ژمارە/ ٣٦/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٨٩/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ٢١/ ١/ ٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (قەسرۆك) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری. لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/١٠) بە بڕیاری ژمارە (٨٩/ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ١/ پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواکار بەبڕی ٤١٠٠٠٠ دینار لەبەرواری ٢٠٢٤/١/٩ تاکو ٢٠٢٤/٥/١٢ وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بە بڕی ١٢٥,٠٠٠ دینار . ٢/ پابەند کردنی داواکار بە گوێڕایەڵی کردنی داوالەسەرکراو و گەڕانەوەی بۆ ماڵی هاوسەری لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە

بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١١/١٢) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-
بـڕیـــــار:-
پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە و پێش وەختە ، چونکە بریکاری داواکار لە دانیشتنی ڕۆژی ٢٠٢٤/١١/١٠ ئەوەی ڕوون کردوەتەوە کە بریگرتەکەی داوای جیابوونەوەی تۆمارکردوە بە ژمارە (٢٢٥/ش/٢٠٢٤) دادگا پێویست بوو لە سەری دۆسیەی داوای ئاماژەبۆکراو بهێنێت وە ناوەرۆکەکەی جێگیر بکات، وە لە حاڵەتی سەلماندنی ئەو دەفعەدا پێویستە بڕیار بدرێت بە چاوپۆشی کردن لە بڕیاری یەکخستنی داوای گوێڕایەڵی لەگەڵ داوای بژێوی دواتر ڕاگرتنی دادبینی لە یەکەمداو دانانی بە پاشخراو (مستأخرة) تا ئەنجامی داوای جیابونەوە، وە لەبەر ئەوەی دادگا بڕیاری دەرکردوە بێ ڕەچاوکردنی خاڵی ئاماژەبۆکراو بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوە (نقض)ی بڕیارەکە وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە لەگەڵ هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە بۆ ئەنجام ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/١/٢١.

**ژمارە/ ٢٧/ دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٢٠١٩/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٧/ ٣/ ٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پەسەند کردن و تۆمار کردنی گەڕاندنەوەی هاوسەری تەڵاقدراوی بۆ ژیانی هاوسەری) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٠/١٦) بە بڕیاری ژمارە (٢٠١٩/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٠/١٧) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســــتەیە بە بڕیاری ژمارە (١٤٥٧/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (٢٤/ ١٢ /٢٠٢٤) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند کردووە . داواکاری ڕاستکردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٢/١٠) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-
بـڕیـــــار:-
پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەشکراو بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) دەکەوێتە ماوەی یاسایی یەوە ، تێبینی کرا بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دادگایە کە داوای ڕاستکردنەوەی کراوە بە ژمارە (١٤٥٧/د.باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە ٢٠٢٤/١٢/٢٤ ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە ، وە ئەو خاڵانەی لە داواکاری ڕاستکردنەوەدا ئاماژەیان پێدراوە ناچنە ژێر ڕکێفی ئەو هۆکارانەی کە لە ماوەی (٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو باسیان کراوە ، وە داواکاری ڕاستکردنەوە ئاماژەی بە هەڵەیەکی ناوبڕیاری تانەلێدراودا هاتووە کە نوسیومانە (داواکار سوێندی یەکلاکەرەوەی ئاراستەی داوالەسەرکراو کردوەو ئەویش سوێندەکەی خواردوە) وە ڕاستیەکەی ئەوەیە پاش دانانی داواکار بە ناتوانا (عاجز) لە سەلماندن مافی ئەوەی پێدراوە سوێندی یەکلاکەرەوە ئاراستەی داوالەسەرکراو بکات بە شێوەی داڕێژراو لەلایەن دادگاوە بەڵام ناوبراو ڕەزامەند نەبووە سوێندی یەکلاکەرەوە ئاراستەی داوالەسەرکراو بکات ، وە ئەو هەڵەیە کاریگەری لەسەر ڕاستی و دروستی بڕیارەکە نیە ، بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لەگەڵ

تۆماركردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەک داهات بۆ گەنجینەی هەرێم، لەگەڵ ڕاستكردنەوەی ئەو هەڵەیەی كە لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە ، ئەم بڕیارەش بەكۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/١٧.

**ژمارە/ ٢٨/ دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٧١٩٥/ ش/٢٠٢٣ بەروار/ ١٠/ ٣/٢٠٢٥**

داواكار لەبەردەم دادگای باری كەسی (سلێمانی) بانگەشەی كردووە بەو شێوەیەی كەلەتیانووسی داواكاریەكەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای كردووە حوكم بدرێت بۆی بە (جیا كردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەركراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو خەرجی داوا و كرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٠/١٠) بە بڕیاری ژمارە (٧١٩٥/ش/٢٠٢٣) حوكمی داوە بە جیاكردنەوەی لایەنەكانی داوا وە ئەژمار دەكرێت بە لێكترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەكتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواكار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بكات تا كۆتایی هاتنی ماوەكە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەكە وە كەم كردنەوەی ڕێژەی ٣٠٪ لە مارەیی پاشەكی داواكار لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكارانی داواكار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەركراو – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٠/١٧) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (١٤٦٧/دەستەی باری كەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (٢٣/ ١٢ /٢٠٢٤) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند كردووە . داواكاری ڕاستكردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواكاری ڕاستكردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٢/٣) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستكردنەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەركەوت كە تانەی پێشكەشكراو بە داواكاری ڕاستكردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) دەكەوێتە ماوەی یاسایی یەوە . و تێبینی كرا بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دەستەیە كە داوای ڕاستكردنەوەی كراوە ڕاستەو پابەندی یاسایە وە هیچ هەڵەیەكی یاسایی ناگرێتەخۆ شیاوی ڕاستكردنەوە بێت ، وە ئەو خاڵانەی لە داواكاری ڕاستكردنەوەدا ئاماژەیان پێدراوە ناچنە ژێر ڕكێفی ئەو هۆكارانەی كە لە مادەی (٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەمواركراو باسیان كراوە . بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد كردنەوەی داواكاری ڕاستكردنەوە لەگەڵ تۆماركردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەك داهات بۆ گەنجینەی هەرێم . ئەم بڕیارەش بە كۆی دەنگ دەركرا لە ڕۆژی ٢٠٢٥/٣/١٠ .

**ژمارە/ ٢٩/ دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٤٠٧/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٠/ ٣/٢٠٢٥**

داواكار لەبەردەم دادگای باری كەسی (بەردەڕەش) بانگەشەی كردووە بەو شێوەیەی كەلەتیانووسی داواكاریەكەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای كردووە حوكم بدرێت بۆی بە (سەلماندنی ڕەچەڵەكی منداڵەكەی (د) بۆ داوالەسەركراو) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو خەرجی داوا و كرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٠/٩) بە بڕیاری ژمارە (٤٠٧/ ش/٢٠٢٤) حوكمی داوە بە سەلماندنی ڕەچەڵەكی منداڵەكەی (د – لەدایك بووی ٢٠٢٤/٧/٢٤ كچە شوێنی لەدایك بوونی دهۆك) بۆ داوالەسەركراوی باوی لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكارانی داواكار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەركراو – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٠/١٣) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (١٣٧١/ دەستەی باری كەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (٨/ ١٢ /٢٠٢٤) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند كردووە . داواكاری ڕاستكردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواكاری ڕاستكردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١/٢٠) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستكردنەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بڕیـــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەشکراو بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) دەکەوێتە ماوەی یاسایی یەوە . و تێبینی کرا بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دەستەیە کە داوای ڕاستکردنەوەی کراوە ڕاستەو پابەندی یاسایە وە هیچ هەڵەیەکی یاسایی ناگرێتەخۆ شیاوی ڕاستکردنەوە بێت ، وە ئەو خاڵانەی لە داواکاری ڕاستکردنەوەدا ئاماژەیان پێدراوە ناچنە ژێر ڕکێفی ئەو هۆکارانەی کە لە مادەی (٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو باسیان کراوە . بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لەگەڵ تۆمارکردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەک داهات بۆ گەنجینەی هەرێم . ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ڕۆژی ٢٠٢٥/٣/١٠ .

**ژمارە/ ٣٠/ دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٥١٤٧/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٣/ ٤ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی مارەیی پێشەکی کە بریتیە لە بردنی بۆ (عمرەیەك بۆ ماڵی خوا)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/٢٨) بە بڕیاری ژمارە (٥١٤٧/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/٢) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (٥٩/دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥) دەرچوو لە (٤/ ٢ /٢٠٢٥) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند کردووە . داواکاری ڕاستکردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٢/٢٣) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بڕیـــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەشکراو بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) دەکەوێتە ماوەی یاسایی یەوە . و تێبینی کرا بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دەستەیە کە داوای ڕاستکردنەوەی کراوە ڕاستەو پابەندی یاسایە وە هیچ هەڵەیەکی یاسایی ناگرێتەخۆ شیاوی ڕاستکردنەوە بێت ، وە ئەو خاڵانەی لە داواکاری ڕاستکردنەوەدا ئاماژەیان پێدراوە ناچنە ژێر ڕکێفی ئەو هۆکارانەی کە لە مادەی (٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو باسیان کراوە . بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لەگەڵ تۆمارکردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەک داهات بۆ گەنجینەی هەرێم . ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ڕۆژی ٢٠٢٥/٤/١٣ .

**ژمارە/ ٣١/ دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٣٢٤٦/ اعتراجیە/٢٠٢١ بەروار/ ٤/١٣ /٢٠٢٥**

ناڕازیکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) داوای هەڵوەشاندنەوەی حوکمی پاشملەی ژمارە (٣٢٤٦/ش/٢٠٢١ لە ٢٠٢٣/٨/٨) کردووە کە حوکمی داوە بە جیاکردنەوەیان لەگەڵ داواکار وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواکار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە لەگەڵ کەم کردنەوەی بڕی ٤٠٪ لە مارەیی پاشەکیەکەی لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/٨/١) بە بڕیاری ژمارە (٣٢٤٦/ ش/أعتراضية/٢٠٢١) حوکمی داوە بە جیاکردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواکار – ناڕازی لەسەرکراو پابەندە نیە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە بە هۆی کۆتایی هاتنی ماوەکە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە لەگەڵ کەم کردنەوەی بڕی ٥٥٪

لە مارەیی پاشەکیەکەی لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار - ناڕازی لەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار. بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/٨/٨) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســــتەیە بە بڕیاری ژمارە (١١٩٢/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (٢٠٢٤/١١/٤) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند کردووە . داواکاری ڕاستکردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٢/٢٣) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەشکراو بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) دەکەوێتە ماوەی یاسایی یەوە . و تێبینی کرا بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دەستەیە کە داوای ڕاستکردنەوەی کراوە ڕاستەو پابەندی یاسایە وە هیچ هەڵەیەکی یاسایی ناگرێتەخۆ شیاوی ڕاستکردنەوە بێت ، وە ئەو خاڵانەی لە داواکاری ڕاستکردنەوەدا ئاماژەیان پێدراوە ناچنە ژێر ڕکێفی ئەو هۆکارانەی کە لە مادەی (٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو باسیان کراوە . بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لەگەڵ تۆمارکردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەک داهات بۆ گەنجینەی هەرێم . ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ڕۆژی ٢٠٢٥/٤/١٣ .

**ژمارە/ ٣٢ تصحيح/ دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٥٤٨٥/ ش٢٠٢٤/٥ بەروار/ ١٣/ ٤ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جێگیر کردنی ئامێزگیری داوالەسەرکراو بۆ منداڵەکەی (س)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داواکە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/٨/٢٨) بە بڕیاری ژمارە (٥٤٨٥/ش٢٠٢٤/٥) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٠/١٠) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســــتەیە بە بڕیاری ژمارە (١٤٣٧/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (١٦/ ١٢ /٢٠٢٤) بڕیاری تانەلێدراوی ڕەد کردۆتەوە لە ڕووی شێوەوە . داواکاری ڕاستکردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٢/٩) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەشکراو بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) دەکەوێتە ماوەی یاسایی یەوە . و تێبینی کرا بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دەستەیە کە داوای ڕاستکردنەوەی کراوە ڕاستەو پابەندی یاسایە وە هیچ هەڵەیەکی یاسایی ناگرێتەخۆ شیاوی ڕاستکردنەوە بێت ، وە ئەو خاڵانەی لە داواکاری ڕاستکردنەوەدا ئاماژەیان پێدراوە ناچنە ژێر ڕکێفی ئەو هۆکارانەی کە لە مادەی (٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو باسیان کراوە . بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لەگەڵ تۆمارکردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەک داهات بۆ گەنجینەی هەرێم . ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ڕۆژی ٢٠٢٥/٤/١٣ .

**ژمارە/ ٣٢/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ١٧٨٨/ ش٢٠٢٣/٥ بەروار/ ٢١/ ٢٠٢٥/١**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پەسەند کردنی هاوسەرگیری دەرەکی

نێوان خۆی و کۆچکردوو (ل/ ع/ ع) خوشکی داوالەسەرکراو لە بەرواری (٢٠١٤/١٢/١)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/١٠) بە بڕیاری ژمارە (١٧٨٨/ش٢٠٢٣/٢) حوکمی داوە بە پەسەند کردنی هاوسەرگیری دەرەکی نێوان داواکار و کۆچکردوو (ل/ ع/ع) خوشکی داوالەسەرکراو لە بەرواری (٢٠١٤/١٢/١) لەسەر مارەیی پێشەکی ٢,٠٠٠,٠٠٠ دینار وە پاشەکی ١٩ مسقال زێر لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١١/١٧) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە ، وە لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە دادگا ئەنجامی داون وە بە درێژی لە بڕیارەکەدا جێگیرکراون هاوسەرگیری ئەنجامدراو لە نێوان داواکار (ز/ ک/ س) و میراتلێگیراوی داوالەسەرکراو بە ناوی (ل/ ع/ ع) بەو شێوەیەی لە بڕیارەکەدا هاتووە سەلمێنراوە ، بۆیە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصديق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/١/٢١.

**ژمارە/ ٣٣/ دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/١٧٩/ش/٢٠٢٤ بەروار/ ٢٠/ ٤ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سیدصادق) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیا کردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/٩/٢٩) بە بڕیاری ژمارە (١٧٩/ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە جیاکردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داوالەسەرکراو پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بكات تا كۆتایی هاتنی ماوەكە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە وە کەم کردنەوەی ڕێژەی ٤٠٪ لە مارەیی پاشەکی داوالەسەرکراو لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٠/٩) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (١٤٥٩/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (٢٣/ ١٢ /٢٠٢٤) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند کردووە . داواکاری ڕاستکردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی () پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەشکراو بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحیح القرار التمييزي) دەکەوێتە ماوەی یاسایی یەوە . و تێبینی کرا بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دەستەیە کە داوای ڕاستکردنەوەی کراوە ڕاستەو پابەندی یاسایە وە هیچ هەڵەیەکی یاسایی ناگرێتەخۆ شیاوی ڕاستکردنەوە بێت ، وە ئەو خاڵانەی لە داواکاری ڕاستکردنەوەدا ئاماژەیان پێدراوە ناچنە ژێر ڕکێفی ئەو هۆکارانەی کە لە مادەی (٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو باسیان کراوە . بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لەگەڵ تۆمارکردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەک داهات بۆ گەنجینەی هەرێم . ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ڕۆژی ٢٠٢٥/٤/٢٠ .

**ژمارە/ ٣٣/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٢٧١/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ٢١/ ١ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (عەنکاوە) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پەسەند کردنی تەڵاقی دەرەکی نێوانیان) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/٢٤) بە بڕیاری ژمارە (٢٧١/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە پەسەند کردنی تەڵاقی دەرەکی دراو لە (٢٠٢٤/٦/١٦) دانانی بە تەڵاقی گەڕاوە گۆڕاوە بۆ لێکترازانی بچووك وە بۆیان نیە بگەڕێنەوە بۆ لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت وە پێویست نیە لەسەر داوالەسەرکراو پابەندی (عدە) ی شەرعی بێت بە هۆی کۆتایی هاتنی ماوەکە وە بۆی نیە شوو بکاتەوە بە پیاوێکی تر تا وەرگرتنی پلەی کۆتایی بڕیارەکە ، وە مانەوەی داوالەسەرکراو لە خانووی داواکار بۆ ماوەی سێ ساڵ لەگەڵ خستنە ئەستۆی داواکار ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار. بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری دادگا بە پەسەند کردنی تەڵاقی دەرەکی بانگەشەبۆکراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە بە هۆی سەلماندنی بەو شێوەیەی لە تیانووسی داواکەدا هاتووە ، وە سەبارەت بە بڕگەی (دووەم) لە بڕیارەکە کە بابەتی تانەی پێداچوونەوەیە بە پێدانی مافی نیشتەجێ بوون بە داوالەسەرکراو بۆ مانەوە لە وخانوەی کە ماڵی هاوسەریان بوە بە پێ ی یاسای ژمارە (٧٧) ی ساڵی١٩٨٣ بە هەمان شێوە ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە ، چونکە ئەوە سەلمێنراوە کە خانووی ئاماژەبۆکراو ماڵی هاوسەریان بوەو تۆمارە بە ناوی داواکارەوە ، بنەما لەسەرئەوە بڕیار درا بە پەسەندکردن (تصديق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/١/٢١.

**ژمارە/ ٣٤/ دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/١٤٣/ ش/٢٠٢٢ بەروار/ ٢٠/ ٤/ ٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سميل) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە گەڕاندنەوەی منداڵەکەی (مەلەك) بۆ ئامێزی خۆی) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٣/١٢/١٧) بە بڕیاری ژمارە (١٤٣/ش/٢٠٢٢) حوکمی داوە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام پێداچووکار (ئەندامی داواکاری گشتی) بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی پێشکەشکراو لە (٢٠٢٣/١٢/٢٠) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات . هەروەها داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٣/١٢/٢١) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (٣٣٥/د.باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (٢٠٢٤/٤/١٥) بڕیاری تانەلێدراوی هەڵوەشاندۆتەوە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/٦/٩) بە بڕیاری ژمارە (١٤٣/ ش/٢٠٢٢) حوکمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە گەڕاندنەوەی منداڵەکەی (مەلەك) بۆ ئامێزی داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/٦/٢٣) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (٩٩٩/دەستەی باری

کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (١٥/ ١٠ /٢٠٢٤) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند کردووە . داواکاری ڕاستکردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١/٢٠) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەشکراو بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) دەکەوێتە ماوەی یاسایی یەوە . و تێبینی کرا بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دەستەیە کە داوای ڕاستکردنەوەی کراوە ڕاستەو پابەندی یاسایە وە هیچ هەڵەیەکی یاسایی ناگرێتەخۆ شیاوی ڕاستکردنەوە بێت ، وە ئەو خاڵانەی لە داواکاری ڕاستکردنەوەدا ئاماژەیان پێدراوە ناچنە ژێر ڕکێفی ئەو هۆکارانەی کە لە مادەی (٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو باسیان کراوە . بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لەگەڵ تۆمارکردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەک داهات بۆ گەنجینەی هەرێم . ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ڕۆژی ٢٠٢٥/٤/٢٠ .

**ژمارە/ ٣٥/ دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٥٨٠/ ش/٢٠١٩ بەروار/ ٢٠/ ٤ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (کەلار) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (بەرپەرچدانەوە (نفی) ڕەچەڵەکی داوالەسەرکراوی یەکەم لە هەریەک لە (م/ ع/ م) وە داواکار (ف/ خ/ م) کە وەک دایک و باوکی تۆمارکراون وە لکاندنی ڕەچەڵەکی بە هەریەک لە داوالەسەرکراوی دووەم (ع/ ع/ ع) وە کۆچکردوو (ڕ/ ح/ ک) وەک دایک و باوکی ڕاستەقینەی) . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/٨/٨) بە بڕیاری ژمارە (٥٨٠/ ش/٢٠١٩) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو پارێزەر (ب/ م/ ج) بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/٨/١٨) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (١٢٠٠/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (٤/ ١١ /٢٠٢٤) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند کردووە . داواکاری ڕاستکردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٢/٢٧) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەشکراو بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) دەکەوێتە ماوەی یاسایی یەوە . و تێبینی کرا بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دەستەیە کە داوای ڕاستکردنەوەی کراوە ڕاستەو پابەندی یاسایە وە هیچ هەڵەیەکی یاسایی ناگرێتەخۆ شیاوی ڕاستکردنەوە بێت ، وە ئەو خاڵانەی لە داواکاری ڕاستکردنەوەدا ئاماژەیان پێدراوە ناچنە ژێر ڕکێفی ئەو هۆکارانەی کە لە مادەی (٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو باسیان کراوە . بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لەگەڵ تۆمارکردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەک داهات بۆ گەنجینەی هەرێم . ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ڕۆژی ٢٠٢٥/٤/٢٠ .

**ژمارە/ ٣٥/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٤٨٢٢/ ش٤/٢٠٢٤ بەروار/ ٢٠/ ٢٠٢٥/١**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پەسەند کردنی تەڵاقی دەرەکی نێوانیان لە بەرواری (٢٠٢٤/٧/٢٠)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/٢٧) بە بڕیاری ژمارە (٤٨٢٢/ ش٤/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە پەسەند کردنی تەڵاقی دەرەکی دراو لە (٢٠٢٤/٧/٢٠) دانانی بە

تەڵاقی گەڕاوە گۆڕاوە بۆ لێکترازانی بچووك وە بۆیان نیە بگەڕێنەوە بۆ لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت وە پێویست نیە لەسەر داوالەسەرکراو پابەندی (عدە) ی شەرعی بێت بە هۆی کۆتایی هاتنی ماوەکە وە بۆی نیە شوو بکاتەوە بە پیاوێکی تر تا وەرگرتنی پلەی کۆتایی بڕیارەکە ، وە مانەوەی داوالەسەرکراو لە خانووی داواکار بۆ ماوەی سێ ساڵ . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/٢) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری دادگا لە داوای بنەڕەتی بە پەسەند کردنی تەڵاقی دەرەکی بانگەشەبۆکراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە بە هۆی سەلماندنی بەو شێوەیەی لە تیانووسی داواکەدا هاتووە ، بەڵام سەبارەت بە بڕگەی (دووەم) لە بڕیارەکە بە حوکمدان بۆ داوالەسەرکراو (پێداچوولەسەرکراو) بۆ نیشتەجێ بوون لە ماڵی هاوسەری بە پێ ی یاسای ژمارە (٧٧) ی ساڵی١٩٨٣ ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە چونکە بە پێ ی وەڵامی بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانوبەرەی تایبەتمەند کە لە بڕیارەکەدا ئاماژەی پێدراوە ئەو خانوەی کە ماڵی هاوسەری هەردوولای داواکە بووە بە ناوی داواکاری مێردەوە نەماوەوە ئەو هەموارکردنەوەی یاسای سەرەوە بە ژمارە (٤) ی ساڵی ١٩٩٤ لە هەرێمی کوردستان بەکار (انفاذ) نەکراوە ، بەمەش داواکاری داواکار بۆ نیشتەجێ بوون لەو خانوەدا پشتیوانی یاسایی نیەو شیاوی ڕەد کردنەوەیە ، لەبەر بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/١/٢٠.

**ژمارە/ ٣٦ / دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٣٥١/ ش/٢٠٢٣ بەروار/ ٢٠/ ٤/ ٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (دەربەندیخان) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بەپێدانی بڕی ١٠٠٠٠٠٠٠ دە ملیۆن دینار وەکو قەرەبووی تەڵاقی ناڕەوا) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/٨/٢٦) بە بڕیاری ژمارە (٣٥١/ ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە ١. پابەند کردنی داوالەسەرکراو بەپێدانی بڕی (٤,٣٢٠,٠٠٠)دینار بە داواکار وەکو قەرەبووی تەڵاقی ناڕەوا لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . ٢. ڕەد کردنەوەی داوای داواکار بە زیادەی داواکراو لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/٩/٥) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (١٢٩٥/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (٢٠٢٤/١١/٢٥) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند کردووە . داواکاری ڕاستکردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١/١٦) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەشکراو بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) دەکەوێتە ماوەی یاسایی یەوە . و تێبینی کرا بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دەستەیە کە داوای ڕاستکردنەوەی کراوە ڕاستەو پابەندی یاسایە وە هیچ هەڵەیەکی یاسایی ناگرێتەخۆ شیاوی ڕاستکردنەوە بێت ، وە ئەو خاڵانەی لە داواکاری ڕاستکردنەوەدا ئاماژەیان پێدراوە ناچنە ژێر ڕکێفی ئەو هۆکارانەی کە لە مادەی (٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو باسیان کراوە . بنەما لەسەر

ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لەگەڵ تۆمارکردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەک داهات بۆ گەنجینەی هەرێم . ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ڕۆژی٢٠٢٥/٤/٢٠ .

**ژمارە/ ٣٧/ دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/١٤٥٧/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ٢٠ / ٤ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیا کردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/٣) بە بڕیاری ژمارە (١٤٥٧/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە جیاکردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواکار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١٠) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (٦٢/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥) دەرچوو لە (٢٠٢٥/٢/٤) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند کردووە . داواکاری ڕاستکردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٣/٢) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەشکراو بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحیح القرار التمییزي) دەکەوێتە ماوەی یاسایی یەوە . و تێبینی کرا بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دەستەیە کە داوای ڕاستکردنەوەی کراوە ڕاستەو پابەندی یاسایە وە هیچ هەڵەیەکی یاسایی ناگرێتەخۆ شیاوی ڕاستکردنەوە بێت ، وە ئەو خاڵانەی لە داواکاری ڕاستکردنەوەدا ئاماژەیان پێدراوە ناچنە ژێر ڕکێفی ئەو هۆکارانەی کە لە مادەی (٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو باسیان کراوە . بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لەگەڵ تۆمارکردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەک داهات بۆ گەنجینەی هەرێم . ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ڕۆژی ٢٠٢٥/٢/٢٠ .

**ژمارە/ ٣٧/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٢٩٨٨/ ش/١/٢٠٢٣ بەروار/ ٢١/ ١ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پەسەند کردنی تەڵاقی دەرەکی نێوانیان لە بەرواری (٢٠٢٣/٥/٢١)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/٢٧) بە بڕیاری ژمارە (٢٩٨٨/ش١/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە پەسەند کردنی تەڵاقی دەرەکی دراو لە (٢٠٢٣/٥/٢١) دانانی بە تەڵاقی گەڕاوە گۆڕاوە بۆ لێکترازانی بچووك وە بۆیان نیە بگەڕێنەوە بۆ لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت وە پێویست نیە لەسەر داوالەسەرکراو پابەندی (عدە) ی شەرعی بێت بە هۆی کۆتایی هاتنی ماوەکە وە بۆی نیە شوو بکاتەوە بە پیاوێکی تر تا وەرگرتنی پلەی کۆتایی بڕیارەکە ، وە پاراستنی هەموو مافە شەرعی و یاساییەکانی داوالەسەرکراو بە داوای سەربەخۆ وە مانەوەی داوالەسەرکراو لە خانووی داواکار بۆ ماوەی سێ ساڵ . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/٤) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش

گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-
بـڕیــــار:-
پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری دادگا لە داوای بنەڕەتی بە پەسەند کردنی تەڵاقی دەرەکی بانگەشەبۆکراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە بە هۆی سەلماندنی بەو شێوەیەی لە تیانووسی داواکەدا هاتووە ، بەڵام سەبارەت بە بڕگەی (دووەم) لە بڕیارەکە بە حوکمدان بۆ داوالەسەرکراو (پێداچوولەسەرکراو) بۆ نیشتەجێ بوون لە ماڵی هاوسەری بە پێ ی یاسای ژمارە (٧٧) ی ساڵی١٩٨٣ ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە چونکە بە پێ ی وەڵامی بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانوبەرەی تایبەتمەند کە لە بڕیارەکەدا ئاماژەی پێدراوە ئەو خانوەی کە ماڵی هاوسەری هەردوولای داواکە بووە بە ناوی داواکاری مێردەوە نەماوەوە ئەو هەموارکردنەوەی یاسای سەرەوە بە ژمارە (٤) ی ساڵی ١٩٩٤لە هەرێمی کوردستان بەکار(انفاذ) نەکراوە، بەمەش داواکاری داواکار بۆ نیشتەجێ بوون لەو خانوەدا پشتیوانی یاسایی نیەو شیاوی ڕەد کردنەوەیە ، لەبەر بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە ، لەگەڵ ئاگادارکردنەوەی دادگای باری کەسی هەولێر/١ لەسەر پێویستی چاپکردنی بڕیارەکانی لە داهاتوودا ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/١/٢١.

**العدد / ٣٨ / هيئه الآحوال الشخصيه/ ٢٠٢٥ التصحيح رقم الآچباره/ ٦٧٤٨/ ش/٢٠٢٣ التأريخ / ٢٠/ ٤/ ٢٠٢٥**

) لإدعاء المدعي لدى محكمة الأحوال الشخصية في (السليمانية) بان المدعى عليه الاول والثاني هما والديها الحقيقيان والشخص الثالث بجانبهما وارث المتوفي لكل من (ص/ ع/ ق/ و /ف/ ص/ ع) وانها سجلت بانها انجبت من فراش الزوجية للمرحومين (ص/ ع/ ق/ و/ ف/ ص/ ع) الا انها في الحقيقة ولدت من فراش للمدعى عليهما الاول والثاني لذا طلب دعوة المدعى عليهما الاول والثاني بصفتهما الشخصية والشخص الثالث بجانبهما كوارث للمتوفي كل من (ص/ ع/ ق/ و/ ف/ ص/ ع)للمرافعة و الحكم بنفي نسبها من مرحومين اعلاه ثم ثبوت نسبها من المدعى عليهما الاول و الثاني) و تحميلهم المصاريف ونتيجة المرافعة الحضورية العلنية أصدرت محكمة الأحوال الشخصية في السليمانية بالعدد ٦٧٤٨/ش/٢٠٢٣ بتأريخ ٢٠٢٤/٨/١٨حكماً حضورياً قابلاً للتمييز يقضي برَّد دعوى المدعية و تحميلها المصاريف. و لعدم قناعة المدعية بالحكم المذكور بادرت الى الطعن فيه تمييزاً طالبة نقضه بموجب العريضة التمييزية المدفوع عنها الرسم القانوني بتأريخ ٢٠٢٤/٨/٢٧ و نتيجة التدقيقات التمييزية صدق الحكم المذكور بموجب القرار التمييزي المرقم (١١٣٤/ هيئة الأحوال الشخصية/٢٠٢٤ في ٢٠٢٤/١٠/٧) . و لعدم قناعة المميز بالقرار المذكور بادر الى تصحيحه بموجب اللائحة التصحيحية المدفوع عنها التأمينات القانونية بتأريخ ٢٠٢٥/٢/٢٦ . و لدى ورود الأضبارة الى هذه المحكمة سجلت ووضعت قيد التدقيق والمداولة:.
القرار :
لدى التدقيق والمداولة وجد ان الطعن طلب التصحيح التمييزي مقدم ضمن المدة القانونية لذا تقرر قبوله شكلاً ولدى عطف النظر على القرار المطلوب تصحيحه تبين بأن طلب التصحيح لايستند لأي من الأسباب القانونية الواردة ذكرها في نص أحكام المادة ٢١٩ من قانون المرافعات المدنية المعدل وأن القرار التمييزي المطلوب تصحيحه والصادر من هذه المحكمة بالعدد (١١٣٤/هيئة الأحوال الشخصية/٢٠٢٤ في ٢٠٢٤/١٠/٧) جاء خالياً من الاخطاء القانونية التي تستوجب تصحيحها و أن اعتراضات طالب التصحيح كانت مدار التدقيقات التمييزية لهذه المحكمة لذا تقرر رَّد الطلب وقيد التأمينات إيراداً لخزينة الأقليم وصدر القرار بالأتفاق في ٢٠٢٥/٤/٢٠ .

**ژمارە/ ٤٠/ دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٤٠/ دووبارە دادگایی کردن بەروار/ ٢٠/ ٤ /٢٠٢٥**

پێشتر دادگای باری کەسی (عەنکاوە) لە بەرواری ٢٠١٨/٥/٢٣ بەژمارە ٧٤/ ش/٢٠١٨ حوکمی پاشملەی داوە بە سەلماندنی هاوسەرگیری نێوان لایەنەکانی داوا . وە هەڵوەشاوەتەوە بەپێی بڕیاری دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان بە ژمارە (٢٠٣/د.باری کەسی/٢٠٢١) دەرچوو لە (٢٠٢١/٦/٢٠) . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٠/٣١) بە بڕیاری ژمارە (٢٠/إعادة المحاكمة/٢٠٢٠) حوکمی داوە بە قبول کردنی داوای دووبارە دادگایی کردن و پوچەڵ کردنەوەی حوکمی پاشملەی بەرواری ٢٠١٨/٥/٢٣ بەژمارە ٧٤/ ش/٢٠١٨ داوالەسەرکراوی دووبارە دادگایی کردن لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراوی دووبارە دادگایی کردن ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکاری دووبارە دادگایی کردن بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراوی دووبارە دادگایی کردن – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١١/٧) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (٧٣/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥) دەرچوو لە (٤/ ٢ /٢٠٢٥) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند کردووە . داواکاری ڕاستکردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٣/١٢) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەشکراو بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) دەکەوێتە ماوەی یاسایی یەوە . و تێبینی کرا بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دەستەیە کە داوای ڕاستکردنەوەی کراوە ڕاستەو پابەندی یاسایە وە هیچ هەڵەیەکی یاسایی ناگرێتەخۆ شیاوی ڕاستکردنەوە بێت ، وە ئەو خاڵانەی لە داواکاری ڕاستکردنەوەدا ئاماژەیان پێدراوە ناچنە ژێر ڕکێفی ئەو هۆکارانەی کە لە مادەی (٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو باسیان کراوە . بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لەگەڵ تۆمارکردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەک داهات بۆ گەنجینەی هەرێم . ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ڕۆژی ٢٠٢٥/٤/٢٠ .

**ژمارە/ ٤١/ دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٢١٦/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ٢٠/ ٤ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (ڕانیە) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیاکردنەوەی لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی هێنانی ژنی دووەم) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/٨) بە بڕیاری ژمارە (٢١٦/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە جیا کردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك وە داوالەسەرکراو بۆی نیە داواکار بگەڕێنێتەوە ژیانی هاوسەری مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت وە داواکار پابەند دەکرێت بە ماوەبەندی پاك بوونەوە بۆ ماوەی سێ مانگ بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەبەندی پاك بوونەوە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١٨) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (٨٦/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥) دەرچوو لە (١٠/ ٢ /٢٠٢٥) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند کردووە . داواکاری ڕاستکردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٣/١٩) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەشکراو بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) دەکەوێتە ماوەی یاسایی یەوە . و تێبینی کرا بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دەستەیە کە داوای ڕاستکردنەوەی کراوە ڕاستەو پابەندی یاسایە وە هیچ هەڵەیەکی یاسایی ناگرێتەخۆ شیاوی ڕاستکردنەوە بێت ، وە ئەو خاڵانەی لە داواکاری ڕاستکردنەوەدا ئاماژەیان پێدراوە ناچنە ژێر ڕکێفی

ئەو هۆكارانەی كە لە مادەی (٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەمواركراو باسیان كراوە . بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد كردنەوەی داواكاری ڕاستكردنەوە لەگەڵ تۆماركردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەك داهات بۆ گەنجینەی هەرێم . ئەم بڕیارەش بە كۆی دەنگ دەركرا لە ڕۆژی ٢٠٢٥/٤/٢٠ .

**ژمارە/ ٤٣/ دەستەی باری كەسی - ڕاستكردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٢٧١/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ٢٨/ ٤/ ٢٠٢٥**

داواكار لەبەردەم دادگای باری كەسی (عەنكاوە) بانگەشەی كردووە بەو شێوەیەی كەلەتیانووسی داواكاریەكەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای كردووە حوكم بدرێت بۆی بە (پەسەند كردنی تەڵاقی دەرەكی نێوانیان) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو خەرجی داوا و كرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/٢٤) بە بڕیاری ژمارە (٢٧١/ ش/٢٠٢٤) حوكمی داوە بە پەسەند كردنی تەڵاقی دەرەكی دراو لە (٢٠٢٤/٦/١٦) دانانی بە تەڵاقی گەڕاوە گۆڕاوە بۆ لێكترازانی بچووك وە بۆیان نیە بگەڕێنەوە بۆ لای یەكتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت وە پێویست نیە لەسەر داوالەسەركراو پابەندی (عدە) ی شەرعی بێت بە هۆی كۆتایی هاتنی ماوەكە وە بۆی نیە شوو بكاتەوە بە پیاوێكی تر تا وەرگرتنی پلەی كۆتایی بڕیارەكە ، وە مانەوەی داوالەسەركراو لە خانووی داواكار بۆ ماوەی سێ ساڵ لەگەڵ خستنە ئەستۆی داواكار ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكاری داوالەسەركراو بە بڕی سەد هەزار دینار. بەڵام داواكار – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (٣٣/ دەستەی باری كەسی/٢٠٢٥) دەرچوو لە (٢١/ ١/ ٢٠٢٥) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند كردووە . داواكاری ڕاستكردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواكاری ڕاستكردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٤/١٤) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستكردنەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەركەوت كە تانەی پێشكەشكراو بە داواكاری ڕاستكردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) دەكەوێتە ماوەی یاسایی یەوە . و تێبینی كرا بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دەستەیە كە داوای ڕاستكردنەوەی كراوە ڕاستەو پابەندی یاسایە وە هیچ هەڵەیەكی یاسایی ناگرێتەخۆ شیاوی ڕاستكردنەوە بێت ، وە ئەو خاڵانەی لە داواكاری ڕاستكردنەوەدا ئاماژەیان پێدراوە ناچنە ژێر ڕكێفی ئەو هۆكارانەی كە لە مادەی (٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەمواركراو باسیان كراوە . بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد كردنەوەی داواكاری ڕاستكردنەوە لەگەڵ تۆماركردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەك داهات بۆ گەنجینەی هەرێم . ئەم بڕیارەش بە كۆی دەنگ دەركرا لە ڕۆژی ٢٠٢٥/٤/٢٨ .

**ژمارە/ ٤٤/ دەستەی باری كەسی - ڕاستكردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٥٨١٤/ ش٢٠٢٣/٢ بەروار/ ١١/ ٥/ ٢٠٢٥**

داواكار لەبەردەم دادگای باری كەسی (هەولێر) بانگەشەی كردووە بەو شێوەیەی كەلەتیانووسی داواكاریەكەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای كردووە حوكم بدرێت بۆی بە (جیاكردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەركراو بە هۆكاری بەجێهێشتن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو خەرجی داوا و كرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١٥) بە بڕیاری ژمارە (٥٨١٤/ش٢٠٢٣/٢) حوكمی داوە بە جیا كردنەوەی لایەنەكانی داوا وە ئەژمار دەكرێت بە لێكترازانی بچووك وە داوالەسەركراو بۆی نیە داواكار بگەڕێنێتەوە ژیانی هاوسەری مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت وە داواكار پابەند دەكرێت بە ماوەبەندی پاك بوونەوە بۆ ماوەی سێ مانگ وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بكات تا كۆتایی هاتنی ماوەبەندی پاك بوونەوە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەكە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكاری داواكار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەركراو – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١٩) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (١٤٥/ دەستەی باری كەسی/٢٠٢٥) دەرچوو لە (١٨/ ٢ /٢٠٢٥) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند كردووە . داواكاری ڕاستكردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواكاری ڕاستكردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی

(٢٠٢٥/٣/١٦) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-
بـڕیــــار:-
پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەشکراو بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) دەکەوێتە ماوەی یاسایی یەوە . و تێبینی کرا بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دەستەیە کە داوای ڕاستکردنەوەی کراوە ڕاستەو پابەندی یاسایە وە هیچ هەڵەیەکی یاسایی ناگرێتەخۆ شیاوی ڕاستکردنەوە بێت ، وە ئەو خاڵانەی لە داواکاری ڕاستکردنەوەدا ئاماژەیان پێدراوە ناچنە ژێر ڕکێفی ئەو هۆکارانەی کە لە مادەی (٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو باسیان کراوە . بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لەگەڵ تۆمارکردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەک داهات بۆ گەنجینەی هەرێم . ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ڕۆژی ٢٠٢٥/٥/١١ .

**ژمارە/ ٤٥/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٢٢٧١/ ش٢٠٢٣/٢ بەروار/ ٢١/ ١/ ٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە ڕێگری نەکردنی لە بینینی منداڵەکەی (م)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/١٧) بە بڕیاری ژمارە (٢٢٧١/ ش٢٠٢٣/٢) حوکمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە ڕێگری نەکردنی داواکار لە بینینی منداڵەکەی (م) هەفتەی جارێك هەر جارە و بۆ ماوەی ٨ کاتژمێر لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١١/٢٦) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-
بـڕیــــار:-
پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراوناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونکە لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە دادگا ئەنجامی داون لە ناردنی لایەنەکانی داواکە و منداڵەکەیان (م) بۆ لیژنەی پزیشکی دەروونی وە پێشکەشکردنی توێژەری کۆمەڵایەتی بۆ ڕاپۆرتی خۆی وە وەرگرتنی ڕای ئەندامی داواکاری گشتی ، ڕای جیاواز لەسەر شێوازی بینینەکە خراوەتە ڕوو ، بەڵام ئەوەی کە جێگیرە داواکار ماوەیەکی زۆرە منداڵەکەی نەبینیوە ، وە ئەو کاتەی دادگا دیاری کردوە لە بڕیارەکەیدا بۆ هەر بینینێک بێ مانەوە هیلاکی (ارهاق) ی بۆ منداڵەکە تێدایە ، لەبەر ئەوە ئەم دادگایە بە ڕەچاوکردنی باری دەروونی منداڵەکەو مافی داواکار لە بینینی بە گونجاوی دەزانێت کە بینینەکە بە شێوەیەکی پلەبەندی (تدریجی) دابنرێت لەسەرەتاوە هەفتانە بۆ ماوەی (٣ بۆ ٤) کاتژمێر بێت ، لەگەڵ پێدانی ماف بە داواکار بۆ تۆمارکردنی داوا بۆ زیادکردنی لە داهاتوودا ئەگەر توانی منداڵەکە هۆگری خۆی بکات، لەبەر بڕیاردرا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە ، لەگەڵ ئاگادارکردنەوەی دادگای باری کەسی هەولێر/٢ لەسەر پێویستی چایکردنی بڕیارەکانی لە داهاتوودا ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/١/٢١.

**ژمارە/ ٤٧/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٣٠٠١/ ش٢٠٢٣/٤ بەروار/ ٢١/ ١/ ٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیا کردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/١٧) بە بڕیاری ژمارە (٣٠٠١/ ش٢٠٢٣/٤) حوکمی داوە بە جیاکردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواکار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی

بڕیارەکە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١١/٢٨) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و دەرکەوت کە تانەی پێداچوونەوە دەکەوێتە دەرەوەی ماوەی یاسایی یەوە لەبەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی لە ڕووی شێوەوە لەگەڵ خستنە ئەستۆی پێداچووکار ڕەسمی پێداچوونەوە ، وە لەبەر ئەوەی بابەتی داواکە پەیوەندیدارە بە حەڵاڵ و حەرامەوە بڕیار درا بە بینینی وە تێبینی کرا کە بڕیاری دەرکراو لە دۆسیەکە ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، چونکە بە پێ ی ئەو بەڵگانەی داواکار پێشکەشی دادگای کردوون سەلمێنراوە کە داوالەسەرکراو زیانی بە داواکاری ژنی گەیاندووە بە شێوەیەک بەردەوامی دان بە ژیانی هاوسەریان ئاستەم بووە وە بڕیاری دەکراو پشتی بەستوە بە مادەی (١/٤٠) لە یاسای باری کەسی کارپێکراو ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصديق)ی بڕیارەکە وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/١/٢١.

**ژمارە/ ٥٠/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٤٦٣٩/ ش/٢٠٢٣/٢ بەروار/ ٤/ ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام بۆ خۆی و منداڵەکەی (ك)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/١٢) بە بڕیاری ژمارە (٤٦٣٩/ ش٢٠٢٣/٢) حوکمی داوە بە ١/ پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواکار بەبڕی ١٤٠,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٢/٨/١٠ تاکو ٢٠٢٢/٧/٢٩ وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بەهەمان بڕ وە ئەژمار کردنی بژێوی کاتی بە بڕی ١٨٠,٠٠٠ دینار مانگانە کە داواکار وەریگرتووە وەك بەشێك لەبڕیارەکە . ٢/ پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە منداڵەکەی (ك) بەبڕی ١٢٥,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٢/٨/١٠ تاکو ٢٠٢٢/٧/٢٩ وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بەهەمان بڕ وە ڕێگەدان بە داواکار بەوەرگرتنی بڕی بژێوی منداڵەکەی و خەرج کردنی بۆ پێداویستیەکانی لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١١/١٧) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە ، چونکە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە ئەوە سەلمێنراوە کە داوالەسەرکراو بژێوی داواکاری ژنی لە٢٠٢٢/٨/١٠ وە منداڵەکەی (ک)کە لە ئامێزیدایە نەکێشاوە بۆ ماوەی داواکراو ، لەبەر ئەوە شایستەی بژێوین لە ڕۆژی نەکێشانیەوە ، وە بڕی بژێوی خەمڵێنراویش لەڕێ ی شارەزای دادوەریەوە بە ڕەچاوکردنی مادەکانی(١٣٣-١٤٤) لە یاسای سەلماندن گونجاوە لەگەڵ باری دارایی داوالەسەرکراو ، بۆیە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصديق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/٤.

**ژمارە/ ٥١/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٢٣٦/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ٤/ ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (بنەصڵاوە) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە گەڕاندنەوەی منداڵەکانی (ق/ و/ س) بۆ ئامێزی خۆی) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/٥) بە بڕیاری ژمارە (٢٣٦/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە گەڕاندنەوەی منداڵەکانی (ق/ و /س) بۆ ئامێزی داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١١) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە بە درێژی تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، چونکە لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی دادگا ئەنجامی داون سەلمێنراوە کە داواکار سەرجەم مەرجەکانی ئامێزگیری (حضانة) ی تێدایە وە بە پێ ی مادەی (٥٧) لە یاسای باری کەسی دایک مافدارترە لە ئامێزگیری منداڵەکانی لە کاتی بەردەوامی هاوسەرگیری و پاش جیابوونەوە ئەگەر لە ئامێزگیراون زەرەرمەند نەبن ، بۆیە بڕیار درا بە پەسەندکردن (تصدیق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/٤.

**ژمارە/ ٥٣/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٢٣٠٦/ ش/٢٠٢٣ بەروار/ ٤/ ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیا کردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٣/٩/٣) بە بڕیاری ژمارە (٢٣٠٦/ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/٩/١١) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی هەردوو تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونکە داواکار لە داوای یەکەمی ژمارە (٧٢١٨/ش/٢٠٢٢) دا بانگەشە (ادعاء) ی ئەوەی کردوە کە داوالەسەرکراوی مێردی خوی گرتووە بە خواردوە کحولیەکانەوە وە توشی (ادمان) بووەو بەوەش زیانی پێ گەیاندوە ، بەڵام ئەو داوایەی ڕەد بوەتەوە ، لەبەر ئەوە پشت بەستن بە هەمان هۆکار پاش ماوەیەک لە یەکلابوونەوەی داوای یەکەم داوای بابەتی ئەم تانەیەی تۆمارکردوەتەوە ، وە ئەم حاڵەتە دەقی مادەی (٤٢) لەیەسای باری کەسی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت ، چونکە دەقی مادەی ئاماژەبۆکراو بە شێوەیەکی ڕەها (مطلق) هاتوەو سوربوونی داواکار لەسەر جیابونەوەو تۆمارکردنی داوای دووەم هێمای ئەوەیە کێشەو ناکۆکی هەیەو ناگونجێن و دەبێت دادگا بچێت بۆ ناوبرژیوانی بە پێ ی مادەی (٤١) لە یاسای باری کەسی ، دواتر حوکمدان بە پێ ی ئەنجامەکەی ، بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوە (نقض)ی بڕیارەکە وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە لەگەڵ هیشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە بۆ ئەنجام ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ڕووی ئەنجام و زۆرینە لە ڕووی هۆکارەوە لە ٢٠٢٥/٢/٤.

**ژمارە/ ٥٤ / دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥        ژمارەی داوا/ ١٢٢٢/ ش/أعتراچیه/٢٠١٩        بەروار/٤/ ٢ /٢٠٢٥**

ناڕازیکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) داوای هەڵوەشاندنەوەی حوکمی پاشملەی ژمارە (١٢٢٢/ ش/٢٠١٩/ ٢ لە ٢٠١٩/١٠/٣) کردووە کە حوکمی داوە بە جیا کردنەوەی لەگەڵ داواکار بە هۆکاری بەجێهێشتن وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك وە داوالەسەرکراو بۆی نیە داواکار بگەڕێنێتەوە ژیانی هاوسەری مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت وە داواکار پابەند دەکرێت بە ماوەبەندی پاك بوونەوە بۆ ماوەی سێ مانگ وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بكات تا كۆتایی هاتنی ماوەبەندی پاك بوونەوە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/١٧) بە بڕیاری ژمارە (١٢٢٢/ ش/ أعتراضية/٢٠١٩) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی ناڕەزایی ناڕازیکار لە ڕووی شێوەوە (شكلاً) لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە . بەڵام ناڕازیکار - داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١١/٢٤) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، وە بە پێ ی ئەو بەڵگانەی داواکار لە قۆناغی دادبینی پاشملەدا پێشکەشی دادگای کردون مەرجەکانی جێبەجێکردنی مادەی (٢/٤٣) لە یاسای باری کەسی سەلمێنراون ، وە داوالەسەرکراو (معترض) تانەی ڕێلێگری (اعتراضی) لە دەرەوەی ماوەی یاسایی پێشکەش کردوە بەمەش بنەما لەسەر مادەی(١٧٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو شیاوی ڕەدکردنەوەیە، بەوەش دادگای باری کەسی بڕیاری داوەو شیاوی پەسەندکردنە ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصديق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەزۆرینەی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/٤.

**ژمارە/ ٥٥/ دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥        ژمارەی داوا/٤٣٢/ ش/٢٠٢٣        بەروار/ ١٦/ ٦ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (کەلار) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە گەڕاندنەوەی منداڵەکانی (ن/ و/ ج) بۆ ئامێزی خۆی) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١٥) بە بڕیاری ژمارە (٤٣٢/ ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١٨) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـــتەیە بە بڕیاری ژمارە (٢٥٧/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥) دەرچوو لە (١٨/ ٣ /٢٠٢٥) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند کردووە . داواکاری ڕاستکردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٤/٢٩) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەشکراو بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) دەکەوێتە ماوەی یاسایی یەوە . و تێبینی کرا بڕیاری تانەلێدراوی

ئەم دەستەیە کە داوای ڕاستکردنەوەی کراوە ڕاستەو پابەندی یاسایە وە هیچ هەڵەیەکی یاسایی ناگرێتەخۆ شیاوی ڕاستکردنەوە بێت ، وە ئەو خاڵانەی لە داواکاری ڕاستکردنەوەدا ئاماژەیان پێدراوە ناچنە ژێر ڕکێفی ئەو هۆکارانەی کە لە مادەی (٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو باسیان کراوە . بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لەگەڵ تۆمارکردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەک داهات بۆ گەنجینەی هەرێم . ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ڕۆژی ٢٠٢٥/٦/١٦ .

**ژمارە/ ٥٥/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٤٤٣١/ ش/٢٠٢٣ بەروار/ ٤/ ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە گەڕاندنەوەی منداڵەکانی (ژ/و/ ژ) بۆ ئامێزی خۆی) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و پاشملەی ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٠/٣٠) بە بڕیاری ژمارە (٤٤٣١/ ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١١/٧) تیایدا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە، چونکە لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی دادگای باری کەسی ئەنجامی داون لە ڕاپۆرتی توێژەری کۆمەڵایەتی و ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی دەرونی هاوپێچ بە دۆسیەکە وە وەرگرتنی ووتەی هەردوو منداڵی ناوبراو وەئەو بەڵگانەی تر کە خراونەتە ڕوو ئەوە سەلمێنراوە کەوا لە بەرژەوەندی منداڵانی ناکام هەریەک لە (ژ/و/ ژ/ منداڵانی/ ا/ ا) یە کە لە ئامێزی خاڵیان (داوالەسەرکراو) وە نەنکیان لە دایکەوە (ف/ ح/ ع) کە هێنراوەتە ناو داواکە بۆ پاڵ داوالەسەرکراو دا بمێننەوەو داواکار مافی بینینیانی هەبێت ، لەبەر ئەوەی بە پێ ی شەرع و یاساش ئامێزگیری دەسوڕێتەوە لەگەڵ بەرژەوەندی لە ئامێزگیراو ، بۆیە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە وە خستنە ئەستۆی پێداچووکار ڕەسمی پێداچوونەوە ، ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/٤.

**ژمارە/ ٥٦/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٥٧٦٥/ ش/٢٠٢٢ بەروار/ ٤/ ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/٩/٢٣) بە بڕیاری ژمارە (٥٧٦٥/ ش/٢٠٢٢) حوکمی داوە بە ١/ پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواکار بەبڕی ٧٥٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٠/١٠/١ تاکو ٢٠٢٢/١٠/٩ وە ئەژمار کردنی بژێوی کاتی کە وەریگرتووە . ٢/ ڕەد کردنەوەی داوای داواکار سەبارەت بە داوا کردنی بژێوی بەردەوام چونکە لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٢٤/٥/٢٣ بە دادگای ڕاگەیاندوە کە داوالەسەرکراو هەرچی بۆ بکات گوێڕایەڵی ناکات و ناگەڕێتەوە ماڵی هاوسەری لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٠/٣) تیایدا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونکە داوالەسەرکراو دەفعی بەوەکردوە کە داواکاری ژنی بێ پاساوی مەشروع ئەوی لە ماڵی هاوسەری دەرکردوە ، پێویست بوو دادگا داوالەسەرکراو ڕاسپێرێت بە سەلماندنی دەفعەکەی بە پێ ی یاسای سەلماندن ، لەلایەکی ترەوە هیچ بڕیارێکی دادگا نیە بیسەلمێنێت کە داواکار گوێڕایەڵی داوالەسەرکراوی مێردی نەبووە تا ڕێگر بێت لەوەی مافی بژێوی بەردەوامی هەبێت ، بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوەو هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/٤.

**ژمارە/٥٧/ دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٣٢٣٦/ ش٢٠٢١/٣ بەروار/ ١٦/ ٢٠٢٥/٦**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیا کردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری .
لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/٨/٢٠) بە بڕیاری ژمارە (٣٢٣٦/ش٢٠٢١/٣) حوکمی داوە بە جیاکردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواکار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە وە کەم کردنەوەی ڕێژەی ٣٥٪ لە مارەیی پاشەکی داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار .
بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/٨/٢٥) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (١١٨٤/دەستەی باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (٤/ ١١ /٢٠٢٤) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند کردووە . داواکاری ڕاستکردنەوە بەو بریارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٥/١٥) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-
بـڕیــــار:-
پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەشکراو بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) دەکەوێتە ماوەی یاسایی یەوە . و تێبینی کرا بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دەستەیە کە داوای ڕاستکردنەوەی کراوە ڕاستەو پابەندی یاسایە وە هیچ هەڵەیەکی یاسایی ناگرێتەخۆ شیاوی ڕاستکردنەوە بێت ، وە ئەو خاڵانەی لە داواکاری ڕاستکردنەوەدا ئاماژەیان پێدراوە ناچنە ژێر ڕکێفی ئەو هۆکارانەی کە لە مادەی (٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو باسیان کراوە . بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لەگەڵ تۆمارکردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەک داهات بۆ گەنجینەی هەرێم . ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ڕۆژی٢٠٢٥/٦/١٦ .

**ژمارە/ ٥٨/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٤٣٨٢/ ش/٢٠٢٢ بەروار/ ٤/ ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام بۆ خۆی و منداڵەکەی (ل)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٣/١١/٦) بە بڕیاری ژمارە (٤٣٨٢/ ش/٢٠٢٢) حوکمی داوە بە ١. پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواکار بەبڕی ٢٠٠,٠٠٠ دوو سەد هەزار دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٢/٤/٢٢

تاکو ٢٠٢٢/٨/١٠ وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بە هەمان بڕ ، بڕینی بژێوی کاتی داواکار بە بڕی ١٥٠٠٠٠ سەد و پەنجا هەزار دینار و ئەژمار کردنی لە بڕی بژێوی بڕیار بۆدراو . ٢. پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو منداڵەکەی (ل) بەبڕی ٢٢٥,٠٠٠ دوو سەد و بیست و پێنج هەزار دینار ماناگانە لەبەرواری ٢٠٢٢/٤/٢٢ تاکو ٢٠٢٢/٨/١٠ وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بە هەمان بڕ ، وە ڕێگەدان بە داواکار بەوەرگرتنی بڕی بژێوی منداڵەکەی وخەرج کردنی بۆ پێداویستیەکانی . لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٣/١١/١٤) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات. دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (٤٦/د.باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (٢٠٢٤/١/٣٠) بڕیاری تانەلێدراوی هەڵوەشاندۆتەوە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشـــــکرا دادگای ناوبـــــراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/١٠) بە بڕیاری ژمارە (٤٣٨٢/ ش/٢٠٢٢) حوکمـــــی داوە بە ١. پابەند کردنی

داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواکار بەبڕی ٢٠٠,٠٠٠ دوو سەد هەزار دینار ماناگانە لەبەرواری ٢٠٢٢/٤/٢٢ تاکو ٢٠٢٢/٨/١٠ وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بە هەمان بڕ ، بڕینی بژێوی کاتی داواکار بە بڕی ١٥٠٠٠٠ سەد و پەنجا هەزار دینار و ئەژمار کردنی لە بڕی بژێوی بڕیار بۆدراو . ٢. پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو منداڵەکەی (ل) بەبڕی ٢٢٥,٠٠٠ دوو سەد و بیست و پێنج هەزار دینار ماناگانە لەبەرواری ٢٠٢٢/٤/٢٢ تاکو ٢٠٢٢/٨/١٠ وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بە هەمان بڕ ، وە ڕێگەدان بە داواکار بەوەرگرتنی بڕی بژێوی منداڵەکەی وخەرج کردنی بۆ پێداویستیەکانی . لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١١/١١) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە بە درێژی تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، چونکە دەرچوە بە پەیڕەو کردنی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دەرچوولەم دادگایە بە ژمارە (٤٦/د.باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (٢٠٢٤/١/٣٠) . بۆیە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/٤.

**ژمارە/ ٦٠/ دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ١٩٩٣/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٦ / ٢٠٢٥/٦**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (دهۆك) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە زیاد کردنی بژێوی منداڵەکەی (ی)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٣/٦) بە بڕیاری ژمارە (١٩٩٣/ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە زیاد کردنی بژێوی منداڵەکەی (ی) لەبڕی ١٢٠,٠٠٠ دینارەوە بۆ ١٨٠,٠٠٠ دینار مانگانە ئەژمار دەکرێت لەبەرواری تۆمار کردنی داواکە لە ٢٠٢٤/١٠/٩ وە بەبەردەوامی وە ڕێگەدان بە داواکار بەوەرگرتنی بڕی بژێوی منداڵەکەی و خەرج کردنی بۆ پێداویستیەکانی لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/٣/١٠) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە

دەکات ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (٤٥٢/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥) دەرچوو لە (٢٨/ ٤ /٢٠٢٥) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند کردووە . داواکاری ڕاستکردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٢/١٩) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەشکراو بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) دەکەوێتە ماوەی یاسایی یەوە . و تێبینی کرا بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دەستەیە کە داوای ڕاستکردنەوەی کراوە ڕاستەو پابەندی یاسایە وە هیچ هەڵەیەکی یاسایی ناگرێتەخۆ شیاوی ڕاستکردنەوە بێت ، وە ئەو خاڵانەی لە داواکاری ڕاستکردنەوەدا ئاماژەیان پێدراوە ناچنە ژێر ڕکێفی ئەو هۆکارانەی کە لە مادەی (٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو باسیان کراوە . بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لەگەڵ تۆمارکردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەک داهات بۆ گەنجینەی هەرێم . ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ڕۆژی ٢٠٢٥/٦/١٦ .

**ژمارە/ ٦٠/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٧١١/ ش/٢٠٢٢ بەروار/ ٤/ ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (کوژاندنەوەی ناوی خوشکی کۆچکردووی (ش/ لەدایك بووی ١٩٦٨/٧/٢ لە تۆمارە بنەڕەتیەکان کە لە بەرواری ١٩٧٦/٦/٦ کۆچی دوایی کردوە) جێگیر کردنی ڕەچەڵەکی خۆی بۆ سەر ناوی کۆچکردوان (ن/م/ و/ ا/ م) کە لەدایك بووی ١٩٧٢/٨/٢١ ە و تۆمار کردنی ناوی لە تۆمارە فەرمیەکان) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داواکە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/٧) بە بڕیاری ژمارە (٧١١/ش/٢٠٢٢) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە. بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١١/١٧) تیایدا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، چونکە داوای داواکار بریتیە لە سەلماندنی مردنی کەسێک کە بانگەشە دەکات خوشکیەتی لە دایک و باوکی کە لە ژیاندا نەماون کۆچی دواییان کردوە وە دواتر سەلماندنی ڕەچەڵەکی خۆی لە سەرینی هەردوو کۆچکردوو کە لە بنەمادا ئەوە جێگیرەو سەلمێنراوە ، لە کاتێکدا کە دایک و باوکی سەرەڕای تێپەڕبوونی ئەو ماوە زۆرە بانگەشە (ادعاء)ی ئەوەیان نەکردوە ، وە ئەوەش کە داواکار باسی لێ کردوە وەک بەرژەوەندی بۆ بەرزکردنەوەی ئەم داوایە ناچێتە خانەی ئەو بەرژەوەندی (مصلحة)ی کە پێویستە لە داوادا هەبێت وەک یەکێک لە مەرجە شێوەی (شکلی) مکان، لەبەر ئەم هۆکارانە داوای داواکار شیاوی ڕەد کردنەوەیە ، بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەندکردن (تصديق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، وئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/٤.

**ژمارە/ ٦١ / دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٥٨٠٤/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ٤/ ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بەپێدانی بڕی ٨٠٠٠٠٠٠ هەشت ملیۆن دینار وەکو قەرەبووی تەڵاقی نارەوا) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە

ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/٢٥) بە بڕیاری ژمارە (٥٨٠٤/ ش/٢٠٢٤) حوكمی داوە بە ١.پابەند كردنی داوالەسەركراو بەپێدانی بڕی (٤٣٢٠٠٠٠) بە داواكار وەكو قەرەبووی تەڵاقی ناڕەوا لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكاری داواكار بە بڕی سەد هەزار دینار . ٢. ڕەد كردنەوەی داوای داواكار بە زیادەی داواكراو لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكاری داوالەسەركراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەركراو – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/٨) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ دەركەوت كەوا تانەی پێشكەشكراو لە دەرەوەی ماوەی یاسایی دا پێشكەشكراوە ، چونكە بڕیاری تانەلێدراو دەرچووە لە ٢٠٢٤/١١/٢٥ بەڵام لە ٢٠٢٤/١٢/٨ پێداچووكار تانەی لێدراوە هەمان ڕۆژ ڕەسم دراوە لە كاتێكدا ماوەی تانەدان بە پێداچوونەوە بە پێ ی یاسا بە (١٠) ڕۆژ دیاریكراوە دەست پێدەكات لە ڕۆژی دوای دەرچوونەوە ، وە لەبەر ئەوەی ماوەكانی تانەلێدان بە یاسا دیاریكراوە وە تێپەڕاندنی دەبێتە هۆی لە دەست دانی مافی تانە لێدان بنەما لەسەر مادەی (١٧١) لە یاسای دادبینی شارستانی هەمواركراو ، بۆیە بڕیار درا بە ڕەد كردنەوەی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە (شكلاً) ولەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووكارەوە، ئەم بڕیارەش بەكۆی دەنگ دەركرا لە ٢٠٢٥/٢/٤.

**العدد / ٦١/ هيئة الأحوال الشخصية/ ٢٠٢٥ التصحيح رقم الأضبارة/ ١٢٦٦/ ش/ ٢٠٢٤**
**التأريخ / ١٦/ ٦/ ٢٠٢٥**

لإدعاء المدعي لدى محكمة الأحوال الشخصية في (دهوك) بان المدعى عليها هي زوجته الداخل بها شرعا وقد سبق لنفس المحكمة وان اصدرت قرارها بالعدد (٢٠١٩/ش/٢٠٢٣) في (٢٠٢٤/٢/١٥) وذلك بالزامه دفع النفقة المستمرة للمدعية مبلغ قدرها (١٦٠٠٠٠) مائة وستون الف دينار ولاطفالها كل من (ذين و سراج و سيداد)مبلغ قدره (١٢٠٠٠٠) مائة وعشرون الف دينار شهريا لكل واحد منهما ونظرا للوضع المالي الصعب الذي يمر به في ظل الظروف الاقتصادية الذي يمر بها البلد وكون راتب المدعي مقطوع بمبلغ (٧٠٠٠٠٠)سبع مائة الف دينار شهريا وعدم وجود اي مصدر مالي اخر لذا طلب دعوة المدعى عليها للمرافعة والحكم بتخفيض النفقة المذكورة وتحميلها المصاريف . و نتيجة المرافعة الحضورية العلنية أصدرت محكمة الأحوال الشخصية في دهوك بالعدد ١٢٦٦/ش/٢٠٢٥ و بتأريخ ٢٠٢٥/١/٢٦ حكماً حضورياً قابلاً للتمييز يقضي برَّد دعوى المدعي . و تحميله المصاريف و أتعاب المحاماة لوكيلة المدعى عليها مبلغاً قدره مائة الف دينار . و لعدم قناعة المدعي بالحكم المذكور بادر الى الطعن فيه تمييزاً طالبا نقضه بموجب العريضة التمييزية المدفوع عنها الرسم القانوني بتأريخ ٢٠٢٥/١/٢٨ و نتيجة التدقيقات التمييزية صدق الحكم المذكور بموجب القرار التمييزي المرقم (٢٧٦/ هيئة الأحوال الشخصية/٢٠٢٥ في ٢٠٢٥/٣/١٠) . و لعدم قناعة المميز بالقرار المذكور بادر الى تصحيحه بموجب اللائحة التصحيحية المدفوع عنها التأمينات القانونية بتأريخ ٢٠٢٥/٥/٧ . و لدى ورود الأضبارة الى هذه المحكمة سجلت ووضعت قيد التدقيق والمداولة:.

القرار :-

لدى التدقيق والمداولة وجد ان الطعن طلب التصحيح التمييزي مقدم ضمن المدة القانونية لذا تقرر قبوله شكلاً ولدى عطف النظر على القرار المطلوب تصحيحه تبين بأن طلب التصحيح لايستند لأي من الأسباب القانونية الواردة ذكرها في نص أحكام المادة ٢١٩ من قانون المرافعات المدنية المعدل وأن القرار التمييزي المطلوب تصحيحه والصادر من هذه المحكمة بالعدد (٢٧٦/هيئة الأحوال الشخصية/٢٠٢٥ في ٢٠٢٥/٣/١٠) جاء خالياً من الاخطاء القانونية التي تستوجب تصحيحها و أن اعتراضات طالب التصحيح كانت مدار التدقيقات التمييزية لهذه المحكمة لذا تقرر رَّد الطلب وقيد التأمينات إيراداً لخزينة الأقليم وصدر القرار بالأتفاق في ٢٠٢٥/٦/١٦ .

**ژمارە/ ٦٢/ دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٥٩٧٥/ ش٤/٢٠٢٣ بەروار/ ٢٩/ ٦ /٢٠٢٥**

داواكار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەی كردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواكاریەكەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای كردووە حوكم بدرێت بۆی بە (جیا كردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/٤) بە بڕیاری ژمارە (٥٩٧٥/ش٤/٢٠٢٤) حوكمی داوە بە جیاكردنەوەی لایەنەكانی داوا وە ئەژمار دەكرێت بە لێكترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەكتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواكار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بكات تا کۆتایی هاتنی ماوەكە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەكە وە كەم كردنەوەی ڕێژەی ٤٥٪ لە مارەیی پاشەكی داواكار لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكاری داواكار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەركراو – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١١/١٠) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (١٤٩٩/ دەستەی باری كەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (٢٤/ ١٢ /٢٠٢٤) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند كردووە . داواكاری ڕاستكردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواكاری ڕاستكردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٥/١٩) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستكردنەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەركەوت كە تانەی پێشكەشكراو بە داواكاری ڕاستكردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحیح القرار التمییزي) دەكەوێتە ماوەی یاسایی یەوە . و تێبینی كرا بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دەستەیە كە داوای ڕاستكردنەوەی كراوە ڕاستەو پابەندی یاسایە وە هیچ هەڵەیەكی یاسایی ناگرێتەخۆ شیاوی ڕاستكردنەوە بێت ، وە ئەو خاڵانەی لە داواكاری ڕاستكردنەوەدا ئاماژەیان پێدراوە ناچنە ژێر ڕكێفی ئەو هۆكارانەی كە لە مادەی (٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەمواركراو باسیان كراوە . بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد كردنەوەی داواكاری ڕاستكردنەوە لەگەڵ تۆماركردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەك داهات بۆ گەنجینەی هەرێم . ئەم بڕیارەش بە كۆی دەنگ دەركرا لە ڕۆژی ٢٠٢٥/٦/٢٩ .

**ژمارە/ ٦٤/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٥٧٤٥/ ش/٢٠٢٢ بەروار/ ٤/ ٢ /٢٠٢٥**

داواكار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی كردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواكاریەكەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای كردووە حوكم بدرێت بۆی بە (جیا كردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/٢٦) بە بڕیاری ژمارە (٥٧٤٥/ ش/٢٠٢٢) حوكمی داوە بە ڕەد كردنەوەی داوای داواكار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكاری داوالەسەركراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەركراو – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/٥) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆو قبوڵ كردنی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە، تێبینی كرا كە تانەی پێداچونەوە پێشكەشكراوە لەلایەن بریكاری داوالەسەركراوەوە لەسەر بڕیاری دەركراو لە دۆسیەكەدا بە ڕەد كردنەوەی داوای داواكار ، واتە بڕیارەكە لە بەرژەوەندی داوالەسەركراو (پێداچووكار) دەرچووە ، لە كاتێكدا تانە تەنها لەو لایەنە وەردەگیرێت كە داواكەی دۆڕاندوە بە پێ ی مادەی (١٦٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەمواركراو ، وە تانەكە شیاوی ڕەد كردنەوەیە لە ڕووی شێوەوە ، وە سەبارەت بە ئاماژەدان بە (دخول شرعی) لە بڕیارەكەدا كە بابەتی تانەی پێداچوونەوەیە ، كاریگەری لەسەر ناوەرۆكی ئەم بڕیارە نیە، وە

دەكرێت ببێتە بابەتی داوایەكی سەربەخۆ لە داهاتوودا ئەگەر لایەنەكانی گرێبەستی هاوسەرگیری لەسەر ئەو خاڵە كێشە كەوتە نێوانیانەوە ، لەبەر ئەوە بڕیار درا ڕەد كردنەوەی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە (شكلاً) و لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووكارەوە ، ئەم بڕیارەش بەكۆی دەنگ دەركرا لە ٢٠٢٥/٢/٤.

**ژمارە/ ٦٧/ دەستەی باری كەسی - ڕاستكردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٤٠/ دووبارە دادگایی كردن بەروار/ ٢٠٢٥/٦ /٢٢**

پێشتر دادگای باری كەسی (عەنكاوە) لە بەرواری ٢٠١٨/٥/٢٣ بەژمارە ٧٤/ ش/٢٠١٨ حوكمی پاشملەی داوە بە سەلماندنی هاوسەرگیری نێوان لایەنەكانی داوا . وە هەڵوەشاوەتەوە بەپێی بڕیاری دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی كوردستان بە ژمارە (٢٠٣/د.باری كەسی/٢٠٢١) دەرچوو لە (٢٠٢١/٦/٢٠) . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٠/٣١) بە بڕیاری ژمارە (٢٠/إعادة المحاكمة/٢٠٢٠) حوكمی داوە بە قبول كردنی داوای دووبارە دادگایی كردن و پوچەڵ كردنەوەی حوكمی پاشملەی بەرواری ٢٠١٨/٥/٢٣ بەژمارە ٧٤/ ش/٢٠١٨ داوالەسەركراوی دووبارە دادگایی كردن لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەركراوی دووبارە دادگایی كردن ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكاری داواكاری دووبارە دادگایی كردن بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەركراوی دووبارە دادگایی كردن – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١١/٧) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (٧٣/ دەستەی باری كەسی/٢٠٢٥) دەرچوو لە (٤/ ٢ /٢٠٢٥) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند كردووە . داواكاری ڕاستكردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواكاری ڕاستكردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٣/١٢) ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (٤٠/دەستەی باری كەسی/٢٠٢٥ ڕاستكردنەوە) دەرچوو لە (٢٠/ ٤ /٢٠٢٥) داوای داواكاری ڕاستكردنەوەی ڕەد كردۆتەوە . دووبارە داواكاری ڕاستكردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواكاری ڕاستكردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٦/٤) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستكردنەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەركەوت كە تانەی پێشكەشكراو بە داواكاری ڕاستكردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) لەسەر بڕیاری ئەم دادگایەیە بە ژمارە (٤٠/د.باری كەسی-ڕاستكردنەوە/٢٠٢٥) دەرچوو لە ٢٠٢٥/٤/٢٠ بە ڕەد كردنەوەی داواكاری ڕاستكردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە ژمارە(٧٣/د.باری كەسی/٢٠٢٥) دەرچوو لە ٢٠٢٥/٢/٤ ، وە لە بەر ئەوەی تانەی داواكاری ڕاستكردنەوە تەنها ئەو بڕیارانەی پێداچوونەوە دەگرێتەوە كە بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند (تصديق) كردوە یان پاش هەڵوەشاندنەوە یەكلایی كراوەتەوە ، وە بڕیاری دەركراو لە تانەی داواكاری ڕاستكردنەوە بنبڕ (بات) ە شیاوی تانەلێدان نیە ، وە ناكرێت پەنا بۆ شێوازێكی تانەلێدان ببرێت كە بە یاسا دیاری نەكرابێت ، لەبەر ئەوە داواكاری ڕاستكردنەوە پێشكەشكراو شیاوی ڕەدكردنەوەیە لە ڕووی شێوەوە ، بۆیە بڕیار درا بە ڕەد كردنەوەی داواكاری ڕاستكردنەوە لەڕووی شێوەوە (شكلاً) وە تۆماركردنی بارمتەی وەرگیراو وەک داهات بۆ گەنجینەی هەرێم ، وە تێبینی كرا تانەی پێداچوونەوەی پێشكەشكراو شێوازێكی ناپیشەیی یە كە بریكاری داوالسەركراوی دووبارە دادگایی كردن گرتویەتەبەر وە ئەم جۆرە تانەیە تەنها مەبەست لێی زیان گەیاندنە بە لایەنەكانی داواكەو سەرقاڵ كردنی دادگاو دواخستنی یەكلاكردنەوەی دۆسیەكانە بۆیە بڕیار درا بە ئاگاداركردنەوە (تنبيه) ی بریكاری پێداچووكار پارێزەر (ش/ ط/ ع) لەسەر پێویستی ووردی (الدقة) لە پێشكەشكردنی داواكاری و تانەكاندا وە ئەو تیانووسانەی كە پێشكەشیان دەكات بە شێوەیەک بن مەبەست تەنها لێیان دواخستنی یەكلاكەردنەوەی داواكان نەبێت وە پابەندی ڕەوشتی پیشەیی بێت لە كاری پارێزەریدا وە ڕەچاو كردنی ئەوە لە داهاتوودا و وێنەیەک لەم بڕیارە بنێررێت بۆ سەندیكای پارێزەرانی كوردستان تا لە دۆسیەی پارێزەری ناوبراودا هەڵبگیرێت ، ئەم بڕیارەش بە كۆی دەنگ دەرچوو لە ڕۆژی ٢٠٢٥/٦/٢٢.

**ژمارە/ ٦٧/ دەستەی باری كەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٦٣٦/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ٤/ ٢ /٢٠٢٥**

داواكار لەبەردەم دادگای باری كەسی (هەڵەبجە) بانگەشەی كردووە بەو شێوەیەی كەلەتیانووسی داواكاریەكەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای كردووە حوكم بدرێت بۆی بە (پەسەند كردنی تەڵاقی خولعی نێوان خۆی و داوالەسەركراو) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو خەرجی داواكە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٠/٢٧) بە بڕیاری ژمارە (٦٣٦/ ش/٢٠٢٤) حوكمی داوە بە پەسند كردنی تەڵاقی خولعی نێوان داواكار و داوالەسەركراو لە بەرواری (٢٠٢٤/٩/٨) وە ئەژمار دەكرێت بە لێكترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەكتر بە بێ گرێبەست و مارەیی نوێ ، وە داوالەسەركراو پابەند نیە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە بە هۆی كۆتایی هاتنی ماوەكە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بكات تا وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەكە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داواكار ڕەسم و تێچوونی داواكە . بەڵام پێداچووكار (ئەندامی داواكاری گشتی) بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم پێشكەشكراو لە (٢٠٢٤/١٢/٣) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندكرنی تانەی پێشكەشكراو لە لایەن ئەندامی داواكاری گشتی لە ڕووی شێوەوە، تێبینی كرا كە بڕیاری تانەلێدراوناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونكە بابەتی داواكە سەلماندنی تەڵاقی (خلعی) یە كە پێویست بوو دادگا بە ووردی لێكۆڵینەوە لە ناوەڕۆكەكەی بكات ، ئایا داوالەسەركراو وازی لە كام مافی هێناوە وە چ مافێكی وەرگرتووەو چی لە ئەستۆی داواكاردا ماوە ، وە ئەوە بە ووردی (تفصیل) لە بڕیارەكەدا جێگیر بكات ، بە پێچەوانەی ئەوە ئەو تەڵاقەی كەوتووە دەبێتە (رجعی) وە لەبەر ئەوەی دادگا بڕیاری دەركردوە بێ ڕەچاوكردنی ئەوەی ئاماژەی پێدراوە ، بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی وە گەڕاندنەوەی دۆسیەكە بۆ دادگاكەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسكراوە ، ئەم بڕیارەش بەكۆی دەنگ دەركرا لە ٢٠٢٥/٢/٤.

**ژمارە/ ٦٨/ دەستەی باری كەسی - ڕاستكردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٥٩/ ش/٢٠٢٤ بەروار/٣٠/ ٢٠٢٥/٦**

داواكار لەبەردەم دادگای باری كەسی (ئاكرێ) بانگەشەی كردووە بەو شێوەیەی كەلەتیانووسی داواكاریەكەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای كردووە حوكم بدرێت بۆی بە (پابەند كردنی داوالەسەركراو بەپێدانی بڕی ٩٠٠٠٠٠٠ نۆ ملیۆن دینار وەكو قەرەبووی تەڵاقی ناڕەوا) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو خەرجی داوا و كرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٢/١١) بە بڕیاری ژمارە (٥٩/ ش/٢٠٢٤) حوكمی داوە بە ١. پابەند كردنی داوالەسەركراو بەپێدانی بڕی (٥,٤٠٠,٠٠٠) دینار بە داواكار وەكو قەرەبووی تەڵاقی ناڕەوا لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكاری داواكار بە بڕی سەد هەزار دینار . ٢. ڕەد كردنەوەی داوای داواكار بە زیادەی . بەڵام داوالەسەركراو – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/٢/١٩) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (٤٤٩/ دەستەی باری كەسی/٢٠٢٥) دەرچوو لە (٢٧/ ٤ /٢٠٢٥) بڕیاری تانەلێدراوی هەڵوەشاندۆتەوە . داواكاری ڕاستكردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواكاری ڕاستكردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٥/٢٠) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستكردنەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەركەوت كە تانەی پێشكەشكراو بە داواكاری ڕاستكردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) لەسەر بڕیاری ئەم دەستەیە بە ژمارە (٤٤٩/د.باری كەسی/٢٠٢٥) دەرچوو لە ٢٠٢٥/٤/٢٧ كە بڕیاری دادگای باری كەسی لە ئاكرێ بە ژمارە (٥٩/ش/٢٠٢٤) لە ٢٠٢٥/٢/١١ هەڵوەشاندوەتەوە ، وە تانەی داواكاری ڕاستكردنەوە تەنها ئەو بڕیارانەی پێداچوونەوە دەگرێتەوە كە بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند (تصديق) كردوە یان پاش هەڵوەشاندنەوە یەكلایی كراوەتەوە ، وە بڕیاری ئاماژەپێكراو شیاوی تانەلێدان بە ڕاستكردنەوە نیە بنەما لە سەر مادەی ( ١/٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموار كراو بۆیە بڕیار درا بە ڕەد كردنەوەی داواكاری ڕاستكردنەوە لە ڕووی شێوەوە (شكلاً)

وە تۆماركردنی بارمتەی وەرگیراو وەک داهات بۆ گەنجینەی هەرێم، ئەم بڕیارەش بەكۆی دەنگ دەركرا لە ٢٠٢٥/٦/٣٠.

**ژمارە/ ٦٨/ دەستەی باری كەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٦٢٦/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ٤/ ٢ /٢٠٢٥**

داواكار لەبەردەم دادگای باری كەسی (هەڵەبجە) بانگەشەی كردووە بەو شێوەیەی كەلەتیانووسی داواكاریەكەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای كردووە حوكم بدرێت بۆی بە (پەسەند كردنی تەڵاقی خولعی نێوان خۆی و داوالەسەركراو) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو خەرجی داواكە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٠/٢٣) بە بڕیاری ژمارە (٦٢٦/ ش/٢٠٢٤) حوكمی داوە بە پەسند كردنی تەڵاقی خولعی نێوان داواكار و داوالەسەركراو لە بەرواری (٢٠٢٤/٩/٢) وە ئەژمار دەكرێت بە لێكترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەكتر بە بێ گرێبەست و مارەیی نوێ ، وە داواكار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بكات تا كۆتایی هاتنی ماوەكە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەكە ، وە كەوتنی مارەیی پێشەكی و پاشەكی و بژێوی ڕابردوو و بژێوی ماوەبەندی پاكبوونەوە بەهۆی لێخۆش بوونی لەبەردەم دادگا بەرامبەر وەرگرتنی ٢,٠٠٠$ لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكاری داواكار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام پێداچووكار (ئەندامی داواكاری گشتی) بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم پێشكەشكراو لە (٢٠٢٤/١١/٣) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندكرنی تانەی پێشكەشكراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی كرا كە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆكارانەی تیایدا ئاماژەیان پێدراوە وە سەلماندنی تەڵاقی خولعی دەرەكی بانگەشەبۆكراو بەو شێوەیەی لە تیانووسی داواكەدا هاتووە وە سەلماندنی كۆنوسی تەڵاقدانی خولعی ڕۆژی ٢٠٢٤/٩/٢ پێشكەشكراو لەلایەن داواكارەوە ، بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەندكردن (تصدیق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد كردنەوەی تانەكەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووكارەوە . ئەم بڕیارەش بەكۆی دەنگ دەركرا لە ٢٠٢٥/٢/٤.

**ژمارە/ ٧٠/ دەستەی باری كەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٣٢٠٩/ ش/٢٠٢٣ بەروار/ ٤ / ٢ /٢٠٢٥**

داواكار لەبەردەم دادگای باری كەسی (سلێمانی) بانگەشەی كردووە بەو شێوەیەی كەلەتیانووسی داواكاریەكەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای كردووە حوكم بدرێت بۆی بە (پابەند كردنی داوالەسەركراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو خەرجی داوا و كرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/١٤) بە بڕیاری ژمارە (٣٢٠٩/ ش/٢٠٢٣) حوكمی داوە بە پابەند كردنی داوالەسەركراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواكار بەبڕی ١٢٠٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٣/٤/١٨ تاكو ٢٠٢٣/٦/٤ وە بە شێوەیەكی بەردەوام مانگانە بەهەمان بڕ وە ئەژمار كردنی بژێوی كاتی بەبڕی ١٠٠,٠٠ كە داواكار وەریگرتوە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكارانی داواكار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەركراو – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١١/٢٤) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندكرنی تانەی پێشكەشكراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی كرا كە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆكارانەی كە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە، چونكە لە ئەنجامی لێكۆڵینەوە ئەوە سەلمێنراوە كە داوالەسەركراو بژێوی داواكاری ژنی نەكێشاوە لەو ماوەیەی كە

حوكمی پێدراوە ، لەبەر ئەوە داواكار شایستەی بژێویە لە ڕۆژی نەكێشانیەوە لەلایەن داوالەسەركراوی مێردیەوە، وە بڕی بژێوی خەملێنراویش لەڕێ ی شارەزای دادوەریەوە بە ڕەچاو كردنی مادەكانی (١٣٣-١٤٤) لە یاسای سەلماندن گونجاوە لەگەڵ باری دارایی داوالەسەركراو ، بۆیە بڕیار درا بە پەسەند كردن (تصدیق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد كردنەوەی تانەی پێداچوونەوە ولەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووكارەوە ، ئەم بڕیارەش بەكۆی دەنگ دەركرا لە ٢٠٢٥/٢/٤.

**ژمارە/ ٧٣ / دەستەی باری كەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٢٠/ إعاده المحاكمه/٢٠٢٠ بەروار/ ٤/ ٢ /٢٠٢٥**

پێشتر دادگای باری كەسی (عەنكاوە) لە بەرواری ٢٠١٨/٥/٢٣ بەژمارە ٧٤/ ش/٢٠١٨ حوكمی پاشملەی داوە بە سەلماندنی هاوسەرگیری نێوان لایەنەكانی داوا . وە هەڵوەشاوەتەوە بەپێی بڕیاری دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی كوردستان بە ژمارە (٢٠٣/د.باری كەسی/٢٠٢١) دەرچوو لە (٢٠٢١/٦/٢٠) . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٠/٣١) بە بڕیاری ژمارە (٢٠/إعادة المحاكمة/٢٠٢٠) حوكمی داوە بە قبول كردنی داوای دووبارە دادگایی كردن و پوچەڵ كردنەوەی حوكمی پاشملەی بەرواری ٢٠١٨/٥/٢٣ بەژمارە ٧٤/ ش/٢٠١٨ داوالەسەركراوی دووبارە دادگایی كردن لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەركراوی دووبارە دادگایی كردن ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكاری داواكاری دووبارە دادگایی كردن بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەركراوی دووبارە دادگایی كردن – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١١/٧) تیایدا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندكرنی تانەی پێشكەشكراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی كرا كە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی یاسایە لەبەر ئەو هۆكارانەی كە بە درێژی تیایدا ئاماژەیان پێكراوە ، چونكە دەرچوە بە پەیرەو كردنی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دەرچوولەم دادگایە بە ژمارە (٢٠٣/د.باری كەسی/٢٠٢١) دەرچوو لە (٢٠٢١/٦/٢٠) . پاش ئەوەی بۆ دادگا ساغ بوەتەوە كە پێشتر داوالەسەركراوی دوبارەكردنەوەی دادگایی پێشتر داوای تۆماركردوە بۆ پەسەندكردنی هاوسەرگیری دەرەكی لەگەڵ داواكاری دووبارەكردنەوەی دادگایی وە داواكە ڕەدكراوەتەو پلەی كۆتایی وەرگرتووە ، بۆیە بڕیار درا بە پەسەند كردن (تصدیق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد كردنەوەی تانەكەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووكارەوە ، ئەم بڕیارەش بەكۆی دەنگ دەركرا لە ٢٠٢٥/٢/٤.

**ژمارە/ ٧٦/ دەستەی باری كەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/١٩٢٥/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ٤/ ٢ /٢٠٢٥**

داواكار لەبەردەم دادگای باری كەسی (سلێمانی) بانگەشەی كردووە بەو شێوەیەی كەلەتیانووسی داواكاریەكەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای كردووە حوكم بدرێت بۆی بە (پەسەند كردنی تەڵاقی دەرەكی نێوانیان لە بەرواری (٢٠٢٤/٣/١٥)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو خەرجی داوا و كرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/١٤) بە بڕیاری ژمارە (١٩٢٥/ش/٢٠٢٤) حوكمی داوە بە پەسەند كردنی تەڵاقی دەرەكی دراو لە (٢٠٢٤/٣/١٥) دانانی بە یەكەم تەڵاق وە بۆیان نیە بگەڕێنەوە بۆ لای یەكتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت وە پێویست نیە لەسەر داواكار پابەندی (عدە) ی شەرعی بێت بە هۆی نەگواستنەوەی بۆ ماڵی هاوسەری وە بۆی نیە شوو بكاتەوە بە پیاوێكی تر تا وەرگرتنی پلەی كۆتایی بڕیارەكە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكاری داواكار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەركراو – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١١/١٧) تیایدا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی هەردوو تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونکە داوالەسەرکراو نکولی لە تەڵاقی بانگەشەبۆکراو کردوە ، وە ئەوەی لە بانگەشەی داواکارو ووتەی شاتەکانی وەرگیراو لەلایەن دادگاوە هاتووە کە داوالەسەرکراو لە ڕێ ی مۆبایل (واتس ئاپ) وە بە پەیوەندی دەنگی داواکار ژنی تەڵاقداوە ، لە کاتێکدا ڕێچکەی دادوەری لەسەر ئەوە سەقامگیر بووە کە تەڵاقدان دەشێت لە ڕێ ی هۆکانی پەیوەندیەوە بێت بەو مەرجەی هەردوولا ناسراو بن لەلایەن شایەتەکانەوە ، وە پەیوەندیەکە بە دەنگ و ڕەنگ (وێنەی ڤیدیۆ) بێت ، بەڵام ئەم مەرجانە لە داوای داواکاردا بونیان نیە ، لەبەر ئەوە پێویستە دادگا داواکار بە ناتوانا (عاجز) دابنێت لە سەلماندن وە مافی پێبدات سوێندی یەکلاکەرەوە ئاراستەی داوالەسەرکراو بکات بەو شێوەیەی کە دابیدەڕێژێت ، بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ مەبەستی ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات وەک ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە و هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام ، وئەم بڕیارەش بە زۆرینەی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/٤.

**ژمارە/ ٧٧/ دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٥٤٦٧/ ش/٢٠١٩ بەروار/ ٢٠/ ٧ /٢٠٢٥**

پێشتر دادگای باری کەسی (سلێمانی) لە بەرواری ٢٠٢٤/٤/١٥ بە ژمارە ٤٥٦٧/ ش/٢٠١٩ بڕیاریدا بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار سەبارەت بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام وە بڕینی بژێوی کاتیەکەی . وە هەڵوەشاوەتەوە بە پێی بڕیاری دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان بە ژمارە (٦٨٢/د.باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (٢٠٢٤/٦/٩) . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٢/١٣) بە بڕیاری ژمارە (٤٥٦٧/ش/٢٠١٩) حوکمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواکار بەبڕی ٣٣٥٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠١٥/٨/١ تاکو ٢٠٢١/١١/٩ بەرواری جیابوونەوە وە ئەژمار کردنی بژێوی کاتی بە بڕی ١٠٠,٠٠٠ دینار وەك بەشێك لە بڕیارەکە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/٢/٢٠) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (٥١٢/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥) دەرچوو لە (١٢/ ٥ /٢٠٢٥) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند کردووە . داواکاری ڕاستکردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٦/١٥) پاش گەیشتنی تیانوسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو دەرچووە لەم دادگایە بە ژمارە (٥١٢/د.باری کەسی/٢٠٢٥) لە ٢٠٢٥/٥/١٢ وە پێداچووکار پێ ی ئاگادارکراوە لە ٢٠٢٥/٥/٢٩ تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوە بە پێ ی تیانوسی بارمتەلێدراو لە ڕۆژی ٢٠٢٥/٦/١٥ ، بەمەش تانەکە دەکەوێتە دەرەوەی ماوەی یاسایی یەوە بە پێ ی مادەی (٢٢١) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو وە تێپەڕاندنی دەبێتە هۆی لەدەستدانی مافی تانەلێدان بنەما لەسەر مادەی (١٧١) لە یاسای ئاماژەبۆکراو . لەبەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لە ڕووی شێوەوە (شكلاً) وە تۆمارکردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەک داهات بۆ گەنجینەی هەرێم ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٧/٢٠.

**ژمارە/ ٧٧/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٣٢٣٦/ ش/٢٠٢٣ بەروار/ ٤/ ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە زیاد کردنی بژێوی منداڵەکانی (م/ و/ ل)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/٢٦) بە بڕیاری ژمارە (٣٢٣٦/ ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە ١/ پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە زیاد کردنی بژێوی منداڵەکەی (م) لە ١٧٠٠٠٠ دینارەوە بۆ ٣٨٠٠٠٠ لە بەرواری ٢٠٢٣/٦/٦ . ٢/ پابەند کردنی داوالەسەرکراو

به زیاد کردنی بژێوی منداڵەکەی (ل) لە ١٤٠٠٠٠ دینارەوە بۆ ٤٠٠٠٠٠ لە بەرواری ٢٠٢٣/٦/٦ لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونکە داواکار مافی داواکردنی زیاد کردنی بژێوی هەیە بۆ منداڵەکانی کە لە ئامێزیدان لە داوالەسەرکراوی باوکیان پشت بەستن بە حوکمی مادەی (٥٩) لە یاسای باری کەسی هەموار کراو ، وە بۆ ئەو مەبەستەش دادگا بۆ خەمڵاندنی بڕی بژێوی سەرەتا پەنای بۆ شارەزای تاک (الخبير المنفرد) بردوە کە ڕاپۆرتی خۆی لەو ڕوەوە پێشکەش کردوە داواکار لە سەری ڕەزامەند بووە ، بەڵام بریکاری داوالەسەرکراو تانەی لێداوە دواتر دادگا پەنای بۆ شارەزای تر بردوە کە بژێوی مانگانەی هەر منداڵیکیان زیاتر لەوە خەمڵاندوە کە شارەزای تاک دیاری کردوە ، دەبوو دادگا بڕیار بدات بۆ داواکار بنەما لەسەر ڕاپۆرتی شارەزای یەکەم کە پێشتر پێ ی ڕەزامەند بووە نەک لەسەر بنەمای دوا ڕاپۆرتی شارەزایی پێشکەشکراو، وەئەمەش هۆکارە بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕبارەکەی ، بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی (نقض) ی بڕیاری تانەلێدراو وە وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی تا پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەی پێدراوە وە هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام ، ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/٤.

**ژمارە/ ٧٨/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٢٠١/ش/٢٠٢٣ بەروار/ ٩/ ٢٠٢٥/٢**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (چەمچەماڵ) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی چاوەڕوانی) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١٨) بە بڕیاری ژمارە (٢٠١/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی چاوەڕوانی بە داواکار بەبڕی ٣٠٠,٠٠٠ دینار بۆ هەر سێ مانگەکە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . وە ناردنی دۆسیەکە بۆ دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەوەی بڕیارەکە پێداچوونەوەی لەخۆوە دەیگرێتەوە ، پاش گەیشتنی دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ دەرکەوت کە بڕیاری دەرکراو لە دادگای باری کەسی لە چەمچەماڵ بە ژمارە (٢٠١/ش/٢٠٢٤) دەرچوو لە ٢٠٢٤/١٢/١٨ پێداچوونەوەی لە خۆوە (تمييز تلقائی) دەیگرێتەوە بە پێ ی مادەی (٣٠٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو ، وە تێبینی کرا کە بڕیارەکە ڕاستەو پابەندی یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە بە درێژی تیایدا ئاماژەیان پێدراوە ، وە ئەوە سەلمێنراوە کە داوالەسەرکراو (س/ أ/ م) داواکاری ژنی تەڵاقداوە بە تەڵاقی پەسەند کراو بە بڕیاری دەرکراو لە هەمان دادگا بە ژمارە (٢١٤٥/ش/٢٠٢٣) لە ٢٠٢٤/١/١١ بەوەش ناوبراو شیاوی بژێوی (عدة) کە خەمڵێنراوە بە شێوەیەکی گونجاو ، بۆیە بڕیار درا بە پەسەند (تصديق) کردنی ، بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/٩.

**ژمارە/ ٧٩/ دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/١٩٧٢/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ٢٨/ ٧ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بەپێدانی بڕی ٣٠٠٠٠٠٠٠ سی ملیۆن دینار وەکو قەرەبووی تەڵاقی ناڕەوا) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٣/١٧) بە بڕیاری ژمارە (١٩٧٢/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ١.پابەند کردنی داوالەسەرکراو بەپێدانی بڕی (١٢٦٠٠٠٠٠) دینار بە داواکار وەکو قەرەبووی تەڵاقی ناڕەوا لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . ٢. ڕەد کردنەوەی داوای داواکار بە زیادەی داواکراو لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . -بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/٣/١٩) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەستـــەیە بە بڕیاری ژمارە (٦١٥/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥) دەرچوو لە (٢٦/ ٥ /٢٠٢٥) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند کردووە . داواکاری ڕاستکردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٧/٦) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەشکراو بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) دەکەوێتە ماوەی یاسایی یەوە . و تێبینی کرا بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دەستەیە کە داوای ڕاستکردنەوەی کراوە ڕاستەو پابەندی یاسایە وە هیچ هەڵەیەکی یاسایی ناگرێتەخۆ شیاوی ڕاستکردنەوە بێت ، وە ئەو خاڵانەی لە داواکاری ڕاستکردنەوەدا ئاماژەیان پێدراوە ناچنە ژێر ڕکێفی ئەو هۆکارانەی کە لە مادەی (٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو باسیان کراوە . بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لەگەڵ تۆمارکردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەک داهات بۆ گەنجینەی هەرێم . ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ڕۆژی ٢٠٢٥/٧/٢٨

**ژمارە/ ٨٠ / دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٥٨٧/ ش/٢٠٢٣ بەروار/ ٩/ ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (رانیە) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە ڕێگری نەکردنی لە بینینی منداڵەکەی (ڤ)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/٨) بە بڕیاری ژمارە (٥٨٧/ ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە ڕێگری نەکردنی داواکار لە بینینی منداڵەکەی (ڤ) مانگانە دوو جار هەرجارەی بۆ ماوەی (٣) سێ کاتژمێر لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار پارێزەر (ر/ ح/ م) بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١٧) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو کە تایبەتە بە دیاریکردنی ژمارەو ماوەی بینینی منداڵی ناکام (ڤ) لەلایەن داواکار (پێداچووکار)ی باوکیەوە مانگانە دوو جار هەرجارەی بۆ ماوەی (٣) سێ کاتژمێر بێ مانەوە ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی لە بڕیارەکەدا ئاماژەیان پێدراوە ، چونکە لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە دادگا ئەنجامی داون دەرکەتووە کە منداڵی ناوبراو ماوەیەکی زۆرە لە باوکی دابڕاوە وە بە ڕەچاوکردنی باری دەرونی پێویستە بینینی بە شێوەیەکی پلەبەندی (تدريجي) بێت ، وە دیاریکردنی بینین لە ئێستادا بەو شێوەیەی لەسەرەوە باسکراوە لە بەرژەوەندی منداڵی ناوبراودایەو ڕەچاوی مافی داواکاریش کراوە کە باوکیەتی ، بۆیە

بڕیار درا بە پەسەندکردن (تصدیق) ی بڕیاری تانەلێدراوە وە ڕەد کردنەوەی تیانووسی پێداچوونەوە وە خستنە ئەستۆی پێداچووکار ڕەسمی پێداچوونەوە ، ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/٩.

**ژمارە/ ٨١/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥     ژمارەی داوا/٤١٤٣/ ش٢٠٢٢/٣ و ٥٤٢٣/ ش٢٠٢٢/٣     بەروار/ ٩/ ٢/ ٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام بۆ خۆی و منداڵەکانی (ب/ و/ أ)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری. لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/١٣) بە بڕیاری ژمارە (٤١٤٣/ ش٢٠٢٢/٣ و ٥٤٢٣/ ش٢٠٢٢/٣) حوکمی داوە بە ١/ ڕەد کردنەوەی داوای داواکار (أ/إ/ م) لە داوای ژمارە (٥٤٢٣/ش٢٠٢٢/٣) سەبارەت بە گوێڕایەڵی داوالەسەرکراو . ٢/ پابەند کردنی داوالەسەرکراو (أ/ إ/ م) لە داوای ژمارە (٤١٤٣/ ش٢٠٢٢/٣) بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواکار بەبڕی ١٢٠,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٢/٥/٢٧ تاکو ٢٠٢٢/٦/٢٨ وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بە بڕی ١٤٠,٠٠٠ دینار لەبەرواری ٢٠٢٢/٦/٢٩ وە بڕینی بژێوی کاتی داواکار . ٣/ پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە منداڵەکانی (ب/ و/ أ) بەبڕی ١١٠,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٢/٥/٢٧ تاکو ٢٠٢٢/٦/٢٨ وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بە بڕی ١٣٠,٠٠٠ دینار لەبەرواری ٢٠٢٢/٦/٢٩ وە ڕێگەدان بە داواکار بەوەرگرتنی بڕی بژێوی منداڵەکانی و خەرج کردنی بۆ پێداویستیەکانیان لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١١/١٨) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە سەرجەم بڕگەکانی بڕیاری تانەلێدراو ڕاستن وە پابەندی شەرع و یاسان لەبەر ئەو هۆکارانەی کە بە درێژی تیادا باسکراون ، چونکە ئەوە سەلمێنراوە کە پێداچووکار خۆی پێداچوولەسەرکراوی ژنی دەرکردوە وداواکردنی گوێڕایەڵی مەرجە شەرعی و یاساییەکانی تێدا نیە ، بە هەمان شێوە داواکردنی داواکار بۆ بژێوی خۆی وە منداڵەکانی کە لە ئامێزیدان لە داوالەسەرکراو پشتیوانی شەرعی و یاسایی هەیە ، وە بڕی بژێوی خەمڵێنراویش لەلایەن شارەزاوە گونجاوە لەگەڵ باری دارایی داوالەسەرکراو ، لەگەڵ ئاماژەدان بەوەی دادگا چەند هەڵەیەکی ڕێکاری (اجرائی) لە کاتی دادبینی و بڕیاری دەرکراودا کردوە لەوانە ئاراستە کردنی سوێندی یەکلاکەرەوە بۆ داواکار بێ ئەوەی داوالەسەرکراو داوای ئاراستەکردنی بکات ، هەروەها ڕەچاو نەکردنی هەردوو مادەی (١٥٩ و ١٦١) لە یاسای دادبینی شارستانی لە بڕیارەکەیدا وەک پێویست ، وە لەبەر ئەوەی ئەو هەڵانە کاریگەریان لەسەر بڕیارەکە نیە بەهۆی تانەنەدان لێیان وە دادگایان لێ ئاگادارکرایەوە بۆ دوبارەنەکردنەوەیان لە داهاتوودا، لەسەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تیانووسی پێداچوونەوە وە خستنە ئەستۆی پێداچووکار ڕەسمی پێداچوونەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/٩.

**ژمارە/ ٨٣/ دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥     ژمارەی داوا/٧٤٧/ ش/٢٠٢٣     بەروار/ ١١/ ٨ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (ڕانیە) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە گەڕاندنەوەی منداڵەکەی (ڤ) بۆ ئامێزی خۆی) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١/٢٦) بە بڕیاری ژمارە (٧٤٧/ ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە

(٢٠٢٥/٢/٤) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســــتەیە بە بڕیاری ژمارە (٤٦٩/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥) دەرچوو لە (٣٠/ ٤ /٢٠٢٥) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند کردووە . داواکاری ڕاستکردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٦/١٨) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەشکراو بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) دەکەوێتە ماوەی یاسایی یەوە . و تێبینی کرا بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دەستەیە کە داوای ڕاستکردنەوەی کراوە ڕاستەو پابەندی یاسایە وە هیچ هەڵەیەکی یاسایی ناگرێتەخۆ شیاوی ڕاستکردنەوە بێت ، وە ئەو خاڵانەی لە داواکاری ڕاستکردنەوەدا ئاماژەیان پێدراوە ناچنە ژێر ڕکێفی ئەو هۆکارانەی کە لە مادەی (٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو باسیان کراوە . بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لەگەڵ تۆمارکردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەک داهات بۆ گەنجینەی هەرێم . ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ڕۆژی ٢٠٢٥/٨/١١ .

**ژمارە/ ٨٣/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٤٥٩٠/ ش٢٠٢٣/٤ بەروار/ ٩/ ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داواکە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٠/٣٠) بە بڕیاری ژمارە (٤٥٩٠/ش٢٠٢٣/٤) حوکمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواکار بەبڕی ١٠٠,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٢/١٢/٢٠ تاکو ٢٠٢٣/٧/٢٦ وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بە بڕی ١٢٠,٠٠٠ دینار ، وە ئەژمار کردنی بژێوی کاتی کە داواکار وەریگرتوە بە بڕی ١٢٠,٠٠٠ دینار ، لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١١/٢٦) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-بـڕیــــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ دەرکەوت کەوا تانەی پێشکەشکراو لە دەرەوەی ماوەی یاسایی دا پێشکەشکراوە، چونکە بڕیاری تانەلێدراو دەرچووە لە ٢٠٢٤/١٠/٣٠ بەڵام لە ٢٠٢٤/١١/٢٦ پێداچووکار تانەی لێدراوە هەمان ڕۆژ ڕەسم دراوە لە کاتێکدا ماوەی تانەدان بە پێداچوونەوە بە پێ ی یاسا بە (١٠) ڕۆژ دیاریکراوە دەست پێدەکات لە ڕۆژی دوای دەرچوونەوە ، وە لەبەر ئەوەی ماوەکانی تانەلێدان بە یاسا دیاریکراوە وە تێپەڕاندنی دەبێتە هۆی لە دەست دانی مافی تانە لێدان بنەما لەسەر مادەی(١٧١) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو ، بۆیە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە (شکلاً) و لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/٩.

**ژمارە/ ٨٤/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٢٨٥٨/ ش٢٠٢٢/٥ بەروار/ ٩/ ٢٠٢٥/٢**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام بۆ خۆی و منداڵەکانی (ە/، ل/ ، د)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/٩/٢٥) بە بڕیاری ژمارە (٢٨٥٨/ ش٢٠٢٢/٥) حوکمی داوە بە ١/ پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواکار بەبڕی ٦٠,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠١٦/١٢/١٥ تاکو ٢٠٢٢/٥/١٤ وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بە بڕی ١٢٠,٠٠٠ دینار تاکو بەرواری جیابوونەوە . ٢/ پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە کچەکەی (ە) بەبڕی ٦٠,٠٠٠ دینار مانگانە

لەبەرواری ٢٠١٦/١٢/١٥ تاكو ٢٠٢٢/٥/١٤ وە بە شێوەیەكی بەردەوام مانگانە بە بڕی ١٢٠,٠٠٠ دینار .
٣/ پابەند كردنی داوالەسەركراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە كچەكەی (د) بەبڕی ٦٠,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠١٦/١٢/١٥ تاكو ٢٠٢٢/٥/١٤ وە بە شێوەیەكی بەردەوام مانگانە بە بڕی ١٠٠,٠٠٠ دینار ، وە ڕێگەدان بە داواكار بەوەرگرتنی بڕی بژێوی منداڵەكانی و خەرج كردنی بۆ پێداویستیەكانیان لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكارانی داواكار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەركراو – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/٩/٣) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-
بـڕیــــار:-
پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندكرنی تانەی پێشكەشكراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی كرا كە برگەی دووەم لە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆكارانەی كە بە درێژی تیادا باسكراون ، چونكە داواكردنی داواكار بۆ بژێوی خۆی وە منداڵەكانی (ە/ ، ل/ ، د) كە لە ئامێزیدان لە داوالەسەركراو پشتیوانی شەرعی و یاسایی هەیە ، وە دوای ئەوەی (ە) تەمەنی (١٨) ساڵی تەواو كردوە هێنراوەتە پاڵ داواكاری دایكی ، وە بڕی بژێوی خەمڵێنراویش لەلایەن شارەزاوە كەمترە لە بژێوی نەداری (اعسار) گونجاوە لەگەڵ باری دارایی داوالەسەركراو ، لەسەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەند كردن (تصدیق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد كردنەوەی تیانووسی پێداچوونەوە وە خستنە ئەستۆی پێداچووكار ڕەسمی پێداچوونەوە ، ئەم بڕیارەش بەكۆی دەنگ دەركرا لە ٢٠٢٥/٢/٩.

**ژمارە/ ٨٥/ دەستەی باری كەسی - ڕاستكردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٤٢٢٣/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ٧/ ٢٠٢٥/٩**

داواكار لەبەردەم دادگای باری كەسی (سلێمانی/٣) بانگەشەی كردووە بەو شێوەیەی كەلەتیانووسی داواكاریەكەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای كردووە حوكم بدرێت بۆی بە (جیاكردنەوەیان پێش گواستنەوە بە بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو خەرجی داوا و كرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٤/٢٧) بە بڕیاری ژمارە (٤٢٢٣/ ش/٢٠٢٤) حوكمی داوە بە جیاكردنەوەی لایەنەكانی داوا وە ئەژمار دەكرێت بە لێكترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەكتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواكار پابەند نیە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە بە هۆی نەگواستنەوەی وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بكات تا وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەكە وە گەڕاندنەوەی (٥%) لە مارەیی پێشەكی وەرگیراو لەلایەن داواكارەوە بۆ داوالەسەركراو لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكاری داواكار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەركراو – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/٤/٣٠) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســــتەیە بە بڕیاری ژمارە (٧٢٠/ دەستەی باری كەسی/٢٠٢٥) دەرچوو لە (١٧/ ٦ /٢٠٢٥) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند كردووە . داواكاری ڕاستكردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواكاری ڕاستكردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٧/٣١) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستكردنەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-
بـڕیــــار:-
پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەركەوت كە تانەی پێشكەشكراو بە داواكاری ڕاستكردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحیح القرار التمییزي) دەكەوێتە ماوەی یاسایی یەوە ، تێبینی كرا بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دادگایە كە داوای ڕاستكردنەوەی كراوە بە ژمارە (٧٢٠/د.باری كەسی/٢٠٢٥) دەرچوو لە ٢٠٢٥/٦/١٧ ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە ، وە ئەو خاڵانەی لە داواكاری ڕاستكردنەوەدا ئاماژەیان پێدراوە ناچنە ژێر ڕكێفی ئەو هۆكارانەی كە لە ماوەی (٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەمواركراو باسیان كراوە ، بنەما

لەسەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لەگەڵ تۆمارکردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەك داهات بۆ گەنجینەی هەرێم ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٩/٧.

**ژمارە/ ٨٦/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٢١٦/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٠/ ٢/ ٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (رانیە) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیاکردنەوەی لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی هێنانی ژنی دووەم) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/٨) بە بڕیاری ژمارە (٢١٦/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە جیا کردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك وە داوالەسەرکراو بۆی نیە داواکار بگەڕێنێتەوە ژیانی هاوسەری مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت وە داواکار پابەند دەکرێت بە ماوەبەندی پاك بوونەوە بۆ ماوەی سێ مانگ بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەبەندی پاك بوونەوە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١٨) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لە ڕووی ئەنجامەوە نەک لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێکراوە، چونکە ئەوە سەلمێنراوە کە داوالەسەرکراو لە دەرەوەی دادگا واتە بێ ڕەزامەندی دادگای تایبەتمەند وە بەدەست هێنانی بەڵگەی ڕێگەپێدان (حجة الأذن) ژنی دووەمی هێناوە ، بەمەش داواکار مافی هەیە بە پێ ی مادەی (٥/٤٠) لە یاسای باری کەسی هەموارکراو بێ ڕەچاوکردنی هەموارەی کە کرابوو بە پێ ی مادەی (هەژدەهەم) لە یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی (٢٠٠٨) ی دەرچوو لە پەرلەمانی کوردستان داوای جیابوونەوە بکات ، وە دادگاش بەوە حوکمی داوە ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق)ی بڕیاری تانەلێدراو لە ڕووی ئەنجامەوە وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە . ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/١٠.

**ژمارە/ ٨٦/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٢١٦/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٠/ ٢/ ٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (رانیە) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیاکردنەوەی لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی هێنانی ژنی دووەم) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/٨) بە بڕیاری ژمارە (٢١٦/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە جیا کردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك وە داوالەسەرکراو بۆی نیە داواکار بگەڕێنێتەوە ژیانی هاوسەری مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت وە داواکار پابەند دەکرێت بە ماوەبەندی پاك بوونەوە بۆ ماوەی سێ مانگ بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەبەندی پاك بوونەوە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١٨) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لە ڕووی ئەنجامەوە نەک لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێکراوە، چونکە ئەوە سەلمێنراوە کە داوالەسەرکراو لە دەرەوەی دادگا واتە بێ ڕەزامەندی دادگای تایبەتمەند وە بەدەست هێنانی بەڵگەی ڕێگەپێدان (حجة الأذن) ژنی دووەمی هێناوە ، بەمەش داواکار مافی هەیە بە پێ ی مادەی (٥/٤٠) لە یاسای باری کەسی هەموارکراو بێ ڕەچاوکردنی هەموارەی کە کرابوو بە پێ ی مادەی (هەژدەهەم) لە یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی (٢٠٠٨) ی دەرچوو لە پەرلەمانی کوردستان داوای جیابوونەوە بکات ، وە دادگاش بەوە حوکمی داوە ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصديق)ی بڕیاری تانەلێدراو لە ڕووی ئەنجامەوە وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە . ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/١٠.

**ژمارە/ ٨٨/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٤٦٠/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٠/ ٢/ ٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (ڕانیە) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیاکردنەوەی لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی هێنانی ژنی دووەم) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/٤) بە بڕیاری ژمارە (٤٦٠/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە جیا کردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك وە داوالەسەرکراو بۆی نیە داواکار بگەڕێنێتەوە ژیانی هاوسەری مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت وە داواکار پابەند دەکرێت بە ماوەبەندی پاك بوونەوە بۆ ماوەی سێ مانگ بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەبەندی پاك بوونەوە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١٠) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لە ڕووی ئەنجامەوە نەک لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێکراوە، چونکە ئەوە سەلمێنراوە کە داوالەسەرکراو لە دەرەوەی دادگا واتە بێ ڕەزامەندی دادگای تایبەتمەند وە بەدەست هێنانی بەڵگەی ڕێگەپێدان (حجة الأذن) ژنی دووەمی هێناوە ، بەمەش داواکار مافی هەیە بە پێ ی مادەی (٥/٤٠) لە یاسای باری کەسی هەموارکراو بێ ڕەچاوکردنی هەموارەی کە کرابوو بە پێ ی مادەی (هەژدەهەم) لە یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی (٢٠٠٨) ی دەرچوو لە پەرلەمانی کوردستان داوای جیابوونەوە بکات ، وە دادگاش بەوە حوکمی داوە ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصديق)ی بڕیاری تانەلێدراو لە ڕووی ئەنجامەوە وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە . ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/١٠.

**ژمارە/ ٩٠/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٤٩٨/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٠/ ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (ڕانیە) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بەپێدانی بڕی ٨٠٠٠٠٠٠ هەشت ملیۆن دینار وەکو قەرەبووی تەڵاقی نارەوا) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/١٠) بە بڕیاری ژمارە (٤٩٨/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد

هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١١/١٨) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە بە درێژی تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، چونکە داواکار پێشتر خۆی داوی جیابوونەوەی تۆمارکردوە بە ژمارە (٦٦/ش/٢٠٢٤) بە هۆکاری نەگونجان ، دواتر لە کاتی پێداڕۆیشتن بە داواکەدا داوالەسەرکراو داواکاری تەڵاق داوە و دادگا ئەو تەڵاقەی پەسەند کردوە بە بڕیاری دەرکراو لە ٢٠٢٤/٦/٣ ، واتە داواکار لە بنەڕەتدا ئارەزوی جیابوونەوە بووە لە داوالەسەرکراوی مێردی ، بۆیە هەستانی داواکار بە تەڵاقدانی لە کاتی پێداڕۆیشتن بە داوای داواکار دانانرێت بە (متعسف) ، وە داواکار شیاوی قەرەبووی ئەو تەڵاقە نیە ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەندکردن (تصدیق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/١٠.

**ژمارە/ ٩١/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٢٨٥/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٠/ ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (ڕانیە) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە ڕێگری کردنی لە داواکردنی مارەیی پاشەکی لە گرێبەستی ژمارە ٧٥٩ لە ٢٠١٨/٩/١٩) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/٢٤) بە بڕیاری ژمارە (٢٨٥/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ١/ ڕێگری کردنی داوالەسەرکراو بە داواکردنی مارەیی پاشەکی لە گرێبەستی ژمارە ٧٥٩ لە ٢٠١٨/٩/١٩ دەرچوو لەهەمان دادگا . ٢/ ئاگادار کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێ کردنی تایبەتمەند بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست لە دۆسیەی جێبەجێ کردنی ژمارە (٥٥/ ت/٢٠٢٤) دوای وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە ، لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١١/٢٥) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە ، چونکە ئەوە سەلمێنراوە کە ئەو مارەییەی داوالەسەرکراو داوای کردوە لە گرێبەستی یەکەمی هاوسەرگیریان جیگێر کراوە ، بەڵام پاش تەڵاقدانی لەلایەن داواکارەوە ، هەردوولا هاوسەرگیریان بۆ جاری دووەم ئەنجام داوەتەوە وە بە پێ ی بەڵگەی پێشکەشکراو داوالەسەرکراو وازی هێناوە لە مارەیی پاشەکی گرێبەستی هاوسەرگیری پێشووی ، بە پێ ی بەڵگەی پێشکەشکراو ، کە سەلمینراوە دەگەڕیتەوە بۆ ناوبراو، لەبەر ئەوە داواکردنی مافێک کە وازی لێهێنرابێت پشتیوانی شەرعی و یاسایی نیە ، بۆیە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/١٠.

**ژمارە/ ٩٢/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٤١٧/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٠/ ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (کۆیە) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیاکردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو

بەهۆی کێشە و ناکۆکی) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٠/٢٧) بە ژمارە (٤١٧/ش/٢٠٢٤) بڕیاری داوە بە پوچەڵ کردنەوەی تیانووسی داواکە لەسەر داوای بریکاری داواکار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٠/٢٩) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بۆ چوونی دادگا بە بڕیاردان بە پوچەڵ کردنەوەی تیانووسی داواکە لەسەر داوای بریکاری داواکار ڕاستەو پابەندی یاسایە، چونکە داواکار خۆی بۆی هەیە داوای پوچەڵ کردنەوەی داواکەی خۆی بکات ئەگەر ئامادە نەبێت بۆ یەکلاکردنەوە (مادەی ١/٨٨) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموار کراو) ، بۆیە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە وە خستنە ئەستۆی پێداچووکار ڕەسمی پێداچوونەوە ، ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/١٠.

**ژمارە/ ٩٣/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٧٢٩٠/ ش/٣/٢٠٢٣ بەروار/ ١٧/ ٢/ ٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پەسەند کردنی تەڵاقی دەرەکی نێوانیان لە بەرواری (٢٠٢٣/١٠/١٢)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری. لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/١٧) بە بڕیاری ژمارە (٧٢٩٠/ش/٣/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە پەسەند کردنی تەڵاقی دەرەکی دراو لە (٢٠٢٣/١٠/١٢) دانانی بە تەڵاقی گەڕاوە گۆڕاوە بۆ لێکترازانی بچووك وە بۆیان نیە بگەڕێنەوە بۆ لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت وە پێویست نیە لەسەر داوالەسەرکراو پابەندی (عدە) ی شەرعی بێت بە هۆی کۆتایی هاتنی ماوەکە وە بۆی نیە شوو بکاتەوە بە پیاوێکی تر تا وەرگرتنی پلەی کۆتایی بڕیارەکە ، وە پاراستنی هەموو مافە شەرعی و یاساییەکانی داوالەسەرکراو لەگەڵ خستنە ئەستۆی داواکار ڕەسم و تێچوونی داواکە . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١١/٢٦) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونکە بە پێ ی دوو ڕاپۆرتی پزیشکی هاوپێچ بە دۆسیەی داواکە داواکار حاڵەتی بیرکۆڵی هەیە، وە پێشتریش بە پێ ی بەڵگەی دەسەڵات بەندکردن و سەرکاردانان (حجة الحجر و القیمومة) ژمارە (٢٢١) لە ٢٠١٢/٨/٢٩ دەرچوو لە دادگای باری کەسی هەولێر ناوبراو دەسەڵات بەندکراوە ، واتە بەرپرسیار نیە لە ووتەو کردەوەکانی ، وە لەم حاڵەتەدا ناوبراو خۆی نە ئەتوانێت بریکارنامە بۆ پارێزەر بکاتەوە وە نە داوا تۆمار بکات، بەڵکو دەبێت سەرکار (قیم)ەکەی لەبری ئەو داوا تۆمار بکات ، وە دەبێت دادگا لەو ڕووەوە ڕکابەری لە داواکەدا ڕێک بخاتەوە بە پێ ی یاسا ، پاش ئەوە لێکۆڵینەوە بکات لە بەرپرسیاریەتی داواکار لەو تەڵاقەی کە داویەتی ، وە ئایا دەچێتە ژێر خانەی ئەو حاڵەتانەی کە لە مادەی (٣٥) لە یاسای باری کەسیدا هاتوون کە تەڵاقیان ناکەوێت یا نا ، پاشان بڕیاردان لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی بۆی ڕوون دەبێتەوە ، لەبەر بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/١٧.

**ژمارە/ ٩٤/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٦٣٧٤/ ش/٢٠٢٣ بەروار/ ١٠ / ٢ /٢٠٢٥**

داواكار لەبەردەم دادگای باری كەسی (سلێمانی) بانگەشەی كردووە بەو شێوەیەی كەلەتیانووسی داواكاریەكەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای كردووە حوكم بدرێت بۆی بە (پابەند كردنی داوالەسەركراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام بۆ خۆی و منداڵەكانی) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو خەرجی داوا و كرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/١٣) بە بڕیاری ژمارە (٦٣٧٤/ ش/٢٠٢٣) حوكمی داوە بە ١/ پابەند كردنی داوالەسەركراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە منداڵەكەی (لێوان) بەبڕی ٣٦٥٢٠٠٠ دینار لەبەرواری ٢٠٢٠/١١/١٨ تاكو ٢٠٢١/١٠/١ . ٢/ پوچەڵ كردنەوەی تیانووسی داواكە سەبارەت بە بژێوی ڕابردوو هەریەك لە (س/ و/ ل/ و /ل) لەبەر ئەوەی داواكار چاوپۆشی كردووە لە داواكە وە ڕێگەدان بە داواكار بەوەرگرتنی بڕی بژێوی منداڵەكەی و خەرج كردنی بۆ پێداویستیەكانی لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكارانی داواكار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەركراو – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١١/١٨) تیایدا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-بـڕیــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندكرنی تانەی پێشكەشكراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی كرا كە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆكارانەی كە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە ، چونكە لە ئەنجامی لێكۆڵینەوە ئەوە سەلمێنراوە كە داوالەسەركراو بژێوی منداڵەكەی (ل) لە ماوەی نێوان ٢٠٢٠/١١/١٨ تا ٢٠٢١/١٠/١ ، وە بڕی بژێوی خەمڵێنراویش لەڕێ ی شارەزای دادوەریەوە بە ڕەچاوكردنی مادەكانی (١٣٣-١٤٤) لە یاسای سەلماندن گونجاوە لەگەڵ باری دارایی داوالەسەركراو ، بۆیە بڕیار درا بە پەسەند كردن (تصدیق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد كردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووكارەوە ، ئەم بڕیارەش بەكۆی دەنگ دەركرا لە ٢٠٢٥/٢/١٠.

**ژمارە/ ٩٦/ دەستەی باری كەسی - ڕاستكردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٣٤٤/ ش/٢٠٢٣ بەروار/١٩/ ١٠ /٢٠٢٥**

داواكار (د ك أ ) لەبەردەم دادگای باری كەسی (شارەزور) بانگەشەی كردووە بەو شێوەیەی كەلەتیانووسی داواكاریەكەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای كردووە حوكم بدرێت بۆی بە (پابەند كردنی داوالەسەركراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام بە منداڵەكەی) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو خەرجی داوا و كرێ ی ماندوو بوونی پارێزەری . لەڕۆژی (٢٠٢٤/١٠/١٠) داوالەسەركراو داواكاریەكی پێشكەشی دادوەری دادگای باری كەسی ئاماژەبۆكراو لەسەرەوە بەڕێز (خ/ ع/ ن) كردووە داوای ڕەد كردنەوەی كردوە لەبەر ئەو هۆكارەی لە داواكاریەكەیدا هاتووە ، دادوەری ناوبراویش داواكاریەكەی هاوپێچ لەگەڵ دۆسیەكەو ڕای خۆی لەسەر داواكاریەكە ناردوە بۆ ئەم دادگایە ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (١٤٦٣/ دەستەی باری كەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (٢٣/ ١٢ /٢٠٢٤) بڕیاری تانەلێدراوی ڕەد كردۆتەوە . داواكاری ڕاستكردنەوە بەو بریارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواكاری ڕاستكردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٦/٢٥) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستكردنەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەركەوت كە تانەی پێشكەشكراو بە داواكاری ڕاستكردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحیح القرار التمییزي) لەسەر بڕیاری ئەم دادگایەیە بە ڕەدكردنەوەی داواكاری ڕەدكردنەوەی دادوەر(رد القاضی)، لە كاتێكدا تانەی داواكاری ڕاستكردنەوە تەنها ئەو بڕیارانەی پێداچوونەوە دەگرێتەوە كە لەسەر بابەتی داواكانن بە پەسەند كردن (تصدیق) ی بڕیاری تانەلێدراوی كردوە یان پاش هەڵوەشاندنەوە یەكلایی كراوەتەوە ، وە بڕیاری ئاماژەپێكراو بابەتی داواكاری بەردەست شیاوی تانەلێدان بە ڕاستكردنەوە نیە بنەما لەسەر مادەی (١/٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموار كراو ، بۆیە بڕیار درا بە ڕەد كردنەوەی داواكاری ڕاستكردنەوە لە ڕووی شێوەوە (شكلاً) وە تۆماركردنی بارمتەی وەرگیراو وەك داهات بۆ گەنجینەی هەرێم ، ئەم بڕیارەش بەكۆی دەنگ دەركرا لە ٢٠٢٥/١٠/١٩.

**ژمارە/ ٩٦/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٤٥٩١/ ش/٢٠٢٢ بەروار/ ١٠/ ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیا کردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری .
لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٠/٢) بە بڕیاری ژمارە (٤٥٩١/ ش/٢٠٢٢) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٠/١٣) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-
بـڕیــــار:-
پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی هەردوو تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونکە بەپێی ئەو بەڵگانەی داواکار پێشکەشی کردوون لە بەڵگەی کەسی و دۆسیەی سزایی و ڕاپۆرتی پزیشکی کە هاوپێچیەتی سەلمێنراوە کە داوالەسەرکراو زیانی بەداواکاری ژنی گەیاندووە لەڕێی لێدان و سوکایەتی پێ کردنی کە هۆکارە بۆ ئەوەی بەردەوامی دان بە ژیانی هاوسەریان ئاستەم بێت . وە لەبەر ئەوەی دادگا پێچەوانەی ئەوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ مەبەستی ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات وەک ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە و هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام ، وئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/١٠.

**ژمارە/ ٩٧/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٨٥/ ش/٢٠٢٣ بەروار/ ١١/ ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (ڕواندز) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (بڕینی بژێوی بەردەوامی داوالەسەرکراو) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٠/٢) بە بڕیاری ژمارە (٨٥/ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە بڕینی بژێوی بەردەوامی داوالەسەرکراو لە بڕیاری ژمارە ١٦٨/ ش/٢٠٢٢ لە ٢٠٢٢/١٢/١٩ ئەژمار دەکرێت لە بەرواری دەرچوونی بڕیاری جیا بوونەوە بە ژمارە ٧٥/ ش/٢٠٢٣ لە ٢٠٢٤/٢/٥ وە ئاگادار کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێ کردنی ڕانیە بە بڕیارەکە لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٠/١٣) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-
بـڕیــــار:-
پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە ، چونکە ئەوە سەلمێنراوە کە پەیوەندی هاوسەری لە نێوان هەردوولای داواکە نەماوە بەوەش مافی داوالەسەرکراو بۆ وەرگرتنی بژێوی لە داواکار بە پێ ی بڕیارێکی پێشوو کۆتایی پێدێت لە ڕۆژی جیا بوونەوەوە ، بەوەش دادگا حوکمی داوە ، بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەزۆرینەی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/١١.

**ژمارە/ ٩٨/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٤٣١/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١١/ ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سیدصادق) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پەسەند کردنی تەڵاقی خولعی نێوان خۆی و داوالەسەرکراو) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/٧/٣٠) بە بڕیاری ژمارە (٤٣١/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە پەسند کردنی تەڵاقی خولعی نێوان داواکار و داوالەسەرکراو لە بەرواری (٢٠٢٤/٧/٣٠) وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر بە بێ گرێبەست و مارەیی نوێ ، وە داواکار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار پارێزەر (نەبەرد کریم معروف) بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/٨/٨) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی تیایدا ئاماژەیان پێدراوە وە سەلماندنی تەڵاقی خولعی دەرەکی بانگەشەبۆکراو بەو شێوەیەی لە تیانووسی داواکەدا هاتووە بە دانپیانانی هەردوولا بەرامبەر وازهێنانی داواکار (ژن) لە نۆ مسقاڵ و نیو لە مارەیی پاشەکی ، بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەندکردن (تصدیق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/١١.

**ژمارە/ ٩٩/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٦١٠/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١١/ ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سیدصاق) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (بڕینی بژێوی بەردەوامی داوالەسەرکراو) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٠/٢٢) بە بڕیاری ژمارە (٦١٠/ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە بڕینی بژێوی بەردەوامی داوالەسەرکراو بەبڕی ١٢٠,٠٠٠ دینار ئەژمار دەکرێت لە بەرواری دەرچوونی بڕیاری جیا بوونەوەیان لە ٢٠٢٤/٥/٧ لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١١/٣) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە ، چونکە ئەوە سەلمێنراوە کە پەیوەندی هاوسەری لە نێوان هەردوولای داواکە نەماوە بەوەش مافی داوالەسەرکراو بۆ وەرگرتنی بژێوی لە داواکار بە پێ ی بڕیارێکی پێشوو کۆتایی پێدێت لە ڕۆژی جیابونەوەوە ، بەوەش دادگا حوکمی داوە ، بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەزۆرینەی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/١١.

**ژمارە/ ١٠٠/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٢٢٩/ ش/٢٠٢٣ بەروار/ ٤/ ٣ /٢٠٢٥**

داواكار لەبەردەم دادگای باری كەسی (پشدەر) بانگەشەی كردووە بەو شێوەیەی كەلەتیانووسی داواكاریەكەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای كردووە حوكم بدرێت بۆی بە (جیا كردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەركراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو خەرجی داوا و كرێی ماندوو بوونی پارێزەری .

لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٠/٣١) بە بڕیاری ژمارە (٢٢٩/ش/٢٠٢٣) حوكمی داوە بە جیاكردنەوەی لایەنەكانی داوا وە ئەژمار دەكرێت بە لێكترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەكتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواكار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بكات تا كۆتایی هاتنی ماوەكە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەكە وە كەم كردنەوەی ڕێژەی ٥٠٪ لە مارەیی پاشەكی داواكار لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكاری داواكار بە بڕی سەد هەزار دینار .

بەڵام پێداچووكار ئەندامی داواكاری گشتی بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی پێشكەشكراو لە (٢٠٢٤/١١/٦) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، هەروەها داوالەسەركراو – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١١/١٠) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندكرنی تانەی پێشكەشكراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی كرا كە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆكارانەی كە تیایدا ئاماژەیان پێكراوە ، وە دەرچووە بە پەیرەو كردنی سەرجەم مەرجەكانی هەردوو مادەی (٤١ و ٤٢) لە یاسای باری كەسی هەمواركراو ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەند كردن (تصديق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد كردنەوەی تانەكەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووكارەوە ، ئەم بڕیارەش بەكۆی دەنگ دەركرا لە ٢٠٢٥/٣/٤.

**ژمارە/ ١٠١/ دەستەی باری كەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٢٩٩٨/ ش/٢٠٢٢ بەروار/ ١١/ ٢ /٢٠٢٥**

داواكار لەبەردەم دادگای باری كەسی (سلێمانی) بانگەشەی كردووە بەو شێوەیەی كەلەتیانووسی داواكاریەكەیدا ئاماژەی پێداوە، وەداوای كردووە حوكم بدرێت بۆی بە (پابەند كردنی داوالەسەركراو بە گەڕاندنەوەی منداڵەكانی بۆ ئامێزی خۆی) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو خەرجی داوا و كرێ ی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٣/٣/٣٠) بە بڕیاری ژمارە (٢٩٩٨/ ش/٢٠٢٢) حوكمی داوە ڕەد كردنەوەی داوای داواكار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكارانی داوالەسەركراو بە بڕی سەد هەزار دینار . وە دانانی كچەكانی هەریەك لە (ل/ و/ ئ) لە خانەی نەوجەوانانی كچان لە سلێمانی ، وە دانانی كوڕەكەی (ئ) لە ماڵی منالآنی كوڕان لە سلێمانی . بەڵام داوالەسەركراو – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٣/٤/١) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات، هەروەها داواكار – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٣/٤/٦) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات . دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (٦٢١/ دەستەی باری كەسی/٢٠٢٣) دەرچوو لە (٦/ ٦ /٢٠٢٣) بڕیاری تانەلێدراوی هەڵوەشاندۆتەوە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/٧/٤) بە بڕیاری ژمارە (٢٩٩٨/ ش/٢٠٢٢) حوكمی داوە بە ١/ ڕەد كردنەوەی داوای داواكار بۆ گەڕاندنەوەی منداڵەكەی (ل) لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكارانی داوالەسەركراو بە بڕی سەد هەزار دینار . ٢/ پابەند كردنی داوالەسەركراو بە گەڕاندنەوەی منداڵەكەی (ل) بۆ ئامێزی كەسانی سێیەم بۆ ڕوون كردنەوە (ص/ ش/ ص/و/ ز/ ح/ع) كە نەنك و باپیری منداڵەكەن . ٣/ پابەند كردنی داوالەسەركراو بە گەڕاندنەوەی منداڵەكانی (ئ/ و/ ئ) بۆ ئامێزی داواكار . بەڵام داوالەسەركراو – پێداچووكار بەو بڕیارە

ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/٧/١٠) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات. بەڵام داوالەسەرکراو – داواکاری دەستێوەردانی پێداچوونەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/٢) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ ، تێبینی کرا کە بڕیاری دادگای پێداچونەوەی هەرێمی کوردستان بە ژمارە (٩٦٦/د.باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لەڕۆژی ٢٠٢٤/١٠/٨ تەنها شیاوی تانەلێدانە بە شێوەی داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە ، وە ئەم شێوەیە لە تانەدان (دەستوەردانی پێداچونەوە) هیچ پشتیوانیەکی یاسایی نیە بنەما لەسەر ئەوەی سەرەوە بڕیار درا بە ڕەدکردنەوەی داواکاری دەستوەردانی پێداچوونەوە (طلب التدخل التمييزي) لە ڕووی شێوەوە (شكلاً) وە خستنە ئەستۆی داواکاری دەستوەردان ڕەسمی وەرگیراو ، وە تێبینی کرا داواکاری پێشکەشکراو شێوازێکی نایاسایی یە کە بریکارانی داوالەسەرکراو گرتویانەتە بەر وە ئەم جۆرە تانەیە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە لایەنەکانی دۆسیەکەو سەرقاڵ کردنی دادگاو دواخستنی یەکلاکردنەوەی دۆسیەکانە بۆیە بڕیار درا بە ئاگادارکردنەوە (تنويه) ی بریکارانی داواکاری دەستوەردان (پارێزەر/ ک/ ح/م/ و/ گ/ ئ/ ح/س) لەسەر پێویستی ووردی (الدقة) لە پێشکەشکردنی داواکاری و تانەکاندا وە ئەو تیانووسانەی کە پێشکەشیان دەکەن لە داهاتودا لە ڕووی شێوەوە ڕەچاوی ڕێکارەکانی تانەلێدان بە پێ ی یاسا بەرکارەکانی تیابکەن ، ئەم بڕیارەش دەرکرا بە کۆی دەنگ لە ٢٠٢٥/٢/١١.

| **ژمارە/ ١٠٢/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥** | **ژمارەی داوا/٢٦٣/ ش/٢٠٢٣** | **بەروار/ ١١/ ٢ /٢٠٢٥** |
|---|---|---|

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بەپێدانی بڕی ١٥٠٠٠٠٠٠ پانزە ملیۆن دینار وەکو قەرەبووی تەڵاقی نارەوا) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/٢٦) بە بڕیاری ژمارە (٢٦٣/ ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە ١.پابەند کردنی داوالەسەرکراو بەپێدانی بڕی (٤٦٨٠٠٠٠) دینار بە داواکار وەکو قەرەبووی تەڵاقی نارەوا لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . ٢. ڕەد کردنەوەی داوای داواکار بە زیادەی داواکراو لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە ، چونکە ئەوە سەلمێنراوە کە داوالەسەرکراو بە شێوەیەکی (تعسفی) داواکاری هاوسەری تەڵاقداوە وە بەوەش ناوبراو شیاوی قەرەبووە بە پێ ی شەرع و یاسا ، وە بڕی قەرەبووش لەڕێ ی شارەزای دادوەریەوە دیاریکراوە گونجاوە لەگەڵ باری داوایی داوالەسەرکراو ، بۆیە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصديق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/١١.

| **ژمارە/ ١٠٣/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥** | **ژمارەی داوا/١٣٦/ ش/٢٠٢٤** | **بەروار/ ١١/ ٢ /٢٠٢٥** |
|---|---|---|

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سۆران) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داواکە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٠/٢٨) بە بڕیاری ژمارە (١٢٦/ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواکار بەبڕی ١٥٠,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٣/١١/٢٥ تاکو ٢٠٢٤/٢/٢٠ وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بەهەمان بڕ وە ڕێگەدان بە داواکار بەوەرگرتنی بڕی بژێوی منداڵەکەی و خەرج کردنی بۆ پێداویستیەکانی لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١١/٤) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونکە چونکە داواکار نەیتوانیوە بیسەلمێنێت کە داهاتی داوالەسەرکراوی مێردی مانگانە لە (٢٥٠٠٠٠) دووسەدو پەنجا هەزار دینار زیاترە ، بنەما لەسەر ئەوە خەمڵاندنی بژێوی مانگانە بۆ داواکار بە (١٥٠٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار دینار زیادەڕۆیی تێدایە، دەبوو دادگا پەنا بۆ شارەزایانی تر ببات بە مەبەستی خەمڵاندنەوەی بژێوی شایستە بە هاوسەنگی لە نێوان داهاتی سەلمێنراو وە پێداویستی داواکار بەو مەرجەی لە بژێوی نەدار (اعسار) کەمتر نەبێت ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/١١.

**ژمارە/ ١٠٤/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٤٣٧/ ش/٢٠٢٢ بەروار/ ٩/ ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سۆران) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە ڕێگری نەکردنی لە بینینی منداڵەکانی (ب/ و /ص)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٣/١٠/٩) بە بڕیاری ژمارە (٤٣٧/ ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە ڕێگری نەکردنی داواکار لە بینینی منداڵەکانی (ب/ و /ص) ٢ جار لە مانگێکدا هەر جارە و بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٣/١٠/١٥) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات . دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (٩٠/د.باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (٢٠٢٤/٢/١٢) بڕیاری تانەلێدراوی هەڵوەشاندۆتەوە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٠/٩) بە بڕیاری ژمارە (٤٣٧/ ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە ڕێگری نەکردنی داواکار لە بینینی منداڵەکانی (ب/ و/ ص) ٣ جار لە مانگێکدا هەر جارە و بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر لە پێنج شەممەی یەکەم و دووەم و سێیەمی هەموو مانگێکدا ، لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد و پەنجا هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٠/١٦) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە بە درێژی تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، چونکە دەرچوە بە پەیڕەو کردنی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دەرچوولەم دادگایە بە ژمارە (٩٠/ د.باری

کەسی/۲۰۲٤) دەرچوو لە (۲۰۲٤/۲/۱۲) . بۆی بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ۲۰۲٥/۲/۹.

**ژمارە/ ۱۰٥/ دەستەی باری کەسی/۲۰۲٥ ژمارەی داوا/ ۲۸۲/ ش/۲۰۲٤ بەروار/ ۱۱/ ۲ /۲۰۲٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سیدصادق) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیا کردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (۲۰۲٤/۱۰/۲۱) بە بڕیاری ژمارە (۲۸۲/ ش/۲۰۲٤) حوکمی داوە بە جیاکردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواکار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە وە کەم کردنەوەی ڕێژەی ۳۰٪ لە مارەیی پاشەکی داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (۲۰۲٤/۱۰/۲۹) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، وە دەرچووە بە پەیڕەو کردنی سەرجەم مەرجەکانی هەردوو مادەی (٤١ و ٤٢) لە یاسای باری کەسی هەموارکراو ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ۲۰۲٥/۲/۱۱.

**ژمارە/ ۱۰۷/ دەستەی باری کەسی/۲۰۲٥ ژمارەی داوا/۱۲٦٦/ ش/۲۰۲٤ بەروار/ ۱۱/ ۲ /۲۰۲٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (کەلار) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیاکردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی کێشە و ناکۆکی) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (۲۰۲٤/۱۱/۱۰) بە بڕیاری ژمارە (۱۲٦٦/ ش/۲۰۲٤) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (۲۰۲٤/۱۱/۲٤) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی هەردوو تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایەو پێش وەختە، چونکە پێویستە دادگا داواکار ڕاسپێرێت بە سەلماندنی داواکەی بە بەڵگەی یاسایی بڕواپێکراو ، دواتر هەردوولا هەواڵەی توێژەری کۆمەڵایەتی بکات بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی وە زانینی ڕێژەی ناکۆکی نێوان هەردوولا وە هەوڵی چارەسەرکردن و پێک هێنانەوەیان ، پاشان بڕیاردان لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی بۆی ڕوون دەبێتەوە ، لەسەر ئەوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ مەبەستی ئەوەی

سەرلە نوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە و هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام ، ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/١١.

**ژمارە/ ١٠٨/ دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/١٠٩٩/ش/٢٠٢٣ بەروار/ ١٧/ ١١ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (کەلار) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە گەڕاندنەوەی منداڵەکەی (أ) بۆ ئامێزی خۆی) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١٥) بە بڕیاری ژمارە (١٠٩٩/ ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١٦) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـــتەیە بە بڕیاری ژمارە (١٧٣/دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥) دەرچوو لە (٢٥/ ٢ /٢٠٢٥) بڕیاری تانەلێدراوی پەسەند کردووە . داواکاری ڕاستکردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٩/٢٨) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو دەرچووە لەم دادگایە بە ژمارە (١٧٣/دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥) دەرچوو لە ( ٢٥/ ٢ /٢٠٢٥) پێداچووکاری ناوبراو تانەی لێداوە دوای شەش مانگ لە دەرچوونی بڕیارەکە بە داواکاری ڕاستکردنەوە بە پێ ی تیانوسی بارمتەلێدراو لە ڕۆژی ٢٠٢٥/٩/٢٨ ، بەمەش تانەکە دەکەوێتە دەرەوەی ماوەی یاسایی یەوە بە پێ ی مادەی (٢٢١) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو وە تێپەڕاندنی دەبێتە هۆی لەدەستدانی مافی تانەلێدان بنەما لەسەر مادەی (١٧١) لە یاسای ئاماژەبۆکراو . لەبەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لە ڕووی شێوەوە (شكلاً) وە تۆمارکردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەک داهات بۆ گەنجینەی هەرێم . ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ڕۆژی ٢٠٢٥/١١/١٧ .

**ژمارە/ ١١٠/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٩٠٣/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١١/ ٢٠٢٥/٢**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پەسەند کردنی تەڵاقی دەرەکی نێوانیان لە بەرواری (٢٠٢٤/١/٢٨)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/١٩) بە بڕیاری ژمارە (٩٠٣/ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ١/ پەسەند کردنی تەڵاقی دەرەکی دراو لە (٢٠٢٤/١/٢٨) دانانی بە تەڵاقی گەڕاوە گۆڕاوە بۆ لێکترازانی بچووك وە بۆیان نیە بگەڕێنەوە بۆ لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت وە پێویست نیە لەسەر داوالەسەرکراو پابەندی (عدە) ی شەرعی بێت بە هۆی کۆتایی هاتنی ماوەکە وە بۆی نیە شوو بکاتەوە بە پیاوێکی تر تا وەرگرتنی پلەی کۆتایی بڕیارەکە . ٢/ ڕەد کردنەوەی داوای داوالەسەرکراو سەبارەت بە مانەوەی لە خانووی داواکار وە پاراستنی هەموو مافە شەرعی و یاساییەکانی داوالەسەرکراو ، لەگەڵ خستنە ئەستۆی داواکار ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١١/٢٦) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری دادگا لە داوای بنەڕەتی بە پەسەند کردنی تەڵاقی دەرەکی بانگەشەبۆکراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە بە هۆی سەلماندنی بەو شێوەیەی لە تیانووسی داواکەدا هاتووە ، سەبارەت بە بڕگەی (دووەم) لە بڕیارەکە بە ڕەدکردنەوەی داوای داوالەسەرکراو (پێداچووکار) بۆ نیشتەجێ بوون لە ماڵی هاوسەری بە پێ ی یاسای ژمارە (٧٧) ی ساڵی١٩٨٣ بە هەمان شێوە ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە ، چونکە ئەوە سەلمێنراوە کە داوالەسەرکراو بە شێوەیەکی سەربەخۆ شوقەیەکی تۆمارکراوی بە ناوی خۆیەوە هەیە ، بنەما لەسەرئەوە بڕیار درا بە پەسەندکردن (تصديق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/١١.

**ژمارە/ ١١١/ دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٥٠١٣/ ش/٢٠٢٣ بەروار/ ٢٣/ ١١ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی/٢) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیا کردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری .
لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٧/٧) بە بڕیاری ژمارە (٥٠١٣/ ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/٧/٢٠) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســــتەیە بە بڕیاری ژمارە (١٠٥٧/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥) دەرچوو لە (١٥/ ٩ /٢٠٢٥) بڕیاری تانەلێدراوی ڕەد کردۆتەوە لە ڕووی شێوەوە . داواکاری ڕاستکردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١٠/٢٦) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-
بـڕیـــــار:-
پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەشکراو بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) دەکەوێتە ماوەی یاسایی یەوە ، تێبینی کرا بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دادگایە کە داوای ڕاستکردنەوەی کراوە ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە ، چونکە تیانوسی پچڕاندنی ماوەی پێداچوونەوە لە ٢٠٢٥/٧/١٦ پێشکەشکراوە بەڵام لە ٢٠٢٥/٧/٢٠ ڕەسمی پێداچوونەوە دراوە ، بەوەش تانەکە لەدەرەوەی ماوەی یاسایی دا بووە بەو هۆکارە ڕەد کراوەتەوە ، بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لەگەڵ تۆمارکردنی بڕی بارمتەی وەرگیراو وەک داهات بۆ گەنجینەی هەرێم ، ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ڕۆژی ٢٠٢٥/١١/٢٣.

**ژمارە/ ١١٢/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٤٣/ م/٢٠٢٤ بەروار/ ١١/ ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای مەوادی کەسی (عەنکاوە) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پەسەند کردنی پوچەڵکردنەوەی هاوسەرگیری) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داواکە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١) بە بڕیاری ژمارە (٤٣/ م/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە پەسەند کردنی پوچەڵکردنەوەی هاوسەرگیری نێوان داواکار و داوالەسەرکراو بڕیار لێدراو بەپێی یاسا و ڕێنمایی کەنیسەی (المشرق الآشورية) لە بەرواری ٢٠٢٤/٦/٢٤ لەگەڵ خستنە ئەستۆی داواکار و داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/٤) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-
بـڕیـــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ وە پەسەند کردنی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو بە پەسەند کردنی پوچەڵکردنەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری (بطلان تصدیق عقد الزواج) نێوان هەردوولای داواکە ڕاستەو پابەندی یاسا و شەرعی تایەفەی ئاشوریە لە ئایینی مەسیحی (کە تایەفەی هەردوولایەنە) ، چونکە بە پێ ی هەردوو نوسراوی دادگای کەنیسەی (المشرق الأشورية) لە هەولێر بە ژمارەکانی (٤ و ١٥) لە ٢٠٢٤/١٠/٥ وە ٢٠٢٤/١١/٩ گرێبەستی هاوسەرگیری نێوانیان بە ژمارە (١٥٤) دەرچوو لە دادگای مەوادی کەسی عەنکاوە لە ٢٠١٣/٩/٢٤ بە پێ ی ڕێکارە شەرعیەکانی کەنیسە پوچەڵ کراوەتەوە ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تیانوسی پێداچوونەوە و لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە . ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرچوو لە ٢٠٢٥/٢/١١ .

**ژمارە/ ١١٢/ دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/١٠٧٨/ ش/٢٠٢٠ بەروار/١١/٢٣/ ٢٠٢٥**

داواكار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری. لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/٩/٩) بە بڕیاری ژمارە (١٠٧٨/ش/٢٠٢٠) حوكمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواکار بەبڕی ٣٠٠,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٠/١/١١ تاكو ٢٠٢٠/٢/٢٦ وە بە شێوەیەكی بەردەوام مانگانە بەهەمان بڕ وە ئەژمار کردنی بڕی ١٢٠,٠٠٠ دینار وەك بژێوی کاتی كە داواکار پێشتر وەریگرتووە . لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/٩/١٩) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات. دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (١٣٣٢/دەستەی باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (٢٠٢٤/١١/٢٦) بڕیاری تانەلێدراوی هەڵوەشاندۆتەوە. لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٥/٢٨) بە بڕیاری ژمارە (١٠٧٨/ ش/٢٠٢٠) حوكمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواکار بەبڕی ٢٥٠,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٠/١/١١ تاكو ٢٠٢٤/١٠/١٠ وە بە شێوەیەكی بەردەوام مانگانە بەهەمان بڕ وە ئەژمار کردنی بژێوی کاتی بە بڕی ١٢٠,٠٠٠ دینار وەك بەشێك لەم بڕگەیە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/٦/١٠) تیادا داوای هەڵوەشـــــاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، دوای ووردبینی و گـفـتـوگــۆ ئەم دەســـتەیە بە بــڕیاری ژمارە(٨٦١/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥) دەرچوو لە (٢١/ ٧ /٢٠٢٥) بڕیاری تانەلێدراوی ڕەد کردۆتەوە لە ڕووی شێوەوە . داواکاری ڕاستکردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١٠/١٣) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەشکراو بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) دەکەوێتە ماوەی یاسایی یەوە وە هۆکارەکانی دەگرێتە خۆ ، هەروەها تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراوی ئەم دادگایە بە ژمارە (٨٦١/د.باری کەسی/٢٠٢٥) دەرچوو لە ٢٠٢٥/٧/٢١ بە ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە بە هۆکاری ئەوەی دەکەوێتە دەرەوەی ماوەی یاسایی یەوە بابەتی داواکاری ڕاستکردنەوە ناڕاستەو سەرپێچی (خرق) ی یاسایی تیایە چونکە تانەی پێداچوونەوە لە یەکەم ڕۆژی دەوامی فەرمی دوای پشوو پێشکەش کراوە بڕیار درا بە ڕاستکردنەوەی بڕیاری ئاماژەبۆکراومان لەسەرەوە بە پەسەند کردنی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە (شكلاً) ، وە دوای

ووردبینی لە بڕیاری دادگای باری کەسی هەولێر بە ژمارە (١٠٧٨/ش/٢٠٢٠) دەرچوو لە ٢٠٢٤/٩/٩ دەرکەوت کە بڕیارێکی ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە ، چونکە دەرچوە بە پەیڕەو کردنی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دەرچوولەم دادگایە بە ژمارە (١٣٣٢/د.باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (٢٠٢٤/١١/٢٦) ، لەبەر ئەو هۆکارانەی کە لەسەرەوە باسکراون وە بنەما لە سەر مادەی (٢١٩/أ/٢) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو بڕیار درا بە ڕاستکردنەوەی بڕیارمان ژمارە (٨٦١/د.بارێکەسی/٢٠٢٥) دەرچوولە ٢٠٢٥/٧/٢١ وەپەسەندکردن (تصديق) ی بڕیاری دادگای باری کەسی هەولێر بە ژمارە (١٠٧٨/ش/٢٠٢٠) دەرچوو لە ٢٠٢٤/٩/٩ وە لە ڕووی بابەتەوەو ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە وە خستنە ئەستۆی پێداچووکار ڕەسمی پێداچوونەوە لەگەڵ گەڕاندنەوەی بڕی بارمتەی وەرگیراو لە داواکاری ڕاستکردنەوە بۆی ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥ /١١/٢٣ .

**ژمارە/ ١١٤/ دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٦٨٣١/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ٣٠/ ١١ /٢٠٢٥**

داواکار (ز/ ف/ ب) لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیا کردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێ ی ماندوو بوونی پارێزەری . لەڕۆژی (٢٠٢٥/٦/١) داوالەسەرکراو داواکاریەکی پێشکەشی دادوەری دادگای باری کەسی ئاماژەبۆکراو لەسەرەوە بەڕێز (م/ س/ ص) کردووە داوای ڕەد کردنەوەی کردوە لەبەر ئەو هۆکارەی لە داواکاریەکەیدا هاتووە ، دادوەری ناوبراویش داواکاریەکەی هاوپێچ لەگەڵ دۆسیەکەو ڕای خۆی لەسەر داواکاریەکە ناردوە بۆ ئەم دادگایە ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (٨٤٨/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥) دەرچوو لە (٢١/ ٧ /٢٠٢٥) داوای داواکاری ڕەد کردنەوەی دادوەری ڕەد کردۆتەوە . داواکاری ڕاستکردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٨/٢٧) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-
بـڕیــــار:-
پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێشکەشکراو بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) لەسەر بڕیاری ئەم دادگایە بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕەدکردنەوەی دادوەر (رد القاضي) ، لە کاتێکدا تانەی داواکاری ڕاستکردنەوە تەنها ئەو بڕیارانەی پێداچوونەوە دەگرێتەوە کە لەسەر بابەتی داواکانن بە پەسەند کردن (تصديق) ی بڕیاری تانەلێدراوی کردوە یان پاش هەڵوەشاندنەوە یەکلایی کراوەتەوە ، وە بڕیاری ئاماژەپێکراو بابەتی داواکاری بەردەست شیاوی تانەلێدان بە ڕاستکردنەوە نیە بنەما لەسەر مادەی (١/٢١٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموار کراو ، بۆیە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لە ڕووی شێوەوە (شکلاً) وە تۆمارکردنی بارمتەی وەرگیراو وەک داهات بۆ گەنجینەی هەرێم ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/١١/٣٠.

**ژمارە/ ١١٥/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٨٩٣/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١١ / ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (کەلار) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/٢٨) بە بڕیاری ژمارە (٨٩٣/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواکار بەبڕی ١٠٠,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٤/٧/١٢ تاکو ٢٠٢٤/٨/٣ وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بەهەمان بڕ وە هەژمار کردنی بژێوی کاتی بە بڕی ١٠٠,٠٠٠ دینار کە داواکار وەریگرتووە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی

پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/٨) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە، چونکە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە ئەوە سەلمێنراوە کە داوالەسەرکراو بژێوی داواکاری ژنی نەکێشاوە لەو ماوەیەی کە حوکمی پێدراوە ، لەبەر ئەوە داواکار شایستەی بژێویە لە ڕۆژی نەکێشانیەوە لەلایەن داوالەسەرکراوی مێردیەوە ، وە بڕی بژێوی خەمڵێنراویش لەڕێ ی شارەزای دادوەریەوە بە ڕەچاوکردنی مادەکانی (١٣٣-١٤٤) لە یاسای سەلماندن گونجاوە لەگەڵ باری دارایی داوالەسەرکراو ، بۆیە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/١١.

**ژمارە/ ١١٦/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/١٢٨٩/ ش/٢٠٢٣ بەروار/ ١١/ ٢/ ٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (کەلار) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیا کردنەوەی دادوەری لەگەڵ داوالەسەرکراو) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داواکە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/١٠) بە بڕیاری ژمارە (١٢٨٩/ ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە جیاکردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داوالەسەرکراو پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێ ی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/٤) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ دەکروت کە  تانەی پێشکەشکراو دەکەوێتە دەرەوەی ماوەی یاسایی یەوە بۆیە بڕیاردرا بە ڕەد کردنەوەی لە ڕووی شێوەوە (شکلاً) لەگەڵ خستنە ئەستۆی پێداچووکار ڕەسمی پێداچوونەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی بابەتی داواکە پەیوەندیدارە بە حەڵاڵ و حەرامەوە بڕیار درا بە بینینی ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە چونکە دەبوایە دادگا لێکۆڵینەوەی زیاتری بکردایە لەسەر بانگەشەی داواکار بەوەی داوالەسەرکراوی ژنی پابەندیەکانی هاوسەرگیری بەجێ نەهێناوە ، وە بۆ ئەو مەبەستە پێویستە شارەزایەکی بواری تەکنەلۆجیای زانیاری دیاری بکات بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەو نامانەی مۆبایل کە وێنەیان پێشکەشکراوە ، وە بزانرێت ئایا ئەوە لە مۆبایلی داوالەسەرکراودا بونیان هەیە یان پارێزراون ، هەروەها پرسیار لە داواکار بکرێت لەسەرئەوەی ئایا سکاڵای یاسایی دژی داوالەسەرکراو جوڵاندوە یان نا ، دواتر بڕیاردان لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی بۆی ڕوون دەبێتەوە ، وە لەبەر ئەوەی دادگا بڕیاری دەرکردوە بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی ئاماژەی پێدراوە لەسەرەوە بڕیاردرا بە هەڵوەشاندنەوە (نقض)ی وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/١١.

**ژمارە/ ١١٧/ دەستەی باری کەسی - ڕاستکردنەوە /٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٩١٩/ ش/٢٠٢٥ بەروار/ ٢/ ١٢/ ٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (زاخۆ) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (دەرهێنانی داوالەسەرکراو دابەشنامەی شەرعی ژمارە ٢٠٢٤/٥٧٨ لە ٢٠٢٤/١١/١٢) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێ ی

ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٨/١٠) بە بڕیاری ژمارە (٩١٩/ ش/٢٠٢٥) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/٨/١٨) تیایدا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (١١١٩/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥) دەرچوو لە (٢٩/ ٩ /٢٠٢٥) بڕیاری تانەلێدراوی هەڵوەشاندۆتەوە . داواکاری ڕاستکردنەوە بەو بڕیارە ڕازی نەبووە تانەی لێداوە بە داواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە بە پێ ی تیانووسی بارمتە لێدراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١١/٥) پاش گەیشتنی تیانووسی ڕاستکردنەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش ووردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کەتانەی پێشکەشکراو بەداواکاری ڕاستکردنەوەی بڕیاری پێداچوونەوە (طلب تصحيح القرار التمييزي) لەسەر بڕیاری ئەم دەستەیە بە ژمارە (١١١٩/دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ لە ٢٠٢٥/٩/٢٩) کە بڕیاری دادگای باری کەسی لە (زاخۆ) بە ژمارە (٩١٩/ش/٢٠٢٥ لە ٢٠٢٥/٨/١٠) هەڵوەشاندۆتەوە ، وە تانەی داواکاری ڕاستکردنەوە تەنها ئەو بڕیارانەی پێداچوونەوە دەگرێتەوە کە بڕیاری تانە لێدراوی پەسەند (تصديق) کردوە یان پاش هەڵوەشاندنەوە یەکلایی کراوەتەوە ، وە بڕیاری ئاماژە پێکراو شیاوی تانە لێدان بە ڕاستکردنەوە نیە بنەما لەسەر مادەی (١/٢١٩) لەیاسای دادبینی شارستانی هەموار کراو ، بۆیە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی داواکاری ڕاستکردنەوە لە ڕووی شێوەوە (شكلاً) وە تۆمار کردنی بارمتەی وەرگیراو وەك داهات بۆ گەنجینەوەی هەرێم . ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرچوو لە ٢٠٢٥/١٢/٢ .

**ژمارە/ ١١٧/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٦٦/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١١/ ٢/ ٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (پشدەر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (سەلماندنی هاوسەرگیری لەگەڵ داوالەسەرکراو وە جیاکردنەوەیان پێش گواستنەوە بە هۆکاری ئارەزومەند نەبوون (عدم الرغبه)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٠/٣٠) بە بڕیاری ژمارە (٦٦/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ١/ سەلماندنی هاوسەرگیری نێوان داواکار و داوالەسەرکراو لە بەرواری ٢٠٢١/٦/٢١ لەسەر مارەیی پێشەکی ١٥ مسقال زێڕ عیار ٢١ وەنەگیراو وە پاشەکی ١٠ مسقال زێڕ عیار ٢١ لە کاتێکدا داواکار باری هاوسەری کچە وە داوالەسەرکراویش کوڕە . ٢/ جیاکردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواکار پابەند نیە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە بە هۆی نەگواستنەوەی بۆ ماڵی هاوسەری وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١١/٧) تیایدا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە ، چونکە ئەوە سەلمێنراوە کە هەردوولای داواکە لە دەرەوەی دادگا هاوسەرگیریان کردوەو پێش گواستنەوە داواکار (ژن) داوای جیابونەوەی کردوە بنەما لەسەر مادەی (٤٣/دووەم) لە یاسای باری کەسی هەموارکراو وە داواکار ئامادەیی دەربڕیوە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو تێچونەوەی(مصاريف)کە داوالەسەرکراو لە هاوسەرگیریەکەدا سەرفی کردوون ، وە بڕی تێچوونی سەلمێنراوی لە سندوقی دادگا بۆ بەرژەوەندی داوالەسەرکراو داناوە ، بۆیە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصديق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و

لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/١١.

**ژمارە/ ١١٨/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٣٣٤/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١١/ ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (شارەزوور) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (بڕینی بژێوی بەردەوامی داوالەسەرکراو) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/٢٦) بە بڕیاری ژمارە (٣٣٤/ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە بڕینی بژێوی بەردەوامی داوالەسەرکراو بە بڕی ١٣٠,٠٠٠ دینار وە بەرواری بڕینەکەش لە بەرواری تۆمار کردنی داواکە دەبێت لە ٢٠٢٤/٧/٢٨ لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/٨) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە ، چونکە بە دانپیانانی بریکاری داوالەسەرکراو ئەوە سەلمێنراوە کە داوالەسەرکراو تەمەنی (١٨) ساڵی تەواوکردوەو خوێندکار نیە وە هیچ بەڵگەیەک نەخراوەتە ڕوو بیسەلمێنێت کە (عاجز) ە لە کارکردن و دابینکردنی بژێوی خۆی وە داوای داواکار بۆ بڕینی بژێوی حوکمدراو بە بڕیارێکی پێشوو لەگەڵ دەقی مادەی (١/٥٩) لە یاسای باری کەسی یەک دەگرێتەوە ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصديق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تیانوسی پێداچوونەوە و لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە . ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/١١.

**ژمارە/ ١١٩/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٢٥/ ش - أعتراچیە/٢٠٢٤ بەروار/ ١١/ ٢ /٢٠٢٥**

ناڕازیکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (شارەزوور) داوای هەڵوەشاندنەوەی حوکمی پاشملەی ژمارە (٢٥/ ش/٢٠٢٤ لە ٢٠٢٤/٤/٢٥) کردووە کە حوکمی داوە بە جیاکردنەوەی داواکار و داوالەسەرکراو بەهۆی زیان گەیاندن وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواکار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بكات تا كۆتایی هاتنی ماوەكە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار. لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/٢٨) بە بڕیاری ژمارە (٢٥/أعتراضية/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی نارەزایی ناڕازیکار و دووپات کردنەوەی حوکمی پاشملەی ژمارە (٢٥/ ش/٢٠٢٤ لە ٢٠٢٤/٤/٢٥) لەگەڵ خستنە ئەستۆی ناڕازیکار - داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری ناڕازی لەسەرکراو - داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام ناڕازیکار - داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/٨) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، وە بە پێ ی ئەو بەڵگانەی پێشکەشی دادگای کردون لە قۆناغی دادبینی پاشملە وە پاش زاڵکردنیان بەسەر بەڵگەی بەرپەرچدانەوەی پێشکەشکراو لەلایەن ڕێلێگر (المعترض) سەلمێنراوە کە داوالەسەرکراو زیانی بە

داواکاری ژنی گەیاندووە لەڕێ ی لێدان وسوکایەتی پێکردنی بە شێوەیەک بەردەوامی دان بە ژیانی هاوسەریان ئاستەم بووە ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە . ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ۲۰۲۵/۲/۱۱.

**ژمارە/ ۱۲۰/ دەستەی باری کەسی/۲۰۲۵ ژمارەی داوا/۵۰۳۷/ ش/۲۰۲٤ بەروار/ ۱۱ / ۲ /۲۰۲۵**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (کەم کردنەوەی بژێوی منداڵەکانی هەریەك لە (ب/ و /س/ و/ ل) وە بڕینی کرێی دایەنی منداڵەکانی هەریەك لە (ب/ و/ ل)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (۲۰۲٤/۱۲/۳) بە بڕیاری ژمارە (۵۰۳۷/ ش/۲۰۲٤) حوکمی داوە بە ۱/ ڕەد کردنەوەی داوای داواکار سەبارەت بە کەم کردنەوەی بژێوی منداڵەکانی هەریەك لە (ب) لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . ۲/ بڕینی کرێی دایەنی داوالەسەرکراو بۆ منداڵ (بەهەند) . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (۲۰۲٤/۱۲/۱۲) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە ، چونکە نەسەلمێنراوە گۆڕانکاری وا لە باری دارایی داواکاردا ڕوبدابێت هۆکار بێت بۆ کەم کردنەوەی بڕی بژێوی بڕیار لەسەر دراو ، لە کاتێکدا ئەو بژێویەی کە پێشتر دیاری کراوە بە ڕێکەوتنی هەردوولا بووە، لە بەرامبەردا منداڵانی هەردوو لایەنی داواکە کە لە ئامێزی داوالەسەرکراودان گەورەتر بوون وە پێداویستیەکانیان زیادی کردوە وە داواکاری بۆ کەمکردنەوەی بژێوی بڕیار لەسەردراو بۆیان هیچ بنەمایەکی شەرعی و یاسایی نیە ، بۆیە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە وە خستنە ئەستۆی پێداچووکار ڕەسمی پێداچوونەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ۲۰۲۵/۲/۱۱.

**ژمارە/ ۱۲۱/ دەستەی باری کەسی/۲۰۲۵ ژمارەی داوا/۲۸۲۸/ ش/۲۰۲٤ بەروار/ ۱۷/ ۲/۲۰۲۵**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (مردنی وونبوو (د/ ج/ م)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (۲۰۲٤/۱۲/۸) بە بڕیاری ژمارە (۲۸۲۸/ش/۲۰۲٤) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (۲۰۲٤/۱۲/۱۸) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونکە بە پێ ی ئەو بەڵگانەی خراونەتە ڕوو برای داواکار بە ناوی (د/ج/ م) لە ساڵی (۱۹۹۷)ەوە دیار نیە و وون بووە وە هەواڵ لە وون بوونی دراوە لە ساڵی (۲۰۱۵) وە بە پێ ی دۆسیەی لێکۆڵینەوە هێنراو لە دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی/٦ وە ئاگاداری بە وون بوونی وە بۆ زانینی هەرهەواڵێک لەسەر ناوبراو لە ساڵی ۲۰۲۳ لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بڵاو کراوەتەوە ، بەمەش مەرجەکانی جێبەجێکردنی مادەکانی (۹۳-۹۵) لە یاسای چاودێری ناکامەکان لە داوای داواکاردا بوونی هەیە ،

وە لەبەر ئەوەی دادگا پێچەوانەی ئەوە بڕیاری داوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/١٧.

**ژمارە/ ١٢٢/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥　　　ژمارەی داوا/ ٤٢٧٩/ ش/٢٠٢٤　　　بەروار/ ١٧/ ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری. لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/٥) بە بڕیاری ژمارە (٤٢٧٩/ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواکار بەبڕی ١٣٨٣٢٥٠ دینار لەبەرواری ٢٠٢٣/٨/٥ تاکو ٢٠٢٤/٧/٧ وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بە بڕی ١٢٥,٠٠٠ دینار وە ئەژمار کردنی بژێوی کاتی کە داواکار وەریگرتوە وەك بەشێك لە بڕیارەکە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/٢٢) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە ، چونکە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە ئەوە سەلمێنراوە کە داوالەسەرکراو بژێوی داواکاری ژنی نەکێشاوە لەو ماوەیەی کە حوکمی پێدراوە ، لەبەر ئەوە داواکار شایستەی بژێویە لە ڕۆژی نەکێشانیەوە لەلایەن داوالەسەرکراوی مێردیەوە ، وە بڕی بژێوی خەمڵێنراویش لە ڕێ ی شارەزای دادوەریەوە بە ڕەچاوکردنی مادەکانی (١٣٣-١٤٤) لە یاسای سەلماندن گونجاوە لەگەڵ باری دارایی داوالەسەرکراو ، بۆیە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصديق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/١٧.

**ژمارە/ ١٢٣/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥　　　ژمارەی داوا/٣٤٩٠/ ش/٢٠٢٤　　　بەروار/ ١٨/ ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (سەلماندنی ڕەچەڵەکی بۆ کۆچکردوو (ع/ ر/ ر) وە دەرکردنی بەڵگەنامەی لەدایك بوونی لە ١٩٧٤/٩/٢٣) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/٢٥) بە بڕیاری ژمارە (٣٤٩٠/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/٤) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لە ڕووی ڕکابەری (خصومە)وە ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونکە چونکە داواکار داوای سەلماندنی ڕەچەڵەکی دەکات وە داوای لەسەر داوالەسەرکراو

وەك خۆی وە سەرەڕای میراتمیراتلێگیراوی ژنی (ع/ ر/ ر) تۆمار کردووە ، واتە ڕکابەری داوالەسەرکراو ئاڕاستە کراوە ، وە لەداوای پەیوەندیدار بە حەڵاڵ و حەرامەوە دەبێت ئەگەر کەم و کوڕی لە ڕووی ڕکابەرەیەوە هەبێت دادگا تەواوی بکات و لەڕووی بابەتیەوە یەکلایی بکاتەوە ، وە پێویستە دادگا میراتگرانی تری کۆچکردوو (ع/ ر/ ر) بهێنێتە ناو داواکە وەك کەسی سێیەم بۆ پاڵ داوالەسەرکراو پاش ئەوەی ڕەسمی داخل کردنیان لە داواکار وەردەگرێت ، دواتر لێکۆڵینەوە لە بانگەشەی داواکار بکات و بڕیاری یەکلاکەرەوە لە ڕووی بابەتیەوە دەربکات بەو پێیەی بۆی ڕوون دەبێتەوە ، لەبەر ئەوەی دادگای باری کەسی بڕیاری دەرکردوە بێ ڕەچاو کردنی ئەو خاڵانەی سەرەوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/١٨.

**ژمارە/ ١٢٤/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٤٩٤١/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٧/ ٢/ ٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیاکردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی کێشە و ناکۆکی) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/٩) بە بڕیاری ژمارە (٤٩٤١/ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ١/ پوچەڵ کردنەوەی تیانووسی داوای داواکار سەبارەت بە جیاکردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی کێشە و ناکۆکی بەهۆی چاوپۆشی کردنی . ٢/پەسەند کردنی تەڵاقی دەرەکی دراو لە (٢٠٢٣/٨/١٣) دانانی بە تەڵاقی گەڕاوە گۆڕاوە بۆ لێکترازانی بچووك وە بۆیان نیە بگەڕێنەوە بۆ لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت وە پێویست نیە لەسەر داواکار پابەندی (عدە) ی شەرعی بێت بە هۆی کۆتایی هاتنی ماوەکە وە بۆی نیە شوو بکاتەوە بە پیاوێکی تر تا وەرگرتنی پلەی کۆتایی بڕیارەکە ، وە مافی شەرعی و یاسایی نیە بە هۆی لێخۆش بوونی . ٣/ ڕەد کردنەوەی داوای داواکار سەبارەت بە تەڵاقی دووەم لە بەرواری ٢٠٢٣/٨/٢٣ . لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١٨) تیایدا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی تیایدا ئاماژەیان پێدراوە ، وە بە پێ ی بەڵگەی کەسی پێشکەشکراو لەلایەن داواکارەوە ئەوە سەلمێنراوە کە داوالەسەرکراو لە دەرەوەی دادگا لە ڕۆژی ٢٠٢٤/٨/١٣ داواکاری ژنی تەڵاق داوە بە شێواز (صیغة) شەرعیەکەی ، بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەندکردن (تصدیق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە . ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/١٧.

**العدد / ١٢٥/ هيئه الاحوال الشخصيه/ ٢٠٢٥ رقم الاچباره/ ٣٣٤٠ / ش/٢٠٢٤ التأريخ / ١٨/ ٢/ ٢٠٢٥**

لإدعاء المدعي لدى محكمة الأحوال الشخصية في (السليمانية) بان المدعى عليها هي والدة ابنائه القاصرين كل من (م/ و/ ل) وسبق وان اصدرت هذه المحكمة قرارها المرقم (٢٨٤٧/ش/٢٠٢٢) في (٢٠٢٣/٢/١٦) يقضي ( بالزام المدعى عليها (س/ ا/ ع) بتمكين المدعي ( ره وه ند حسين علي) من مشاهدة ابنائه القاصرين ( م/ و/ ل) مرتين في كل شهر ومن الساعة (العاشرة) صباحا الى الساعة (الخامسة) مساءً من يوم الجمعة من الاسبوع الاول والثالث من الشهر ....الخ) وتبين بان القرار اكتسب الدرجة القطعية .لذا طلب دعوة المدعى عليها للمرافعة و الحكم (بألزامها بزيادة مدة المشاهدة المفروضة عليها ) و تحميله المصاريف و أتعاب المحاماة . و نتيجة المرافعة الحضورية العلنية أصدرت محكمة الأحوال الشخصية في السليمانية بالعدد

٣٣٤٠/ش/٢٠٢٤بتأريخ ٢٠٢٤/١٢/٣حكماً حضورياً قابلاً للتمييز يقضي بازدياد مدة المشاهدة في القرار المرقم ٢٨٤٧/ش/٢٠٢٢) في (٢٠٢٣/٢/١٦) وجعله بالزام المدعى عليها (س/ ا/ ع) بتمكين المدعي (ر/ ح/ ع) من مشاهدة ابنائه القاصرين كل من (م/ و /ل) مرة في كل الاسبوع ولمدة (٩) تسع ساعات متواصلة من ايام الجمعة مع اصطحابهم معه في كل مرة على ان تحدد مكان استلام وتسلم الطفلين من قبل السيد منفذ العدل في السليمانية وعلى المدعى عليها احضار المحضونين في الزمان والمكان المحددين على ان لا يبيت المحضونين الا عند حاضنتهما المدعى عليها. و تحميل المدعى عليها المصاريف و أتعاب المحاماة لوكيل المدعي مبلغاً قدره مائة الف دينار . و لعدم قناعة المدعي بالحكم المذكور بادرالى الطعن فيه تمييزاً طالبا نقضه بموجب العريضة التمييزية المدفوع عنها الرسم القانوني بتأريخ ٢٠٢٤/١٢/٥. و لدى ورود الأضبارة الى هذه المحكمة سجلت ووضعت قيد التدقيق و المداولة :.

القرار/

لدى التدقيق والمداولة تبين أن الطعن التمييزي مقدم ضمن المدة القانونية قرر قبوله شكلاً ولدى عطف النظر على الحكم المميز وجد أنه غير صحيح ومخالف لأحكام الشرع و القانون لانه ثبت من تحقيقات المحكمة عدم تضرر المحضونين من المشاهدة والاقامة لمدة ٢٤ ساعة اسبوعيا لذلك كان المفروض بالمحكمة مراعاة ذلك عند اصدار حكمها وحيث انها اصدرت حكمها بخلاف التحقيقات التي اجرتها عليه قرر نقضه واعادة الدعوى الى محكمتها للسير فيها وفق ما تقدم على ان يبقى رسم التمييز تابعا للنتيجة وصدر القرار بالاكثرية في ٢٠٢٥/٢/١٨

**ژمارە/ ١٣٦ / دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٧٦٤/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٧/ ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیا کردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/٥) بە بڕیاری ژمارە (٧٦٤/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە جیاکردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواکار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١٥) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، وە بە پێ ی ئەو بەڵگانەی داواکار پێشکەشی دادگای کردوون سەلمێنراوە کە داوالەسەرکراو زیانی بە داواکاری ژنی گەیاندووە لەڕێ ی لێدان وسوکایەتی پێکردن و جنێودان پێ ی بە شێوەیەک بەردەوامی دان بە ژیانی هاوسەریان ئاستەم بووە ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە . ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/١٧.

**ژمارە/ ١٢٩/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٥٨٢٠/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٧ / ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیا کردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو

بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری .
لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/٥) بە بڕیاری ژمارە (٥٨٢٠/ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/٤) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-
بـڕیــــــار:-
پاش وردبینی وگفتوگۆو قبوڵ کردنی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە تانەی پێداچونەوە پێشکەشکراوە لەلایەن پارێزەر (ە/ ع/ ع/) وەک بریکاری داوالەسەرکراو لەسەر بڕیاری دەرکراو لە دۆسیەکەدا بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار ، وە ئەم تانەیە لە دەرەوەی ماوەی یاسایی دا پێشکەشکراوە ، چونکە بڕیاری تانەلێدراو دەرچووە لە ٢٠٢٤/١١/٥ بەڵام لە ٢٠٢٤/١٢/٤ پێداچووکار تانەی لێداوەو هەمان ڕۆژ ڕەسم دراوە لە کاتێکدا ماوەی تانەدان بە پێداچوونەوە بە پێ ی یاسا بە (١٠) ڕۆژ دیاریکراوە دەست پێدەکات لە ڕۆژی دوای دەرچوونەوە ، وە لەبەر ئەوەی ماوەکانی تانەلێدان بە یاسا دیاریکراوە وە تێپەڕاندنی دەبێتە هۆی لە دەست دانی مافی تانە لێدان مادەی (١٧١) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو ، لەلایەکی ترەوە بڕیارەکە لە بەرژەوەندی داوالەسەرکراو (پێداچووکار) دەرچووە ، وە بە پێ ی یاسا تانە تەنها لەو لایەنە وەردەگیرێت کە داواکەی دۆڕاندوە بە پێ ی مادەی (١٦٩) لە یاسای ئاماژەبۆکراو ، بنەما لەسەر هەردوو هۆکاری ئاماژەبۆکراو تانەکە شیاوی ڕەد کردنەوەیە لە ڕووی شێوەوە ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بەڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە (شکلا) و لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، وئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/١/١٧.

**ژمارە/ ١٣٠/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ١٩٦٨/ ش/٢٠٢١ بەروار/ ١٧/ ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیا کردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری .
لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/٧) بە بڕیاری ژمارە (١٩٦٨/ ش/٢٠٢١) حوکمی داوە بە جیاکردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواکار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١١/١٤) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-
بـڕیــــــار:-
پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، وە بە پێ ی ئەو بەڵگانەی داواکار پێشکەشی دادگای کردوون سەلمێنراوە کە داوالەسەرکراو زیانی بە داواکاری ژنی گەیاندووە لەڕێ ی لێدان وسوکایەتی پێکردنی وە ماوەی چەند ساڵێکە بەیەکەوە ناژین دەرخەری ڕاستی ووتەی شایەتەکانە، ئەمەش گەیشتوەتە ئاستی ئەوەی بەردەوامی دان بە ژیانی هاوسەریان ئاستەم بێت ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصديق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/١٧.

**ژمارە/ ١٣١/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٤٨٢٥/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٨/ ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام بۆ خۆی و منداڵەکەی (ن)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١٢) بە بڕیاری ژمارە (٤٨٢٥/ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ١/ پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواکار بەبڕی ٢٢٠,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٤/٥/٣٠ تاکو ٢٠٢٤/٧/٢٤ وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بەهەمان بڕ ، وە ئەژمار کردنی بژێوی کاتی بەبڕی ١٠٠,٠٠٠ دینار وەك بەشێك لە بڕیارەکە . ٢/ پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە منداڵەکەی (ن) بەبڕی ٢٠٠,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٤/٥/٣٠ تاکو ٢٠٢٤/٧/٢٤ وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بەهەمان بڕ وە ڕێگەدان بە داواکار بەوەرگرتنی بڕی بژێوی منداڵەکەی و خەرج کردنی بۆ پێداویستیەکانی لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١٦) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونکە داواکار مافی داواکردنی بژێوی هەیـە بۆ خۆی وە منداڵەکەی کە لە ئامێزیدایە لە داوالەســـەرکراو ، وە بۆ ئەو مەبەســـتەش دادگا بۆ خەمڵاندنی بڕی بژێوی بۆ شارەزایەکی هەڵبژاردوە کە ڕاپۆرتی خۆی لەو ڕووەوە پێشکەش کردوە داواکار لەسەری ڕەزامەند بووە ، بەڵام ئەوەی دەبینرێت شارەزا لە ڕاپۆرتەکەیدا هاوسەنگی نەکردوە لە نێوان داهاتی داوالەسەرکراو و پێویستی داوالەسەرکراو و منداڵەکەی ، هەرچەندە داوالەسەرکراو ئامادەی دانیشتنی دادبینی نەبووە ، وە بڕی بژێوی دیاتریکراو بە بەراورد بە داهاتی داوالەسەرکراو زیادڕەوی تیایە ، دەبوو دادگا بڕیار بدات بە پەنا بردن بۆ (٣) شارەزای تر بۆ خەمڵاندنەوەی بڕی بژێوی ، وە لەبەر ئەوەی دادگا بێ ڕەچاوکردنی ئەو لایەنە بڕیاری دەرکردوە وە ئەمەش هۆکارە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ، بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی (نقض) ی بڕیاری تانەلێدراو وە وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی تا پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە وە هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام ، ئەم بڕیارەش بە زۆرینەی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/١٨.

**ژمارە/ ١٣٢/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٦٨٧٤/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٨/ ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیا کردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/٢) بە بڕیاری ژمارە (٦٨٧٤/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە جیاکردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە دووەم تەڵاق و لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواکار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە. بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١١) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆو قبوڵ کردنی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە تانەی پێداچونەوە پێشکەشکراوە لەلایەن بریکاری داوالەسەرکراوەوە لەسەر بڕیاری دەرکراو لە دۆسیەکەدا بە ڕەد

کردنەوەی داوای داواکار ، واتە بڕیارەکە لە بەرژەوەندی داوالەسەرکراو (پێداچووکار) دەرچووە ، لە کاتێکدا تانە تەنها لەو لایەنە وەردەگیرێت کە داواکەی دۆڕاندوە بەپێی

مادەی (١٦٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو ، وە تانەکە شیاوی ڕەد کردنەوەیە لە ڕووی شێوەوە ، لەبەر ئەوە بڕیار درا ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە (شكلاً) و لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، بەڵام بەهۆی ئەوەی بابەتی داواکە پەیوەندیدارە بە حەڵاڵ و حەرامەوە بڕیار درا بە بینینی ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە چونکە لە کاتی دادبینیدا بڕیاری ژمارە (٣٧٨٢/ش/٢٠٢٢) دەرچوو لە هەمان دادگا لە ٢٠٢٢/٨/٢٨ خراوەتە ڕوو کە تەڵاقی دەرەکی نێوان هەردوولای داواکەی پەسەند کردوە ، پێویستە دادگا لێکۆڵینەوە بکات لەوەی بزانێت ئایا لە ماوەی (عدة) ی شەرعیدا گەڕاونەتەوە لای یەکتر یان دوای ئەوە بە گرێبەستێکی تر هاوسەرگیریان ئەنجام داوەتەوە ؟ لە لایەکی ترەوە پێویست بوو دادگا هەردوولا هەواڵەی توێژەری کۆمەڵایەتی بکات بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی وە هەوڵی پێک هێنانەوەیان وە پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی خۆی لەو بارەیەوە، وەلەبەر ئەوەی دادگا بێ ڕەچاوکردنی ئەو خاڵانەی باسکراون بڕیاری دەرکردوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوە (نقض)ی وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/١٨.

**ژمارە/ ١٣٤/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/١٩٩٨/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٨/ ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بەپێدانی بڕی ٨٠٠٠٠٠٠ هەشت ملیۆن دینار وەکو قەرەبووی تەڵاقی ناڕەوا) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١١) بە بڕیاری ژمارە (١٩٩٨/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ١. پابەند کردنی داوالەسەرکراو بەپێدانی بڕی (٥٤٠٠٠٠٠) دینار بە داواکار وەکو قەرەبووی تەڵاقی ناڕەوا لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . ٢. ڕەد کردنەوەی داوای داواکار بە زیادەی داواکراو لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١٩) تیایدا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە ، چونکە ئەوە سەلمێنراوە کە داوالەسەرکراو بە شێوەیەکی (تعسفی) داواکاری هاوسەری تەڵاقداوە پاش ئەوەی نەیتوانیوە دەفعەکەی بە (عدم التعسف) بە بەڵگەی یاسایی باوەڕپێکراو بسەلمێنێت ، بەوەش ناوبراو شیاوی قەرەبووە بە پێی شەرع و یاسا، وە بڕی قەرەبووش لەڕێ ی شارەزای دادوەریەوە دیاریکراوە گونجاوە لەگەڵ باری دارایی داوالەسەرکراو ، بۆیە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصديق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/١٨.

**ژمارە/ ١٣٥/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٢٢٨١/ ش٤ -أعتراضية/٢٠٢٤ بەروار/٢/ ٢ /٢٠٢٥**

ناڕازیکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) داوای هەڵوەشاندنەوەی حوکمی پاشملەی ژمارە (٢٢٨١/ ش٢٠٢٤/٤ لە بەرواری ٢٠٢٤/٦/٢)ی کە کردووە حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار سەبارەت بە جیا کردنەوەیان بەهۆی زیان گەیاندن . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/١٨) بە بڕیاری ژمارە (٢٢٨١/ ش٤/أعتراضية/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی

ناڕەزایی ناڕازیکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری ناڕازی لەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام ناڕازیکار - داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١١/٢٧) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لە ڕووی ئەنجامەوە نەک لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە، چونکە تانەی ڕێلێگری (الأعتراض على الحكم الغيابي) پێشکەشکراوە لەلایەن داوالەسەرکراوەوە لەسەر بڕیاری دەرکراو لە دۆسیەکەدا بە پاشملە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار ، واتە بڕیارەکە لە بەرژەوەندی داوالەسەرکراو (پێداچووکار) دەرچووە ، لە کاتێکدا تانە تەنها لەو لایەنە وەردەگیرێت کە داواکەی دۆڕاندوە بە پێ ی مادەی (١٦٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو ، وە دەبوو دادگا تانەکە ڕەد بکاتەوە لە ڕووی شێوەوە (شكلاً) ، وە لەبەر ئەوەی دەرنجام بڕیاری دادگا بە ڕەدکردنەوە بووە بۆیە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصديق) ی بڕیارەکەی وە ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/٢.

**ژمارە/ ١٣٧/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/١١٠٠/ ش٢٠٢٣/٢ بەروار/ ١٨/ ٢٠٢٥/٢**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام بۆ خۆی و منداڵەکانی (ل/ و /ب/ و/ ل)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١٦) بە بڕیاری ژمارە (١١٠٠/ ش٢٠٢٣/٢) حوکمی داوە بە ١/ پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواکار بەبڕی ١٣٠,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٣/١/١٥تاکو ٢٠٢٣/٢/١٨ وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بەهەمان بڕ ، وە ئەژمار کردنی بژێوی کاتی بە بڕی ٢٠٠,٠٠٠ دینار وەك بەشێك لەم بڕگەیە . ٢/ پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە منداڵەکانی (ل/ و /ب/ و /ل) بەبڕی ١٢٥,٠٠٠ دینار مانگانە بۆ هەریەکێکیان لەبەرواری ٢٠٢٣/١/١٥تاکو ٢٠٢٣/٢/١٨ وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بەهەمان بڕ بۆ هەریەکێکیان وە ڕێگەدان بە داواکار بەوەرگرتنی بڕی بژێوی منداڵەکانی و خەرج کردنی بۆ پێداویستیەکانیان لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/٢٤) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕگەی دووەم لە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە بە درێژی تیادا باسکراون ، چونکە داواکردنی داواکار بۆ بژێوی خۆی وە منداڵەکانی کە لە ئامێزیدان لە داوالەسەرکراو پشتیوانی شەرعی و یاسایی هەیە ، وە بڕی بژێوی خەمڵێنراویش لەلایەن شارەزاوە گونجاوە لەگەڵ باری دارایی داوالەسەرکراو ، لەسەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصديق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تیانووسی پێداچوونەوە وە خستنە ئەستۆی پێداچووکار ڕەسمی پێداچوونەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/١٨.

**ژمارە/ ١٣٨/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٢٠١٤/ ش٢٠٢٣/٢ بەروار/ ١٨/ ٢ /٢٠٢٥**

داواكار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام بۆ خۆی و منداڵەکانی (ن/ و /م)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/٢٦) بە بڕیاری ژمارە (٢٠١٤/ش/٢٠٢٣/٢) حوکمی داوە بە ١/ پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواکار بەبڕی ١١٠,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٣/١/١ تاکو ٢٠٢٣/٤/١ وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بەهەمان بڕ وە هەژمار کردنی بژێوی کاتی بە بڕی ١٥٠,٠٠٠ دینار وەك بەشێك لەم برگەیە . ٢/ پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە منداڵ (م) بەبڕی ١٠٠,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٣/١/١ تاکو ٢٠٢٣/٤/١ لەگەڵ داشکاندنی بڕی ١٠٠,٠٠٠ دینار لەو بڕە پارەیە کە دەکاتە ٢٠٠,٠٠٠ دینار کە پێشتر وەریگرتووە وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بەهەمان بڕ لەگەڵ داشکاندنی بژێوی یەك مانگ کە منداڵەکە لای داوالەسەرکراو بووە . ٣/ پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە منداڵ (ن) بەبڕی ١٠٠,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٣/١/١ تاکو ٢٠٢٣/٤/١ لەگەڵ داشکاندنی بڕی ١٠٠,٠٠٠ دینار لەو بڕە پارەیە کە پێشتر وەریگرتووە لە ٢٠٢٣/٤/٢ تاکو ٢٠٢٤/٧/٦ کە ڕێکەوتی وەرگرتنەوەی منداڵەکەیە لەلایەن داوالەسەرکراو کە دەکاتە ٢٠٠,٠٠٠ دینار وەك بژێوی بەردەوام هەژمار دەکرێت وە ڕێگەدان بە داواکار بەوەرگرتنی بڕی بژێوی منداڵەکانی و خەرج کردنی بۆ پێداویستیەکانیان لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نـــەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووســـی پێداچوونەوەی ڕەســـم لێدراو لـــە (٢٠٢٤/١٢/٣) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە بە درێژی تیادا باسکراون ، چونکە داواکردنی داواکار بۆ بژێوی خۆی وە منداڵەکانی کە لە ئامێزیدان لە داوالەسەرکراو پشتیوانی شەرعی و یاسایی هەیە ، وە بڕی بژێوی خەمڵێنراویش لە لایەن شارەزاوە گونجاوە لە گەڵ باری دارایی داوالەسەرکراو ، لەسەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصديق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تیانووسی پێداچوونەوە وە خستنە ئەستۆی پێداچووکار ڕەسمی پێداچوونەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/١٨.

**ژمارە/ ١٤٠/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٤٢٨٧/ ش/٢٠٢١/٥ بەروار/ ١٨/ ٢/ ٢٠٢٥**

داواكار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیا کردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١٠) بە بڕیاری ژمارە (٤٢٨٧/ش/٢٠٢١/٥) حوکمی داوە بە جیاکردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواکار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە وە کەم کردنەوەی ڕێژەی ٨٠٪ لە مارەیی پاشەکی داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١١) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕيــــار:-
پاش وردبينى وگفتوگۆ و پەسەندكرنى تانەى پێشكەشكراو لە ڕووى شێوەوە ، تێبينى كرا كە بڕيارى تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەى شەرع و ياسايە ، چونكە ڕاستە لە داواى داواكار (پێداچووكار) مەرجەكانى مادەى (٤٢) لە ياساى بارى كەسى هەيە وە دادگا باشى كردوە كاتێك پەناى بۆ ناوبژيوانى بردوە بە پێ ى مادەى (٤١) لە هەمان ياسا ، وە پاش ئەوەى چووە بۆ هەڵبژاردنى ناوبژيوانى سێهەم بە ناوى (ب/ ب/ ح) دەبێت هەردوولا لەسەرى ڕيک بكەون وە ئەگەر ڕێک نەكەوتن دادگا خۆى هەڵيدەبژێرێت وە ڕاى لايەنەكانى لەسەر وەردەگرێت ، بەڵام لە ناوبژيوانى ديارێكراودا داواكار تانەى لێداوەو پێ ى ڕازى نەبووە بە پاساوى ئەوەى پەيوەندى و خزمايەتى لەگەڵ داوالەسەركراودا هەيە دەبوو دادگا ئەو تانەيە بە هەند وەربگرێت و ناوبژيوانێكى تر ديارى بكات ، ئەوە سەرەڕاى ئەوەى ڕاپۆرتى ناوبژيوانى ناوبراو زۆر كرچو كاڵەو هيچ هۆكارێكى ديارى نەكردوە وەک بنەما بۆ دابەشكردنى كەمتەرخەمى (تقصير) ى هەريەك لە داواكار و داوالەسەركراو ئەمەش وا دەكات ئەو ڕاپۆرتە مەرجەكانى ڕاپۆرتى ناوبژيوانى تێدا نەبێت ، وە لەبەر ئەوەى دادگا بڕيارى دەركردوە بێ ڕەچاوكردنى ئەو خاڵەى باسكراوە ئەمەش هۆكارە بۆ هەڵوەشاندنەوەى بڕيارەكەى ، لەبەر ئەوە بڕيار درا بە هەڵوەشاندنەوەى بڕيارى تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەى دۆسيەكە بۆ دادگاكەى بۆ ئەوەى سەرلەنوێ پێيدا بڕوات لەبەر ڕۆشنايى ئەوەى لەسەرەوە باسكراوە ، ئەم بڕيارەش بەكۆى دەنگ دەركرا لە ٢٠٢٥/٢/١٨.

**ژمارە/ ١٤١/ دەستەى بارى كەسى/٢٠٢٥　　ژمارەى داوا/٢٦٥٣/ ش٢٠٢٤/٥　　بەروار/ ١٨/ ٢ /٢٠٢٥**

داواكار لەبەردەم دادگاى بارى كەسى (هەولێر) بانگەشەى كردووە بەو شێوەيەى كەلەتيانووسى داواكاريەكەيدا ئاماژەى پێداوە ، وەداواى كردووە حوكم بدرێت بۆى بە (پابەند كردنى داوالەسەركراو بە گوێڕايەڵى كردنى و گەڕانەوەى بۆ ماڵى هاوسەرى) ، وە خستنە ئەستۆى داوالەسەركراو خەرجى داوا و كرێ ى ماندوو بوونى پارێزەرى . لە ئەنجامى دادبينى ئامادەيى و ئاشكرا دادگاى ناوبراو لە ڕۆژى (٢٠٢٤/١٢/٣) بە بڕيارى ژمارە (٢٦٥٣/ ش٢٠٢٤/٥) حوكمى داوە بە ڕەد كردنەوەى داواى داواكار لەگەڵ خستنە ئەستۆى ڕەسم و تێچوونى داواكە . بەڵام داواكار – پێداچووكار بەو بڕيارە ڕازى نەبووە بۆيە تانەى لێداوە بەپێ ى تيانووسى پێداچوونەوەى ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١٢) تيادا داواى هەڵوەشاندنەوەى بڕيارەكە دەكات ، پاش گەيشتنى تيانووسى پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسيەكە بۆ ئەم دەستەيە تۆمار كرا بە ژمارەى سەرەوە و دانرا بۆ ووردبينى و گفتوگۆ :-
بـڕيــــار:-
پاش وردبينى وگفتوگۆ و پەسەندكرنى تانەى پێشكەشكراو لە ڕووى شێوەوە ، تێبينى كرا كە بڕيارى تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەى شەرع و ياسايەو پێش وەختە ، چونكە دادگا داواى داواكارى ڕەد كردوەتەوە بە پاساوى ئەوەى ناوبراو (متعسف)ە لە داواكردنى گوێڕايەڵى بەهۆى ئەوەى لە داوالەسەركراوى داوە ، لە كاتێكدا بە پێ ى هەردوو پەڕاوى لێكۆڵينەوەى هاوپێچى دۆسيەكە ئەوە دەردەكەوێت كە هەردوولا سكاڵاى سزاييان لەسەر يەک تۆماركردوە بە تۆمەتى توندوتيژى ، داواكار سكاڵاى دەركردنى لە ماڵى هاوسەرى لە داوالەسەركراوى ژنى كردوە، داوالەسەركراويش سكاڵاى لێدانى لە داواكارى مێردى كردوە ، وە تا ئێستا هەردوو پەڕاوەكە لە قۆناغى لێكۆڵينەوەدان ، وە بەمەبەستى گەيشتن بەڕاستى و ئەنجامى هەردوو سكاڵاكە پێويست بوو دادگا دادبينى لەم داوايەدا ڕابگرێت وە داواكە دابنێت بە پاشخراو (مستأخرة) تا ئەنجامى دۆسيەى سزايى ئاماژەبۆكراو ، وە لەبەر ئەوەى دادگا بڕيارى دەركردوە بێ ڕەچاوكردنى خاڵى ئاماژەبۆكراو بڕيار درا بە هەڵوەشاندنەوەى بڕيارەكەى وە گەڕاندنەوەى دۆسيەكە بۆ دادگاكەى بۆ مەبەستى ئەوەى سەرلەنوێ پێيدا بڕوات لەبەر ڕۆشنايى ئەوەى لەسەرەوە باسكراوە و هێشتنەوەى ڕەسمى پێداچوونەوە تا ئەنجام و . ئەم بڕيارەش بە زۆرينەى دەنگ دەركرا لە ٢٠٢٥/٢/١٨.

**ژمارە/ ١٤٢/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٤٨٨١/ یەکخراو لەگەڵ ٦٤٥٧/ش٧ /٢٠٢٢ بەروار/ ١٨ / ٢ /٢٠٢٥**

داواکار (ن/ ر/ ك) لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بە ژمارە (٤٨٨١/ ش٢٠٢٢/٧) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە زیاد کردنی بژێوی منداڵەکەی (ر) . هەروەها داواکار (م/ ع/ ب) لەهەمان دادگا بە ژمارە (٦٤٥٧/ ش٢٠٢٢/٧) داوای کردووە بە (کەم کردنەوەی بڕی بژێوی منداڵەکەی (ر)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١٢) بە بڕیاری ژمارە (٤٨٨١/ یەکخراو لەگەڵ ٦٤٥٧/ش٢٠٢٢/٧) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکاران لە هەردوو داوای زیاد کردن و کەم کردنەوەی بژێوی منداڵەکەی (ر) لەگەڵ خستنە ئەستۆی داواکار (ن/ ر/ ك) ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/٢٢) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لەلایەن داواکار (م/ ع/ ب) لە داوای یەکخراوی ژمارە (٦٤٧٥/ش٢٠٢٢/٧) ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا بە درێژی ئاماژەیان پێدراوە ، چونکە بە پێ ی ئەو لێکۆڵینەوانەی دادگا ئەنجامی داون نەسەلمێنراوە کە پێداچووکار داهاتی کەمی کردبێت لەدوای دەرچوونی بڕیاری ژمارە (٢٠١٧/ش/٢٠٢٠) لە ٢٠٢٢/٣/٨ ، لە بەرامبەردا بڕی بژێوی حوکمدراو لە بڕیاری ئاماژەبۆکراوی سەرەوەدا لە ئێستادا دەتوانرێت لانی کەمی پێداویستیەکانی منداڵی ناکام (ڕ) ی پێ دابین بکرێت وە داواکاری بۆ کەمکردنەوەی پشتیوانی یاسایی نیە ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تیانوسی پێداچوونەوە و لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/١٨.

**ژمارە/ ١٤٥/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٥٨١٤/ ش٢٠٢٣/٢ بەروار/ ١٨/ ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیاکردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بە هۆکاری بەجێهێشتن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١٥) بە بڕیاری ژمارە (٥٨١٤/ ش٢٠٢٣/٢) حوکمی داوە بە جیا کردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك وە داوالەسەرکراو بۆی نیە داواکار بگەڕێنێتەوە ژیانی هاوسەری مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت وە داواکار پابەند دەکرێت بە ماوەبەندی پاك بوونەوە بۆ ماوەی سێ مانگ وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەبەندی پاك بوونەوە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١٩) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، چونکە سەلمێنراوە بە پێ ی دانپیانانی داوالەسەرکراو خۆی کە ناوبراو لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٤/١٥ وە داواکاری

بەجێهێشتوەو سەفەری وولاتی ئەڵمانیای کردوە بەهۆی ئەوەی لەوێ هاوسەرێکی تری هەیە ، وە نەیتوانیوە دەفعەکەی بسەلمێنێت کە ئەو سەفەر و بەجێهێشتنە بە ڕێکەوتن بووە لەگەڵ داواکار بەو شێوەیەی لە کاتی دادبینیدا خستویەتە ڕوو بۆ دادگا، وە ئەمەش ماف بداتە داواکار داوای جیابوونەوە بکات بە پێ ی مادەی (٢/٤٣) لە یاسای باری کەسی ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/١٨.

| **ژمارە/ ١٤٦/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥** | **ژمارەی داوا/ ٧٠١٥/ ش٢٠٢٢/٧** | **بەروار/ ١٨/ ٢٠٢٥/٢** |
|---|---|---|

پێشتر دادگای باری کەسی (هەولێر) لە بەرواری (٢٠٢٤/٥/٢٨) بە بڕیاری ژمارە (٤٠١٥/ش٢٠٢٢/٧) حوکمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواکار بەبڕی ٢٥٠،٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٢/٦/٢٢ تاکو ٢٠٢٢/١٠/١٩ وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بە بڕی ٣٠٠،٠٠٠ دینار . وە هەڵوەشاوەتەوە بەپێی بڕیاری دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان ژمارە (٨٦٤/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٤) لە ٢٠٢٤/٨/٢٧ . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/٣) بە بڕیاری ژمارە (٧٠١٥/ ش٢٠٢٢/٧) حوکمی داوە بە مانەوە لەسەر بڕیاری پێشوو وە ڕاستکردنەوەی بەرواری بژێوی ڕابردووی حوکم بۆدراو لە ٢٠٢٢/٦/٢٢ بۆ ٢٠٢٢/٧/٢٢ لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/٩) تیایدا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-
بـڕیـــــار:-
پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونکە پێشتر ئەم دادگایە بڕیاری دەرکراوی بە ژمارە (٧٠١٥/ش/٢٠٢٢) دەرچوو لە ٢٠٢٤/٥/٢٨ هەڵوەشاندوەتەوە بەبڕیاری ژمارە (٨٦٤/ دەستەي باري كەسي/٢٠٢٤) لە ٢٠٢٤/٨/٢٧ ، لەبەر ئەوە دەبوو دادگا بە پەیڕەوکردنی بڕیاری پێداچوونەوە بڕیارێکی نوێ دەربکات لە ڕووی بابەتی داواکەوە ، وە بڕیاری تانەلێدراو بە (البقاء علی الحکم السابق) هیچ سەنەدێکی یاسایی نیە ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/١٨.

| **ژمارە/ ١٤٨/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥** | **ژمارەی داوا/١٤٤٣/ ش/٢٠٢٤** | **بەروار/ ١٨/ ٢٠٢٥/٢** |
|---|---|---|

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (دهۆك) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیاکردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی کێشە و ناکۆکی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١٧) بە بڕیاری ژمارە (١٤٤٣/ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە جیاکردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواکار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە لەگەڵ کەم کردنەوەی بڕی ٤٠٪ لە مارەیی پاشەکیەکەی لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە

(٢٠٢٤/١٢/٢٤) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-
بـڕیــــار:-
پاش وردبینی وگفتوگۆ وە پەسەند کردنی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە (شکلاً) ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونکە ئەو هۆکارانەی کە داواکار کردونی بە بنەما بۆ داواکەی بریتین لە (لێدان ، جنێوپێدان ، سوکایەتی پێکردن) وە سکاڵای سزایی پێ تۆمارکردوەو دادگا کردونی بە بنەما بۆ سەلماندنی ناکۆکی (الخلاف) هۆکارن بۆ داوای جیاکردنەوە بە زیان گەیاندن (الضرر) نەک ناکۆکی (الخلاف) ، بۆیە پێویست بوو دادگا داوا لە داواکار بکات هۆکاری ناکۆکی لەگەڵ داوالەسەرکراو بخاتە ڕوو ، دواتر ڕایسپێرێت بە سەلماندن چونکە ناکرێت لە یەک داوادا هۆکارەکانی جیابوونەوە بە زیان گەیاندن و ناکۆکی کۆبکرێنەوە لەبەر جیاوازی شێوازی پێداڕۆیشتن بەو دوو جۆرە لە داوا ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوە (نقض)ی بڕیارەکە وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە ، لەگەڵ هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/١٨.

**ژمارە/ ١٤٩/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٥٢/ م/٢٠٢٤ بەروار/ ١٨/ ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای مەوادی کەسی (دهۆك) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە سەرف کردنی بڕی پارەی دانراو لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری ناکامەکانی دهۆك بۆ منداڵانی ناکام هەریەک لە (ا/ ، س/ ، م/ منداڵانی /س/ ا/ ع)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داواکە. لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١٥) بە بڕیاری ژمارە (٥٢/ م/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/٢٣) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، هەروەها پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی پێشکەشکراو لە (٢٠٢٤/١٢/٢٣) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات . پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-
بـڕیــــار:-
پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی هەردووتانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراوناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایەو پێش وەختە ، چونکە بە پێ ی ئەو ڕاپۆرتە پزیشکیانەی هاوپێچ بە دۆسیەی داواکەن ئەوە سەلمێنراوە کە منداڵانی ناکام هەریەک لە (ا/ ، س/ ، م/ منداڵانی /س/ا/ ع) کە داواکار بە (وصی) دانراوە لەسەریان توشی ڕووداوی هاتوچۆ بوون وە پێویستیان بە چارەسەرە ، بەڵام ناوبراوان ئامادەی بەردەم لیژنەی پزیشکی پسپۆڕ لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی دهۆک نەبوون بێ ئەوەی هۆکارەکەی دیاری کرابێت ، ئەگەر ناوبراوان لە ئێستادا لە دەرەوەی ووڵات چارەسەر وەردەگرن ، پێویستە ئەو لایەنە بسەلمێنرێت وە لە ڕێ ی کەناڵە فەرمیەکانیەوە ئەو بەڵگانە پەسەند (تصدیق) بکرێن کە ئەوە دەسەلمێنن لەگەڵ دیاریکردنی ئەو بڕەی کە پێویستە بۆ چارەسەرکردنیان ، وە ئەگەر ئەوە ساغ بوەوەو سەلمێنرا ئەوە داواکردنی داواکار سەرەڕای پێسپێری (وصایة) ی دەچێتە خانەی ئەو داواکاریانەی کە لە بەرژەوەندی منداڵە ناکامەکاندایە وە داواکەی پشتیوانی یاسایی دەبێت ، وە لە حاڵەتی نەسەلماندنی ئەو لایەنە داواکە شیاوی ڕەد کردنەوە دەبێت ، وە لەبەر ئەوەی دادگا بڕیاری دەرکردوە پێش ئەوەی لێکۆڵینەوە لەو خاڵانە بکرێت کە ئاماژەیان پێدراوە لەسەرەوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/١٨.

**ژمارە/ ١٥٠/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ١٣٠٦/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ٢٣/ ٢ /٢٠٢٥**

داواكار لەبەردەم دادگای باری كەسی (دهۆك) بانگەشەی كردووە بەو شێوەیەی كەلەتیانووسی داواكاریەكەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای كردووە حوكم بدرێت بۆی بە (پابەند كردنی داوالەسەركراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو خەرجی داوا و كرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١٥) بە بڕیاری ژمارە (١٣٠٦/ ش/٢٠٢٤) حوكمی داوە بە پابەند كردنی داوالەسەركراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواكار بەبڕی ١٢٥,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٣/٨/٧ تاكو ٢٠٢٤/٧/١٦ وە بە شێوەیەكی بەردەوام مانگانە بەهەمان بڕ لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكاری داواكار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەركراو – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/٢٤) تیایدا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندكرنی تانەی پێشكەشكراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی كرا كە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆكارانەی كە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە ، چونكە لە ئەنجامی لێكۆڵینەوە ئەوە سەلمێنراوە كە داوالەسەركراو بژێوی داواكاری ژنی نەكێشاوە لەو ماوەیەی كە حوكمی پێدراوە ، وە داوالەسەركراو خۆی دانی بەوەدا ناوە كە ماڵی هاوسەری شەرعی بۆ داواكار دانەناوە ، لەبەر ئەوە داواكار شایستەی بژێویە لە ڕۆژی نەكێشانیەوە ، وە بڕی بژێوی خەمڵێنراویش لەڕێ ی شارەزای دادوەریەوە بە ڕەچاوكردنی مادەكانی (١٣٣-١٤٤) لە یاسای سەلماندن گونجاوە لەگەڵ باری دارایی داوالەسەركراو ، بۆیە بڕیار درا بە پەسەند كردن (تصدیق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد كردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووكارەوە ، ئەم بڕیارەش بەكۆی دەنگ دەركرا لە ٢٠٢٥/٢/٢٣.

| ژمارە/ ١٥٢ / دەستەی باری كەسی/٢٠٢٥ | ژمارەی داوا/٢٠٥٩/ ش/٢٠٢٤ | بەروار/ ٢٣/ ٢/ ٢٠٢٥ |
|---|---|---|

داواكار لەبەردەم دادگای باری كەسی (دهۆك) بانگەشەی كردووە بەو شێوەیەی كەلەتیانووسی داواكاریەكەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای كردووە حوكم بدرێت بۆی بە (جیاكردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەركراو بەهۆی كێشە و ناكۆكی) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو خەرجی داواكە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١٦) بە بڕیاری ژمارە (٢٠٥٩/ش/٢٠٢٤) حوكمی داوە بە پەسند كردنی تەڵاقی خولعی نێوان داواكار و داوالەسەركراو لە بەرواری (٢٠٢٤/١٢/١٦) وە ئەژمار دەكرێت بە لێكترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەكتر بە بێ گرێبەست و مارەیی نوێ ، وە داواكار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بكات تا كۆتایی هاتنی ماوەكە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەكە لەگەڵ خستنە ئەستۆی هەردوولایەن لە ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكاری داواكار ، وە ئازد بوونی داوالەسەركراو لە هەموو مافە شەرعیەكانی داوالەسەركراو . بەڵام داواكار – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/٢٣) تیایدا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندكرنی تانەی پێشكەشكراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی كرا كە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆكارانەی تیایدا ئاماژەیان پێدراوە ، وە ئەو تەڵاقە خولعیەی كە دادگا پەسەندی كردوە لەبەردەم دادگادا بووە لە دانیشتنی دادبینی ڕۆژی ٢٠٢٤/١٢/١٦ بە ئامادەبوونی هەردوولای داواكە خۆیان پاش ئەوەی داوالەسەركراو تەڵاقی خولعی داواكاری داوە بە دەستەواژەی شەرعی خۆی داوالەسەركراو پێ ی ڕەزامەند بووەو وازهێنانی خۆی لە مافە شەرعیەكانی

ڕاگەیاندوە وەک لە کۆنوسەکەدا جێگیرکراوە ، بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەندکردن (تصديق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە . ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/٢٣.

**ژمارە/ ١٥٣/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ١٢٠٩/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ٢٣/ ٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (دهۆك) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە گەڕاندنەوەی منداڵەکانی (م/ و/ د/ و /ە) بۆ ئامێزی خۆی) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١٧) بە بڕیاری ژمارە (١٢٠٩/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە گەڕاندنەوەی منداڵەکانی (م/ و/ د/ و/ ە) بۆ ئامێزی داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/٢٤) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە بە درێژی تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، چونکە داواکار سەرجەم مەرجەکانی ئامێزگیری (حضانة) ی تێدایە وە بە پێ ی مادەی (٥٧) لە یاسای باری کەسی دایک مافدارترە لە ئامێزگیری منداڵەکانی لە کاتی بەردەوامی هاوسەرگیری و پاش جیابوونەوە ئەگەر لە ئامێزگیراوان زەرەرمەند نەبن ، بۆیە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصديق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/٢٣.

**ژمارە/ ١٩٦/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٦٥٠٠/ ش٢٠٢٣/٤ بەروار/ ٤/ ٣ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیاکردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی کێشە و ناکۆکی) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/٨) بە بڕیاری ژمارە (٦٥٠٠/ ش٢٠٢٣/٤) حوکمی داوە ١/ پوچوڵ کردنەوەی داوای داواکار سەبارەت بە جیاکردنەوەی لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی کێشە و ناکۆکی . ٢/ پەسەند کردنی تەڵاقی دەرەکی دراو لە (٢٠٢٤/٩/٤) دانانی بە تەڵاقی گەڕاوە گۆڕاوە بۆ لێکترازانی بچووك وە بۆیان نیە بگەڕێنەوە بۆ لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت وە پێویست نیە لەسەر داوالەسەرکراو پابەندی (عدە) ی شەرعی بێت بە هۆی کۆتایی هاتنی ماوەکە وە بۆی نیە شوو بکاتەوە بە پیاوێکی تر تا وەرگرتنی پلەی کۆتایی بڕیارەکە ، وە ڕەد کردنەوەی داوای داوالەسەرکراو سەبارەت بە مانەوەی خانووی داواکار ، وە پاراستنی هەموو مافە شەرعی و یاساییەکانی داوالەسەرکراو جگە لە مانەوەی لە خانووی داواکار بۆ ماوەی سێ ساڵ لەگەڵ خستنە ئەستۆی داواکار ڕەسم و تێچوونی داواکە. بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١٢) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕگەی یەکەم و دووەم لە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە بە هۆی سەلماندنی تەڵاقی

دەرەکی بانگەشەبۆکراو بەو شێوەیەی لە تیانووسی داواکەدا هاتووە، بەڵام بڕگەی کۆتایی لە بڕیارەکە بە ڕەد کردنەوەی داوای داوالسەرکراو (پێداچووکار) بۆ مانەوە لە ماڵی هاوسەری و نیشتەجێ بوون تێیدا بنەما لەسەر یاسای ژمارە ٧٧ ساڵی ١٩٨٣کە بابەتی تانەی پێداچوونەوەیە ناڕاستەو پێچەوانەی یاسایە و پێش وەختە ، چونکە دادگا وەک پێویست لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەوە نەکردوە کە ئایا ژمارەی ئەو خانوە کە داوالەسەرکراو داوای کردوە چەندە وە وێنەی تۆمارەکەی بهێنێت ، وە لێکۆڵینەوە لە خاوەندارێتی بکات وە داوالەسەرکراو ڕاسپێرێت بە سەلماندنی ئەوەی کە خاوەندارێتی خانوەکە دەگەڕێتەوە بۆ داواکار ، وە ئەگەر ئەوەی بۆ نەسەسەلمێنرا مافی پێ بدات سوێندی یەکلاکەرەوە ئاراستەی داواکار بکات لەو بارەیەوە ، وە سەبارەت بە داواکاری پێداچووکار بۆ داواکردنی قەرەبووی تەڵاقی (تعسفی) دەکرێت بە داوایەکی سەربەخۆ لە داهاتوودا داوابکرێت ئەگەر پاساوی شەرعی و یاسایی هەبوو ، لەسەر ئەوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ مەبەستی ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات وەک ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە و هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام ، وئەم بڕیارەش بە زۆرینەی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/٤.

**ژمارە/ ١٩٩/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٣٥٨٨/ ش/٢٠٢٣ بەروار/ ٤/ ٣ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بەپێدانی بڕی ١٠٠٠٠٠٠٠ دە ملیۆن دینار وەکو قەرەبووی تەڵاقی ناڕەوا) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١٨) بە بڕیاری ژمارە (٣٥٨٨/ ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە ١.پابەند کردنی داوالەسەرکراو بەپێدانی بڕی (٧٢٠٠٠٠٠) دینار بە داواکار وەکو قەرەبووی تەڵاقی ناڕەوا لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . ٢. ڕەد کردنەوەی داوای داواکار بە زیادەی داواکراو لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١/٥) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراوناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایەو پێش وەختە ، چونکە داوالەسەرکراو دەفعی کردوە بەوەی کە (متعسف) نەبووە لە تەڵاقدانی داواکاردا بەڵام هیچ بەڵگەیەکی پێشکەش نەکردوە بۆ سەلماندنی ئەو دەفعەی ، لەبەر ئەوە دەبوو دادگا داوالەسەرکراو بە ناتوانا (عاجز) دابنێت لە سەلماندن وە مافی ئەوەی پێ بدات کە سوێندی یەکلاکەرەوە ئاراستەی داواکار بکات، وە لەبەر بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/٤.

**ژمارە/ ٢٠١/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٣٥٦٧/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ٤/ ٢٠٢٥/٣**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیا کردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١٦) بە بڕیاری ژمارە (٣٥٦٧/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە جیاکردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواکار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە وە کەم کردنەوەی ڕێژەی ٥٠٪ لە مارەیی پاشەکی داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و

تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١/٥) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، وە دەرچووە بە پەیڕەو کردنی سەرجەم مەرجەکانی هەردوو مادەی (٤١ و ٤٢) لە یاسای باری کەسی هەموارکراو ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/٤.

**ژمارە/ ٢٠٢/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٣٢٧٨/ ش/٢٠٢١ بەروار/ ٤/ ٣/ ٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بەپێدانی بڕی ١٥٠٠٠٠٠٠ پانزە ملیۆن دینار وەکو قەرەبووی تەڵاقی ناڕەوا) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داواکە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/٣) بە بڕیاری ژمارە (٣٢٧٨/ ش/٢٠٢١) حوکمی داوە بە ١. پابەند کردنی داوالەسەرکراو بەپێدانی بڕی (٥,٤٠٠,٠٠٠) دینار بە داواکار وەکو قەرەبووی تەڵاقی ناڕەوا لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە . ٢. ڕەد کردنەوەی داوای داواکار بە زیادەی داواکراو لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١٥) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایەو پێش وەختە ، چونکە داوالەسەرکراو دەفعی کردوە بەوەی کە (متعسف) نەبووە لە تەڵاقدانی داواکاردا بەڵام ئەوبەڵگەیەی پێشکەشی کردوە بۆ سەلماندنی ئەو دەفعەی بۆ دادگا بڕواپێهێنەر نەبووە ، لەبەر ئەوە دەبوو دادگا داوالەسەرکراو بە ناتوانا (عاجز) دابنێت لە سەلماندن وە مافی ئەوەی پێ بدات کە سوێندی یەکلاکەرەوە ئاراستەی داواکار بکات ، وە لەبەر بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/٤.

**ژمارە/ ٢٠٣/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٣١٨٨/ ش/٢٠٢٣ بەروار/ ٤/ ٣/ ٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیاکردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی کێشە و ناکۆکی) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١٢) بە بڕیاری ژمارە (٣١٨٨/ ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە جیاکردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووک بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواکار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە لەگەڵ کەم کردنەوەی بڕی ٥٠٪ لە مارەیی پاشەکیەکەی لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار .

بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/٢٢) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایەو پێش وەختە ، چونکە بە پێ ی مادەی(٤/٤١) لە یاسای باری کەسی هەموارکراو پێویستە لەسەر دادگا پرسیار لە مێرد (داوالەسەرکراو) بکات ئایا ئامادەیە داواکاری ژنی تەڵاق بدات ئەگەر تەڵاقی نەدا ئەوکاتە دادگا بڕیار دەدات بە جیابوونەوە وە ئەو دەقەش بە (وجوبی) هاتووە، وە لەبەر ئەوەی دادگا ڕەچاوی ئەو خاڵەی نەکردوە پێش دەرکردنی بڕیارەکەی بڕیاردرا بە هەڵوەشاندنەوەی وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە ، ئەم بڕیارەش بەزۆرینەی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/٤.

**ژمارە/ ٢٠٤/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٥٥٧٥/ ستەمداری/٢٠٢٤ بەروار/ ٩/ ٣/ ٢٠٢٥**

داواکاری ستەمداری لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) داوای پوچەڵ کردنەوەی فەرمانی باڵادەستی ژمارە (٥٥٧٥/ ش/٢٠٢٣ لە ٢٠٢٣/٩/١٠) کردووە کە بڕیاری داوە بە پابەند کردنی بە پێدانی بژێوی کاتی بە داوالەسەرکراوی ستەمداری بە بڕی ٤٠٠,٠٠٠ دینار مانگانە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١٥) بە ژمارە (٥٥٧٥/ ش/٢٠٢٤) بڕیاری داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکاری ستەمداری لەڕووی شێوەوە . بەڵام داواکاری ستەمداری – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/٢٢) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە ، چونکە ڕاستە ئەوە سەلمێنراوە کە داواکاری ستەمداری (المتظلم) ئاگادار نەکراوە بە فەرمانی باڵادەستی (ولائی) بابەتی ستەمداریەکە هەرچەندە یاسا ڕێکاری دیاریکراوی داناوە بۆ ئاگادارکردن ، بەڵام ئەوەی دەبینرێت ناوبراو پاش جێبەجێکردنی فەرمانی تانەلێدراو لە فەرمانگەی جێبەجێکردنی تایبەتمەند ئامادە بوە وە ڕەزامەند بووە لەسەر جێبەجێ کردنی فەرمانەکە وە چەندین مانگ لەسەر یەک بڕی بژێوی کاتی بڕیارلەسەردراوی داناوە ، بەمەش تانەلێدان دوای ئەو ماوە زۆرە بە پاساوی ئاگادارنەبوون هیچ بنەمایەکی نیەو شیاوی ڕەد کردنەوەیە لە ڕووی شێوەوە بەوەش دادگا بڕیاری داوە ، بۆیە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە ولەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، لەگەڵ ئاگادارکردنەوەی دادگای باری کەسی لە سلێمانی/٢ لەسەر پێویستی تۆمارکردنی تانەکانی ستەمداری لە تۆماری تایبەت بەو تانانە وە نابێت بە هەمان ژمارەی داواکان تۆماربکرێن وە ڕەچاوکردنی ئەو لایەنە لە داهاتوودا ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/٩.

**ژمارە/ ٢٠٥ / دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٣٨٢٥/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ٩/ ٣/ ٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جێگیرکردنی ئامێزگیری (تثبیت الحضانة) بۆ منداڵە ناکامەکانی بە ناوەکانی (ە/ و/ە) کە لە ئامێزیدان) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە

ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١٠) بە بڕیاری ژمارە (٣٨٢٥/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە جێگیرکردنی ئامێزگیری (تثبيت الحضانة) داواکار بۆ منداڵە ناکامەکانی بە ناوەکانی (ه/ و/ ه) کە لە ئامێزیدان لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١٥) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، دەرکەوت کە لە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە ، چونکە داوای داواکار بریتی یە لە جێگیرکردنی ئامێزگیری (تثبيت الحضانة) بۆ منداڵە ناکامەکانی بە ناوەکانی (ه/ و/ ه) کە لە ئامێزیدان بە پێ ی شەرع و یاسا ، وە هیچ ڕێگرێکی شەرعی و یاسایی نیە بۆ داواکاریەکەی ، هەرچەندە دەکرا لە ڕێگەی داواکردنی بەڵگەی لەئامێزگرتن (حجة حضانة) ئەو داوایە بکات ، لەبەر ئەوەی دادگا بڕیاری دەرکردوە بە پێ ی داواکاری ناوبراو بڕیار درا بە پەسەندکردن (تصديق)ی وە ڕەدکردنەوەی تانەی پێداچونەوەو خستنە ئەستۆی پێداچووکار ڕەسمی پێداچوونەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆ دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/٩.

**ژمارە/ ٢٠٦/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/١١٣٢/ ش/٢٠٢٣ بەروار/ ٩/ ٢٠٢٥/٣**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیا کردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١٦) بە بڕیاری ژمارە (١١٣٢/ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە جیاکردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواکار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١٩) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، وە بە پێ ی ئەو بەڵگانەی داواکار پێشکەشی دادگای کردوون سەلمێنراوە کە داوالەسەرکراو زیانی بە داواکاری ژنی گەیاندووە لەڕێ ی لێدان وسوکایەتی پێکردن و جنێودان پێ ی بە شێوەیەک بەردەوامی دان بە ژیانی هاوسەریان ئاستەم بووە، وە دادگا هەڵەی کردوە کاتێک داوالەسەرکراوی بە ناتوانا (عاجز) داناوە لە سەلماندن وە مافی پێداوە سوێندی یەکلاکەروە ئاراستەی داواکار بکات ، چونکە داواکار ئەرکی سەلماندنی لەسەرەو ناوەرۆکی داواکەی سەلماندوە ، لەلایەکی ترەوە دادگا پێویستە پێش دەرکردنی بڕیار پرسیار لە باری ژنانە (الحالة النسائية) ی داواکار بکات و لە بڕیارەکەیدا جێگیری بکات ، لەبەر ئەوە بڕیاردرا بە پەسەند کردن (تصديق)ی بڕیاری تانەلێدراو وەڕەد کردنەوەی تانەکەولەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە، وە ئاگادارکردنەوەی دادگا لەسەر ئەو دوو هەڵەیەی کە ئاماژەیان پێدراوە وە کاریگەریان لەسەر دروستی بڕیارەکە نیە بۆ دوبارەنەکردنەوەیان لە داهاتوودا ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/٩.

**ژمارە/ ٢٠٧/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٣٤٧٢/ ش/٢٠٢٤ یەکخراو لەگەڵ ٣٥١١/ش/٢٠٢٤ بەروار/ ٩/ ٣/٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیاکردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی کێشە و ناکۆکی) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١/٥) بە بڕیاری ژمارە (٣٤٧٢/ ش/٢٠٢٤ یەکخراو لەگەڵ ٣٥١١/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١/١٢) تیایدا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراوناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونکە ئەوەی دەبینرێت هەردوولای ئەم داوایە وە هەریەکەیان بە جیا داوای لەسەر ئەوی تر تۆمارکردوە بۆ جیابونەوە بە هۆکاری ناکۆکی (الخلاف) ئەمەش بەڵگەی بوونی ناکۆکی و نەگونجانە لە نێوان هەردوولادا ، دەبوو دادگا لێکۆڵینەوە بکات لەسەر هۆکارەکانی نەگونجانیان وە هەوڵی پێک هێنانەوەیان بدات ، وە ئەگەر نەگەیشتە ئەنجام ڕەچاوی ڕێکارەکانی ئاماژەبۆکراو مادەی(٤١) لە یاسای باری کەسی بکات ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/٩.

**ژمارە/ ٢٠٨/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٥٧٣٤/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ٩/ ٣/٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیاکردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی کێشە و ناکۆکی) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١/٥) بە بڕیاری ژمارە (٥٧٣٤/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١/١٢) تیایدا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونکە ئەوەی سەلمێنراوە ناکۆکیەکی زۆر لە نێوان هەردوولای داواکەدا هەیە کە گەیشتوەتە ئەو ئاستەی سکاڵای سزایی لەسەر یەک تۆمار بکەن وە توێژەری کۆمەڵایەتیش لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژەی بەوەداوە کە ناکۆکی نێوان هەردوولا زۆرەو باشترین چارەسەر جیاکردنەوەیانە ، وە دادگاش لەسەرەتادا بەو ئاراستەیەدا ڕۆیشتوە، لەبەر ئەوە پێویستە دادگا پاش ئەوەی ناوبژیوانی سێهەم ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش کردوە پرسیار لە داوالەسەرکراو بکات ئایا ئامادەیە داواکار تەڵاق بدات یان نا، وە دواتر باری ژنانەی داواکار جێگیر بکات وە پەیڕەوی بڕگەی (٤و٥) لە مادەی(٤١) لە یاسای

باری کەسی بکات ، لەسەر ئەوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ مەبەستی ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لە سەرەوە باسکراوە و هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام، ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/٩.

**ژمارە/ ٢٠٩/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٦٤٠٠/ش/٢٠٢٣ یەکخراو لەگەڵ ٦٦٩٩/ ش/٢٠٢٣ بەروار/ ١٠/ ٣/ ٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیاکردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی کێشە و ناکۆکی) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/٢٣) بە بڕیاری ژمارە (٦٤٠٠/ ش/٢٠٢٣ یەکخراو لەگەڵ ٦٦٩٩/ ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە ١/ جیاکردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داوالەسەرکراو پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە لەگەڵ کەم کردنەوەی بڕی ٥٠٪ لە مارەیی پاشەکیەکەی لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . ٢/ ڕەد کردنەوەی داوای داوالەسەرکراو سەبارە بەجیاکردنەوەی لەگەڵ داواکار بەهۆی زیان گەیاندن . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/٢٤) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونکە دادگا لە دانیشتنی دادبینی ڕۆژی ٢٠٢٤/١٢/٨ لەسەر داوای بریکاری داواکار بڕیاری داوە بە پوچەڵکردنەوەی تیانووسی داواکە بنەما لەسەر مادەی (١/٨٨) لە یسای دادبینی شارستانی هەموارکراو ، لەبەر ئەوە دادگا هەڵەی کردوە لە دانیشتنی دواتردا لە ٢٠٢٤/١٢/٢٣ چاوپۆشی لە بڕیاری پوچەڵکردنەوە کردوە ، وە ئەوە لە دەسەڵاتی دادگای ناوبراودا نیە ، بەڵکو دەبوو چاوپۆشی لە بڕیاری یەکخستن (توحید) مکە بدات لەگەڵ داوای ژمارە (٦٦٩٩/ش/٢٠٢٣) وە داوای یەکخراو بنێرێتەوە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی پێیدا بڕوات بە پێ ی یاسا ، لەبەر ئەوەی دادگا پێچەوانەی ئەوەی باسکراوە لەسەرەوە بە داواکەدا ڕۆیشتوە وە بڕیاری تیا دەرکردوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/١٠.

**ژمارە/ ٢١٠/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٤٦٨/ ش/٢٠٢٣ بەروار/ ١٠ / ٣ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەڵەبجە) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پەسەند کردنی تەڵاقی دەرەکی نێوانیان لە بەرواری (٢٠٢٣/٧/٢٣)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داواکە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/١٣) بە بڕیاری ژمارە (٤٦٨/ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە پەسەند کردنی تەڵاقی دەرەکی دراو لە (٢٠٢٣/٧/٢٣) دانانی بە تەڵاقی گەڕاوە گۆڕاوە بۆ لێکترازانی بچووك وە بۆیان نیە بگەڕێنەوە بۆ لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت وە پێویست نیە لەسەر داوالەسەرکراو پابەندی (عدە) ی شەرعی بێت بە هۆی کۆتایی هاتنی ماوەکە وە بۆی نیە شوو بکاتەوە بە پیاوێکی تر تا وەرگرتنی پلەی کۆتایی بڕیارەکە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داواکار ڕەسم و تێچوونی داواکە . بەڵام پێداچووکار ئەندامی داواکاری گشتی بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی پێشکەشکراو لە (٢٠٢٤/١٢/٢٣) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی

تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ دەرکەوت کە تانەی پێداچوونەوەی پێشکەشکراو لە لایەن ئەندامی داواکاری گشتی لە دادگای باری کەسی لە هەڵەبجە لەلایەن دادوەری دادگاکەوە پەراوێزی لەسەر نەنوسراوە تا بزانرێت دەکەوێتە دەرەوەی ماوەی یاساییەوە یا نا بەمەش مەرجە شێوەییەکانی تێدا نیە ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی لە ڕووی شێوەوە ، بەڵام تێبینی کرا کە بڕیاری دەرکراو لە دۆسیەکە پەیوەندیدارە بە حەڵاڵ و حەرامەوە بڕیاری بینینی درا وە دەرکەوت کە ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونکە دادگا لێکۆڵینەوەی پێویستی نەکردوە تا بزانێت ئەو تەڵاقەی دراوە (رجعی) بووە یان (خلعی) وە لە کۆنوسی لیژنەی فەتوا وەک تەڵاقی (خلعی) جێگیرکراوە ، بەڵام لە داواکە ئاماژە بەوە نەدراوە ، وە دادگا لە بڕیارەکەیدا وەک تەڵاقێکی (رجعی) پەسەندی کردوە بێ ئەوە پرسیار لە هەردوولا بکات تا بزانێت ئایا تەڵاقی پێشتر لە نێوانیان هەبووە یان نا ، وە لەبەر ئەوەی دادگا پەلەی کردوە لە دەرکردنی بڕیار پێش ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی پێویست لەسەر ئەو خاڵانەی ئاماژەیان پێدراوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکەی وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ مەبەستی ئەوەی سەرلە نوێ پێیدا بڕوات وەک ئەوەی لە سەرەوە باسکراوە، لەگەڵ ئاگادارکردنەوەی دادگا لەسەر پێویستی گرنگی دان بە کۆنوسەکانی دادبینی وە نوسینیان بە خەتێکی جوان تا بتوانرێت بخوێنرێنەوە لە کاتی ووردبینیدا وە ڕەچاوکردنی ئەو لایەنە لە داهاتوودا ، ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/١٠.

**ژمارە/ ٢١١/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٤٣٤/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٠/ ٣/ ٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەڵەبجە) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پەسەند کردنی تەڵاقی دەرەکی نێوانیان لە بەرواری (٢٠٢٤/٧/٦)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داواکە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/٢٦) بە بڕیاری ژمارە (٤٣٤/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە پەسەند کردنی تەڵاقی دەرەکی دراو لە (٢٠٢٤/٧/٦) دانانی بە تەڵاقی گەڕاوە گۆڕاوە بۆ لێکترازانی بچووك وە بۆیان نیە بگەڕێنەوە بۆ لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت وە پێویست نیە لەسەر داوالەسەرکراو پابەندی (عدە) ی شەرعی بێت بە هۆی کۆتایی هاتنی ماوەکە وە بۆی نیە شوو بکاتەوە بە پیاوێکی تر تا وەرگرتنی پلەی کۆتایی بڕیارەکە ، وە مانەوەی داوالەسەرکراو لە خانووی داواکار بۆ ماوەی سێ ساڵ لەگەڵ خستنە ئەستۆی داواکار ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/٥) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری دادگا لە داوای بنەڕەتی بە پەسەند کردنی تەڵاقی دەرەکی بانگەشەبۆکراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە بە هۆی سەلماندنی بەو شێوەیەی لە تیانووسی داواکەدا هاتووە ، سەبارەت بە بڕگەی (دووەم) لە بڕیارەکە کە بابەتی تانەی پێداچوونەوەیە بە پێدانی ماف بە داوالەسەرکراو (پێداچووکار) بۆ نیشتەجێ بوون لە ماڵی هاوسەری بە پێ ی یاسای ژمارە (٧٧) ی ساڵی١٩٨٣ ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە و پێش وەختە، چونکە بە پێ ی ئەوکۆنوسەی کە داواکار پێشکەشی کردوە بۆ سەلماندن کە لەلایەن لیژنەی فەتوای شەرعی لە هەڵەبجە ڕێکخراوەو داوالەسەرکراو دانی پێداناوە ناوبراو بەو تەڵاقە ڕەزامەند بووە ، وە ئەگەر ناوبراو نکولی کرد لە ڕەزامەند بوونی پێویستە ئەو لایەنە واتە پێچەوانەی ئەوەی لە سەنەدی پێشکەشکراودا خراوەتە ڕوو بە بەڵگەی یاسایی هاوشێوە یان بەهێزتر بەسەلمێنێت وە ئەگەر ناتوانا (عاجز) بوو مافی پێبدرێت

سوێندی یەکلاکەرەوە ئاراستەی داواکار بکات بەو شێوەیەی کە دادگا دایدەڕێژێت ، پاشان بڕیار بدات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی بۆی ڕوون دەبێتەوە ، لەبەرئەوەی دادگا پێ] تەواوکردنی لێکۆڵینەوەی پێویست لە بڕگەی دووەمدا بڕیاری داوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/١٠.

**ژمارە/ ٢١٣/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٤٥٣/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٠/ ٣/ ٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سیدصادق) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە زیاد کردنی بژێوی منداڵەکەی (هاوکۆ)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داواکە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/٢٨) بە بڕیاری ژمارە (٤٥٣/ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە زیاد کردنی بژێوی منداڵەکەی (ە ) لە بڕی ٨٠,٠٠٠ دینارەوە بۆ ١٢٠,٠٠٠ دینار لە بەرواری تۆمار کردنی داواکەوە لە ٢٠٢٤/٨/٧ وە ڕێگەدان بە داواکار بەوەرگرتنی بڕی بژێوی منداڵەکەی و خەرج کردنی بۆ پێداویستیەکانی لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــار:-

پاش وردبینی و گفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە، چونکە بڕی بژێوی حوکمدراو بە بڕیاری ژمارە (١٩٧/ش/٢٠١٦) لە ٢٠١٧/٦/١٣ کاتێکی زۆری بەسەردا تێپەڕ بووە وە ئێستا ئەو بڕەی کە پێشتر بڕیاری لەسەر دراوە بە هیچ شێوەیەک بەشی پێویستی منداڵێک ناکات کە تەمەنی گەورەبوەو پێداویستیەکانی زیادیان کردوە ، وە بڕی بژێوی خەمڵێنراویش لەڕێ ی شارەزای دادوەریەوە ڕەچاوی مادەکانی (١٣٣-١٤٤) لە یاسای سەلماندن کراوەوگونجاوە لەگەڵ باری دارایی داوالەسەرکراو ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تیانوسی پێداچوونەوە و لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/١٠.

**ژمارە/ ٢١٤/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ١٠٥٦/ أعتراجیە/٢٠٢٣ بەروار/١٠/ ٣ /٢٠٢٥**

ناڕازیکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (دهۆك) داوای هەڵوەشاندنەوەی حوکمی پاشملەی ژمارە (١٠٥٦/ ش/٢٠٢٣ لە ٢٠٢٣/١٢/٢٤) کە حوکمی داوە بە پابەند کردنی بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواکار بەبڕی ٢٠٠,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٣/٦/١٩ وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بەهەمان بڕ . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١٨) بە بڕیاری ژمارە (١٠٥٦/ ش – أعتراضیة/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە پاڵپشتی کردنی حوکمی پاشملەی ژمارە (١٠٥٦/ش/٢٠٢٣ لە ٢٠٢٣/١٢/٢٤) وە ڕەد کردنەوەی تیانوسی ناڕەزایی ناڕازیکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ناڕازیکار - داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری ناڕازی لەسەرکراو - داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام ناڕازیکار - داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/٢٣) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە ، چونکە داوالەسەرکراو دەفعی کردوە بەوەی کە داواکاری ژنی تەڵاقداوە لە ٢٠٢١/٩/٢١ بەڵام نەیتوانیوە ئەو دەفعەی بسەلمێنێت ، دواتر لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە ئەوە سەلمێنراوە کە ناوبراو بژێوی داواکاری ژنی نەکێشاوە لەو ماوەیەی کە حوکمی پێدراوە ، لەبەر ئەوە داواکار شایستەی بژێویە لە ڕۆژی نەکێشانیەوە لەلایەن داوالەسەرکراوی مێردیەوە ، وە بڕی بژێوی خەمڵێنراویش لەڕێ ی شارەزای دادوەریەوە بە ڕەچاوکردنی مادەکانی (١٣٣-١٤٤) لە یاسای سەلماندن گونجاوە لەگەڵ باری دارایی داوالەسەرکراو ، بۆیە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصديق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە  ٢٠٢٥/٣/١٠.

**ژمارە/ ٢١٥/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٣٨٠/ ش/٢٠٢٣ بەروار/ ١٠/ ٣ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (دهۆك) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیاکردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی کێشە و ناکۆکی) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/٥/١٦) بە بڕیاری ژمارە (٣٨٠/ ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/٥/٢٢) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات . دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (٧١٨/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (١٨/ ٨ /٢٠٢٤) بڕیاری تانەلێدراوی هەڵوەشاندۆتەوە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١٨) بە بڕیاری ژمارە (٣٨٠/ ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە جیاکردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواکار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە لەگەڵ کەم کردنەوەی بڕی ٣٠٪ لە مارەیی پاشەکیەکەی لە ٣٠٠ غرام زێر عیار ٢١ ، لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١/١٢) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و دەرکەوت کە تانەی پێداچوونەوە دەکەوێتە دەرەوەی ماوەی یاسایی یەوە لەبەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی لە ڕووی شێوەوە لەگەڵ خستنە ئەستۆی پێداچووکار ڕەسمی پێداچوونەوە ، وە لەبەر ئەوەی بابەتی داواکە پەیوەندیدارە بە حەڵاڵ و حەرامەوە بڕیار درا بە بینینی وە تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە بە درێژی تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، چونکە دەرچوە بە پەیڕەو کردنی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دەرچوولەم دادگایە بە ژمارە (٧١٨/د.باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (٢٠٢٤/٨/١٨) . بۆیە  بڕیاردرا بە پەسەند کردن (تصديق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/١٠.

**ژمارە/ ٢١٨ / دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٢٠٤/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٠/ ٣ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (قەسرۆك) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە زیاد کردنی بژێوی منداڵەکەی (م) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/٢٤) بە بڕیاری ژمارە (٢٠٤/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/٢٤) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە پێش وەختە ، چونکە ئەوەی دیارە بڕی بژێوی دیاریکراو بۆ منداڵی ناکام (م) بە بڕیاری ژمارە (١٢١/ش/٢٠٢١) دەرچوو لە ٢٠٢٢/١/٤ بنەما لەسەر ڕێکەوتنی هەردوولا بووە ، وە بە تۆمارکردنی ئەم داوایە پێویستە دادگا لێکۆڵینەوە بکات لەسەر ئەوەی بزانێت لە دەرچوونی بڕیاری ئاماژەبۆکراوەوە تا تۆمارکردنی ئەم داوایە هیچ داهاتی داوالەسەرکراو زیادی کردوە بە شێوەیەک هۆکار بێت بۆ ئەوەی داواکار داوای زیادکردنی بژێوی منداڵەکەی بکات ، چونکە ئەوە شتێکی بەڵگەنەویستە کە منداڵ بە گەورەبوونی پێداویستیەکانی زیاد دەکەن داواکار مافی داواکردنی زیاد کردنی بژێوی هەیە بۆ منداڵەکەی کە لە ئامێزیدایە ئەگەر توانای دارایی داوالەسەرکراوی باوکی بە ڕێژەیەکی دیار زیادی کردبێت ، وەئەمەش هۆکارە بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکەی ، بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی (نقض) ی بڕیاری تانەلێدراو وە وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی تا پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە وە هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام ، ئەم بڕیارەش بە زۆرینەی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/١٠.

**ژمارە/ ٢٢٠/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٣٠١/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٠/ ٣ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (ئاکرێ) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١٥) بە بڕیاری ژمارە (٣٠١/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواکار بەبڕی ١٧٥٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٤/٦/٢٠ تاکو ٢٠٢٤/٧/٢٠ وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بەهەمان بڕ ، لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١٩) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە ، چونکە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە ئەوە سەلمێنراوە کە داوالەسەرکراو بژێوی داواکاری ژنی نەکێشاوە لەو ماوەیەی کە حوکمی پێدراوە ، لەبەر ئەوە داواکار شایستەی بژێویە لە ڕۆژی نەکێشانیەوە لەلایەن داوالەسەرکراوی مێردیەوە ، وە بڕی بژێوی خەمڵێنراویش لە ڕێ ی شارەزای دادوەریەوە بە ڕەچاو کردنی مادەکانی (١٣٣-١٤٤) لە یاسای سەلماندن گونجاوە لەگەڵ باری دارایی داوالەسەرکراو ، بۆیە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصديق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/١٠.

**ژمارە/ ٢٢١/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٢٠٥/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٠/ ٣/ ٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (ئاکرێ) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام بۆ خۆی و منداڵەکانی (ك/ إ/ خ/ و /ك/ع/ م) لە هاوسەرانی پێشوی) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/٢٥) بە بڕیاری ژمارە (٢٠٥/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ١/ پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواکار بەبڕی ١٠٠,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٣/١٠/١٠ تاکو ٢٠٢٤/٥/٢١ وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بەهەمان بڕ . ٢/ ڕەد کردنەوەی داوای داواکار سەبارەت داواکردنی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام بۆ منداڵەکانی هەریەك لە (ك/ إ/ خ/ و/ ك/ ع/ م) لە هاوسەرانی پێشوی لەبەر ئەوەی لە ماڵی داوالەسەرکراو ناژین لە بەرواری ٢٠٢٣/١٠/١٠ . ٣/ پوچەڵ کردنەوەی داوای داوالەسەرکراو سەبارەت گوێرایەڵی کردنی داواکار و گەڕانەوەی بۆ ماڵی هاوسەری لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . ٤/ خستنە ئەستۆی ڕێژەیی لایەنەکانی داوا لە ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/٥) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە ، چونکە ئەوە سەلمێنراوە کە هەردوو کچی داواکار لە مێردەکانی پێشووی لەگەڵیدا ناژین لەو ماڵە کە ماڵی هاوسەریەتی لەگەڵ داوالەسەرکراو وە داواکردنی بژێوی لێ ی بۆ کچەکانی پشتیوانی شەرعی و یاسایی نیە، بۆیە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/١٠.

**ژمارە/ ٢٢٢/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٣٣٧/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٠/ ٣/ ٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (ئاکرێ) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/٥) بە بڕیاری ژمارە (٣٣٧/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ١/ پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواکار بەبڕی ١٥٠,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٤/٢/١٥ تاکو ٢٠٢٤/٨/٥ وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بەهەمان بڕ تاکو ٢٠٢٤/٩/١٥ بەرواری جیابوونەوە . ٢/ ڕەد کردنەوەی داوای داواکار سەبارەت بە داوا کردنی بژێوی بەردەوام لە بەرواری ٢٠٢٤/٩/١٦ وە بۆ داهاتوو لەگەڵ خستنە ئەستۆی هەردوولایەنی داواکە لە ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانیان . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١٢/١١) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراوناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایەو پێش وەختە ، چونکە پاش ئەوە داوالەسەرکراو نەیتوانیوە دەفعەکەی بە پابەندنەبوونی داواکار بە ئیلتیزاماتی هاوسەری بسەلمێنێت، لەبەر ئەوە دەبوو دادگا داوالەسەرکراو بە ناتوانا (عاجز) دابنێت لە سەلماندن وە مافی ئەوەی پێ بدات کە سوێندی یەکلاکەرەوە

ئاراستەی داواکار بکات ، لەبەر ئەوەی دادگا بێ ڕەچاوکردنی ئەو لایەنە بڕیاری دەرکردوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکەی وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/١٠.

**ژمارە/ ٢٢٣/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٣٠٠/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٠/ ٣ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (ئاکرێ) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە زیادکردنی بینینی منداڵەکانی (س/ و/ س)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١) بە بڕیاری ژمارە (٣٠٠/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ١/ پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە زیادکردنی بینینی داواکار بۆ منداڵ (س) لە دوو جار لە مانگێکدا بۆ هەفتەی جارێك هەر جارە و بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر . ٢/ پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە زیادکردنی بینینی داواکار بۆ منداڵ (س) لە دوو جار لە مانگێکدا بۆ هەفتەی جارێك هەر جارە و بۆ ماوەی ٦ کاتژمێر ، لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/٩) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونکە ئەوەی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی دادگا دەرکەوتووە جیاوازی هەیە لە نێوان ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی دەروونی و ڕاپۆرتی توێژەری کۆمەڵایەتی هاوپێچ کراوان بە دۆسیەکەوە سەبارەت بە بینینی منداڵەکانی هەردوولای داواکە، وە لەبەر ئەوەی منداڵی ناکام (س) تەمەن شیرخۆری تێپەڕاندوە لەبەرژەوەندی هەردوو منداڵەکەیە ماوەو ژمارەی بینیان وەک یەک بێت و بەیەکەوە بن ، وە دادگا دەتوانێت بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو بابەتە پەنا بۆ شارەزایەکی پسپۆڕ لە بواری دەروونناسی ببات بۆ دەست نیشان کردنی ماوەی هەر بینینێک و ژمارەیان لە مانگێکدا بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی منداڵەکان و مافی باوکیان بۆ بینینیان ، وە ئەمەش هۆکارە بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە ، وە لەبەر بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/١٠.

**ژمارە/ ٢٢٤/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٣٥٢/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٠/ ٣ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (ئاکرێ) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١٠) بە بڕیاری ژمارە (٣٥٢/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواکار بەبڕی ١٢٥,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٤/٨/١٢ وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بەهەمان بڕ لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١٩) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش

گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-
بـڕیـــــار:-
پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونکە بریکاری داوالەسەرکراو دەفعی کردوە بەوەی بریگرتەکەی پاش تۆمارکردنی داوالەسەری بیروهۆشی (الاراده و الأدراک) ی لە دەست داوە وە ئەوەش سەلمێنراوە لە دۆسیەیەکی جێبەجێکردن بە ژمارە (٦٠٠/ت.د/٢٠٢٤) ، وە لەبەر ئەوەی ئەو بابەتە پەیوەندیدارە بە ڕکابەری (خصومة) نابێت پێش گوێ بخرێت ، لەبەر ئەوە دەبوو دادگا ئەو دۆسیەیە داوا بکات وە لێکۆڵینەوە لەو دەفعە بکات پاشان بە داواکەدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی بۆی ڕوون دەبێتەوە ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە ، ئەم بڕیارەش بەزۆرینەی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/١٠.

**ژمارە/ ٢٢٦/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ — ژمارەی داوا/٢٦١/ ش/٢٠٢٤ — بەروار/ ١٠/ ٣ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (بەردەڕەش) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام بۆ خۆی و منداڵەکانی (ه/ س/ ف)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/٢٥) بە بڕیاری ژمارە (٢٦١/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواکار و منداڵەکانی (ه/ س/ ف) بەبڕی ٧٣,٠٠٠ دینار بۆ هەریەگێکیان لەبەرواری ٢٠٢٤/٦/١ تاکو ٢٠٢٤/٦/٢٣ بەبڕی مانگانە ١٠٠,٠٠٠ دینار وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بەهەمان بڕ بۆ هەریەگێکیان وە ئەژمار کردنی بژێوی کاتی بە بڕی دینار وەك بەشێك لەم بڕگەیە وە ڕێگەدان بە داواکار بەوەرگرتنی بڕی بژێوی منداڵەکانی و خەرج کردنی بۆ پێداویستیەکانیان لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/٤) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-
بـڕیـــــار:-
پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕگەی دووەم لە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە بە درێژی تیادا باسکراون ، چونکە داواکردنی داواکار بۆ بژێوی خۆی وە منداڵەکانی (هیلین، سدره ، فاطمة) کە لە ئامێزیدان لە داوالەسەرکراو پشتیوانی شەرعی و یاسایی هەیە ، وە بڕی بژێوی خەمڵێنراویش لەلایەن شارەزاوە بژێوی (اعسار)ەو گونجاوە لەگەڵ باری دارایی داوالەسەرکراو ، لەسەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تیانووسی پێداچوونەوە وە خستنە ئەستۆی پێداچووکار ڕەسمی پێداچوونەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/١٠.

**ژمارە/ ٢٢٧/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ — ژمارەی داوا/٣١٨/ ش/٢٠٢٤ — بەروار/ ١٠/ ٢٠٢٥/٣**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (بەردەڕەش) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بەپێدانی

بڕی ٦٠٠٠٠٠٠ شەش ملیۆن دینار وەکو قەرەبووی تەڵاقی نارەوا) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە رۆژی (٢٠٢٤/١٢/٣) بە بڕیاری ژمارە (٣١٨/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ١. پابەند کردنی داوالەسەرکراو بەپێدانی بڕی (٤,١٤٠,٠٠٠) دینار بە داواکار وەکو قەرەبووی تەڵاقی نارەوا لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو رەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . ٢. رەد کردنەوەی داوای داواکار بە زیادەی داواکراو . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە رازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی رەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١٠) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع ویاسایە و پێش وەختە ، چونکە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی دادگاو هێنانی دۆسیەی سزایی لە دادگای کەتنی بەردەرەش ئەوە جێگیرە داوالەسەرکراو سکاڵای سزایی دژی داواکاری ژنی جوڵاندوە به تۆمەتی لێدانی و تا ئێستا یەکلانەبوەتەوە ، لەبەر ئەوەی ئەگەر هەیە ئەنجامی ئەو دۆسیەیە کاریگەری لەسەر ئەم داوایەی بەردەست دەبێت وە لە کاتی ئیدانەکردنی داواکار لەو تۆمەتەی دراوەتە پاڵی ئەوا داوالەسەرکراو بە (متعسف) دانانرێت ، پێویست بوو دادگا بڕیار بدات بە ڕاگرتنی دادبینی لە داوای داواکردنی قەرەبوو وە دانانی بە پاشخراو (مستأخرة) تا ئەنجامی داوا سزاییەکە ، وە لەبەر ئەوەی دادگا بڕیاری دەرکردوە بێ رەچاوکردنی خاڵی ئاماژەبۆکراو بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوە (نقض)ی بڕیارەکە وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە لەگەڵ هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە بۆ ئەنجام ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/١٠.

| **ژمارە/ ٢٢٨/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥** | **ژمارەی داوا/ ٣٠٦/ ش/٢٠٢٤** | **بەروار/ ١٠/ ٣ /٢٠٢٥** |
|---|---|---|

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سمیل) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیا کردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە رۆژی (٢٠٢٤/١١/١٧) بە بڕیاری ژمارە (٣٠٦/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە جیاکردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواکار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە وە کەم کردنەوەی ڕێژەی ٧٠٪ لە مارەیی پاشەکی داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم پێشکەشکراو لە (٢٠٢٤/١١/٢٧) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، وە دەرچووە بە پەیرەو کردنی سەرجەم مەرجەکانی هەردوو مادەی (٤١ و ٤٢) لە یاسای باری کەسی هەموارکراو ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/١٠.

| **ژمارە/ ٢٣٠ / دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥** | **ژمارەی داوا/١٣٧/ ش/٢٠٢٤** | **بەروار/ ١٠/ ٢٠٢٥/٣** |
|---|---|---|

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سمیل) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە گەڕاندنەوەی منداڵەکەی (ش) بۆ ئامێزی خۆی) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١) بە بڕیاری ژمارە (١٣٧/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١٠) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە ، چونکە لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی دادگای باری کەسی ئەنجامی داون لە ڕاپۆرتی توێژەری کۆمەڵایەتی و ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی دەرونی وە ڕاپۆرتی داواکاری گشتی هاوپێچ بە دۆسیەکەو ئەو بەڵگانەی تر کە خراونەتە ڕوو ئەوە سەلمێنراوە کەوا لە بەرژەوەندی منداڵی ناکام (ش) ە کە لە ئامێزی باوکی (داوالەسەرکراو) دا بمێنێتەوەو داواکار مافی بینینی هەبێت، لەبەر ئەوەی بە پێ ی شەرع و یاساش ئامێزگیری دەسوڕێتەوە لەگەڵ بەرژەوەندی لە ئامێزگیراو ، بۆیە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە وە خستنە ئەستۆی پێداچووکار ڕەسمی پێداچوونەوە ، ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/١٠.

| | | |
|---|---|---|
| **ژمارە/ ٢٣١/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥** | **ژمارەی داوا/٥٦٧/ ش/٢٠٢٣** | **بەروار/ ١٧/ ٣ /٢٠٢٥** |

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سمیل) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (بڕینی بژێوی لە بەرواری ٢٠١٩/٦/١ تاکو ٢٠٢٣/١/١٠ کۆی گشتی دەکاتە ١٩,٠٠٠,٠٠٠ نۆزدە ملیۆن دینار)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٣/١٢/١٣) بە بڕیاری ژمارە (٥٦٧/ ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٣/١٢/٢١) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات . ، دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (٤٤٨/د.باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (٢٠٢٤/٤/٢٩) بڕیاری تانەلێدراوی هەڵوەشاندۆتەوە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/٣) بە بڕیاری ژمارە (٥٦٧/ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١٠) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە بە درێژی تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، چونکە دەرچوە بە پەیرەو کردنی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دەرچوولەم دادگایە بە ژمارە (٤٤٨/د.باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (٢٠٢٤/٤/٢٩) . بۆیە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق)ی بڕیاری تانەلێدراو

وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/١٧.

**ژمارە/ ٢٣٥/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٤٩٠/ ش٢٠٢٤/٤ بەروار/ ١٧/ ٢٠٢٥/٣**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە گەڕاندنەوەی منداڵەکانی هەریەك لە (ڤ/ و/ أ/ و/ ر/ و/ س) بۆ ئامێزی خۆی) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١٥) بە بڕیاری ژمارە (٤٩٠/ ش٢٠٢٤/٤) حوکمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە گەڕاندنەوەی منداڵەکانی هەریەك لە (ڤ/ و/ أ/ و /ر/ و/ س) بۆ ئامێزی داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/٢٢) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە بە درێژی تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، چونکە داواکار سەرجەم مەرجەکانی ئامێزگیری (حضانة) ی تێدایە وە بە پێ ی مادەی (٥٧) لە یاسای باری کەسی دایک مافدارترە لە ئامێزگیری منداڵەکانی لە کاتی بەردەوامی هاوسەرگیری و پاش جیابوونەوە ئەگەر لە ئامێزگیراو زەرەرمەند نەبێت، وە مێردی داواکار بەڵێنی داوە بە چاودێری کردنی منداڵە ناکامەکانی داواکار پاش گەڕانەوەیان بۆ لای ، بۆیە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/١٧.

**ژمارە/ ٢٣٨/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٦٤٢/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٧/ ٣ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (ڕواندز) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیا کردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە بەرواری ٢٠٢٤/١٠/٢٧ بە ژمارە ٦٦/ ش/٢٠٢٤ دادگای باری کەسی (ڕواندز) بڕیاریدا بە هەواڵە کردنی داواکە بۆ دادگای باری کەسی (سۆران) . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای باری کەسی (سۆران) لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١٥) بە ژمارە (٦٤٢/ ش/٢٠٢٤) بڕیاری داوە بە ڕەدکردنەوەی هەواڵەکردن و گەڕاندنەوەی بۆ دادگای باری کەسی لە ڕواندز . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١/٢٠) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ دەرکەوت کەوا تانەی پێشکەشکراو لە دەرەوەی ماوەی یاسایی دا پێشکەشکراوە ، چونکە بڕیاری تانەلێدراو بەڕەدکردنەوەی هەواڵەکردن لە دادگای باری کەسی لە سۆران دەرچووە لە ٢٠٢٤/١٢/١٥ بەڵام لە ٢٠٢٥/١/٢٠ پێداچووکار تانەی لێدراوە هەمان ڕۆژ ڕەسم دراوە لە کاتێکدا ماوەی تانەدان بە پێداچوونەوە بە پێ ی یاسا بە (٧) ڕۆژ دیاریکراوە بە پێ ی مادەی (٢١٦) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو دەست پێدەکات لە ڕۆژی دوای دەرچوونەوە ، وە لەبەر ئەوەی ماوەکانی تانەلێدان بە یاسا دیاریکراوە وە تێپەڕاندنی دەبێتە هۆی لە دەست دانی مافی تانە لێدان بنەما لەسەر مادەی

(١٧١) له یاسای ئاماژەبۆکراو لەسەرەوە ، بۆیە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە (شكلاً) و لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/١٧.

**ژمارە/ ٢٣٩/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٣٢٧/ ش - أعتراضية/٢٠٢٤ بەروار/ ١٧/ ٣ /٢٠٢٥**

ناڕازیکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (دهۆك) داوای هەڵوەشاندنەوەی حوکمی پاشملەی ژمارە (٣٢٧/ ش/٢٠٢٤ لە ٢٠٢٤/٦/٥)ی کردووە کە حوکمی داوە بە جیا کردنەوەی لایەنەکانی داوا بە هۆکاری بەجێهێشتن وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك وە داوالەسەرکراو بۆی نیە داواکار بگەڕێنێتەوە ژیانی هاوسەری مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت وە داواکار پابەند دەکرێت بە ماوەبەندی پاك بوونەوە بۆ ماوەی سێ مانگ وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەبەندی پاك بوونەوە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیاکردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١٧) بە بڕیاری ژمارە (٣٢٧/ أعتراضية/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی نارەزایی ناڕازیکار وە دووپات کردنەوەی حوکمی پاشملەی ژمارە (٣٢٧/ش/٢٠٢٤ لە ٢٠٢٤/٦/٥) لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی ناڕازی لەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام ناڕازیکار - داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/٢٤) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-
بـڕیـــــار:-
پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونکە لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی دادگا ئەنجامی داون بە تایبەتی لە قۆناغی ڕێلێگر (الأعتراض) ی وە بە دانپیانانی داواکار خۆی بە تایبەتی لە دانیشتنی ٢٠٢٤/١١/٧ ئەوە سەلمێنراوە کە داوالەسەرکراو (المعترض) بە شێوەیەکی ئاسایی داواکاری بەجێ نەهێشتوە بەڵکو کێشەو ناکۆکی لە نێوانیان هەبووە لەسەرەتای هاوسەرگیریانەوە تا ئاستی ئەوەی کە داواکار ڕەزامەند نەبووە سەفەر بکات لەگەڵی بۆ دەرەوەی وولات کە داوالەسەرکراو (معترض) لێ ی نیشتەجێ یە ، وە چەندین نامەی ئەلەکترۆنی لە ڕێ ی هۆکانی پەیوەندیەوە لە نێوانیان ئاڵوگۆڕکراوە ، کە داواکار(المعترض عليها) پشتڕاستی کردونەتەوە، وە ئەمەش بە بەجێهێشتن (هجر) دانانرێت کە ڕەوایەتی بداتە داواکار داوای جیابوونەوە بکات بە پێ ی مادەی(٢/٤٣) لە یاسای باری کەسی، پێویستە دادگا داواکار (المعترض عليها) بە ناتوانا (عاجز) دابنێت لە سەلماندن وە مافی پێبدات سوێندی یەکلاکەرەوە ئاراستەی داوالەسەرکراو (المعترض) بکات ، دواتر بە پێی ئەوەی بۆی دەردەکەوێت بڕیاری یەکلاکەرەوە بدات، لەسەر ئەوە بڕیاردرا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ مەبەستی ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە و هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام و ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/١٧.

**ژمارە/ ٢٤١/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ١٩٧/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٧/ ٣ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (پشدەر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام بۆ خۆی و منداڵەکەی (هەناسە)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی

(٢٠٢٤/١١/٧) بە بڕیاری ژمارە (١٩٧/ ش/٢٠٢٤) حوكمی داوە بە ١/ پابەند كردنی داوالەسەركراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواكار بەبڕی ٢٠٠،٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٤/٢/١٦ تاكو ٢٠٢٤/٥/١٦ وە بە شێوەیەكی بەردەوام مانگانە بەهەمان بڕ . ٢/ پابەند كردنی داوالەسەركراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە منداڵەكەی (ە) بەبڕی ١٥٠،٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٤/٢/١٦ تاكو ٢٠٢٤/٥/١٦ وە بە شێوەیەكی بەردەوام مانگانە بەهەمان بڕ . وە ڕێگەدان بە داواكار بەوەرگرتنی بڕی بژێوی منداڵەكەی و خەرج كردنی بۆ پێداویستیەكانی لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكارانی داواكار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەركراو – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١١/١٧) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندكرنی تانەی پێشكەشكراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی كرا كە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆكارانەی كە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە ، چونكە لە ئەنجامی لێكۆڵینەوە ئەوە سەلمێنراوە كە داوالەسەركراو بژێوی داواكاری ژنی وە منداڵەكەی (ە) كە لە ئامێزیدایە نەكێشاوە بۆ ماوەی داواكراو ، لەبەر ئەوە شایستەی بژێوین لە ڕۆژی نەكێشانیەوە ، وە بڕی بژێوی خەمڵێنراویش لە ڕێ ی شارەزای دادوەریەوە بە ڕەچاوكردنی مادەكانی (١٣٣-١٤٤) لە یاسای سەلماندن گونجاوە لەگەڵ باری دارایی داوالەسەركراو ، بۆیە بڕیار درا بە پەسەند كردن (تصديق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد كردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووكارەوە ، ئەم بڕیارەش بەكۆی دەنگ دەركرا لە ٢٠٢٥/٣/١٧.

**ژمارە/ ٢٤٢/ دەستەی باری كەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٤٤٨٦/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٨/ ٣/ ٢٠٢٥**

داواكار لەبەردەم دادگای باری كەسی (سلێمانی) بانگەشەی كردووە بەو شێوەیەی كەلەتیانووسی داواكاریەكەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای كردووە حوكم بدرێت بۆی بە (پابەند كردنی داوالەسەركراو بە پێدانی مارەیی پاشەكی كە قورئانێكی پیرۆز لە گرێبەستی مارەیی نووسراوە بە مارەیی (مهر مثل)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو خەرجی داواكە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١٨) بە بڕیاری ژمارە (٤٤٨٦/ ش/٢٠٢٤) حوكمی داوە بە پابەند كردنی داوالەسەركراو بە پێدانی مارەیی پاشەكی بە بڕی (٩،٥) زێڕ عەیار ٢١ بە پارە نرخەكەی دەكاتە بڕی (٤٣٠،٠٠٠) دینار بۆ هەر مسقالێك بە داواكار لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو ڕەسم و تێچوونی داواكە . بەڵام داوالەسەركراو – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/٢/١٩) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندكرنی تانەی پێشكەشكراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی كرا كە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆكارانەی كە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە ، چونكە ئەوە سەلمێنراوە كە داواكار مارەیی بۆ دیاری كراوە لە گرێبەستی هاوسەرگیریدا كە بریتیە لە (٢٢) مسقاڵ زێڕی پێشەكی وە بەخشینی نوسخەیەكی قورئانی پیرۆز وەك پاشەكی ، وە ئەوە بە ڕەزامەندی خۆی بووە ، وە ئەوەی وەك مارەیی پاشەكی بۆی دیاری كراوە لە ڕووی مەعنەویەوە بەهایەكی گەورەی هەیە بەراورد ناكرێت بە بەهای مەعنەوەی هیچ شتێكی تر، ئەمە جگە لەوەی كە مارەیی پێشەكی بۆ كراوەو وەری گرتوە ، وە داوای داواكار بۆ مارەیی هاوتا هیچ پشتیوانیەكی شەرعی و یاسایی نیە ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەكە بۆ دادگاكەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسكراوە ، ئەم بڕیارەش بەكۆی دەنگ دەركرا لە ٢٠٢٥/٣/١٠.

**ژمارە/ ٢٤٣/ دەستەی باری كەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٤٦٣٥/ ش/٢٠٢٢ بەروار/ ١٧/ ٣/ ٢٠٢٥**

داواكار لەبەردەم دادگای باری كەسی (سلێمانی) بانگەشەی كردووە بەو شێوەیەی كەلەتیانووسی داواكاریەكەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای كردووە حوكم بدرێت بۆی بە (پابەند كردنی داوالەسەركراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو خەرجی داوا و كرێی ماندوو بوونی پارێزەری. لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/٤) بە بڕیاری ژمارە (٤٦٣٥/ش/٢٠٢٢) حوكمی داوە بە ١/ پابەند كردنی داوالەسەركراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواكار بەبڕی ١٢٠,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٢/٧/٨ تاكو ٢٠٢٢/٨/٢١ وە بە شێوەیەكی بەردەوام مانگانە بەهەمان بڕ تاكو ٢٠٢٣/٩/٩ . ٢/ پابەند كردنی داوالەسەركراو بە پێدانی بڕی ٣٢٥,٠٠٠ دینار بە داواكار وەك خەرجی پزیشكی . ٣/ ڕەد كردنەوەی داوای داواكار سەبارەت بە بژێوی بەردەوام لە ٢٠٢٤/٩/١٠ كە بەرواری جیابوونەوەیە . ٤/ ڕەد كردنەوەی داوای داواكار سەبارەت بە خەرجی نەشتەرگەری منداڵ بوونی كە بڕەكەی دەكاتە (٦٠٠,٠٠٠) دینار وە ئەژمار كردنی بژێوی كاتی وەك بەشێك لە بڕیارەكە لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕێژەیی لایەنەكانی داوا لەڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكارانیان بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەركراو – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١٥) تیایدا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندكرنی هەردوو تانەی پێشكەشكراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی كرا كەبڕگەكانی (١ ، ٢) لە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایەو پێش وەختە چونكە بریكاری داوالەسەركراو لە قۆناغی دادبینیدا دەفعی بەوە كردوە كە داواكار بە پێ پاساوی مەشروع ماڵی هاوسەری بەجێ هێشتووە ، وە بەڵگەی كەسی پێشكەش كردوە بۆ سەلماندن بەڵام نەیتوانیوە دەفعەكە بسەلمێنێت ، دەبوو دادگا ناوبراو بە ناتوانا (عاجز) دابینێت لە سەلماندن وە مافی ئەوەی پێ بدات كە سوێندی یەكلاكەرەوە ئاراستەی داواكار بكات ، دواتر لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی بۆ ساغ دەبێتەوە بڕیاری یەكلاكەرەوە بدات ، بەڵام ســـەبارەت بە بڕگەكانی (٣ ، ٤) بڕیارەكە ڕاستە لەبەر ئەو هۆكارانەی تیایدا ئاماژەیان پێكراوە ، لەبەر ئەوەی دادگا پێش ئەنجامدانی ڕێكاری ئاماژەبۆكراو لەسەرەوە هەردوو بڕگەی (١ ، ٢) لە بڕیارەكەی دەركردوە ئەمەش هۆكارە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ، بنەما لەسەر ئەوە ئەوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەكە بۆ دادگاكەی بۆ مەبەستی ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات وەك ئەوەی لەسەرەوە باسكراوە و هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام ئەم بڕیارەش بە كۆی دەنگ دەركرا لە ٢٠٢٥/٣/١٧.

**ژمارە/ ٢٤٩/ دەستەی باری كەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٥٤٨١/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٨/ ٣ /٢٠٢٥**

داواكار لەبەردەم دادگای باری كەسی (سلێمانی) بانگەشەی كردووە بەو شێوەیەی كەلەتیانووسی داواكاریەكەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای كردووە حوكم بدرێت بۆی بە (پابەند كردنی داوالەسەركراو بە ڕێگری نەكردنی لە بینینی منداڵەكەی (م)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو خەرجی داوا و كرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١/١٢) بە بڕیاری ژمارە (٥٤٨١/ ش/٢٠٢٤) حوكمی داوە بە پابەند كردنی داوالەسەركراو بە ڕێگری نەكردنی داواكار لە بینینی منداڵەكەی (م) هەفتەی جارێك هەر جارە و بۆ ماوەی ٢٤ كاتژمێر لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكاری داواكار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەركراو – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١/٢٠) تیایدا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندكرنی تانەی پێشكەشكراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی كرا كە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆكارانەی لە بڕیارەكەدا ئاماژەیان پێدراوە ،

چونکە لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە دادگا ئەنجامی داون لە ناردنی لایەنەکانی داواکە و منداڵەکە بۆ لیژنەی پزیشکی دەروونی وە پێشکەشکردنی توێژەری کۆمەڵایەتی بۆ ڕاپۆرتی خۆی وە وەرگرتنی ڕای بەڕێز ئەندامی داواکاری گشتی دەرکەوتووە کە بینینی منداڵی ناکام (م) لەلایەن داواکاری باوکیەوە هەفتانە یەک جار و هەرجارەی بۆ ماوەی (٢٤) بیست و چوار کاتژمێر زیانی پێناگات ، بەڵام دادگا لە بڕیارەکەیدا ئاماژەی نەداوە بەو شوێنەی کە منداڵی ناوبراوی تێدا ڕادەست بکرێت و وەربگیرێتەوە ئەگەر هەردوولا ڕێک نەکەوتن لەسەر شوێنەکەی ، بۆیە بڕیار درا بە پەسەندکردن (تصديق) ی بڕیاری تانەلێدراوە وە ڕەد کردنەوەی تیانووسی پێداچوونەوە وە خستنە ئەستۆی پێداچووکار ڕەسمی پێداچوونەوە وە زیاد کردنی پێدانی دەسەڵات بە جێبەجێکاری دادە تایبەتمەند بۆ دیاری کردنی شوێنی ڕادەست کردنی منداڵەکەو وەرگرتنەوەی ئەگەر هەردوولا لەسەری ڕێک نەکەوتن ، ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/١٨.

**ژمارە/ ٢٥٢/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/١٩٤/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٨/ ٣/ ٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەڵەبجە) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پەسەند کردنی تەڵاقی دەرەکی نێوانیان لە بەرواری (٢٠٢٤/٣/١٢)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/٧) بە بڕیاری ژمارە (١٩٤/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە پەسەند کردنی تەڵاقی دەرەکی دراو لە (٢٠٢٤/٣/١٢) دانانی بە تەڵاقی گەڕاوە گۆڕاوە بۆ لێکترازانی بچووك وە بۆیان نیە بگەڕێنەوە بۆ لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت وە پێویست نیە لەسەر داوالەسەرکراو پابەندی (عدە) ی شەرعی بێت بە هۆی کۆتایی هاتنی ماوەکە وە بۆی نیە شوو بکاتەوە بە پیاوێکی تر تا وەرگرتنی پلەی کۆتایی بڕیارەکە ، وە مانەوەی داوالەسەرکراو لە خانووی داواکار بۆ ماوەی سێ ساڵ لەگەڵ خستنە ئەستۆی داواکار ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١١/١٩) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ دەرکەوت کەوا تانەی پێشکەشکراو لە دەرەوەی ماوەی یاسایی دا پێشکەشکراوە، چونکە بڕیاری تانەلێدراو دەرچووە لە ٢٠٢٤/١١/٧ بەڵام لە ٢٠٢٤/١١/١٩ پێداچووکار تانەی لێدراوە هەمان ڕۆژ ڕەسم دراوە لە کاتێکدا ماوەی تانەدان بە پێداچوونەوە بە پێ ی یاسا بە (١٠) ڕۆژ دیاریکراوە دەست پێدەکات لە ڕۆژی دوای دەرچوونەوە ، وە لەبەر ئەوەی ماوەکانی تانەلێدان بە یاسا دیاریکراوە وە تێپەڕاندنی دەبێتە هۆی لە دەست دانی مافی تانە لێدان بنەما لەسەر مادەی (١٧١) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو ، بۆیە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە (شکلاً) و لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/١٨.

**ژمارە/ ٢٥٣/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٧٣٣/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٨/ ٣ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەڵەبجە) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پەسەند کردنی تەڵاقی خولعی نێوان خۆی و داوالەسەرکراو) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داواکە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/١١) بە بڕیاری ژمارە (٧٣٣/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە پەسند کردنی تەڵاقی خولعی نێوان داواکار و داوالەسەرکراو لە بەرواری (٢٠٢٤/١٠/٦) وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر بە بێ گرێبەست و مارەیی نوێ ، وە داواکار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە. بەڵام پێداچووکار (ئەندامی داواکاری گشتی) بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی پێشکەشکراو لە (٢٠٢٤/١١/١٨) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات، پاش گەیشتنی

تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لەلایەن ئەندامی داواکاری گشتی لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی تیایدا ئاماژەیان پێدراوە وە سەلماندنی تەڵاقی خولعی دەرەکی بانگەشەبۆکراو بەو شێوەیەی لە تیانووسی داواکەدا هاتووە وە سەلماندنی کۆنوسی تەڵاقدانی خولعی ڕۆژی ٢٠٢٤/١٠/٦پێشکەشکراو لەلایەن داواکارەوە ، بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەندکردن (تصدیق)ی بڕیاری تانەلێدراو وەگەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی ، بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/١٨.

**ژمارە/ ٢٥٤/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٣١٠/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٨/ ٣/ ٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (شارەزوور) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە گوێڕایەڵی کردنی و گەڕانەوەی بۆ ماڵی هاوسەری) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/٢٢) بە بڕیاری ژمارە (٣١٠/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە گوێڕایەڵی کردنی داواکار و گەڕانەوەی بۆ ماڵی هاوسەری لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١/٦) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی و گفتوگۆ دەرکەوت کەوا تانەی پێشکەشکراو لە دەرەوەی ماوەی یاســـایی دا پێشکەشکراوە ، چونکە بڕیاری تانەلێدراو دەرچووە لە ٢٠٢٤/١٢/٢٢ بەڵام لە ٢٠٢٥/١/٦ پێداچووکار تانەی لێدراوە هەمان ڕۆژ ڕەسم دراوە لە کاتێکدا ماوەی تانەدان بە پێداچوونەوە بە پێ ی یاسا بە (١٠) ڕۆژ دیاریکراوە دەست پێدەکات لە ڕۆژی دوای دەرچوونەوە ، وە لەبەر ئەوەی ماوەکانی تانەلێدان بە یاسا دیاریکراوە وە تێپەڕاندنی دەبێتە هۆی لە دەست دانی مافی تانە لێدان بنەما لەسەر مادەی (١٧١) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو ، بۆیە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە (شکلاً) و لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/١٨.

**ژمارە/ ٢٥٥/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ١٣٦٢/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٨/ ٣ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (کەلار) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام بۆ خۆی و منداڵەکانی (أ/ و /م/ و/ ز)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/٢٢) بە بڕیاری ژمارە (١٣٦٢/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ١/ ڕەد کردنەوەی داوای داواکار سەبارەت بە داواکردنی بژێوی بۆ خۆی لەبەر ئەوەی خۆی ڕێگرە لە گەڕانەوەی داوالەسەرکراو بۆ ماڵی هاوسەری لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە. ٢/ پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە منداڵەکانی (أ/ و /م/ و/ ز) بەبڕی ١١٥٠٠٠ دینار مانگانە بۆ هەریەکێکیان لەبەرواری ٢٠٢٤/١٠/١ وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بەهەمان بڕ بۆ هەریەکێکیان وە ڕێگەدان بە داواکار بەوەرگرتنی بڕی بژێوی منداڵەکانی و خەرج کردنی بۆ پێداویستیەکانیان لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار. بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم

لێدراو له (٢٠٢٥/١/٥) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکه دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوه لەگەڵ دۆسیەکه بۆ ئەم دەستەیه تۆمار کرا به ژمارەی سەرەوه و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو له ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا که برگەی یەکەم له بڕیاری تانەلێدراو به ڕەدکردنەوەی داوای داواکار بۆ بژێوی خۆی که بابەتی تانەی پێداچوونەوەیه ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایەو پێش وەختە ، چونکه داوالەسەرکراو دەفعی بەوەکردوە که داواکاری ژنی بێ پاساوی مەشروع له ماڵی هاوسەری دەری کردوەو ناهێڵێت بگەڕێتەوە ماڵەوە ، پێویست بوو دادگا لێکۆڵینەوە لەو لایەنە بکات وە بزانێت ئایا داواکار پاساوی مەشروعی هەیە بۆ ڕێگری کردن له گەڕانەوەی داوالەسەرکراوی مێردی بۆ ماڵی هاوسەری یان نا ، وە ئەگەر سەلمێنرا ئەو کردەوەیە (تصرف) ەی داواکار بێ هۆکاری گونجاو بڕوا پێهێنەرە ئەو کات ناوبراو مافی نیه داوای بژێوی بکات بۆ خۆی ، بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا به هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکه بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوەو هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام ، ئەم بڕیارەش بەزۆرینەی دەنگ دەرکرا له ٢٠٢٥/٣/١٨.

| ژمارە/ ٢٦١/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ | ژمارەی داوا/٢٧٨/ ش/٢٠٢٤ | بەروار/ ١٨/ ٣/ ٢٠٢٥ |
|---|---|---|

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (کفری) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو به پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . له ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو له ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/٢٣) به بڕیاری ژمارە (٢٧٨/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە به پابەند کردنی داوالەسەرکراو به پێدانی بژێوی ڕابردوو به داواکار بەبڕی ١٠٠,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٢/١١/١٥ وە به شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بەهەمان بڕ لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو له (٢٠٢٥/١/٥) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکه دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا به ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو له ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا که بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی که تیایدا ئاماژەیان پێدراوە ، چونکه له ئەنجامی لێکۆڵینەوە ئەوە سەلمێنراوە که داوالەسەرکراو بژێوی داواکاری ژنی نەکێشاوە لەو ماوەیەی که حوکمی پێدراوە ، وە لەبەر ئەوەی داوالەسەرکراو ماڵی شەرعی بۆ داواکار دانەناوە ناوبراو شایستەی بژێویە له ڕۆژی نەکێشانیەوە لەلایەن داوالەسەرکراوی مێردیەوە، وە بڕی بژێوی خەمڵێنراویش به ڕیکەوتنی هەردوولا بووە ، بۆیە بڕیار درا به پەسەند کردن (تصدیق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا له ٢٠٢٥/٣/١٨.

| ژمارە/ ٢٦٢/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ | ژمارەی داوا/٨٥٨/ ش/٢٠٢٣ | بەروار/ ١٨/ ٣ /٢٠٢٥ |
|---|---|---|

پێشتر دادگای باری کەسی (هەڵەبجە) له بەرواری ٢٠٢٤/٤/١٥ به ژمارە ٨٥٨/ ش/٢٠٢٣ حوکمی داوە به بڕینی بژێوی داوالەسەرکراو . وە هەڵوەشاوەتەوە بەپێی بڕیاری دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان به ژمارە (٦٥٢/ د.باری کەسی/٢٠٢٤) له ٢٠٢٤/٦/١٠ . له ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو له ڕۆژی (٢٠٢٥/١/١٢) به بڕیاری ژمارە (٨٥٨/ ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە به ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو به بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو له (٢٠٢٥/١/١٥) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکه دەکات ، پاش گەیشتنی

تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-
بـڕیـــــار:-
پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە هەرچەندە دەرچووە بە پەیڕەو کردنی بڕیاری دەرکراو لەم دادگایە بە ژمارە (٦٥٢/ د.باری کەسی/٢٠٢٤) لە ٢٠٢٤/٦/١٠ ، چـــونکە بە پێ ی دوا نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەڵەبجە هاوپێچی دۆسیەکە دەرکەوتووە کە داوالەسەرکراو لە ئێستادا خوێندکار نەماوەو وازی لە خوێندن هێناوە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤-٢٠٢٥) وە تەنها فۆرمی بەشداری لە تاقیکردنەوەی دەرەکی پڕکردوەتەوە بەمەش بە خوێندکار دانانرێت و داوای داواکار ڕەوایەتی هەیە لە ڕۆژی وازهێنان (ترک)ی داوالەسەرکراوەوە لە خوێندن، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/١٨.

| | | |
|---|---|---|
| **ژمارە/ ٢٦٤/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥** | **ژمارەی داوا/ ٣٣/ ش/٢٠٢٤** | **بەروار/ ١٨/ ٣/ ٢٠٢٥** |

پێشتر دادگای باری کەسی (خەلیفان) لە بەرواری (٢٠٢٤/٥/٢٨) بە بڕیاری ژمارە (٣٣/ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە (جیاکردنەوەیان لایەنەکانی داوا بەهۆی کێشە و ناکۆکی) وە هەڵوەشاوەتەوە بەپێی بڕیاری دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان بە ژمارە(٧٩١/ د.باری کەسی/٢٠٢٤) لە ٢٠٢٤/٧/١٥. لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/٢٦) بە بڕیاری ژمارە (٣٣/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە جیاکردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواکار پابەند نیە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە بە هۆی نەگواستنەوەی وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە لەگەڵ کەم کردنەوەی بڕی ٧٠٪ لە مارەیی پێشەکیەکەی لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/٢) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانوسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-
بـڕیـــــار:-
پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە هەرچەندە دەرچووە بە پەیڕەو کردنی بڕیاری دەرکراو لەم دادگایە بە ژمارە (٧٩١/د.باری کەسی/٢٠٢٤) لە ٢٠٢٤/٧/١٥ ، چونکە پاش ئەوەی داواکار نەیتوانیوە لەڕێ ی بەڵگەی پێشکەشکراوەوە بیسەلمێنێت ناکۆکی قوڵ (خلافات مستحكمة)ی لەگەڵ داوالەسەرکراوی مێردی هەیە ، لەبەر ئەوە دەبوو دادگا ناوبراو بە ناتوانا (عاجز) دابنێت لە سەلماندن وە مافی ئەوەی پێ بدات کە سوێندی یەکلاکەرەوە ئاراستەی داوالەسەرکراو بکات بەو شێوەیەی کە دایدەڕێژێت ، وە لەبەر بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/١٨.

| | | |
|---|---|---|
| **ژمارە/ ٢٦٧/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥** | **ژمارەی داوا/ ١٠٥/ ش/٢٠٢٤** | **بەروار/ ١٨/ ٣/ ٢٠٢٥** |

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سۆران) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە گەڕاندنەوەی منداڵەکانی (گ/ و /گ/ و/ ئ/ و/ ل) بۆ ئامێزی خۆی) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/١٧) بە بڕیاری ژمارە (١٠/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار

لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داوالەسەرکراو بە بڕی سەد و پەنجا هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١١/٢٤) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونکە ناوەرۆکی بڕیاری تانەلێدراوە بە تایبەتی سەبارەت بە یەکێک لە منداڵەکان دژە لەگەڵ ئەوەی لە ڕای توێژەری کۆمەڵایەتی و ئەندامی داواکاری گشتی لە ڕاپۆرتەکانیاندا کە پێشنیاریان کردوە منداڵی شیرەخۆرە بە ناوی (ل) بگەڕێنرێتەوە بۆ ئامێزی داواکاری دایکی ، سەرەڕای ئەوەش پێویست بوو دادگا پێش بڕیاردان داوا لە توێژەری کۆمەڵایەتی بکات کە لێکۆڵینەوەی مەیدانی بکات لەسەر شوێنی نیشتەجێ بوونی هەردوولای داواکە وە هەروەها هەردوولاو منداڵەکانیان ڕەوانەی لیژنەی پزیشکی دەروونی بکات بۆ ئەوەی ڕایان لەسەر داواکاری داواکار بخەنە ڕوو وە بزانن لە بەرژەوەندی منداڵەکانە لە ئامێزی کام لای داواکەدا بن، لەبەرئەوەی دادگا بڕیاغری دەرکردوە بێ ڕەچاوکردنی ئەو خاڵانەی سەرەوە بڕیاردرا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکەی وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/١٨.

| ژمارە/ ٢٧٢/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ | ژمارەی داوا/ ١٤٦/ ش/٢٠٢٤ | بەروار/ ١٨/ ٣/ ٢٠٢٥ |
|---|---|---|

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سۆران) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام بۆ منداڵەکانی (أ/ و/ إ)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/٤) بە بڕیاری ژمارە (١٤٦/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ١/ پوچەڵ کردنەوەی تیانووسی داواکار سەبارەت داوا کردنی بژێوی منداڵەکەی (أ) . ٢/ ڕەد کردنەوەی داوای داواکار سەبارەت داوا کردنی بژێوی ڕابردووی منداڵەکەی (إ) . ٣/ پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی بە منداڵەکەی (إ) بەبڕی ٢٥٠,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٤/٣/٣ وە بە بەردەوامی مانگانە وە ڕێگەدان بە داواکار بەوەرگرتنی بڕی بژێوی منداڵەکەی و خەرج کردنی بۆ پێداویستیەکانی لەگەڵ خستنە ئەستۆی هەردوولا ڕەسم و تێچوونی داواکە . وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . وە خستنە ئەستۆی داواکار کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١٢) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ ، وە پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە بە درێژی تیادا باسکراون ، چونکە داواکردنی داواکار بۆ بژێوی منداڵەکەی (ا)کە لە ئامێزیدایە لە داوالەسەرکراوی باوکی پشتیوانی شەرعی و یاسایی هەیە ، وە بڕی بژێوی خەمڵێنراویش بە ڕەچاوکردنی مادەکانی (١٣٣- ١٤٤) لە یاسای سەلماندن گونجاوە لەگەڵ باری دارایی داوالەسەرکراو ، لەسەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصديق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تیانووسی پێداچوونەوە وە خستنە ئەستۆی پێداچووکار ڕەسمی پێداچوونەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/١٨.

**ژمارە/ ٢٧٣/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٤٦٠/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٨/ ٣ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سۆران) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی مارەیی پێشەکی بەبڕی ١٠ مسقال زێڕ عیار ٢١) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/٤) بە بریاری ژمارە (٤٦٠/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١٢) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، چونکە داواکار نەیتوانیوە بانگەشەکەی بە بەڵگەی یاسایی باوەڕپێکراو بسەلمێنێت و ڕەزامەندیش نەبووە سوێندی یەکلاکەرەوە ئاراستەی داوالەسەرکراو بکات بە شێوەی داڕێژراو لەلایەن دادگاوە ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/١٨.

**ژمارە/ ٢٧٤/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/١٤٥/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٨/ ٣ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سۆران) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری. لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/٤) بە بڕیاری ژمارە (١٤٥/ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ١/ ڕەد کردنەوەی داوای داواکار سەبارەت داوا کردنی بژێوی ڕابردووی داواکار . ٢/ پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی بە داواکار بەبڕی ٢٦٠,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٤/٣/٣ وە بە بەردەوامی مانگانە لەگەڵ خستنە ئەستۆی هەردوولا ڕەسم و تێچوونی داواکە . وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . وە خستنە ئەستۆی داواکار کرێی پارێزەری بریکارانی داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار. بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١٢) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ ، وە پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە بە درێژی تیادا باسکراون ، چونکە داواکردنی داواکار بۆ بژێوی لە داوالەسەرکراوی باوکی پشتیوانی شەرعی و یاسایی هەیە، وە بڕی بژێوی خەمڵێنراویش بە ڕەچاوکردنی مادەکانی (١٣٣- ١٤٤) لە یاسای سەلماندن گونجاوە لەگەڵ باری دارایی داوالەسەرکراو ، چونکە ئەو دەفعانەی داوالەسەرکراو لە تیانووسی پێداچونەوەدا ئاماژەی پێداون بەوەی پابەندی پێدانی بژێوی تری لەسەرە لە کاتی دادبینیدا باسینەکردون ، وە تانەی لە ڕاپۆرتی شارەزایان نەداوە کە کراوەتە بنەما بۆ بڕیارەکە ، لەسەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تیانووسی پێداچوونەوە وە خستنە ئەستۆی پێداچووکار ڕەسمی پێداچوونەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/١٨.

**ژمارە/ ٢٧٥/ دەستەی باری كەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٧٨/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٨/ ٣/ ٢٠٢٥**

داواكار لەبەردەم دادگای باری كەسی (هەریر) بانگەشەی كردووە بەو شێوەیەی كەلەتیانووسی داواكاریەكەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای كردووە حوكم بدرێت بۆی بە (جیا كردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەركراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو خەرجی داوا و كرێی ماندوو بوونی پارێزەری .
لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/٢٢) بە بڕیاری ژمارە (٧٨/ ش/٢٠٢٤) حوكمی داوە بە جیاكردنەوەی لایەنەكانی داوا وە ئەژمار دەكرێت بە لێكترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەكتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواكار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بكات تا كۆتایی هاتنی ماوەكە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەكە وە كەم كردنەوەی ڕێژەی ٨٠٪ لە مارەیی پاشەكی داواكار لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكارانی داواكار بە بڕی سەد و پەنجا هەزار دینار . بەڵام داواكار – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١/٥) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-
بـڕیـــــار:-
پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندكرنی تانەی پێشكەشكراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی كرا كە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆكارانەی كە تیایدا ئاماژەیان پێكراوە، وە دەرچووە بە پەیڕەو كردنی سەرجەم مەرجەكانی هەردوو مادەی (٤١ و ٤٢) لە یاسای باری كەسی هەمواركراو ، وە بڕی ڕێژەی كەمتەرخەمی داواكار لە بەردەوامی ناكۆكی نێوان هەردوولا بە (٨٠%) دیاریكراوە لە لایەن ناوبژیوانی سێهەمەوە پاش ئەوەی نەیتوانیوە هەردوولا پێك بهێنێتەوە بۆ گەڕانەوە بۆ لای یەكتر لە سنوری ئەركی خۆیدا بووە ، لەبەر ئەوە بڕیاردرا بە پەسەند كردن (تصديق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد كردنەوەی تانەكەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووكارەوە ، ئەم بڕیارەش بەكۆی دەنگ دەركرا لە ٢٠٢٥/٣/١٨.

**العدد / ٢٧٦/ هيئه الاحوال الشخصيه/5 ٢٠٢ رقم الأضبارة/ 1266 / ش/ 2024 التأريخ / ١٠ / ٣/ 2025**

لإدعاء المدعي لدى محكمة الأحوال الشخصية في (دهوك) بان المدعى عليها هي زوجته الداخل بها شرعا وقد سبق لنفس المحكمة وان اصدرت قرارها بالعدد (٢٠١٩/ش/٢٠٢٣) في (٢٠٢٤/٢/١٥) وذلك بالزامه دفع النفقة المستمرة للمدعية مبلغ قدرها (١٦٠٠٠٠) مائة وستون الف دينار ولاطفالها كل من (ذين و سراج و سيداد)مبلغ قدره (١٢٠٠٠٠) مائة وعشرون الف دينار شهريا لكل واحد منهما ونظرا للوضع المالي الصعب الذي يمر به في ظل الظروف الاقتصادية الذي يمر بها البلد وكون راتب المدعي مقطوع بمبلغ (٧٠٠٠٠٠)سبع مائة الف دينار شهريا وعدم وجود اي مصدر مالي اخر لذا طلب دعوة المدعى عليها للمرافعة والحكم بتخفيض النفقة المذكورة وتحميلها المصاريف . و نتيجة المرافعة الحضورية العلنية أصدرت محكمة الأحوال الشخصية في دهوك بالعدد ١٢٦٦/ش/٢٠٢٥ و بتأريخ ٢٠٢٥/١/٢٦ حكماً حضورياً قابلاً للتمييز يقضي برَّد دعوى المدعي . و تحميله المصاريف و أتعاب المحاماة لوكيلة المدعى عليها مبلغاً قدره مائة الف دينار . و لعدم قناعة المدعي بالحكم المذكور بادر الى الطعن فيه تمييزاً طالبا نقضه بموجب العريضة التمييزية المدفوع عنها الرسم القانوني بتأريخ ٢٠٢٥/١/٢٨ . و لدى ورود الأضبارة الى هذه المحكمة سجلت ووضعت قيد التدقيق و المداولة :.

القرار/
لدى التدقيق والمداولة تبين أن الطعن التمييزي مقدم ضمن المدة القانونية قرر قبوله شكلاً و لدى عطف النظر على الحكم المميز وجد أنه صحيح وموافق للشرع و القانون من حيث النتيجة وذلك لعدم توفر اسباب مقنعة لانقاص النفقة اي لا تتوفر في الدعوى شروط انقاص النفقة وبما ان الحكم المميز قضى برد الدعوى

لاسباب اخرى عليه قرر تصديقه من حيث النتيجة و رد الطعن التمييزي و تحميل المميز رسم التمييز . و صدر القرار بالأكثرية في ٢٠٢٥/٣/١٠

**العدد / ٢٧٧/ هيئة الأحوال الشخصية/ ٢٠٢٥ رقم الأضبارة/ ٤١٣/ ش/٢٠٢٤ التأريخ / ١٠ / ٣ / ٢٠٢٥**

لإدعاء المدعية لدى محكمة الأحوال الشخصية في (دهوك) بان المدعى عليه هو مطلقها بموجب قرار الحكم المرقم (١١٨/ش/٢٠٢٣)في (٢٠٢٣/٢/٢٦) الصادر من نفس المحكمة ولكونه قام بايقاع الطلاق خارج المحكمة تعسفيا دون رغبتها بالرغم كانت متمسكة بالحياة الزوجية ولحقت بها من جراء ذلك الطلاق ضرر مادي ومعنوي . عليه طلبت دعوة المدعى عليه للمرافعة و الحكم (بالتعويض عن الطلاق الذي اوقعه بحقها تعسفا بمبلغ قدرها (٢٠٠٠٠٠٠٠) مائتان الف دينار عراقي ولاجل دفع الرسم اقامت الدعوى بمبلغ (٢٠٠٠٠٠) مائتان الف دينار مع احتفاظها باقامة دعوى حادثة منضمة او مستقلة ببقية المبلغ و تحميله المصاريف و أتعاب المحاماة . و نتيجة المرافعة الحضورية العلنية أصدرت محكمة الأحوال الشخصية في دهوك بالعدد (٤١٣/ش/٢٠٢٤) و بتأريخ (٢٠٢٥/١/١٥) حكماً حضورياً قابلاً للتمييز يقضي بــرد دعوى المدعية (ئ/ م/ ع) و تحميلها المصاريف و أتعاب المحاماة لوكيلة المدعى عليه مبلغاً قدره مائة الف دينار . و لعدم قناعة المدعية بالحكم المذكور بادرت الى الطعن فيه تمييزاً طالبة نقضه بموجب العريضة التمييزية المدفوع عنها الرسم القانوني بتأريخ ٢٠٢٥/١/٢٢ . و لدى ورود الأضبارة الى هذه المحكمة سجلت ووضعت قيد التدقيق و المداولة :.

القرار/

لدى التدقيق والمداولة تبين أن الطعن التمييزي مقدم ضمن المدة القانونية قرر قبوله شكلاً و لدى عطف النظر على الحكم المميز وجد أنه غيرصحيح ومخالف لأحكام الشرع و القانون لان الثابت من وقائع وادلة الدعوى ان المدعى عليه عجز عن اثبات دفعه حول عدم تعسفه في ايقاع الطلاق على المدعية حيث انه قام بايقاع الطلاق خارج المحكمة وبدون علم المدعية وان دعوى تصديق الطلاق الخارجي جرت غيابيابحقها كما ان وجود رسالة تطلب فيها المدعية طلاقها لا تعد مبررا لايقاع الطلاق عليه خارج المحكمة وكان بامكان المدعى عليه الرجوع الى المحكمة لتطليقها او اقامة دعوى تفريق اصولية لتجنب التبعات القانونية المترتبة على طلاقها مما كان على المحكمة اعتباره عاجزا عن الاثبات ومنحه حق توجيه اليمين الحاسمة الى المدعية واصدار القرار على ضوء النتائج وبما ان المحكمة اصدرت حكمها بخلاف ما تقدم الامر الذي اخل بصحته عليه قرر نقضه واعادة الدعوى الى محكمتها للسير فيها وفق المنوال المشروح اعلاه على ان يبقى رسم التمييز تابعا للنتيجة . و صدر القرار بالأتفاق في ٢٠٢٠٥/٣/١٠

**العدد / ٢٧٨/ هيئة الأحوال الشخصية/ ٢٠٢٥ رقم الأضبارة/ ٢٣٥ / ش/٢٠٢٣ التأريخ / ١٠ / ٣/ ٢٠٢٥**

لإدعاء المدعي لدى محكمة الأحوال الشخصية في (سميل) بان المدعى عليها هي مطلقته بموجب القرار المرقم (٤٦٧/ش/٢٠٢٢) ولهما من فراش الزوجية طفلة حديثة الولادة وهي في حضانة المدعى عليها وانها غير مؤهله لحضانة الطفلة . لذا طلب دعوة المدعى عليها للمرافعة و الحكم (بألزامها بأسترداد حضانة الطفلة اليه) و تحميلها المصاريف و أتعاب المحاماة . و نتيجة المرافعة الحضورية العلنية أصدرت محكمة الأحوال الشخصية في سميل بالعدد (٢٣٥/ش/٢٠٢٣) بتأريخ(٢٠٢٥/١/١٦) حكماً حضورياً قابلاً للتمييز يقضي برد دعوى المدعي و تحميله المصاريف و أتعاب المحاماة لوكلاء المدعى عليها مبلغاً قدره مائة الف دينار توزع بينهم بالتساوي . و لعدم قناعة المدعي بالحكم المذكور بادر الى الطعن فيه تمييزاً طالباً نقضه بموجب العريضة التمييزية المدفوع عنها الرسم القانوني بتأريخ ٢٠٢٥/١/٢٦ . و لدى ورود الأضبارة الى هذه المحكمة سجلت ووضعت قيد التدقيق و المداولة :.

القرار/

لدى التدقيق والمداولة تبين أن الطعن التمييزي مقدم ضمن المدة القانونية قرر قبوله شكلاً و لدى عطف النظر على الحكم المميز وجد أنه صحيح وموافق لأحكام الشرع و القانون للاسباب والحثيات المعتمدة فيه لانه ثبت من تحقيقات المحكمة ان مصلحة المحضونة من البقاء مع والدتها المدعى عليها كونها في مرحلة عمرية بحاجة الى رعاية وعطف وحنان الام وقد عجز المدعي عن اثبات فقدان المدعى عليها شروط الحضانة وطلب

توجيه اليمين الحاسمة لها والتي حلفتها ويكون قد خسر بما توجهت به اليمين عليه قرر تصديق الحكم المميز و رَّد الطعن التمييزي و تحميل المميز رسم التمييز . و صدر القرار بالأتفاق في ٢٠٢٥/٣/١٠

**العدد / ٢٧٩ / هيئة الأحوال الشخصية/٢٠٢٥ رقم الأضبارة/ ٣٤٧ / ش/ ٢٠٢٤ التأريخ / ٣/١٠ / ٢٠٢٥**

لإدعاء المدعية لدى محكمة الأحوال الشخصية في (ئاكري) بان المدعى عليه هو زوجها الداخل بها شرعا وانه تركها هي وابنها (ز) دون منفق شرعي منذ تاريخ (٢٠٢٣/٣/٢) ولغاية تاريخ اقامة الدعوى . فطلبت دعوة المدعى عليه للمرافعة و الحكم (بألزامه بدفع النفقة الماضية و المستمرة لها ولابنها) و تحميله المصاريف و أتعاب المحاماة . و نتيجة المرافعة الحضورية العلنية أصدرت محكمة الأحوال الشخصية في ئاكري بالعدد (٣٤٧/ش/٢٠٢٤) بتأريخ (٢٠٢٤/١٢/٢٤) حكماً حضورياً قابلاً للتمييز يقضي بألزام المدعى عليه بدفع النفقة الماضية للمدعية منذ تاريخ (٢٠٢٣/٣/٢ ولغاية ٢٠٢٤/٨/٦) مبلغ قدره (٢٣١٣٠٠٠) مليونان وثلاثمائة وثلاثة عشرة الف دينار بحيث يصل شهريا مبلغ (١٣٥٠٠٠) مائة وخمسة وثلاثون و فرض نفقة شهرية مستمرة للمدعية مبلغ قدره (١٦٠٠٠٠) مائة وستون الف دينار اعتبارا من تاريخ اقامة الدعوى في (٢٠٢٤/٨/٧) والزامه بتادية نفقة ماضية لابنه (زكريا) مبلغ قدره (١٧٩٩٠٠٠) مليون وسبعمائة وتسعه وتسعون الف دينار منذ تاريخ (٢٠٢٣/٣/٢ ولغاية ٢٠٢٤/٨/٦) والذي يصل شهريا مبلغ قدره (١٠٥٠٠٠) مائة وخمسة الف دينار مع خصم مبلغ (١٠٠٠٠٠) مائة الف دينار من اجمالي النفقة الماضية المذكورة اعلاه وذلك لاقرار المدعية باستلام ذلك المبلغ من المدعى عليه فان نفقة الماضية المستحقة الدفع لابن المدعية المذكور اعلاه هو فقط مبلغ (١٦٩٩٠٠٠) مليون وستمائة وتسعة وتسعون الف دينار وكذلك الزامه بتادية النفقة المستمرة لابنه (ز) اعتبارا من تاريخ اقامة الدعوى (٢٠٢٤/٨/٧) وللمستقبل مبلغ قدره (١٢٠٠٠٠) مائة وعشرون الف دينار وتخويل المدعية باستلام مبلغ النفقة للطفل وصرفها عليه لسد احتياجاته . و تحميل المدعى عليه المصاريف و أتعاب المحاماة لوكيلي المدعية مبلغاً قدره مائة الف دينار توزع بينهم بالتساوي . و لعدم قناعة المدعى عليه بالحكم المذكور بادر الى الطعن فيه تمييزاً طالباً نقضه بموجب العريضة التمييزية المدفوع عنها الرسم القانوني بتأريخ ٢٠٢٥/١/٢٨ . و لدى ورود الأضبارة الى هذه المحكمة سجلت ووضعت قيد التدقيق و المداولة :.

القرار/

لدى التدقيق والمداولة تبين أن الطعن التمييزي مقدم ضمن المدة القانونية قرر قبوله شكلاً و لدى عطف النظر على الحكم المميز وجد أنه غير صحيح ومخالف لأحكام الشرع و القانون لانه كان على المحكمة جلب اضبارة دعوى المطاوعة المرقمة (٤٦٠/ش/٢٠٢٤) من محكمتها والنظر في مدى توفر شروط توحيدها مع هذه الدعوى لان دعوى المطاوعة تعتبر دفعا لدعوى النفقة ووجود ارتباط بين الدعويين حيث في حالة تهيئة دار شرعي متوفر فيه الشروط القانونية وامتناع الزوجة عن المطاوعة بدون عذر شرعي حينها لا يجوز الحكم لها بالنفقة المستمرة من تاريخ تهيئة الدار الشرعي وصدور حكم المطاوعة وبما ان المحكمة اصدرت حكمها دون مراعاة ما تقدم الامر الذي اخل بصحته عليه قرر نقضه واعادة الدعوى الى محكمتها للسير فيها وفق ما تقدم على ان يبقى رسم التمييز تابعا للنتيجة . و صدر القرار بالأتفاق في ٢٠٢٥/٣/١٠

**العدد / ٢٨٠/ هيئة الأحوال الشخصية/ ٢٠٢٥ رقم الأضبارة/ ٢٣٨/ش/٢٠٢٤ التأريخ / ٣/١٠ / ٢٠٢٥**

لإدعاء المدعية لدى محكمة الأحوال الشخصية في (ئاكري) بان المدعى عليه زوجها الداخل بها ونظرا للخلافات المستحكمة بينهما والتي تتمثل بمديونية المدعى عليه للغير وشعور المدعية بالحرج امام الجميع وقد ادى ذلك الى اخلال المدعى عليه بالواجبات الزوجية وعلى رعاية طفلتها والانفاق على عائلتهما . عليه طلبت دعوة المدعى عليه للمرافعة و الحكم (بالتفريق بينهما) و تحميله المصاريف و أتعاب المحاماة . و نتيجة المرافعة الحضورية العلنية أصدرت محكمة الأحوال الشخصية في ئاكري بالعدد( ٢٣٨/ش/٢٠٢٤ )بتأريخ (٢٠٢٥/١٢/٢٣) حكماً حضورياً قابلاً للتمييز يقضي بــالتفريق بين أطراف الدعوى و أعتباره طلاقاً بائناً بينونة صغرى بحيث لايحق لهما الرجوع بعضهما لبعض إلا بعقد و مهر جديدين و ألتزام المدعية بالعدة الشرعية البالغة ثلاثة قروء و ليست لها الزواج من رجل آخر إلا بعد إنقضاء العدة الشرعية و أكتساب القرار الدرجة القطعية مع اسقاط ٣٥٪ من مهرها المؤجل البالغ (١٠٠٠٠٠٠٠) عشرة ملايين دينار بنسبة تقصيرها . و تحميل المدعى عليه المصاريف و أتعاب المحاماة لوكيلا المدعية مبلغاً قدره الف دينار توزع بينهم بالتساوي. و لعدم قناعة المدعى عليه بالحكم المذكور بادر الى الطعن فيه تمييزاً طالباً نقضه بموجب العريضة التمييزية

المدفوع عنها الرسم القانوني بتأريخ ٢٠٢٥/١/٥ . و لدى ورود الأضبارة الى هذه المحكمة سجلت ووضعت قيد التدقيق و المداولة :.

القرار/

لدى التدقيق والمداولة تبين أن الطعن التمييزي مقدم ضمن المدة القانونية قرر قبوله شكلاً و لدى عطف النظر على الحكم المميز وجد أنه صحيح وموافق لأحكام الشرع و القانون للاسباب والحثيات المعتمدة فيه حيث ثبت من تحقيقات المحكمة وجود خلافات مستحكمة بين المتداعين يتعذر حلها رغم الجهود التي بذلتها المحكمة لذلك فان اللجوء الى التحكيم واستكمال بقية الاجراءات التي تطلبها المادة الحادية والاربعون من قانون الاحوال الشخصية كان تطبيقا سليما لحكم الشرع والقانون عليه قرر تصديق الحكم المميز و رَّد الطعن التمييزي و تحميل المميز رسم التمييز . و صدر القرار بالأتفاق في ٢٠٢٥/٣/١٠

**العدد / 281/ هيئة الأحوال الشخصية/2025 رقم الأضبارة/ 62 / ش/ 2024 التأريخ / 10/ 3/ ٢٠٢٥**

لإدعاء المدعية لدى محكمة الأحوال الشخصية في (ئاكري) بان المدعى عليه هو زوجها الداخل بها وانه تركها دون منفق شرعي منذ تاريخ (١٩٩١/١/١) ولغاية تاريخ اقامة الدعوى . فطلبت دعوته للمرافعة و الحكم (بألزامه بدفع النفقة الماضية و المستمرة لها) و تحميله المصاريف و أتعاب المحاماة . و نتيجة المرافعة الحضورية العلنية أصدرت محكمة الأحوال الشخصية في ئاكري بالعدد (٦٢/ش/٢٠٢٤) بتأريخ (٢٠٢٤/١٢/٢٤) حكماً حضورياً قابلاً للتمييز يقضي بألزام المدعى عليه بدفع النفقة الماضية للمدعية مبلغ قدره (٨١٩٦٦٥٠٠) واحد وثمانون مليون وتسعمائة وستة وستون الف وخمسمائة دينار منذ تاريخ (٢٠٠٨/١٢/٣٠) ولغاية (٢٠٢٤/٢/٣) وفرض نفقة شهرية مستمرة للمدعية مبلغ قدره (٦٥٠٠٠٠) ستمائة وخمسون الف دينار اعتبارا من تاريخ (٢٠٢٤/٢/٤) وللمستقبل وابطال عريضة الدعوى بالنسبة لمطالبة المدعية بنفقتها الماضية للفترة من (١٩٩١/١/١) ولغاية (٢٠٠٨/١٢/٢٩) وذلك بناءا على طلبها . و تحميل المدعى عليه المصاريف و أتعاب المحاماة لوكيلا المدعية مبلغاً قدره مائة الف دينار توزع بينهم بالتساوي . و لعدم قناعة المدعى عليه بالحكم المذكور بادر الى الطعن فيه تمييزاً طالباً نقضه بموجب العريضة التمييزية المدفوع عنها الرسم القانوني بتأريخ (٢٠٢٥/١/٥) . و لدى ورود الأضبارة الى هذه المحكمة سجلت ووضعت قيد التدقيق و المداولة :.

القرار/

لدى التدقيق والمداولة تبين أن الطعن التمييزي مقدم ضمن المدة القانونية قرر قبوله شكلاً و لدى عطف النظر على الحكم المميز وجد أنه غير صحيح ومخالف للشرع و القانون رغم استحقاق المدعية النفقة للفترة المطالب بها الا انه تم تقدير النفقة بشكل غير صحيح من قبل الخبراء حيث الملاحظ من مفردات راتب المدعى عليه للسنوات المطالب بالنفقة عنها فان هناك سنوات كثيرة لا يتجاوز الراتب الشهري فيها مبلغ مليون دينار وفي سنوات اخرى لا يتجاوز مبلغ مليون ومائتي الف دينار وفي سنوات كثيرة لا يتجاوز مبلغ مليون وخمسمائة الف دينار وان هناك بعض الاشهر لا يوجد فيها راتب اصلا كما ان المحكمة لم تتاكد من تاريخ تقاضي المدعى عليه الراتب التقاعدي من بغداد ومفردات رواتبه ومقدار ما كان يتقاضاه شهريا بالنظر لاهمية ذلك عند تقدير النفقة وبما ان المحكمة اصدرت حكمها دون مراعاة ما تقدم الامر الذي اخل بصحته عليه قرر نقضه واعادة الدعوى الى محكمتها للسير فيها وفق ما تقدم على ان يبقى رسم التمييز تابعا للنتيجة . و صدر القرار بالأتفاق في ٢٠٢٥/٣/١٠

**ژمارە/ ٢٨٢/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٢٣/ أعتراضیه/٢٠٢٤ بەروار/ ١٨/ ٣/ ٢٠٢٥**

ناڕازیکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (ئاکرێ) داوای هەڵوەشاندنەوەی حوکمی پاشملەی ژمارە ٢٣/ش/٢٠٢٣ لە ٢٠٢٣/٢/١٦ کردووە کە حوکمی داوە بە (جیاکردنەوەیان بە هۆکاری بەجێهێشتن) . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١٥) بە بڕیاری ژمارە (٢٣/أعتراضية/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی ناڕەزایی ناڕازیکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی ناڕازی لەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١٩) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، وە پاش ئەوەی دادگا لێکۆڵینەوەی پێویستی کردوە وە ئاگادارکردنەوەی ڕێلێگر (المعترض)ی بە بڕیاری پاشملە بە پوچەڵ داناوەو تانەی ڕێلێگری لە ڕووی شێوەوە پەسەند کردوە، دواتر بەڵگەی بەرپەرچدانەوەی ڕێلێگری وەرگرتووەو بەڵگەی ڕێلێگیراو (المعترض علیها) ی زاڵ (ترجیح) کردوە بەسەر بەڵگەی ڕیلێگر (المعترض) بەمەش بە پێ ی دەسەڵاتی دادگای تایبەتمەند لە هەڵسەنگاندنی بەڵگەکان لە ڕووی بابەتیەوە بۆی سەلمێنراوە کە داوالەسەرکراوی ڕیلێگر (المعترض) داواکاری ژنی بەجێهێشتووە بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک بێ پاساوی مەشروع ، وە داوالەسەرکراو (المعترض)لە قۆناغی دادبینی ڕێلێگری (اعتراض) ی هیچ بەڵگەیەکی بڕوایپێهێنەری پێشکەش نەکردوە ببێتە هۆی پوچەڵکردنەوە (ابطال) ی حوکمی پاشملە، لەبەر ئەوە بڕیاردرا بە پەسەند کردن (تصدیق)ی بڕیاری تانەلێدراو وەڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەزۆرینەی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/١٨.

**ژمارە/ ٢٨٣/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٥٤٦/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٨/ ٣ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (رانیە) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە ڕێگری نەکردنی لە بینینی منداڵەکانی (م/ و /م)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١٥) بە بڕیاری ژمارە (٥٤٦/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە ڕێگری نەکردنی داواکار لە بینینی منداڵەکانی (م/ و /م) هەفتەی جارێك هەر جارە و بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو رەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١/٥) تیایدا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی لە بڕیارەکەدا ئاماژەیان پێدراوە ، چونکە لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە دادگا ئەنجامی داون لە ناردنی لایەنەکانی داواکە و منداڵەکان (م/ و/ م) بۆ لیژنەی پزیشکی دەروونی وە پێشکەشکردنی توێژەری کۆمەڵایەتی بۆ ڕاپۆرتی خۆی وە وەرگرتنی ڕای بەڕێز ئەندامی داواکاری گشتی دەرکەوتووە  کە بینینی منداڵانی ناکامی ناوبراو لەلایەن داواکاری دایکیانەوە هەفتانە یەک جار و هەرجارەی بۆ ماوەی (٢٤) بیست و چوار کاتژمێر زیانیان پێناگات، بۆیە بڕیار درا بە پەسەندکردن (تصدیق) ی بڕیاری تانەلێدراوە وە ڕەد کردنەوەی تیانووسی پێداچوونەوە وە خستنە ئەستۆی پێداچووکار ڕەسمی پێداچوونەوە، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/١٨.

**ژمارە/ ٢٨٥/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٥٧٨/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٨/ ٢٠٢٥/٣**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (رانیە) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (لابردنی ڕەچەڵەکی لەسەر کۆچکردوان (د/ ح/ و/م/ ع) وە) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراوان خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/١٥) بە بڕیاری ژمارە (٥٧٨/ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە سەلماندنی ڕەچەڵەکی داواکار (أ) بۆسەر ناوی هەریەك لە (أ/ خ/ م/ و/ع/ع/ خ) وە پوچەڵ کردنەوەی بەڵگە نامەی لە دایك بوونی ژمارە (٩٧٦/١٢٩٨ لە ١٩٧٦/٣/١٨ تایبەت بە داواکار) لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراوان ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد و پەنجا هەزار دینار. وە ناردنی دۆسیەکە بۆ دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان

بەهۆی ئەوەی بڕیارەکە پێداچوونەوەی لەخۆوە دەیگرێتەوە ، پاش گەیشتنی دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-
بـڕیـــــار:-
پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراوناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایەو پێش وەختە ، چونکە ڕاستە داواکار بەڵگەی کەسی پێشکەش کردوە بۆ سەلماندنی داواکەی هەروەها منداڵانی داوالەسەرکراوانی (٢، ٣) ی داخڵ کردوە بۆ ڕوونکردنەوە وە ڕەزامەندیان نیشانداوە لەسەر ناوەڕۆکی داواکە ، بەڵام پێویست بوو دادگا تەواوی میراتگرانی (درویش حارس) داخڵ بکات وەک کەسی سێهەم بۆ ڕوونکردنەوە نەک تەنها دوو کەسیان (کە ووتەکانیان وەرگیراوە) وە پاش سویند دانیان ڕونکردنەوەی پێویستیان لێ وەربگرێت ، چونکە حوکمدان لەم داوایەدا ئەگەری هەیە کاریگەری لەسەریان هەبێت، پاشان بڕیار بدات بە پێ ی ئەوەی بۆی ڕوون دەبێتەوە، لەبەر بڕیاردرا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە لەگەڵ هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/١٨.

| **ژمارە/ ٣١٠/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥** | **ژمارەی داوا/٣٤٩٥/ ش/٢٠٢٤** | **بەروار/ ٧/ ٤ /٢٠٢٥** |
| --- | --- | --- |

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیا کردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری .
لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١/١٤) بە بڕیاری ژمارە (٣٤٩٥/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە جیاکردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواکار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١/٢٦) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-
بـڕیـــــار:-
پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، وە بە پێ ی ئەو بەڵگانەی داواکار پێشکەشی دادگای کردوون سەلمێنراوە کە داوالەسەرکراو زیانی بە داواکاری ژنی گەیاندووە لەڕێ ی لێدان وســــوکایەتی پێکردن و جنێودان پێ ی وە بەجێ نەگەیاندنی ئەرکی هاوسەری وەک پێویست بە شێوەیەک بەردەوامی دان بە ژیانی هاوسەریان ئاستەم بووە ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە . ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٤/٧.

| **ژمارە/ ٣١١/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥** | **ژمارەی داوا/٤١٦٧/ ش/٢٠٢٤** | **بەروار/ ٧/ ٤ /٢٠٢٥** |
| --- | --- | --- |

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیاکردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بە هۆکاری بەجێهێشتن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری .
لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١/١٩) بە بڕیاری ژمارە (٤١٦٧/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە جیا کردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك وە داوالەسەرکراو بۆی نیە داواکار بگەڕێنێتەوە ژیانی هاوسەری مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت وە

داواکار پابەند دەکرێت بە ماوەبەندی پاك بوونەوە بۆ ماوەی سێ مانگ وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەبەندی پاك بوونەوە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١/٢٩) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، چونکە داواکار ناوەرۆکی داواکەی سەلماندوە لەڕێ ی بەڵگەی کەسی پێشکەشکراو وە داوالەسەرکراویش ڕەزامەندی دەربڕیوە بۆ حوکمدان بۆ داواکار بە پێ ی داواکاریەکەی ، وە ئەمەش ماف دەداتە داواکار داوای جیابوونەوە بکات بە پێ ی مادەی (٢/٤٣) لە یاسای باری کەسی ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بە زۆرینەی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٤/٧.

**ژمارە/ ٣١٥/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٥٨٢٧/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ٧/ ٤ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پەسەند کردنی بەخێو کردنی (ن/ س/ أ) کە شەهید بووە) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١/١٩) بە بڕیاری ژمارە (٥٨٢٧/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو و فەرمانبەرانی تری فەرمانگەکە بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١/٣٠) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لە ڕووی ئەنجامەوە نەک لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە ، چونکە داوالەسەرکراو بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان لە سلێمانی سەرەڕای کارەکەی کەسێتی مەعنەوی نیە تا بتوانرێت بە تەنیا داوای لەسەر تۆماربکرێت ، وە داوای داواکار شیاوی ڕەد کردنەوەیە لە ڕووی ڕکابەریەوە (مادەی ٨ مرافعات) ، وە لەبەر ئەوەی دادگا بە هۆکاری تر داواکەی ڕەد کردوەتەوە بۆیە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ڕووی ئەنجام و زۆرینە لە ڕووی هۆکارەوە لە ٢٠٢٥/٤/٧.

**ژمارە/ ٣١٩/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٥٨٠٣/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ٤/٧ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (دیاری کردنی مارەیی پاشەکی (مهر مثل)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١/١٣) بە بڕیاری ژمارە (٥٨٠٣/ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی مارەیی پاشەکی (مهر مثل) بە داواکار بەبڕی ١٩ مسقال زێڕ عیار ٢١ لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری

بریکاری داواکار به بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١/٢٥) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونکە ئەوە سەلمێنراوە کە داواکار مارەیی بۆ دیاری کراوە لە گرێبەستی هاوسەرگیریدا کە بریتیە لە (١٠) مسقاڵ زێری پێشەکی وە بەخشینی نوسخەیەکی قورئانی پیرۆز وەک پاشەکی ، وە ئەوە بە ڕەزامەندی خۆی بووە ، وە ئەوەی وەک مارەیی پاشەکی بۆی دیاری کراوە لە ڕووی مەعنەویەوە بەهایەکی گەورەی هەیە بەراورد ناکرێت بە بەهای مەعنەوەی هیچ شتێکی تر ، ئەمە جگە لەوەی کە مارەیی پێشەکی بۆ کراوەو وەری گرتوە ، وە داوای داواکار بۆ مارەیی هاوتا هیچ پشتیوانیەکی شەرعی و یاسایی نیە ، وە لەبەر ئەوەی دادگا پێچەوانەی ئەوەی سەرەوە بڕیاری دەرکردوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٤/٧.

**ژمارە/ ٣٣٤/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٦٣٧١/ ش/٢٠٢٣ بەروار/ ١٣/ ٤/ ٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیا کردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٣/١١/٢٩) بە بڕیاری ژمارە (٦٣٧١/ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٣/١٢/٧) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات. دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســــتەیە بە بڕیاری ژمارە (١٢٢/ د.باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (٢٠٢٤/٢/١٣) بڕیاری تانەلێدراوی هەڵوەشاندۆتەوە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١/٧) بە بڕیاری ژمارە (٦٣٧١/ ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە جیاکردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواکار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە وە کەم کردنەوەی ڕێژەی ٣٠٪ لە مارەیی پاشەکی داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١/١٤) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە بە درێژی تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، چونکە دەرچوە بە پەیڕەو کردنی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دەرچوولەم دادگایە بە ژمارە (١٢٢/ د.باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (٢٠٢٤/٢/١٣) . بۆیە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٤/١٣.

**ژمارە/ ٣٤٤/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٦٦٣٣/ ش/٢٠٢٣ بەروار/ ١٤/ ٤/٢٠٢٥**

**داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی بەردەوام بۆ خۆی و منداڵەکەی (ل)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١/٧) بە بڕیاری ژمارە (٦٦٣٣/ ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە ١/ ڕەد کردنەوەی داوای داواکار سەبارەت بە داوا کردنی بژێوی بەردەوامی خۆی . ٢/ هەڵوەشاندنەوەی فەرمانی دادگا سەبارەت بە بژێوی کاتی داواکار . ٣/ پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی بەردەوام بە منداڵەکەی (ل) بەبڕی ١٦٠,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری تۆمار کردنی داواکە لە ٢٠٢٣/١٠/٢٣ وە بەبەردەوامی وە ڕێگەدان بە داواکار بەوەرگرتنی بڕی بژێوی منداڵەکەی و خەرج کردنی بۆ پێداویستیەکانی لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١/١٥) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-**

**بڕیـــــار:-**

**پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، چونکە ئەوەی سەلمێنراوە بە پێ ی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە دادگای باری کەسی ئەنجامی داون لە دۆسیەکەدا داواکار پابەندی ئیلتیزاماتی هاوسەری نەبووە لەگەڵ داوالەسەرکراوی مێردی وە ماڵی هاوسەری بەجێ هێشتووە ، وە ئەمەش ڕێگرە لە داواکردنی بژێوی تا ئەو کاتەی لەسەر ئەو بار(وضع)ە بەردەوام بێت بنەما لەسەر مادەی (١/٢٤) لە یاسای باری کەسی هەموارکراو بە مادەی (٩) لە یاسای ژمارە (١٥) ی ساڵی ٢٠٠٨ ی دەرچوو لە پەرلەمانی کوردستان ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصديق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٤/١٤.**

**ژمارە/ ٣٥١/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٤٨٢٢/ ش٢٠٢٤/٤ بەروار/ ١٠/ ٣/٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پەسەند کردنی تەڵاقی دەرەکی نێوانیان لە بەرواری (٢٠٢٤/٧/٢٠)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١١/٢٧) بە بڕیاری ژمارە (٤٨٢٢/ ش٢٠٢٤/٤) حوکمی داوە بە پەسەند کردنی تەڵاقی دەرەکی دراو لە (٢٠٢٤/٧/٢٠) دانانی بە تەڵاقی گەڕاوە گۆڕاوە بۆ لێکترازانی بچووك وە بۆیان نیە بگەڕێنەوە بۆ لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت وە پێویست نیە لەسەر داوالەسەرکراو پابەندی (عدە) ی شەرعی بێت بە هۆی کۆتایی هاتنی ماوەکە وە بۆی نیە شوو بکاتەوە بە پیاوێکی تر تا وەرگرتنی پلەی کۆتایی بڕیارەکە ، وە مانەوەی داوالەسەرکراو لە خانووی داواکار بۆ ماوەی سێ ساڵ . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/٢) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات . دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (٣٥/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥) دەرچوو لە (٢٠/ ٢٠٢٥/١) بڕیاری تانەلێدراوی هەڵوەشاندۆتەوە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٢/٦) بە بڕیاری ژمارە (٤٨٢٢/ش٢٠٢٤/٤) حوکمی داوە بە پەسەند کردنی تەڵاقی دەرەکی دراو لە (٢٠٢٤/٧/٢٠) دانانی بە تەڵاقی گەڕاوە گۆڕاوە بۆ لێکترازانی بچووك وە بۆیان نیە بگەڕێنەوە بۆ لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت وە پێویست نیە لەسەر

داوالەسەرکراو پابەندی (عدە) ی شەرعی بێت بە هۆی کۆتایی هاتنی ماوەکە وە بۆی نیە شوو بکاتەوە بە پیاوێکی تر تا وەرگرتنی پلەی کۆتایی بڕیارەکە ، وە ڕەد کردنەوەی داوای داوالەسەرکراو سەبارەت بە مانەوەی لە خانووی داواکار بۆ ماوەی سێ ساڵ لەبەر ئەوەی خاوەندارێتی خانووەکە ناگەڕێتەوە بۆ داواکار .
بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/٢/١١) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە بە درێژی تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، چونکە دەرچوە بە پەیرەو کردنی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دەرچوو لەم دادگایە بە ژمارە ((٩٨٤/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٤) دەرچوو لە (٨/ ١٠ /٢٠٢٤) . بۆیە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٣/١٠ .

**ژمارە/ ٣٥٦/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٤١٢٩/ ش٦/٢٠٢٢ بەروار/ ١٥/ ٤/ ٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە گەڕاندنەوەی منداڵەکانی (س/ و /ر) بۆ ئامێزی خۆی) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١/٢٨) بە بڕیاری ژمارە (٤١٢٩/ ش٦/٢٠٢٢) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/٢/٤) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە ، چونکە لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی دادگای باری کەسی ئەنجامی داون لە ڕاپۆرتی توێژەری کۆمەڵایەتی و ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی دەرونی وە ڕاپۆرتی داواکاری گشتی هاوپێچ بە دۆسیەکەو وەرگرتنی ڕای منداڵەکان کە تەمەنیان گەیشتوەتە ئەو ئاستەی بتوانن بۆچونیان بخەنەڕوو وە ئەو بەڵگانەی تر کە خراونەتە ڕوو ئەوە سەلمێنراوە کەوا لە بەرژەوەندی منداڵانی ناکام هەریەک لە (س/ و/ر) یە کە لە ئامێزی باوکیان (داوالەسەرکراو) دا بمێننەوەو داواکار مافی بینینیانی هەبێت ، لەبەر ئەوەی بە پێ ی شەرع و یاساش ئامێزگیری دەسوڕێتەوە لەگەڵ بەرژەوەندی لە ئامێزگیراو، بۆیە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە وە خستنە ئەستۆی پێداچووکار ڕەسمی پێداچوونەوە، ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٤/١٥.

**ژمارە/ ٣٥٩/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٦٧٢٣/ ش٦/٢٠٢٣ بەروار/ ١٥/ ٤/ ٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بەپێدانی بڕی ٣٠٠٠٠٠٠٠ سی ملیۆن دینار وەکو قەرەبووی تەڵاقی ناڕەوا) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١/٩) بە بڕیاری ژمارە (٦٧٢٣/ ش٦/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە ١. پابەند کردنی داوالەسەرکراو بەپێدانی بڕی (١٠,٥٠٠,٠٠٠) بە داواکار وەکو قەرەبووی تەڵاقی ناڕەوا لەگەڵ خستنە

ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . ٢. ڕەد کردنەوەی داوای داواکار بە زیادەی داواکراو لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١/١٣) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی هەردوو تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، هەرچەندە بۆچوونی دادگا بۆ حوکمدان بۆ داواکار بە قەرەبووی تەڵاقی (تعسفی) ڕاستەو پشتیوانی یاسایی هەیە وە سەلمێنراوە داوالەسەرکراو (متعسف) بووە لە تەڵاقدانی داواکاری ژنیدا، بەڵام بڕی قەرەبووی خەملێنراو زۆرەو زیادڕەوی کراوە لە خەملاندیدا وە هاوسەنگی نیە لە نێوان ئەو زیانەی بەر داواکار کەوتوە لەگەڵ ڕێژەی (تعسف) ی داوالەسەرکراو، وە زۆربەی شارەزاکان لە ڕاپۆرتەکانیاندا ئاماژەیان نەداوە بەو بنەمایانەی بۆ خەملاندنی قەرەبوو ڕەچاویان کردوە لە کاتێکدا پێویست بوو دادگا خۆی بنەمای خەملاندنەکە دیاری بکات و لە بژێوی چەند ساڵ تێپەڕ نەکات و لە شارەزاکانی بگەیەنێت، لەلایەکی تریشەوە پاش ئەوەی دادگا (٧) شارەزای هەڵژاردوە ڕاپۆرتی شارەزاییان پێشکەش کردوە لە ٢٠٢٤/٩/١ بەڵام تانەی لێدراوە، دادگا (٧) شارەزای تری هەڵبژاردوە لە کاتێکدا دەبوو پەنا بۆ(٩) شارەزای تر ببات، وە لەبەر ئەوەی دادگا پێچەوانەی ئەوەی ئاماژەی پێکراو حوکمی داوە شیاوی هەڵوەشاندنەوەیە ، بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوە (نقض) ی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی تا سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە لەگەڵ هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام، لەگەڵ ئاگادارکردنەوەی دادگای باری کەسی لەسەر پێویستی ڕەچاوکردنی هەردوو مادەی(١٥٩ و ١٦١) لە یاسای دادبینی شارستانی لە کاتی نوسینی بڕیارەکانیدا وە ئاماژەدان بە تەواوی ئەو ڕێکارانەی ئەنجام دراون لە داواکەداو ڕەچاوکردنی ئەو لایەنە لە داهاتوودا، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٤/١٥.

**ژمارە/ ٣٦١/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٦٨٢١/ ش٢٠٢٤/٣ بەروار/ ١٥/ ٤ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیاکردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بە هۆکاری بەجێهێشتن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داواکە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٢/٩) بە بڕیاری ژمارە (٦٨٢١/ش٢٠٢٤/٣) حوکمی داوە بە جیا کردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك وە داوالەسەرکراو بۆی نیە داواکار بگەڕێنێتەوە ژیانی هاوسەری مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت وە داواکار پابەند دەکرێت بە ماوەبەندی پاك بوونەوە بۆ ماوەی سێ مانگ وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەبەندی پاك بوونەوە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/٢/١٧) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، چونکە بە پێ ی ئەو بەڵگانەی خراونەتە ڕوو سەلمێنراوە داوالەسەرکراو داواکاری ژنی بۆ ماوەی زیاتر لە یەک ساڵ بەجێهێشتووە ، وە ئەمەش ماف بداتە داواکار داوای جیابوونەوە بکات بە پێ ی مادەی (٢/٤٣) لە یاسای باری کەسی ، لەبەر ئەوە بڕیاردرا بە پەسەند کردن (تصديق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو

لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٤/١٥.

**ژمارە/ ٣٦٢/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٧٥٦٠/ ش/٢٠٢٣/١ بەروار/ ١٤/ ٤/ ٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پەسەند کردنی تەڵاقی خولعی نێوان خۆی و داوالەسەرکراو) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/٥) بە بڕیاری ژمارە (٧٥٦/ ش/٢٠٢٣/١) حوکمی داوە بە پەسند کردنی تەڵاقی خولعی نێوان داواکار و داوالەسەرکراو لە بەرواری (٢٠٢٣/١٠/٢٠) وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر بە بێ گرێبەست و مارەیی نوێ ، وە داوالەسەرکراو پابەند نیە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە بەهۆی کۆتایی هاتنی ماوەکە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە وە داوالەسەرکراو مافی شەرعی و یاسایی نیە بەهۆی لێخۆش بوونی . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٤/١٢/١٥) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-بـڕیــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی هەردوو تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونکە داوالەسەرکراو نکولی لەوە کردوە کە ڕەزامەند بوبێت لەسەر تەڵاقی (خلعی) بانگەشەبۆکراو وە ووتویەتی بەزۆر (اکراە) بووە ، بەڵام نەیتوانیوە ئەو دەفعەی بسەلمێنێت ، لەبەر ئەوە پێویستە دادگا داواکار بە ناتوانا (عاجز) دابنێت لە سەلماندن وە مافی پێبدات سوێندی یەکلاکەرەوە ئاراستەی داواکار بکات بەو شێوەیەی کە دایدەڕێژێت ، وە ئەگەر داواکار سوێندی داڕێژراو بۆ نەخوارد ئەوا تەڵاقی کەوتوو دەبێتە (رجعی) ، بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ مەبەستی ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات وەک ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە و هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام ، وئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٤/١٤.

**ژمارە/ ٤٣٥/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٤٨٠٦/ ش/٢٠٢٢/٧ بەروار/ ٦/ ٤ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیاکردنەوەی لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی هێنانی ژنی دووەم) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٢/١٠) بە بڕیاری ژمارە (٤٨٠٦/ ش/٢٠٢٢/٧) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/٢/١٨) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە ، وە دەرچووە بە پەیڕەوکردنی دەقی مادەی (٥/٤٠) لە یاسای باری کەسی هەموارکراو ، وە بە تۆمارکردنی سکاڵای سزایی لەلایەن داواکاری ژنەوە وە بەردەوام بوون لەسەری تا یەکلابوونەوەی مافی داواکردنی

جیابوونەوەی بنەما لەسەر هێنانی ژنی دووەم لەلایەن داوالەسەرکراوی مێردیەوە لە دەست داوە ، بۆیە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەزۆرینەی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٤/٦.

| ژمارە/ ٤٤٠ / دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ | ژمارەی داوا/٣٠٤٣/ ش٢٠٢٤/٥ | بەروار/ ٢٢/ ٢٠٢٥/٤ |
|---|---|---|

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (ڕاستکردنەوەی مەسەلەی میراتی داباشنامەی شەرعی ژمارە (٦٤٩ لە ٢٠٠٤/٣/٢٥ دەرچوو لە دادگای باری کەسی (هەولێر)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٢/٢٤) بە بڕیاری ژمارە (٣٠٤٣/ ش٢٠٢٤/٥) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکاران لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە . بەڵام داواکاران – پێداچووکاران بەو بڕیارە ڕازی نەبوونە بۆیە تانەیان لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/٣/٦) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکەن ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-بـڕیــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونکە بە پێ ی حوکمی مادەی (١/٧٤) لە یاسای باری کەسی هەموارکراو داواکاران بە میراتگری کۆچکردوو (أ/ ک/ م) دادەنرێن وە داواکەیان بۆ ڕاستکردنەوەی دابەشنامەی شەرعی کۆچکردوونی ناوبراو بنەمای شەرعی و یاسایی هەیە ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە لەگەڵ هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٤/٢٢.

| ژمارە/ ٤٥٥/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ | ژمارەی داوا/ ١٤٩/ ش/٢٠٢٤ | بەروار/ ٢٨/ ٤ /٢٠٢٥ |
|---|---|---|

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (قەسرۆك) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە گوێڕایەڵی کردنی و گەڕانەوەی بۆماڵی هاوسەری) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٤/٩/٢) بە بڕیاری ژمارە (١٤٩/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ١/ پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە گوێڕایەڵی کردنی داواکار و گەڕانەوەی بۆ ماڵی هاوسەری . ٢/ پابەند کردنی داوالەسەرکراو لە داوای بژێوی بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواکار بەبڕی ١٩٦,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٤/٧/١ تاکو ٢٠٢٤/١٢/١٨ . ٣/ پابەند کردنی داوالەسەرکراو لە داوای بژێوی بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە منداڵەکانی (ص/ و/ أ/ و/ ع/ و /م) بەبڕی ١٣٣,٠٠٠ دینار مانگانە بۆ هەریەکێکیان لەبەرواری ٢٠٢٤/٧/١ تاکو ٢٠٢٤/٨/٣ وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بەبڕی ١٢٥,٠٠٠ بۆ هەریەکێکیان وە ڕێگەدان بە داواکار بەوەرگرتنی بڕی بژێوی منداڵەکانی و خەرج کردنی بۆ پێداویستیەکانیان لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار وە خستنە ئەستۆی داواکار کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/٢/١٦) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-
بـڕیــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە برگەی (یەکەم) لە بڕیاری تانەلێدراوکە بابەتی تانەی پێداچونەوەیە ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع ویاسایە ، چونکە لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی دادگا ئەنجامی داون وە ئەو دۆسیە سزایی یەی کە هێنراوە ، سەلمێنراوە کە پێداچولەسەرکراو لە پێداچووکاری ژنی داوە وە ناوبراو لەو بارەیەوە ڕاپۆرتی پزیشکی سەرەتایی بەدەست هێناوە کە سەلمێنەری ئەوەیە لە پاڵ ووتەی ئەو شایەتانەی کە وەرگیراون ، هەرچەندە بە هۆکاری کۆمەڵایەتی تەنازولی لە سکاڵاکەی کردوە ، ئەوە سەرەڕای ئەوەی دەبوو دادگا لێکۆڵینەوە بکات لەوەی بزانێت ئایا پێداچولەسەرکراو کاتێک ژنی دووەمی هێناوە بە ڕەزامەندی دادگا بووە وە لەو بارەیەوە بەڵگەی ڕێگەپێدان (حجة الأذن) ی بەدەست هێناوە یان نا ، لەبەر ئەوە داواکاری داواکار بۆ گوێڕایەڵی (تعسف) ی تێدایەو پشتیوانی شەرعی و یاسایی نیە ، وە لەبەرئەوەی دادگا پێچەوانەی ئەوە بڕیاری داوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ مەبەستی ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە و هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام ، لەگەڵ ئاماژەدان بە بوونی هەڵەی چاپ لە بەرواری جێگیرکراو لەسەر بڕیاری تانەلێدراو وە پێویستی ڕاستکردنەوەی ، ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٤/٢٨.

**ژمارە/ ٤٥٧/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٨٧/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ٢٨/ ٢٠٢٥/٤**

**داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (دیرالوك) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە گەڕاندنەوەی منداڵەکانی (م/ و/ أ/ و/ ف) بۆ ئامێزی خۆی) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٢/١٩) بە بڕیاری ژمارە (٨٧/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/٢/٢٦) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-**

**بڕیـــــار:-**

**پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع ویاسایە ، چونکە لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی دادگای باری کەسی ئەنجامی داون نەسەلمێنراوە داواکار کە دایکی منداڵەکانە مەرجەکانی لە ئامێزگرتن (شروط الحضانة) ی لەدەست دابێت، وە ئەوە بابەتی یەکلاکەرەوەیە بۆ داواکە ، چونکە بە پێ ی شەرع و یاسا دایک مافدارترە بۆ ئامێزگرتنی منداڵەکانی، تەنها لەو کاتەدا نەبێت کە مەرجەکانی لە ئامێزگرتن لەدەست دەدات و منداڵەکان زەرەرمەند دەبن ، لە کاتێکدا داوالەسەرکراو باپیری منداڵەکانەو لە هەموو حاڵەتێکدا داواکار مافدارترە بۆ لە ئامێزگرتن ، وە ڕەچاونەکردنی ئەو لایەنە لە دەرکردنی بڕیاری دادگا هۆکارە بۆ هەڵوەشاندنەوەی، لەسەر ئەوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە و هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام، ئەم بڕیارەش دەرکرا بەکۆی دەنگ لە ٢٠٢٥/٤/٢٨.**

**ژمارە/ ٤٥٨/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٨٣/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ٢٩/ ٤ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (دیرالوك) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام بۆ منداڵەکانی (ل/ و/ م)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی

(٢٠٢٥/١/٢٦) بە بڕیاری ژمارە (٨٣/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە منداڵەکانی (لیلاس و مریز) بەبڕی ١٨٠,٠٠٠ دینار مانگانە بۆهەریەکێکیان لەبەرواری ٢٠٢٤/٥/١٠ تاکو ٢٠٢٤/٧/١٦ وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بەهەمان بڕ بۆهەریەکێکیان لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/٥/٢٩) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ ، وە پەسەند کرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە بە درێژی تیادا باسکراون ، چونکە داواکردنی داواکار بۆ بژێوی منداڵەکانی هەریەک لە (ل/ و/م) کە لە ئامێزیدان لە داوالەسەرکراوی باوکیان پشتیوانی شەرعی و یاسایی هەیە ، وە بڕی بژێوی خەملێنراویش بە ڕەچاوکردنی مادەکانی (١٣٣-١٤٤) لە یاسای سەلماندن گونجاوە لەگەڵ باری دارایی داوالەسەرکراو ، لەسەر ئەوە بڕیاردرا بە پەسەند کردن (تصدیق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تیانووسی پێداچوونەوە وە خستنە ئەستۆی پێداچووکار ڕەسمی پێداچوونەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٤/٢٩.

**ژمارە/ ٤٥٩/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٦٤٦/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ٢٩/ ٤ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سۆران) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە ڕێگری نەکردنی لە بینینی منداڵەکانی (گ/ گ/ ئ/ ل)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١/٢٠) بە بڕیاری ژمارە (٦٤٦/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە ڕێگری نەکردنی داواکار لە بینینی منداڵەکانی (گ/ گ/ ئ/ لۆنا) دوو جار لە مانگێکدا هەر جارە و بۆ ماوەی ٣ کاتژمێر لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١/٢٧) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونکە ئەو لێکۆڵینەوانەی کە دادگا ئەنجامی داون لە ناردنی لایەنەکانی داواکە و منداڵەکانیان بۆ لیژنەی پزیشکی دەروونی وە پێشکەشکردنی توێژەری کۆمەڵایەتی بۆ ڕاپۆرتی خۆی وە وەرگرتنی ڕای ئەندامی داواکاری گشتی دەرەنجامی جیاوازی لێکەوتوەتەوە لەسەر ڕابوبۆچونیان سەبارەت ژمارەو ماوەی بینینی منداڵانی ناکام (گ/ گ/ ئ/ لۆنا) لەلایەن داواکاری باوکیانەوە، لەبەر ئەوە پێویست بوو دادگا ئەو جیاوازی بۆچونانە یەکلابکاتەوەو یەکیان بخات بەو شێوەیەی کە بەرژەوەندی منداڵەکانی تێدا بێت بە تایبەتی ئەگەر لە ناویاندا قوتابی هەبێت ، وە دانانی کاتی بینین زیان بە خوێندنەکەیان نەگەیەنێت، وە دەکرێت بۆ ئەو بابەتە پەنا بۆ شارەزایەکی پسپۆڕی بواری دەروونناسی ببرێت یان هەر ڕێکاری تر دادگا بە گونجاوی بزانێت بە مەبەستی گەیشتن بە بڕیارێکی تەندروست لەو بارەیەوە ، وە لەبەر ئەوەی دادگا بڕیاری دەرکردوە بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە لەبەر ئەوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە ، ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٤/٢٩.

**ژمارە/ ٤٦٢/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٣٢٣/ ش/٢٠٢٣ بەروار/ ٢٩/ ٤ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سۆران) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە گەڕاندنەوەی منداڵەکانی (م/ و/ م) بۆ ئامێزی خۆی ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داواکە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٣/٩/٦) بە بڕیاری ژمارە (٣٢٣/ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٣/٩/١٠) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات . دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (١١٩٧/د.باری کەسی/٢٠٢٣) دەرچوو لە (٢٠٢٣/١١/٩) بڕیاری تانەلێدراوی هەڵوەشاندۆتەوە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١/٢٩) بە بڕیاری ژمارە (٣٢٣/ ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە گەڕاندنەوەی منداڵەکانی (م/ و /م) بۆ ئامێزی داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/٢/٥) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە بە درێژی تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، چونکە دەرچوە بە پەیڕەو کردنی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دەرچوولەم دادگایە بە ژمارە (١١٩٧/د.باری کەسی/٢٠٢٣) دەرچوو لە (٢٠٢٣/١١/٩) . بۆیە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٤/٢٩.

**ژمارە/ ٤٦٧/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٧٩١٠/ ش/٢٠٢٣/١**

**بەروار/ ٣٠/ ٤/ ٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیا کردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٢/٦) بە بڕیاری ژمارە (٧٩١/ش/٢٠٢٣/١) حوکمی داوە بە جیاکردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواکار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە وە کەم کردنەوەی ڕێژەی ٥٥٪ لە مارەیی پاشەکی داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/٢/١٦) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، وە دەرچووە بە پەیڕەو کردنی سەرجەم مەرجەکانی هەردوو مادەی (٤١ و ٤٢) لە یاسای باری کەسی هەموارکراو ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق)ی بڕیاری تانەلێدراو وەڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، لەگەڵ ئاگادارکردنەوەی دادگای باری کەسی

هەولێر/١ لەسەر پەیڕەوکردنی ئەو گشتاندنەی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەریەوە دەرکراوە سەبارەت بە پێویستی گرنگیدان بە دۆسیەی داواکان و کۆنوسەکانی دادبینی وە ئەو خەتەی پێ ی دەنوسرێت ڕوون وە جوان بێت تا بتوانرێت بخوێنرێنەوە وە واژۆی دادوەرو لایەنەکان بەجێ نەهێڵرێن وە چاپکردنی بڕیارەکانی دادگا (کە لەم دۆسیەیەدا ڕەچاو نەکراوە) ، وە ڕەچاوکردنی ئەو تێبینیانە لە داهاتوودا بە پێچەوانەوە بە هەڵەی گەورە ئەژمار دەکرێت ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٤/٣٠.

**ژمارە/ ٤٨٠/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٧٥٠/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ٣٠/ ٤ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (کەلار) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (لابردنی ڕەچەڵەکی لە باپیری کۆچکردووی (م/ ص/ ر) وە داپیرەی (ح/ م/ ع) لەبەر ئەوەی لەدایك بووە لە هەریەك لە (ع/ م/ص/ر/ و/ ە/ ح/ م)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داواکە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٢/٢٠) بە بڕیاری ژمارە (٧٥٠/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە لابردنی ڕەچەڵەکی داواکار لە (م/ص/ ر) وە ناوی دایکی (ح/ م/ ع) لەگەڵ مانەوەی هەموو زانیاریەکانی تری سەر کارتی نیشتمانی وە ئاگادار کردنەوەی فەرمانگەی کارتی نیشتمانی بەئاماژە پێکردنی لە تۆماری کارتی نیشتمانی دوای وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە . لەبەر ئەوەی لەدایك بووە لە کەسانی سێیەمی خراوە پاڵ داوالەسەرکراو هەریەك لە (ع/ م/ ص/ر/ وە /ە/ ح/ م) لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار پارێزەر (ص/ م/ ح) بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/٣/٤) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و دەرکەوت کە تانەی پێداچوونەوە دەکەوێتە دەرەوەی ماوەی یاسایی یەوە لەبەر ئەوە بڕیاردرا بە ڕەد کردنەوەی لە ڕووی شێوەوە لەگەڵ خستنە ئەستۆی پێداچووکار ڕەسمی پێداچوونەوە ، وە لەبەر ئەوەی بابەتی داواکە پەیوەندیدارە بە حەڵاڵ و حەرامەوە بڕیار درا بە بینینی وە تێبینی کرا کە بڕیاری دەرکراو لە دۆسیەکە ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، وە بە پێ ی ئەو بەڵگانەی داواکار پێشکەشی دادگای کردون سەلمێنراوە کە داواکار دوو جار تۆمارکراوە لە تۆمارەکانی باری شارستانیدا وە هێشتنەوەی تۆماری ناوبراو لەسەر دایک و باوکی ڕاستەقینەی وە پوچەڵکردنەوەی ئەو تۆمارەی کە بە ناوی باوک و باپیریەوەیەتی لەگەڵ شەرع و یاسادا یەکدەگرێتەوە ، لەبەر ئەوە بڕیاردرا بە پەسەند کردن (تصدیق)ی بڕیارەکە وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٤/٣٠.

**ژمارە/ ٤٨٥ / دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٩٠٥٧/ ش٢٠٢٤/٤ بەروار/ ٤/ ٢٠٢٥/٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیاکردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بە هۆکاری بەجێهێشتن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٢/٩) بە بڕیاری ژمارە (٩٠٥٧/ ش٢٠٢٤/٤) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/٢/١٦) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونکە لە ڕێ ی ئەو بەڵگەیەی کە داواکار پێشکەشی دادگای کردوە کە بریتیە لە ووتەی شایەتەکانی سەلماندن بۆ دادگا سەلمێنراوە کە داوالەسەرکراو بە شێوەیەکی ئاسایی داواکاری بەجێ نەهێشتوە بەڵکو کێشەو ناکۆکی لە نێوانیان هەبووە تا ئاستی ئەوەی کە داواکار ڕەزامەند نەبووە داوالەسەرکراو بگەڕێتەوە ماڵی هاوسەری ، وە ئەوەی دەردەکەوێت ئەم جۆرە لە بەجێهێشتن (هجر) ڕەوایەتی ناداتە داواکار داوای جیابوونەوە بکات بە پێ ی مادەی (٢/٤٣) لە یاسای باری کەسی ، پێویستە دادگا داواکار بە ناتوانا (عاجز) دابنێت لە سەلماندن وە مافی پێبدات سوێندی یەکلاکەرەوە ئاراستەی داوالەسەرکراو بکات ، دواتر بە پێی ئەوەی بۆی دەردەکەوێت بڕیاری یەکلاکەرەوە بدات، لەسەر ئەوە بڕیاردرا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ مەبەستی ئەوەی سەرلە نوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە و هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٥/٤.

| | | |
|---|---|---|
| **ژمارە/ ٥٠١/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥** | **ژمارەی داوا/٥٥٧٦/ ش/٢٠٢٤** | **بەروار/ ١١/ ٥ /٢٠٢٥** |

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیاکردنەوەیان بە هۆکاری داوانەکردنی گواستنەوەی بۆ ماڵی هاوسەری لەلایەن داوالەسەرکراوەوە) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێ ی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١/١٢) بە بڕیاری ژمارە (٥٥٧٦/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە جیاکردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواکار پابەند نیە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە بە هۆی نەگواستنەوەی وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێ ی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێ ی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١/٢٢) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و دەرکەوت کە تانەی پێداچوونەوە تیانووسی تانەی پێداچوونەوە مەرجە یاساییەکان ناگرێتە خۆ لەبەر ئەوە بڕیاردرا بە ڕەد کردنەوەی لە ڕووی شێوەوە لەگەڵ خستنە ئەستۆی پێداچووکار ڕەسمی پێداچوونەوە ، وە لەبەر ئەوەی بابەتی داواکە پەیوەندیدارە بە حەڵاڵ و حەرامەوە بڕیاردرا بە بینینی وە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەوپابەندی شەرع ویاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، وە بە دەرچووە بنەما لەسەر مادەی (٤٣/یەکەم/١) لە یاسای باری کەسی هەموارکراو ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق)ی بڕیارەکە وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٥/١١.

| | | |
|---|---|---|
| **ژمارە/ ٥٠٢/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥** | **ژمارەی داوا/٧٦٤٤/ ش/٢٠٢٤** | **بەروار/ ١١/ ٥ /٢٠٢٥** |

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیاکردنەوەی لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی هێنانی ژنی دووەم) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێ ی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٣/٢) بە بڕیاری ژمارە (٧٦٤٤/ ش٢٠٢٤/٤) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێ ی پارێزەری بریکارانی داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێ ی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/٣/٦) تیادا

داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونکە ئەوەی خراوەتە ڕوو وە سەلمێنراوە کە داوالەسەرکراو ژنی دووەمی هێناوە بە پێ ی بڕیاری پەسەندکردنی هاوسەرگیری دووەم لە دادگای باری کەسی لە (خانقین) دەرچووە بە ژمارە (١٥٦١) لە ٢٠٢٤/١٢/١٢ ، وە بە تەنها ئەنجامدانی گرێبەستی هاوسەرگیری دووەم لە دادگا بێ بوونی ئەو بەڵگەی ڕێگەپێدان ڕێگر نیە لە مافی یاسایی داواکار بۆ داوای جیابوونەوە ، لەبەر ئەوە ئەو هاوسەرگیریە دەچێتە ژێر ڕکێفی ئەو هۆکارەی لە مادەی (٥/٤٠) لە یاسای باری کەسیدا ئاماژەی پێکراوە وەک هۆکارێک بۆ داواکردنی جیابوونەوە لەلایەن ژنەوە، بەمەش بڕیاری دادگا بە ڕەدکردنەوەی داوای داواکار شیاوی هەڵوەشاندنەوەیە ، لەسەر ئەوە بڕیاردرا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ مەبەستی ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە و هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٥/١١.

**ژمارە/ ٥٠٥ / دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٣٨٢٧/ ش/٢٠٢٢ بەروار/ ١١/ ٥ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پەسەند کردنی تەڵاقی خولعی نێوان خۆی و داوالەسەرکراو) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١/٢٦) بە بڕیاری ژمارە (٣٨٢٧/ ش/٢٠٢٢) حوکمی داوە بە پەسند کردنی تەڵاقی خولعی نێوان داواکار و داوالەسەرکراو لە بەرواری (٢٠١٩/٩/٧) وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر بە بێ گرێبەست و مارەیی نوێ ، وە داوالەسەرکراو بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داواکار ڕەسم و تێچوونی داواکە . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/٢/١١) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی تیایدا ئاماژەیان پێدراوە وە سەلماندنی تەڵاقی خولعی دەرەکی بانگەشەبۆکراو بەو شێوەیەی لە تیانووسی داواکەدا هاتووە وە بە پێ ی کۆنوسی تەڵاقدانی خولعی ڕۆژی ٢٠١٩/٩/٧ پێشکەشکراو لەلایەن بریکاری میراتگری داواکارەوکە هێنراوەتە ناو داواکە پاش ئەوەی داواکارکۆچی دوایی کردوە دوای تۆمارکردنی داواکەو پێش ئەنجامدانی یەکەم دانیشتنی دادبینی ، بنەما لەسەر ئەوە بڕیاردرا بە پەسەندکردن (تصدیق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە . ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٥/١١.

**ژمارە/ ٥٠٦/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ \ ژمارەی داوا/ ٥٩١٠/ ش - أعتراضية/٢٠٢٣ بەروار/١١/ ٥ /٢٠٢٥**

ناڕازیکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) داوای هەڵوەشاندنەوەی حوکمی پاشملەی ژمارە ٥٩١٠/ش/٢٠٢٣ لە ٢٠٢٣/١٢/٢٠ کردووە کە حوکمی داواە بە (جیاکردنەوەی لەگەڵ ناڕازی لەسەرکراو بە هۆکاری بەجێهێشتن) . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٢/٢٣) بە بڕیاری ژمارە (٥٩١٠/ ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە پوچەڵ کردنەوەی حوکمی پاشملەی ژمارە ٥٩١٠/ش/٢٠٢٣ لە ٢٠٢٣/١٢/٢٠ وە ڕەد کردنەوەی داوای ناڕازی لەسەرکراو - داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی ناڕازیکار - داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/٣/٣) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی

تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونکە لە ڕێ ی ئەو بەڵگەیەی کە ڕێلێگر (المعترض) پێشکەشی دادگای کردوە بۆ بەرچەرچدانەوەی ووتەی شایەتەکانی داواکار (المعترض علیە) لە قۆناغی دادبینی پاشملە بۆ دادگا سەلمێنراوە کە داوالەسەرکراو بە شێوەیەکی ئاسایی داواکاری بەجێ نەهێشتوە بەڵکو کێشەو ناکۆکی لە نێوانیان هەبووە ، واتە بە پێ ی بەڵگەی پێشکەشکراو ئەمە بە بەجێهێشتن (هجر) ێک دانانرێت کە ڕەوایەتی بداتە داواکار داوای جیابوونەوە بکات بە پێ ی مادەی (٢/٤٣) لە یاسای باری کەسی ، پێویستە دادگا داواکار (المعترض علیها) بە ناتوانا (عاجز) دابنێت لە سەلماندن وە مافی پێبدات سوێندی یەکلاکەرەوە ئاراستەی داوالەسەرکراو بکات ، دواتر بە پێی ئەوەی بۆی دەردەکەوێت بڕیاری یەکلاکەرەوە بدات، لەسەر ئەوە بڕیاردرا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ مەبەستی ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە و هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام ، ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٥/١١.

| | | |
|---|---|---|
| **ژمارە/ ٥٤٨/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥** | **ژمارەی داوا/٣٨٢٧/ ش/٢٠٢٤** | **بەروار/ ١٣/ ٥/ ٢٠٢٥** |

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام بە منداڵەکەی (ە) وە پێدانی کرێی دایەنی هەریەك لە منداڵەکانی (ە/ و/ ە)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٣/١٨) بە بڕیاری ژمارە (٣٨٢٧/ش٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ١. پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە منداڵەکەی (ە) بە بڕی ١٣٠,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٠/١/١ تاکو ٢٠٢٤/٦/١٢ وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بەهەمان بڕ . ٢. پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی کرێی دایەنی منداڵەکانی (ە/ و/ ە) بە داواکار بە بڕی ٣٠,٠٠٠ دینار مانگانە بۆ هەریەکێکیان لەبەرواری ٢٠٢٤/٦/١٢ ، وە ڕێگەدان بە داواکار بەوەرگرتنی بڕی بژێوی منداڵەکەی و خەرج کردنی بۆ پێداویستیەکانی لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێ ی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/٣/١٩) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە برگەی (٣ و ٤) لە بڕیاری تانەلێدراو کە بابەتی تانەی پێداچوونەوەیە ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە ، چونکە داواکار شایستەی کرێ ی لە ئامێزگرتنی منداڵەکانیەتی لە داوالەسەرکراو وە بڕی کرێ ی لە ئامێزگرتن کە لەلایەن شارەزاوە خەملێنراوە گونجاوە لەگەڵ توانای دارایی داوالەسەرکراو ، بۆیە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە وە خستنە ئەستۆی پێداچووکار ڕەسمی پێداچوونەوە ، ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٥/١٣.

| | | |
|---|---|---|
| **ژمارە/ ٥٤٧/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥** | **ژمارەی داوا/١٢٩٠/ ش/٢٠٢٤** | **بەروار/ ١٣/ ٥ /٢٠٢٥** |

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی

بژێوی ڕابردوو و بەردەوام بۆ خۆی و منداڵەکەی (ئ)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٢/٢٥) بە بڕیاری ژمارە (١٢٩٠/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ١/ پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواکار بەبڕی ١٢٥,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٣/١٠/١ تاکو ٢٠٢٤/٢/٢٤ وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بەهەمان بڕ . ٢/ پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە منداڵەکەی (ئ) بەبڕی ١٢٠,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٣/١٠/١ تاکو ٢٠٢٤/٢/٢٤ وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بەهەمان بڕ وە ڕێگەدان بە داواکار بەوەرگرتنی بڕی بژێوی منداڵەکەی و خەرج کردنی بۆ پێداویستیەکانی لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە .
بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/٣/٢) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-
بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونکە ڕاستە داواکار و منداڵەکەی (ئ) کە لە ئامێزیدایە شایستەی بژێوین بەڵام دادگا هەڵەی کردوە لە دیاری کردنی ئەو ماوەیەی کە داواکار خۆی شایستەی بژێویە بە هەردوو جۆرەکەی ڕابردوو وە بەردەوام ، وە ناوبراو شایستەی بژێوی بەردەوامە لە ڕۆژی تومارکردنی داواکەوە لە ٢٠٢٤/٢/٢٥ تا ڕۆژی جیابونەوەی لە داوالەسەرکراو لە ٢٠٢٤/١٢/٢٣ ، هەروەها ڕاپۆرتی (٧) شارەزا کە دادگا پشتی پێ بەستوە بۆ حوکمەکەی لەلایەن (٢) لە شارەزاکانەوە واژۆ نەکراوەو بەهای یاسایی نیە ، لەبەر ئەوەی دادگا بێ ڕەچاوکردنی ئەو کەموکوڕیانە بڕیاری دەرکردوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە لەگەڵ هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام ، لەگەڵ ئاگادارکردنەوەی بەڕێز دادوەری دادگای باری کەسی سلێمانی/٦ لەسەر ووردی (الدقة) لە کاتی دەرکردنی بڕیارەکانیدا لە داهاتوودا، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٢/١٣.

**ژمارە/ ٥٤٨/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٣٨٢٧/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٣/ ٢٠٢٥/٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام بە منداڵەکەی (ه) وە پێدانی کرێی دایەنی هەریەك لە منداڵەکانی (ه/و/ ه)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٣/١٨) بە بڕیاری ژمارە (٣٨٢٧/ش٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ١. پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە منداڵەکەی (ه) بە بڕی ١٣٠,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٠/١/١ تاکو ٢٠٢٤/٦/١٢ وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بەهەمان بڕ . ٢. پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی کرێی دایەنی منداڵەکانی (ه/ و/ ه) بە داواکار بە بڕی ٣٠,٠٠٠ دینار مانگانە بۆ هەریەکێکیان لەبەرواری ٢٠٢٤/٦/١٢ ، وە ڕێگەدان بە داواکار بەوەرگرتنی بڕی بژێوی منداڵەکەی و خەرج کردنی بۆ پێداویستیەکانی لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/٣/١٩) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-
بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕگەی (٣ و ٤) لە بڕیاری تانەلێدراو کە بابەتی تانەی پێداچوونەوەیە ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر

ئەو هۆكارانەی كە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە ، چونكە داواكار شایستەی كرێ ی لە ئامێزگرتنی منداڵەكانیەتی لە داوالەسەركراو وە بڕی كرێ ی لە ئامێزگرتن كە لەلایەن شارەزاوە خەمڵێنراوە گونجاوە لەگەڵ توانای دارایی داوالەسەركراو ، بۆیە بڕیار درا بە پەسەند كردن (تصدیق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد كردنەوەی تانەی پێداچوونەوە وە خستنە ئەستۆی پێداچووكار ڕەسمی پێداچوونەوە ، ئەم بڕیارەش بە كۆی دەنگ دەركرا لە ٢٠٢٥/٥/١٣.

**ژمارە/ ٥٥٣/ دەستەی باری كەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٤٠٢٩/ شش/٢٠٢٣ بەروار/ ١٣/ ٥ /٢٠٢٥**

داواكار لەبەردەم دادگای باری كەسی (سلێمانی) بانگەشەی كردووە بەو شێوەیەی كەلەتیانووسی داواكاریەكەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای كردووە حوكم بدرێت بۆی بە (پابەند كردنی داوالەسەركراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو خەرجی داوا و كرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٢/٩) بە بڕیاری ژمارە (٤٠٢٩/ ش/٢٠٢٣) حوكمی داوە بە پابەند كردنی داوالەسەركراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواكار بەبڕی ١٨٠,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٣/٦/٢٥ تاكو بەرواری جیابوونەوەیان لە ٢٠٢٤/١/٢٩ ، لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكارانی داواكار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەركراو – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/٢/١٧) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندكرنی تانەی پێشكەشكراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی كرا كە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایەو پێش وەختە ، چونكە بریكاری داوالەسەركراو لە قۆناغی دادبینیدا دەفعی بەوە كردوە كە داوالەسەركراو بە پێ پاساوی مەشروع ماڵی هاوسەری بەجێ هێشتووە ، وە بەڵگەی كەسی پێشكەش كردوە بۆ سەلماندنی ئەو دەفعە كە بریتی بووە لە دوو شایەت بەڵام نەیتوانیوە دەفعەكە بسەلمێنێت ، دەبوو دادگا داوالەسەركراو بە ناتوانا (عاجز) دابینێت لە سەلماندن وە مافی ئەوەی پێ بدات كە سوێندی یەكلاكەرەوە ئاراستەی داواكار بكات، دواتر لە بەر ڕۆشنایی ئەوەی بۆ ساغ دەبێتەوە بڕیاری یەكلاكەرەوە بدات ، لەسەر ئەوە بڕیاردرا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەكە بۆ دادگاكەی بۆ مەبەستی ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات وەك ئەوەی لەسەرەوە باسكراوە و هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام ، ئەم بڕیارەش بەكۆی دەنگ دەركرا لە ٢٠٢٥/٥/١٣.

**ژمارە/ ٥٥٤/ دەستەی باری كەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٤٤/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٣ / ٥ /٢٠٢٥**

داواكار لەبەردەم دادگای باری كەسی (سلێمانی) بانگەشەی كردووە بەو شێوەیەی كەلەتیانووسی داواكاریەكەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای كردووە حوكم بدرێت بۆی بە (پابەند كردنی داوالەسەركراو بە گەڕاندنەوەی بڕی ١٩ مسقال زێڕ عیار ٢٤) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو خەرجی داوا و كرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٢/٢٣) بە بڕیاری ژمارە (٤٤/ ش/٢٠٢٤) حوكمی داوە بە ١/ پابەند كردنی داوالەسەركراو بە گەڕاندنەوەی بڕی ١٩ مسقال زێڕی وەرگیراو یاخود نرخەكەی ٨٧٢١٠٠٠ دینار لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكاری داواكار بە بڕی سەد هەزار دینار. ٢/ ڕەد كردنەوەی داوای داواكار بە زیادەی داواكراو لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكارانی داوالەسەركراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەركراو – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/٢/٢٧) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونکە بە پێ ی بڕیاری دەرکراو لە داوای ژمارە (٣١٤/ش/٢٠٢٠) کە لە ٢٠٢٢/١٢/١٥ دەرچووە تەڵاقی خولعی نێوان هەردوولای داواکە لە ٢٠٢٢/١/١٦ بە پێ ی کۆنوسی ئاسایی پێشکەشکراو لە کاتی دادبینی پەسەندکردوە وە بە پێ ی ناوەرۆکەکەی داوالەسەرکراو ڕەزامەند بووە بە تەڵاقدانی بەرامبەر وەرگرتنی (١٩) مسقاڵ زێری پاڵاوتە وە وازهێنان (تنازل) ی لە تەواوی مافەکانی ، وە ئەو بڕیارەش پلەی کۆتایی وەرگرتووە ، لەبەر ئەوە بانگەشە کردن بەوەی ئەو تەڵاقە نەکەتووە وەرناگیرێت وە پێچەوانەی ئەوەیە بە بڕیارێکی دادگا جێگیرکراوە کە پلەی کۆتایی وەرگرتووە، لەبەر ئەوە داوای داواکار بۆ گەڕاندنەوەی ئەو زێڕەی بەرامبەر تەڵاقەکە داوایەتی بە داوالسەرکراو هیچ پشتیوانیەکی شەرعی و یاسایی نیەو شیاوی ڕەد کردنەوەیە ، وە لەبەر ئەوەی دادگای باری کەسی لە بڕیارەکەیدا پێچەوانەی ئەوە حوکمی داوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە لەگەڵ هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/٥/١٣.

**ژمارە/ ١٤٢٦/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٣٩٩٥/ ش٢٠٢٣/٤ بەروار/ ١٥/ ١٢/ ٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیا کردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٦/١٥) بە بڕیاری ژمارە (٣٩٩٥/ش٢٠٢٣/٤) حوکمی داوە بە جیاکردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواکار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە وە کەم کردنەوەی ڕێژەی ٢٥٪ لە مارەیی پاشەکی داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١٠/٢٧) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-
بـڕیـــــار:-
پاش وردبینی وگفتوگۆ و دەرکەوت کە تانەی پێداچوونەوە دەکەوێتە دەرەوەی ماوەی یاسایی یەوە لەبەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی لە ڕووی شێوەوە لەگەڵ خستنە ئەستۆی پێداچووکار ڕەسمی پێداچوونەوە ، وە لەبەر ئەوەی بابەتی داواکە کە جیابوونەیە بە هۆکاری زیان گەیاندن پەیوەندیدارە بە حەڵاڵ و حەرامەوە بڕیاردرا بە بینینی وە تێبینی کرا کە بڕیاری دەرکراو لە دۆسیەکە ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، وە بە پێ ی ئەو بەڵگانەی داواکار پێشکەشی دادگای کردون سەلمێنراوە کە داوالەسەرکراو زیانی بە داواکاری ژنی گەیاندووە بە شێوەیەک بەردەوامی دان بە ژیانی هاوسەریان ئاستەم بووە ، بەڵام سەبارەت بەو هۆکارانەی بریکاری پێداچووکار ئاماژەی پێداون لە تیانووسی پێداچوونەوەدا ئەویش بڕیارنەدانە بۆ بریگرتەکەی بە مافی نیشتەجێ بوون بە پێ ی یاسای ژمارە (١٩٨٣/٧٧) پەیوەندیدار نیە بە حەڵاڵ و حەرامەو بابەتی ووردبینی نەبوو ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق)ی بڕیارەکە وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/١٢/١٥.

**ژمارە/ ١٤٣٠/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٨٣/ ش/٢٠٢٥ بەروار/ ١٥/ ١٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (دیرالوك) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (مراندنی وونبوو (و/ ع/ أ)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داواکە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە

ڕۆژی (٢٠٢٥/٥/٤) بە بڕیاری ژمارە (٨٣/ ش/٢٠٢٥) حوکمی داوە بە مردنی وونبوو (و/ ع/ أ) لەڕۆژی دەرچوونی بڕیارەکە وە داوالەسەکراوی یەکەم پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە بۆ ماوەی چوار مانگ و دە ڕۆژ وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە . وە ناردنی دۆسیەکە بۆ دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەوەی بڕیارەکە پێداچوونەوەی لەخۆوە دەیگرێتەوە. دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (١٠٢٢/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥) دەرچوو لە (١١/ ٨ /٢٠٢٥) بڕیاری تانەلێدراوی هەڵوەشاندۆتەوە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١٠/٢٦) بە بڕیاری ژمارە (٨٣/ ش/٢٠٢٥) حوکمی داوە بە مردنی وونبوو (و/ ع/ أ) لەڕۆژی دەرچوونی بڕیارەکە وە داوالەسەکراوی یەکەم پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە بۆ ماوەی چوار مانگ و دە ڕۆژ وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە. وە ناردنی دۆسیەکە بۆ دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەوەی بڕیارەکە پێداچوونەوەی لەخۆوە دەیگرێتەوە ، پاش گەیشتنی دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ دەرکەوت کە بڕیاری دەرکراو لەم دۆسیەیەدا پێداچوونەوەی لەخۆوە (تمییز تلقائی) دەیگرێتەوە بە پێ ی مادەی (٣٠٩) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی یاسایە ، چونکە داواکار داوای لەسەر داوالەسەرکراو بەڕێوەبەری چاودێری ناکانەکان تۆمارکردوە لە کاتێکدا وون بوو(و/ ع/ أ) باوکی لە ژیاندایە، پێویست بوو کەسێک بکرێتە (قیم) لەسەری وە داوای لەسەر تۆمار بکرێت سەرەڕای (قیمومة) ی، لە لایەکی ترەوە پێویستە بزانرێت لە کەیەوە وون بوونی ناوبراوی سەرەوە ڕاگەیەنراوە وە بەڵگەی نوسراو پێشکەش بکرێت بۆ سەلماندنی ئەو لایەنە وەک بڵاوکراوە لە ڕۆژنامەدا وە دادگا دڵنیا بێتەوە لە تێپەڕبوونی ماوەی یاسایی بەسەر وون بونیدا، وە ئەگەر دۆسیەی سزایی هەبێت تایبەت بە ئاگادارکردن لە وون بوونی بهێنرێت و هاوپێچ بکرێت، وە لە حاڵەتی بوونی ڕکابەری ڕاستەقینە کە پێسپێر(قیم) ە پێویست ناکات داوالە سەر بەڕێوەبەری چاودێری ناکامەکان سەرەڕای کارەکەی تۆمار بکرێت چونکە ناوبراو لایەنێکی جێبەجێکردنە بۆ پاراستنی مافی ناکامەکان لە ناویاندا وونبوەکان. وە داواکە بەو شێوەیەی کە تۆمار کراوە شیاوی ڕەد کردنەوەیە لە ڕووی شێوەوە بە هۆی ئاراستە نەبوونی ڕکابەریەوە. لەسەر ئەوە بڕیاردرا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ مەبەستی ئەوەی سەرلە نوێ پێیدا بڕوات بەو شێوەیەی لە سەرەوە باسکراوە و هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام وئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ د ەرکرا لە ٢٠٢٥/١٢/١٥.

**ژمارە/ ١٤٣٢/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٤١٣/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٦/ ١٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (دهۆك) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بەپێدانی بڕی ٢٠٠٠٠٠٠٠ بیست ملیۆن دینار وەکو قەرەبووی تەڵاقی ناڕەوا) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١/١٥) بە بڕیاری ژمارە (٤١٣/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواکار – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١/٢٢) تیایدا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات . دوای ووردبینی و گفتوگۆ ئەم دەســـتەیە بە بڕیاری ژمارە (٢٧٧/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥) دەرچوو لە (١٠/ ٣ /٢٠٢٥) بڕیاری تانەلێدراوی هەڵوەشاندۆتەوە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١٠/٢٩) بە بڕیاری ژمارە (٤١٣/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە ١. پابەند کردنی داوالەسەرکراو بەپێدانی بڕی (٦,٧٢٠,٠٠٠) دینار بە داواکار وەکو قەرەبووی تەڵاقی ناڕەوا . ٢. ڕەد کردنەوەی داوای داواکار بە زیادەی داواکراو لەگەڵ خستنە ئەستۆی هەردوولایەن لە ڕەسم و تێچوونی داواکە . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی

ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١١/٩) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بڕیـــــار:-
پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، هەرچەندە دادگا لە حوکمدان بۆ داواکار بە قەرەبووی تەڵاقی (تعسفی) پەیرەوی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەم دادگایەی کردوە بە ژمارە (٢٧٧/د.باری کەسی/٢٠٢٥) لە ٢٠٢٥/٣/١٠ وە بۆچوونی لەو ڕووەوە ڕاستەو پشتیوانی شەرعی و یاسایی هەیە وە سەلمێنراوە داوالەسەرکراو (متعسف) بووە لە تەڵاقدانی داواکاری ژنیدا ، بەڵام بڕی قەرەبووی خەمڵێنراو پێچەوانەی ئەنجامی لێکۆڵینەوەی دادگایە کە سەلمێنراوە داوالەسەرکراو بێکار(عاطل عن العمل) و نەدارە وە پێویست بوو شارەزا بڕی بژێوی مانگانەی نەدار(معسر) بکاتە بنەما وە لە (٣) ساڵ تێپەڕ نەکات وەک قەربوو بۆ داواکار ، وە لەبەر ئەوەی دادگا پێچەوانەی ئەوەی ئاماژەی پێکراوە حوکمی داوە بڕیارەکەی شیاوی هەڵوەشاندنەوەیە ، بنەما لەسەر ئەوە بڕیاردرا بە هەڵوەشاندنەوە (نقض) ی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی تا سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە لەگەڵ هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/١٢/١٦.

**ژمارە/ ١٤٣٣/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ١٤٣٢/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٦/ ١٢/ ٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (دهۆك) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (کەم کردنەوەی بڕی بژێوی منداڵەکانی (ئ/ و/ ە)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١٠/١٩) بە بڕیاری ژمارە (١٤٣٢/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە کەم کردنەوەی بژێوی بەردەوامی منداڵەکانی (ئ/ و/ ە) بۆ ١٩٠,٠٠٠ دینار مانگانە بۆ هەریەکێکیان هەژمار دەکرێت لە بەرواری تۆمار کردنی داواکە لە ٢٠٢٤/٧/٣١ وە بەبەردەوامی وە ڕێگەدان بە داواکار بەوەرگرتنی بڕی بژێوی منداڵەکانی و خەرج کردنی بۆ پێداویستیەکانیان ، لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١٠/٢٦) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بڕیـــــار:-
پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی هەردوو تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونکە پاش ئەوەی دادگا لێکۆڵینەوەی پێویستی لە داوای داواکار کردووەو گەیشتوەتە ئەو قەناعەتەی کە ناوبراو شایستەی بژێویە و بە پێ ی یاسای سەلماندن پەنای بۆ شارەزا بردوە (٤) جار ، بەڵام لە کۆتاییدا بە هیچکام لە ڕاپۆرتی شارەزاکانی وەرنەگرتووە ، وە خۆی بڕی بژێوی دیاریکردوەو سەپاندویەتی لە بڕیارەکەیدا، وە لەوەدا دادگا بە هەڵەدا چووە چونکە نابێت دادوەر خۆی خەملاندن بکات وە ئەوە بابەتێکی هونەری (فنی) یە نەک یاسایی ، وە لە حاڵەتی بوونی زیاد لە ڕاپۆرتێک دەکرێت یەکێکیان بکاتە بنەما پاش ئەوەی هۆکاری ئەوە دیاری دەکات بە ڕوونی، لەبەر ئەوەی دادگای باری کەسی بڕیاری دەرکردوە پێچەوانەی ئەو خاڵەی ئاماژەی پێدراوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکەی وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە لەگەڵ هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام ، لەگەڵ ئاگادارکردنەوە (تنویه) ی دادگا باری کەسی لەسەر هەڵەی ئاماژەبۆکراو بە مەبەستی دووبارە نەکردنەوەی لە داهاتوودا ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/١٢/١٦.

**ژمارە/ ١٤٣٩/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/١٥١/ ش/٢٠٢٥ بەروار/ ١٦/ ١٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (ئاکرێ) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیاکردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی کێشە و ناکۆکی) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١٠/١٢) بە بڕیاری ژمارە (١٥١/ش/٢٠٢٥) حوکمی داوە بە جیاکردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواکار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بكات تا كۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە لەگەڵ کەم کردنەوەی بڕی ٣٠٪ لە مارەیی پاشەکیەکەی لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١٠/٢٠) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، چونکە داواکار ناوەرۆکی داواکەی بە بەڵگەی یاسایی باوەڕپێکراو سەلماندوە بە بونی ناکۆکی (خلاف) لەگەڵ داوالەسەرکراوی مێردی بە بە شێوەیەک کە بەردەوامیدان بە ژیانی هاوسەری ئاستەم (مستحیل) کردوە ، دواتر دادگا تەواوی ڕێکارە (اجراءات) یاساییەکانی پێویست بە پێ ی مادەی (٤١) لە یاسای باری کەسی هەموارکراو پەیڕەو کردوە ، بۆیە بڕیارەکەی شیاوی پەسەند کردنە ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/١٢/١٦.

**ژمارە/ ١٤٤٤/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ١٥٢/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٦/ ١٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (تەق تەق) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١٠/١٩) بە بڕیاری ژمارە (١٥٢/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواکار بەبڕی ٧٥,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٤/٨/٢٤ تاکو ٢٠٢٤/١١/٣٠ وە بە شێوەیەکی بەردەوام مانگانە بەبڕی ١٠٠,٠٠٠ دینار ، وە ئەژمار کردنی بژێوی کاتی وەك بەشێك لەم بڕگەیە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١٠/٢١) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە ، چونکە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە ئەوە سەلمێنراوە کە داوالەسەرکراو بژێوی داواکاری ژنی نەکێشاوە لەو ماوەیەی کە

حوكمی پێدراوە ، لەبەر ئەوە داواكار شایستەی بژێویە لە ڕۆژی نەكێشانیەوە لەلایەن داوالەسەركراوی مێردیەوە ، وە بڕی بژێوی خەمڵێنراویش لەڕێ ی شارەزای دادوەریەوە بە ڕەچاوكردنی مادەكانی (١٣٣-١٤٤) لە یاسای سەلماندن گونجاوە لەگەڵ باری دارایی داوالەسەركراو ، بۆیە بڕیار درا بە پەسەند كردن (تصدیق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد كردنەوەی تانەی پێداچوونەوە ولەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووكارەوە ، ئەم بڕیارەش بەكۆی دەنگ دەركرا لە ٢٠٢٥/١٢/١٦.

**ژمارە/ ١٤٤٧/ دەستەی باری كەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/١٠٣٠/ ش/٢٠٢٥ بەروار/ ١٦/ ١٢ /٢٠٢٥**

داواكار لەبەردەم دادگای باری كەسی (زاخۆ) بانگەشەی كردووە بەو شێوەیەی كەلەتیانووسی داواكاریەكەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای كردووە حوكم بدرێت بۆی بە (جیاكردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەركراو بەهۆی كێشە و ناكۆكی) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو خەرجی داوا و كرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١٠/١٢) بە بڕیاری ژمارە (١٠٣٠/ ش/٢٠٢٥) حوكمی داوە بە جیاكردنەوەی لایەنەكانی داوا وە ئەژمار دەكرێت بە لێكترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەكتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواكار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بكات تا كۆتایی هاتنی ماوەكە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەكە لەگەڵ كەم كردنەوەی بڕی ٣٠٪ لە مارەیی پاشەكیەكەی لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكاری داواكار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەركراو – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١٠/٢٠) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندكرنی تانەی پێشكەشكراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی كرا كە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونكە داواكار نەیتوانیوە لەڕێ ی بەڵگەی پێشكەشكراوەوە بیسەلمێنێت ناكۆكی قوڵ (خلافات مستحكمة)ی لەگەڵ داوالەسەركراوی مێردی هەیە ، وە ئەوەی لە ووتەی داواكارو شایەتەكانی باسكراوەو لە دۆسیەی سزاییدا جێگیرە دەچێتە خانەی زیان گەیاندن (ضرر) لەبەر ئەوە نەک ناكۆكی (خلاف) لەبەر ئەوە دەبوو دادگا ناوبراو بە ناتوانا (عاجز) دابنێت لە سەلماندن وە مافی ئەوەی پێ بدات كە سوێندی یەكلاكەرەوە ئاراستەی داوالەسەركراو بكات بەو شێوەیەی كە دایدەڕێژێت ، وە لەبەر ئەوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەكە بۆ دادگاكەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسكراوە ، ئەم بڕیارەش بەكۆی دەنگ دەركرا لە ٢٠٢٥/١٢/١٦.

**ژمارە/ ١٤٥١/ دەستەی باری كەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٤٤٣/ ش/٢٠٢٥ بەروار/ ١٦ / ١٢ /٢٠٢٥**

داواكار لەبەردەم دادگای باری كەسی (زاخۆ) بانگەشەی كردووە بەو شێوەیەی كەلەتیانووسی داواكاریەكەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای كردووە حوكم بدرێت بۆی بە (جیا كردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەركراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو خەرجی داوا و كرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و پاشملەی ئاشكرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٥/١١) بە بڕیاری ژمارە (٤٤٣/ش/٢٠٢٥) حوكمی داوە بە جیاكردنەوەی لایەنەكانی داوا وە ئەژمار دەكرێت بە لێكترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەكتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواكار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بكات تا كۆتایی هاتنی ماوەكە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەكە داواكار لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری

بريكارانی داواكار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەركراو – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١٠/١٣) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندكرنی تانەی پێشكەشكراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی كرا كە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایەو دەرچووە بنەما لەسەر ڕێكارێكی پوچەڵ ، چونكە داوالەسەركراو ئاگاداركراوە بە ڕۆژی دادبینی ٢٠٢٥/٥/٦ لە ڕۆژی ٢٠٢٥/٥/٤ بە پێ ی پسوڵەی ئاگاداركردنەوەی هاوپێچ بە دۆسیەكە واتە پێچەوانەی ماوەی یاسایی پێویست كە نابێت لە (٣) ڕۆژ كەمتربێت پێش ڕۆژی دیاریكراو بۆ دادبینی بە پێ ی مادەی (٢٢) لە یاسای دادبینی شارستانی هەمواركراو، بەوەش تەواو ڕێكارەكانی دادبینی بە پوچەڵ دادەنرێن وە بڕیاری دەركراو لە دۆسیەكە كە بابەتی تانەی پێداچوونەوەیە بە نەبوو (معدوم) دادەنرێت ، وە لەبەر بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەكە بۆ دادگاكەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسكراوە لەگەڵ هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام ، ئەم بڕیارەش بەكۆی دەنگ دەركرا لە ٢٠٢٥/١٢/١٦.

**ژمارە/ ١٤٥٢/ دەستەی باری كەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٤٤٤/ ش/٢٠٢٥ بەروار/ ١٦/ ١٢ /٢٠٢٥**

داواكار لەبەردەم دادگای باری كەسی (زاخۆ) بانگەشەی كردووە بەو شێوەیەی كەلەتیانووسی داواكاریەكەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای كردووە حوكم بدرێت بۆی بە (جیا كردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەركراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو خەرجی داوا و كرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و پاشملەی ئاشكرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٥/١١) بە بڕیاری ژمارە (٤٤٤/ش/٢٠٢٥) حوكمی داوە بە پابەند كردنی داوالەسەركراو بە پێدانی بژێوی بە داواكار بەبڕی ٢٠٠,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٥/٤/٨ وە بە شێوەیەكی بەردەوام لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بريكارانی داواكار بە بری سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەركراو – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١٠/١٣) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندكرنی تانەی پێشكەشكراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی كرا كە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایەو دەرچووە بنەما لەسەر ڕێكارێكی پوچەڵ ، چونكە داوالەسەركراو ئاگادارنەكراوە بە ڕۆژی دادبینی ٢٠٢٥/٥/٦ لە ڕۆژی ٢٠٢٥/٥/٤ بەڵكو تەنها وێنەیەكی كۆپی لە پسوڵەی ئاگاداركردنی بە ڕۆژی دادبینی لە داوای ژمارە (٤٤٣/ش/٢٠٢٥) لە دۆسیەكە پارێزراوە كە ئەوەش لە ڕووی یاساییەوە بەهای نیە ، بەوەش تەواو ڕێكارەكانی دادبینی بە پوچەڵ دادەنرێن وە بڕیاری دەركراو لە دۆسیەكە كە بابەتی تانەی پێداچوونەوەیە بە نەبوو (معدوم) دادەنرێت ، وە لەبەر ئەوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەكە بۆ دادگاكەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسكراوە لەگەڵ هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام ، ئەم بڕیارەش بەكۆی دەنگ دەركرا لە ٢٠٢٥/١٢/١٦.

**ژمارە/ ١٤٥٧/ دەستەی باری كەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٣٣٣/ ش/٢٠٢٥ بەروار/ ١٦/ ١٢ /٢٠٢٥**

داواكار لەبەردەم دادگای باری كەسی (ئاكرێ) بانگەشەی كردووە بەو شێوەیەی كەلەتیانووسی داواكاریەكەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای كردووە حوكم بدرێت بۆی بە (جیا كردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەركراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو خەرجی داوا و كرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٩/٣٠) بە بڕیاری ژمارە (٣٣٣/ ش/٢٠٢٥) حوكمی داوە بە جیاكردنەوەی لایەنەكانی داوا وە ئەژمار دەكرێت بە لێكترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەكتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواكار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی

نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بكات تا كۆتایی هاتنی ماوەكە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەكە وە كەم كردنەوەی ڕێژەی ٣٥٪ لە مارەیی پاشەكی داواكار لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكاری داواكار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەركراو – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١٠/٩) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندكرنی تانەی پێشكەشكراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی كرا كە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆكارانەی كە تیایدا ئاماژەیان پێكراوە ، وە دەرچووە بە پەیرەو كردنی سەرجەم مەرجەكانی هەردوو مادەی (٤١ و ٤٢) لە یاسای باری كەسی هەمواركراو ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەند كردن (تصدیق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد كردنەوەی تانەكەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووكارەوە ، ئەم بڕیارەش بەكۆی دەنگ دەركرا لە ٢٠٢٥/١٢/١٦.

**ژمارە/ ١٤٥٨/ دەستەی باری كەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/١٥٧٠/ ش/٢٠٢٣ بەروار/ ١٦/ ١٢ /٢٠٢٥**

داواكار لەبەردەم دادگای باری كەسی (دهۆك) بانگەشەی كردووە بەو شێوەیەی كەلەتیانووسی داواكاریەكەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای كردووە حوكم بدرێت بۆی بە (پابەند كردنی داوالەسەركراو بە ڕێگری نەكردنی لە بینینی منداڵەكەی (ب)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو خەرجی داوا و كرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١١/٩) بە بڕیاری ژمارە (١٥٧٠/ ش/٢٠٢٣) حوكمی داوە بە ڕەد كردنەوەی داوای داواكار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكاری داوالەسەركراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داواكار – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١١/١٨) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندكرنی تانەی پێشكەشكراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی كرا كە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونكە داواكار مافی بینینی منداڵەكەی بە ناوی هەیە (ب) هەیە وە پێویستە شێوازی بینینەكە بگونجێنرێت لەگەڵ بارودۆخی منداڵەكەو لایەنەكانی داواكەدا ، وە نەبوونی شوێنی نیشتەجێ بوون هۆكار نیە بۆ ڕێگری كردن لە داواكار منداڵەكەی ببینێت ، وە دەبێت دادگا بڕیار بدات بە بینینی منداڵەكە بۆ ماوەی (٣) كاتژمێر هەفتانە بێ مانەوە دادگا لەو شوێنەی كە هەردوولا لەسەری ڕێك دەكەون یان جێبەجێكاری دادی تایبەتمەند دیاری دەكات ، وە دەركردنی بڕیار پێچەوانەی ئەوەی باسكراوە هۆكارە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ، لەسەر ئەوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەكە بۆ دادگاكەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسكراوە و هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام ، ئەم بڕیارەش بەكۆی دەنگ دەركرا لە ٢٠٢٥/١٢/١٦ .

**ژمارە/ ١٤٦١/ دەستەی باری كەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٧٦٠٦/ ش٢٠٢٤/٣ بەروار/ ١٦/ ١٢ /٢٠٢٥**

داواكار لەبەردەم دادگای باری كەسی (هەولێر) بانگەشەی كردووە بەو شێوەیەی كەلەتیانووسی داواكاریەكەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای كردووە حوكم بدرێت بۆی بە (پابەند كردنی داوالەسەركراو بە ڕێگری نەكردنی لە بینینی منداڵەكانی (ت/ وە ە)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو خەرجی داوا و كرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١١/١٦) بە بڕیاری ژمارە (٧٦٠٦/ ش٢٠٢٤/٣) حوكمی داوە بە پابەند كردنی داوالەسەركراو بە ڕێگری نەكردنی داواكار لە بینینی منداڵەكانی (ت/ وە/ ە) هەفتەی جارێك هەر جارە و بۆ ماوەی ٢٤ كاتژمێر لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكارانی داواكار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەركراو – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١١/١٧) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، پاش گەیشتنی

تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-
بـڕیـــــار:-
پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونکە لە ئەنجامی ئەو بەڵگانەی خراونەتە ڕوو دەرکەوتووە کە لە بەرژەوەندی هەردووی کچی لایەنەکانی داواکەیە بە ناوەکانی (ت/ وە/ ە) یە کە لای داواکاری باوکیان نەمێننەوە بە تایبەتی لە قۆناغی هەرزەکاریدان ، وە پێشتریش داواکار بڕیاری وەرگرتووە بۆ بینینیان هەفتانە (٣) کاتژمێر بە پێ ی بڕیاری ژمارە (٣٠٨٨/ش/٢٠٢١) لە ٢٠٢١/٧/٨ ، لەبەر ئەوە داواکاری ناوبراو بۆ زیادکردنی ماوەی بینین لە بەرژەوەندی منداڵەکان نیە ، بەمەش داوای داواکار شیاوی ڕەد کردنەوەیە ، وە لەبەر ئەوەی دادگا پێچەوانەی ئەوە بڕیاریداوە ، لەبەر ئەوە بڕیاردرا بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تانەلێدراو وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە لەگەڵ هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام ، ئەم بڕیارەش بەزۆرینەی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/١٢/١٦

**ژمارە/ ١٤٦٣/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ١٤١١/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ١٦/ ١٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە گوێڕایەڵی کردنی و گەڕانەوەی بۆ ماڵی هاوسەری) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١١/١٦) بە بڕیاری ژمارە (١٤١١/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە گوێڕایەڵی کردنی داواکار و گەڕانەوەی بۆ ماڵی هاوسەری لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١١/١٧) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-بـڕیـــــار:-
پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە بە درێژی تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، چونکە سەلمێنراوە کە داواکار ماڵی شەرعی بۆ داوالەسەرکراوی ژنی ئامادە کردوە و دادگا کەشفی کردوە مەرجە پێویستە شەرعیەکان دەگرێتە خۆ، بۆیە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصدیق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/١٢/١٦.

**ژمارە/ ١٤٦٥/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٧٥٩٤/ ش/١/٢٠٢٥ بەروار/ ٢٢/ ١٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پەسەند کردنی تەڵاقی خولعی نێوان خۆی و داوالەسەرکراو) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١٠/٢٩) بە بڕیاری ژمارە (٧٥٩٤/ ش/١/٢٠٢٥) حوکمی داوە بە پەسند کردنی تەڵاقی خولعی نێوان داواکار و داوالەسەرکراو لە بەرواری (٢٠٢٥/٩/٢٩) وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر بە بێ گرێبەست و مارەیی نوێ ، وە داوالەسەرکراو پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە ، وە لێخۆش بوونی داوالەسەرکراو لەسەرجەم مافە شەرعی و یاساییەکانی لەبەرامبەر وەرگرتنی مارەیی پێشەکی لە داواکار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی

پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١١/٩) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی تیایدا ئاماژەیان پێدراوە وە دانپیانانی داوالسەرکراو بە تەڵاقی خولعی دەرەکی بانگەشەبۆکراو بەو شێوەیەی لە تیانووسی داواکەدا هاتووە وە سەلماندنی کۆنوسی تەڵاقدانی خولعی ڕۆژی ٢٠٢٥/٩/٢٩ پێشکەشکراو لەلایەن داواکارەوە ، بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەندکردن (تصدیق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/١٢/٢٢.

**ژمارە/ ١٤٦٦/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٥٥٦٤/ ش١/٢٠٢٥ بەروار/ ٢٢/ ١٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پەسەند کردنی تەڵاقی دەرەکی پێش گواستنەوە) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١٠/١٩) بە بڕیاری ژمارە (٥٥٦٤/ش١/٢٠٢٥) حوکمی داوە بە پەسەند کردنی تەڵاقی دەرەکی نێوان لایەنەکانی داوا لە ٢٠٢٥/٧/٢٢ وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داوالەسەرکراو پابەند نیە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە بە هۆی نەگواستنەوەی بۆ ماڵی هاوسەری وە پاراستنی هەموو مافە شەرعی و یاساییەکانی داوالەسەرکراو بە داوای سەربەخۆ . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١١/٢) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو بە پەسەندکردنی تەڵاقی دەرەکی پێش گواستنەوە ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە بە هۆی سەلماندنی بەو شێوەیەی لە تیانووسی داواکەدا هاتووە ، وە سەبارەت بەو خاڵەی کە داوالەسەرکراو (پێداچووکار) تانەی لێداوە بە وەرنەگرتنی داوای (حادثة منضمة) بۆ قەرەبووی تەڵاقی (تعسفی) ئەوە بەشێکە لە مافە شەرعی و یاساییەکانی ژنی تەڵاقدراو دەتوانێت بە داوایەکی سەربەخۆ لە داهاتوودا داوای بکات ئەگەر پشتیوانی یاسایی هەبێت ، بنەما لەسەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەندکردن (تصدیق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٤/١٢/٢٢.

**ژمارە/ ١٤٦٨/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٢٣٥٠/ ش٣/٢٠٢٥ بەروار/ ٢٢/ ١٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (هەولێر/٣) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە ڕێگری نەکردنی لە بینینی منداڵەکەی (نالی)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داواکە . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١٠/١٣) بە بڕیاری ژمارە (٢٣٥٠/ش٣/٢٠٢٥) حوکمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە ڕێگری نەکردنی داواکار لە بینینی منداڵەکەی (ن) دوو جار لە مانگێکدا هەر جارە و بۆ ماوەی ٣ کاتژمێر لە ٩ ی بەیانی تاکو ١٢ ی نیوەڕۆ

لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١٠/٢٢) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ، تێبینی کرا کە تانەی پێداچوونەوە دەکەوێتە ماوەی یاسایەوە بەڵام تیانوسی تانەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١٠/٢٢) بە ناوی (قطع مدة ) هیچ هۆکارێکی نەگرتوەتەخۆ تا ئەم دادگایە وردبینی تێدا بکات، وە بە پێ ی یاسای دادبینی شارستانی هیچ دەقێک نیە پشتگیری لەم جۆرە ناوانە بکات وەک تانە بەڵکو بە پێ ی بڕگەی (٢) لە مادەی (٢٠٥) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو دەبێت تانەی پێداچونەوە تەواوی ئەو هۆکارانە بگرێتە خۆ کە پێداچووکار پشتیان پێ دەبەستێت بۆ تانەکەی ، وە پێدانی ڕەسمی تانە بە پێ ی نوسراوێک و دواتر پێشکەشکردنی هۆکارەکان لە دەرەوەی ماوەی یاسایی دەست نیشان کراو بۆ تانەدان هیچ بنەمایەکی یاسایی نیە ، بەمەش تانەی پێداچوونەوە شیاوی ڕەد کردنەوەیە لە ڕووی شێوەوە بنەما لەسەر مادەی (١/٢١٠) لە یاسای ئاماژەبۆکراو ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە ڕەد کردنەوەی تیانووسی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە (شكلاً) وە خستنە ئەستۆی پێداچووکار ڕەسمی پێداچوونەوە ، ئەم بڕیارەش بەزۆرینەی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/١٢/٢٢ .

**ژمارە/ ١٤٧٠/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٦٨٦٠/ ش/٢٠٢٥ بەروار/ ٢٢/ ١٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (سلێمانی) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیا کردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری .
لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١١/١٧) بە ژمارە (٦٨٦٠/ ش/٢٠٢٥) بڕیاری داوە بە ڕەد کردنەوەی داوای داواکار سەبارەت بە هەواڵە کردنی داواکە بۆ دادگای باری کەسی (رواندز) . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١١/٢٣) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانوسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-
بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ تێبینی کرا کە تانەی پێداچووکار لەسەر بڕیارێکی (اعدادى) یە کە لە دانیشتنی (٢٠٢٥/١١/١٧) دراوە کاتێک دادگا داواکاریەکی نوسراوی بریکاری داوالەسەرکراوی بێ ئامادەبوونی لە دادبینیەکەدا بە تایبەتمەند نەبوونی دادگای باری کەسی لە سلێمانی لە ڕووی شوێنەوە بۆ بینینی داواکەو هەواڵە کردنی بۆ دادگای باری کەسی لە ڕەواندز ڕەد (رفض) کردوە ، ئەو بڕیارە بە شێوەیەکی سەربەخۆ شیاوی تانەلێدان نیە بنەما لەسەر مادەی (١٧٠) لە یاسای دادبینی شارستانی هەموارکراو . بۆیە بڕیار درا ڕەد کردنەوەی تانەی پێداچوونەوە لە ڕووی شێوەوە (شكلاً) و لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، وە ئەوەی تێبینی دەکرێت تانەی پێداچوونەوەی پێشکەشکراو شێوازێکی نایاسایی یە کە داوالەسەرکراو (پ/ م/ ن) گرتویەتە بەر وە ئەم جۆرە تانەیە تەنها مەبەست لێی زیان گەیاندنە بە لایەنەکانی داواکەو سەرقاڵ کردنی دادگاو دواخستنی یەکلاکردنەوەی دۆسیەکانە ، لە کاتێکدا دادگا شوێنی دادپەروەری و وە دەرخستنی ڕاستیەکان و یەکلاکردنەوەی کێشەکانە پێویستە لایەنەکان ڕاستگۆیانە و نیازپاکانە مامەڵە لەگەڵ دادگا بکەن وە شێوازی نایاسایی و نەشیاو نەگرنەبەر بە تایبەتی ئەگەر بریکاریان لە پارێزەران هەبێت ، بۆیە بڕیار درا بە ئاراستەکردنی هۆشداری (انذار) بۆ هەریەک لە داوالەسەرکراوی (پ/ م/ ن) وە بریکارەکەی پارێزەر(ب/ ر/م) لەسەر ئەو کردارە لە حاڵەتی دووبارەکردنەوەی یەکەم هەواڵەی دادگای لێکۆڵینەوە و دووەم بۆ سەندیکای پارێزەران دەکرێن تا ڕێکاری یاسایی بەرامبەریان بگیرێتەبەر، لەگەڵ ئاماژەدان بەوەی لەم جۆرە تانانەدا دادگا دەتوانێت دۆسیەیەکی لاوەکی (فرعى) بکاتەوەو بە داواکەدا بڕوات بێ چاوەڕوانکردنی ئەنجامی تانەکە وە ڕەچاوکردنی ئەو لایەنە لە داهاتوودا، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/١٢/٢٢.

**ژمارە/ ١٤٨٠/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٧١/ ش/٢٠٢٥ بەروار/ ٢٢/ ١٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (پیرەمەگرون) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیاکردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی کێشە و ناکۆکی) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١١/٥) بە بریاری ژمارە (٧١/ ش/٢٠٢٥) حوکمی داوە بە جیاکردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەرێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داواکار پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بریارەکە لەگەڵ کەم کردنەوەی بڕی ٣٥٪ لە مارەیی پاشەکیەکەی لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بریارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١١/٩) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بریارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـریـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بریاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، چونکە داواکار ناوەرۆکی داواکەی بە بەڵگەی یاسایی باوەرپێکراو سەلماندوە بە بونی ناکۆکی (خلاف) لەگەڵ داوالەسەرکراوی مێردی بە بە شێوەیەک کە بەردەوامیدان بە ژیانی هاوسەری ئاستەم (مستحیل) کردوە ، دواتر دادگا تەواوی ڕێکارە (اجراءات) یاساییەکانی پێویست بە پێ ی مادەی(٤١) لە یاسای باری کەسی هەموارکراو پەیرەو کردوە ، بۆیە بریارەکەی شیاوی پەسەند کردنە ، لەبەر ئەوە بریاردرا بە پەسەند کردن (تصدیق)ی بریاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، ئەم بریارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/١٢/٢٢.

**ژمارە/ ١٤٨١/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٣٤/ ش/٢٠٢١ بەروار/ ٢٢/ ١٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (پشدەر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٩/٢٢) بە بریاری ژمارە (٣٤/ ش/٢٠٢١) حوکمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواکار بەبڕی ١٢٠,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٠٤/١/٢٤ تاکو ٢٠١٨/٥/٢٨ ، لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بریارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/٩/٢٩) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بریارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـریـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بریاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع ویاسایەو پێش وەختە ، چونکە پێویست بوو دادگا لە شارەزای هەڵبژێراو بگەیەنێت ئەو بڕە پارەیەی کە داواکار وەک سۆشیاڵ لە حکومەتی ئەڵمانیای وەرگرتووە لەو ماوەیەی کە داوای بژێوی کردوە بەشی بژێوی کردوە یان نا ؟ وە ئەگەر بەشی نەکردبێت تەنها خەمڵاندن بۆ

تەواکردنی بکرێت ، لەلایەکی ترەوە شارەزا ئەو پابەندیە دارایینەش بە هەند وەربگرێت کە لەسەر شانی داوالەسەرکراوە وە خەمڵاندنەکەی پشت بەستوو بێت بە هاوسەنگی لە نێوان پێویستی داواکار بۆ ژیان توانای دارایی داوالەسەرکراوی باوکی ، وە لەبەر ئەوەی دادگا لە بڕیارەکەیدا ڕەچاوی خاڵی ئاماژەبۆکراوی نەکردوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە لەگەڵ هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/١٢/٢٢.

**ژمارە/ ١٤٨٣/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ٤٠٥/ ش/٢٠٢٥ بەروار/ ٢٢/ ١٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (پشدەر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بەپێدانی کرێی دەست حەقی مارەیی پاشەکی بە بڕی ٥٠ مسقال زێر عیار ٢١) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١١/٣) بە بڕیاری ژمارە (٤٠٥/ ش/٢٠٢٥) حوکمی داوە بە ١. پابەند کردنی داوالەسەرکراو بەپێدانی بڕی (٣٠,٠٠٠) دینار بە داواکار وەکو کرێی دەست حەقی مارەیی پاشەکی بە بڕی ٥٠ مسقال زێر عیار ٢١ لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد و پەنجا هەزار دینار . ٢. ڕەد کردنەوەی داوای داواکار بە بڕی ١٧٥٠,٠٠٠ دینار لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داوالەسەرکراو بە بڕی سەد و حەفتا هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١١/٩) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونکە داواکار تەنها شایستەی زێرە بەو کێش و عەیارەی کە جێگیرکراوە لە گرێبەستی هاوسەرگیریدا وە هیچ ئاماژەیەک نەدراوە بەوەی زێرەکە خشڵێکی دیاریکراو بێت ، داوای داواکار بۆ داواکردنی بەهای هەقدەستی زێر وەک مارەیی پاشەکی پشتیوانی یاسایی نیەوشیاوی ڕەد کردنەوەیە ، لەبەر ئەوەی دادگا پێچەوانەی ئەوە بە داواکەدا ڕۆیشتوەو بڕیاریداوە، بڕیاردرا بە هەڵوەشاندنەوەی وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە لەگەڵ هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام ، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/١٢/٢٢.

**ژمارە/ ١٤٨٤/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٣٨/ ش/٢٠٢١ بەروار/ ٢٢/ ١٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (پشدەر) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری. لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٩/٢٢) بە بڕیاری ژمارە (٣٨/ش/٢٠٢١) حوکمی داوە بە ١/ پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواکار بەبڕی ١٥٠,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٠٤/١/٢٤ تاکو بەرواری پشکنینی ماڵی هاوسەر لە داوای ژمارە ٢٢٠/ ش/٢٠٠٥ کە دەکاتە یەك ساڵ و نۆ مانگ و بیست و یەك ڕۆژ وە کۆی گشتی دەکاتە ٣٢٥٥٠٠٠ دینار . ٢/ پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ماوەبەندی پاکبوونەوە بە داواکار بەبڕی ١٥٠,٠٠٠ دینار بۆ ماوەی سێ مانگ ، لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکارانی داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/٩/٢٩) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی

بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە و پێش وەختە ، چونکە پێویست بوو دادگا لە شارەزای هەڵبژێراو بگەیەنێت ئەو بڕە پارەیەی کە داواکار وەک سۆشیاڵ لە حکومەتی ئەڵمانیای وەرگرتووە لەو ماوەیەی کە داوای بژێوی کردوە بەشی بژێوی کردوە یان نا ؟ وە ئەگەر بەشی نەکردبێت تەنها خەمڵاندن بۆ تەواکردنی بکرێت ، لەلایەکی ترەوە شارەزا ئەو پابەندیە داراییانەش بە هەند وەربگرێت کە لەسەر شانی داوالەسەرکراوە وە خەمڵاندنەکەی پشت بەستوو بێت بە هاوسەنگی لە نێوان پێویستی داواکار بۆ ژیان توانای داراییی داوالەسەرکراو ، وە لەبەر ئەوەی دادگا لە بڕیارەکەیدا ڕەچاوی خاڵی ئاماژەبۆکراوی نەکردوە بڕیاردرا بە هەڵوەشاندنەوەی وە گەڕاندنەوەی دۆسیەکە بۆ دادگاکەی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە لەگەڵ هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام، ئەم بڕیارەش بەکۆی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/١٢/٢٢.

**ژمارە/ ١٤٨٨ / دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/١٠٧/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ٢٢/ ١٢/ ٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (خەلیفان) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (جیا کردنەوەیان لەگەڵ داوالەسەرکراو بەهۆی زیان گەیاندن) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١٠/٥) بە بڕیاری ژمارە (١٠٧/ ش/٢٠٢٤) حوکمی داوە بە جیاکردنەوەی لایەنەکانی داوا وە ئەژمار دەکرێت بە لێکترازانی بچووك بۆیان نیە بگەڕێنەوە لای یەکتر مەگەر بە گرێبەست و مارەیی نوێ نەبێت ، وە داوالەسەرکراو پابەندە بە ماوەبەندی پاك بوونەوە وە بۆی نیە هاوسەرگیری لەگەڵ هیچ پیاوێك بکات تا کۆتایی هاتنی ماوەکە و وەرگرتنی پلەی بنبڕی بڕیارەکە وە کەم کردنەوەی ڕێژەی ٣٠٪ لە مارەیی پاشەکی داوالەسەرکراو لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو ڕەسم و تێچوونی داواکە و کرێی پارێزەری بریکاری داواکار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەرکراو – پێداچووکار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١٠/١٥) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە دەکات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەکە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار کرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندکرنی تانەی پێشکەشکراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی کرا کە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە تیایدا ئاماژەیان پێکراوە ، وە دەرچووە بە پەیڕەو کردنی سەرجەم مەرجەکانی هەردوو مادەی (٤١ و ٤٢) لە یاسای باری کەسی هەموارکراو ، لەبەر ئەوە بڕیار درا بە پەسەند کردن (تصديق)ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد کردنەوەی تانەکەو لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووکارەوە ، لەگەڵ ئاگادارکردنەوە (تنويه) ی دادگای باری کەسی لە خەلیفان لەسەر پێویستی هاوپێچ کردنی ئەو داوایەی پێشتر یەکلاکراوەتەوەو بنەمایە بۆ داوای بابەتی ئەم تانەیە وە ڕەچاوکردنی ئەو لایەنە لە داهاتوودا ، ئەم بڕیارەش بەزۆرینەی دەنگ دەرکرا لە ٢٠٢٥/١٢/٢٢.

**ژمارە/ ١٤٨٩/ دەستەی باری کەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/٣١/ ش/٢٠٢٣ بەروار/ ٢٢/ ١٢ /٢٠٢٥**

داواکار لەبەردەم دادگای باری کەسی (چەمچەماڵ) بانگەشەی کردووە بەو شێوەیەی کەلەتیانووسی داواکاریەکەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای کردووە حوکم بدرێت بۆی بە (پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەرکراو خەرجی داوا و کرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشکرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/١٠/٥) بە بڕیاری ژمارە (٣١/ ش/٢٠٢٣) حوکمی داوە بە پابەند کردنی داوالەسەرکراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواکار بەبڕی

١٦٠,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٢٣/١١/١٥ تاكو ٢٠٢٣/١/٩ وە بە شێوەیەكی بەردەوام مانگانە بەهەمان بڕ وە ئەژمار كردنی بژێوی كاتی بە بڕی ١٥٠,٠٠٠ دینار وەك بەشێك لەم بڕگەیە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكارانی داواكار بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەركراو – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١٠/١٥) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندكرنی تانەی پێشكەشكراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی كرا كە بڕیاری تانەلێدراو ڕاستەو پابەندی شەرع و یاسایە لەبەر ئەو هۆكارانەی كە تیایدا ئاماژەیان پێدراوە ، چونكە لە ئەنجامی لێكۆڵینەوە ئەوە سەلمێنراوە كە داوالەسەركراو بژێوی داواكاری ژنی نەكێشاوە لەو ماوەیەی كە حوكمی پێدراوە، لە بەر ئەوە داواكار شایستەی بژێویە لە ڕۆژی نەكێشانیەوە لەلایەن داوالەسەركراوی مێردیەوە ، وە بڕی بژێوی خەملێنراویش لە ڕێ ی شارەزای دادوەریەوە بە ڕەچاوكردنی مادەكانی (١٣٣-١٤٤) لە یاسای سەلماندن گونجاوە لەگەڵ باری دارایی داوالەسەركراو ، بۆیە بڕیار درا بە پەسەند كردن (تصدیق) ی بڕیاری تانەلێدراو وە ڕەد كردنەوەی تانەی پێداچوونەوە و لەئەستۆگرتنی ڕەسمی پێداچوونەوە لەلایەن پێداچووكارەوە ، ئەم بڕیارەش بەكۆی دەنگ دەركرا لە ٢٠٢٥/١٢/٢٢.

**ژمارە/ ١٤٩١/ دەستەی باری كەسی/٢٠٢٥ ژمارەی داوا/ ١٣٤/ ش/٢٠٢٤ بەروار/ ٢٢/ ١٢ /٢٠٢٥**

داواكار لەبەردەم دادگای باری كەسی (پیرمام) بانگەشەی كردووە بەو شێوەیەی كەلەتیانووسی داواكاریەكەیدا ئاماژەی پێداوە ، وەداوای كردووە حوكم بدرێت بۆی بە (پابەند كردنی داوالەسەركراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو و بەردەوام بۆ خۆی و منداڵەكانی (ا/ و /ش/ و/ ه)) ، وە خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو خەرجی داوا و كرێی ماندوو بوونی پارێزەری . لە ئەنجامی دادبینی ئامادەیی و ئاشكرا دادگای ناوبراو لە ڕۆژی (٢٠٢٥/٩/٢٥) بە بڕیاری ژمارە (١٣٤/ ش/٢٠٢٥) حوكمی داوە بە ١/ پابەند كردنی داوالەسەركراو بە پێدانی بژێوی ڕابردوو بە داواكار بەبڕی ١٠٠,٠٠٠ دینار مانگانە لەبەرواری ٢٠٠٤/٣/٢ تاكو ٢٠٢٤/١١/٦ وە بە شێوەیەكی بەردەوام مانگانە بەبڕی ١٥٠,٠٠٠ دینار وە ئەژمار كردنی بژێوی كاتی وەك بەشێك لەم بڕگەیە لەگەڵ خستنە ئەستۆی داوالەسەركراو ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكاری داواكار بە بڕی سەد هەزار دینار . ٢/ پوچەڵ كردنەوەی داوای داواكار سەبارەت بە بژێوی منداڵەكانی لەگەڵ خستنە ئەستۆی ڕەسم و تێچوونی داواكە و كرێی پارێزەری بریكارانی داوالەسەركراو بە بڕی سەد هەزار دینار . بەڵام داوالەسەركراو – پێداچووكار بەو بڕیارە ڕازی نەبووە بۆیە تانەی لێداوە بەپێی تیانووسی پێداچوونەوەی ڕەسم لێدراو لە (٢٠٢٥/١٠/٢) تیادا داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەكە دەكات ، پاش گەیشتنی تیانووسی پێداچوونەوە لەگەڵ دۆسیەكە بۆ ئەم دەستەیە تۆمار كرا بە ژمارەی سەرەوە و دانرا بۆ ووردبینی و گفتوگۆ :-

بـڕیـــــار:-

پاش وردبینی وگفتوگۆ و پەسەندكرنی تانەی پێشكەشكراو لە ڕووی شێوەوە ، تێبینی كرا كە بڕیاری تانەلێدراو ناڕاستەو پێچەوانەی شەرع و یاسایە ، چونكە ڕاستە داواكار مافی داواكردنی بژێوی هەیە بۆ خۆی وە منداڵەكانی كە لە ئامێزیدان لە داوالەسەركراوی مێردی ، بەڵام داوالەسەركراو دەفعی بەوە كردوە كە داواكارو منداڵەكانی لەگەڵ ماڵی باوكی (غەزوری داواكار) ژیاون وە ئەوان بژێویان كێشاون ، پێویست بوو دادگا بە ووردی لەو دەفعە بكۆڵێتەوە وە داوالەسەركراو ڕاسپێرێت بە سەلماندنی بە پێ ی یاسا ، لەلایەكی ترەوە شارەزاكان هەڵەیان كردووە لە خەملاندنی بژێوی كە بە یەك پێوەر (معیار) بژێویان خەملاندوە بۆ تەواوی ئەو ماوەیەی داواكراوە لە كاتێكدا دەبوو بژێوی بە پێ جیاوازی ماوەكان لە پێویستی و ئاستی ژیان و داهات جیابكرێتەوە و ئەو ڕاپۆرتانەی پێشكەشكراون شیاو نین بۆ بونیادنانی حوكم لەسەریان ، وە لەبەر ئەوەی دادگا بێ ڕەچاوكردنی ئەو دوو خاڵەی ئاماژەیان پێدراوە بڕیاری دەركردوە بڕیار درا بە هەڵوەشاندنەوەی (نقض) ی وە وە گەڕاندنەوەی دۆسیەكە بۆ دادگاكەی تا پێیدا بڕوات لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی

لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە  وە هێشتنەوەی ڕەسمی پێداچوونەوە تا ئەنجام، ئەم بڕیارەش بە کۆی دەنگ دەرکرا
لە ٢٠٢٥/١٢/٢٢.